گی دو موپاسان

# هورلا

( کۆ چیرۆک )

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست


١ – هورلا

٢ – چاڵاو

٣ – کلوشیت

٤ – مارکی دو فومرول

٥ – ئیبلیس

٦ – پاشایان

٧ – له بێشەیەکدا

٨ – ماڵباتێک

٩ – میوانخانه

١٠ – وێڵ وبێکار

١١ – خا هیرمه

١٢ – سەیوان

١٣ – وتەیەک دەربارەی نووسەر و بەرهەمەکانی

١٤ – ژیانی گی دو موپاسان

١٥ – ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی مۆپاسان

## هورلا

**:٥/٨**

چەند ڕۆژێکی خۆش و دەگمەنە! بەدرێژایی دانی بەیانی لەسەر سەوزە گیایەکەی ژێر سپیدارە زەلامەکەی بەرانبەر ماڵەکەم، ڕاکشام.

من ئەم خاکە و ژیانم لەوێندەرم خۆش دەوێ، چونکە ڕەگ و ڕیشەم لەوێندەرە، ڕیشەیەکی قووڵ و دڵپەزێر، کە پیاو بە ئاخێکەوە کە باب و باپیرانی لەوێندەر هاتوونە دنیا، ژیاون و مردوون، بەوەوە کە خەڵکەکەی بیری لێدەکەنەوە، دەیخۆن، بە داب و نەریت، جۆری خواردنەوە، بەقەولی خەڵکێن ئەوێندەر، بەشێوازی جووتکاران، بەبۆی خاک وئاخ، گوندەکان و تەنانەت بەهەواکەشەوە، گرێ دەدات.

خانووەکەم، کە تیایدا گەورە بووم، خۆشدەوێت. لە پەنجەرەکانیەوە ڕووباری سین دەبینم کە چۆن دەڕوات. " سین " پان وگەورە بەدرێژایی باخەکەم و بەپشت جادەکەی نزیکی ماڵەکەما لە " روین " ەوە بەرەو " هوڤەر " دەروات، پڕە لەو کەشتیانەی پێیدا تێدەپەڕن، روین، لەولاترەوە و کەوتووەتە دەستە چەپەوە. شارێکی گەورە بە شێروانیانی شینباوەوە، لەسایەی منارانی زەنگداری نووک تیژی بە ستایلی گۆتێک و، لەسایەی منارانی باریک یان پاندا ڕاکشاوە کە هەرهەموو منارەکان نیشانەی کانزایی کڵێسای گەورەیان بەسەرەوەیە و پڕن لەو زەنگانەی کە دەمەوبەیانانی جوان، دەکەونە لێدان و تەنانەت دەنگدانە کانزاییەکانی خۆشیان کە جارێ بەرز و جارێ کزە بەگەڵ بایەکە دەخەن و دەیگەننە گوێی من.

ئەم بەیانیە، هەوا چەند خۆشبوو!

دەوروبەری سەعات یازدە، کاروانێکی دوور ودرێژی کەشتیان وکە یەدەکێشێک پێشیان کەوتبوو کە وەکو مێشێکی گەورە دەهاتە بەرچاو و دووکەڵێکی چڕی دەردەدا، بەبەر پەرژین و محەجەرەی ماڵەکەما ڕەت دەبوو.

دوای دوو کەشتی بچووکی دوو ئەستوونی ئینگلیزی، کە بەیداخە سوورەژانیان بەدەم باوە دەشەکانەوە، کەشتیەکی سێ ئەستوونی گەورەی بەرازیلی سەراپا سپی، کە زۆر پاک وخاوێن و بەبریق و باق بوو، تێپەڕی. سڵاوم بۆ سەرنشینەکانی کرد. خۆیشم نازانم چما هێندەم لەزەت لە تەمەشای ئەو کەشتیە بینی و لەگیانم خۆشبوو.

**:٥/١٢**

چەند ڕۆژێکە سووکە تایەکم هەیە. دەڵێی نەخۆشم یان بە گوتەیەکی دی: هەست بە خەمباری و بێتاقەتی دەکەم.

باشە ئەو فاکتەرە نهێنی ئامێزانە چین کە خۆشبەختی و متمانە بەخۆیی، ئێمەمانان دەگۆڕن بۆ خەم و پەژارە؟ دەڵێن کە هەوا ( ئوتموسفیر )، هاماجی نەبینراو پڕە لە هێزێن نادیار و نەناسراو و ئێمە بەناچاری ملمان داوە کەلەگەڵیاندا بژین. من سەرڕێژ لە شادمانی، بەوپەڕی شادمانیەوە لەخەو ڕادەبم، ئەوەندە دڵم خۆشە حەزدەکەم هەڵکەمە گۆرانی. چما؟ دەڕۆم بۆ کەناراو، لەناکاوا دوای پیاسەیەکی کورت، بەخەمباری بۆماڵ دەگەڕێمەوە. وەک بڵێی جۆرە بەدبەختیەک لەماڵەوە چاوەڕوانم بکات. چما؟ ئایا ئەمە لەرزەی سەرمایە کە ختووکەی پێستەکەم دەدات، ئەعسابم دەهەژێنێ و روحم تاریک دەکات؟ ئایا شێوەی هەورەکان یان ڕوناکی ڕۆژ، ڕوناکی

ئەو شتانەی کە ئەوەندە جۆراوجۆرن و بە بەرچاوما دەڕۆن، ئەندێشەیان ئاڵۆزاندووم؟ کێ دەزانێ؟ ئەوەی لە دەوروبەری ئێمەیە، هەموو ئەوشتانەی کە تەمەشایان دەکەین، بەڵام نایان بینین، هەموو ئەوشتانەی تەماسیان دەگەڵ دەکەین و ئێمە نایان ناسینەوە، هەموو ئەوشتانەی دەیانگرین و بەبێ ئەوەی واداری جووڵەیان بکەین، هەموو ئەو شتانەی ڕووبەڕوومانن و جیایان ناکەینەوە، کاریگەری لەزگین و غافڵگیر و لەڕاڤە نەهاتگیان بەسەر ئێمەوە، بەسەر جەستەی ئێمەوە و لەڕێگەی ئەوانەوە بەسەر هزر وبیر وتەنانەت دڵمانەوە هەیە.

ڕازی نەدیدەنیەکان چەند قووڵە! ئێمەمانان ناتوانین بەهەستێن بێ توانای خۆمان، هەستیان پێبکەین، نەبە چاوەکانمان کە ناتوانن شتانی لەڕادەبەدەر ورد و درشت، لە ڕادەبەدەر نزیک یان دوور و یان ئاکنجیانی ئەستێران و بوونەوەرانی ناو دڵۆپە ئاوێک بدینن، و نەبە گوێچکەکانمان کەبە هەڵەماندا دەبەن، چونکە لەرەی هەوا، بەشێوەی دەنگ بۆ ئێمە دەگوازنەوە. پەریانن کە ئەم پەرجووانە دروستدەکەن و ئەم لەرەیە دەگۆڕن بۆ دەنگ و بەکۆمەکی ئەم شەکڵ گۆڕکێیە، موزیقا، کە تەڤگەری بێدەنگی تەبیعەتە ئاهەنگین دەکات، دەخولقێنێت... ئێمە ناتوانین ئەم ڕازە بەهەستی بۆنکردنی خۆمان، کەلە هەستی بۆنکردنی سەگ لاوازترە و بەنێرۆی هەستی چێژاییمان کە زۆر بەزەحمەت دەتوانێ تەمەنی شەراب دیاری بکات، کەشف بکەین.

ئاخ خۆزگە کۆمەڵێک ئەندامی هەستەوەری دیکەمان هەبوایە و بەمەیلی ئێمە پەڕجووانی دیکەیان ئەنجام بدایە، هەنگێ دەمانتوانی زۆرشتی دەوروبەری خۆمان کەشف بکەین!

**:٥/١٦**

نەخۆشم، گومانی تیانییە نەخۆشم. مانگی پێشوو چەند حاڵم باش بوو، عەلەمم نەبوو! تام لێیە. تایەکی بێ ئامان، یان بەگوتەیەکی دی، بێقەرارییەکی لە تا خراتر کە ڕوحم، ناخم وەکو جەستەم ئازار دەدات. هەمیشە هەستێکی نەفرەت ئەنگێزم لەلا پەیدا دەبێت. هەستی مەترسییەک کە هەڕەشەم لێدەکات، هەست کردن بە بەدبەختیەک کە دێتە ڕێگام یان مردنێک کە نزیک دەبێتەوە، هەستی پێشبینی یەک بەرلە ڕوودانی، کە بێگومان نیشانەی تووشبوون بە نەخۆشییەکی هێشتا نەناسراوە، کە ڕیشە وڕەگ لەخوێن و گۆشتی ئینسان دا دادەکوتێ.

**:٥/١٨**

چەند ساڵێ لەمەپێش ڕاوێژم بە پزیشکەکەم کرد، چونکە بەهیچ جۆرێ ناتوانم بخەوم. بۆی دەرکەوت کە نەبزم توونە و خێرا لێدەدات. چاوانم ئەبڵەق وئەعسابم ماندوو بووە. بەڵام هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی مەترسیدارم نییە. دەبێ زوو زوو خۆ بشۆم و بورمیدی پوتاسیوم بخۆمەوە.

:٥/٢٥

هیچ گۆڕانێک ڕووی نەداوە. حاڵێکی زۆر سەیرم هەیە. هەرچی شەو نزیکتر دەبێتەوە، جۆرە نیگەرانییەکی بێ هۆ، سەراپام دادەگرێت. لەتۆوایە شەو هەڕەشەیەکی سەیری، بۆمن، لەخۆدا حەشار داوە. بلەز شێو دەخۆم. ئەوسا هەوڵدەدەم کتێبێک بخوێنمەوە، لێ لە وشەکان تێناگەم. بەزەحمەت پیتەکان جیادەکەمەوە. هەنگێ لە حاڵێکا کە ترسێکی گۆنگ و لە مقاوەمەت نەهاتگ، ترس لە خەوتن و ترس لە تەختەخەو، هێرشم بۆ دێنێت، بە درێژی و پانی ژووری نشیمەنەکەما دێم و دەچم.

دەوروبەری سەعات دوو بۆ ژوورەکەم دەڕۆم، هەرکە وەژوور دەکەوم، بلەز دەرگاکە دادەخەم، بە شیش دایدەخەم. دەترسم لەچی؟... لەمەپێش ترس لە مەزەبما نەبوو. لەهیچ شتێک نەدەترسام... کۆمەدییەکان دەکەمەوە، تەمەشای ژێر تەختە خەوەکەم دەکەم. گوێ ڕادەدێرم... گوێ هەڵدەخەم... چییە؟... ئایا سەیر نییە کە سووکە نەخۆشییەک، خەلەلێک لە سووڕانەوەی خوێنا، جووڵانەوەی دەمارێک، سووکە بەد هەرسییەک، بێ نەزمییەکی بچووک لە کاری ئەندامێکی لەش، بتوانێ شادترین مرۆڤ تووشی ماخۆلان بکات، بوێرترین کەس بکات بە ترسنۆکترین کەس؟ پاشان ڕادەکشێم، وەکو ئەوەی چاوەڕێ جەلاد بم، بەو ئاوایە چاوەڕوانی خەو دەکەم. بەترسەوە چاو دەبڕمە ڕێگای. دڵم لێ دەدات، زرانیەکانم دەلەرزن، ئازام لە گەرمی لیفەکانا دووچاری لەرزین دەبێت. سەرەنجام خەوم لێدەکەوێت. وەکو ئەوەی بمەوێ خۆم لە ئاوێکا بخنکێنم و بەسەر سەرا خۆم هەڵبدەمە گۆلاوێکی مەند و وەستاوەوە. ئیدی وەکو جاران هاتنی ئەم خەوە خیانەت پیشەیە، کەلەنزیک منەوە خۆی مەڵاس داوە، دەم دۆزێتەوە، دەیەوێ مێشکم کۆنترۆڵ بکات، چاوانم ببەستێ و لەناوم بەرێ، ئاگام لەخۆ نامێنێت.

دەخەوم، مودەتێکی درێژ، دوو سێ سەعات، پاشان خەونێک یا بەگوتەیەکی دی مێردزمەیەک، کابوسێک خۆیم بەسەردا دەدا. چاک دەزانم کە خەوتووم، بەڵام هەست بە ڕموزنەکە دەکەم، دەیبینم و هەستدەکەم کە کەسێک لێم نزیک دەبێتەوە و چاوم تێدەبڕێت، دەستم لێدەدات، بە تەختە خەوەکەما سەردەکەوێ، چۆک لەسەر سینگم دادەدات، دەست دەنێتە بینم و دەیگوشێت.

من لەژێر پاڵەپەستۆی هەمان هێزی بەترەفدا، کە ئێمەمانان لەکاتی خەونانا گۆت دەکات، دەکەومە پەل وپۆ هاوێشتن. دەمەوێ هاوار بکەم- ناتوانم، گەرکمە بجووڵێم- ناتوانم، بەدەم هەوڵ و تەقەلایەکی ترسناک و بەدەم هانکەهانکەوە دەمەوێ ڕابم و ئەو بوونەوەرە لەخۆ دووربخەمەوە کە خەریکە لەپەل وپۆم دەخات و خەفەم دەکات – ناتوانم.

لەناکاوا، کە شەلاڵی ئارەقە بووم، لەخەو ڕادەپەڕم، مۆمێک دادەگیرسێنم. بەتەنیام. دوای ئەم قەیرانە کە هەموو شەوێک دووبارە دەبێتەوە، سەرەنجام تا شەبەقی بەیانی بەئارامی دەخەوم.

### ٦/٢:

حاڵم خراپتر بووە. نازانم چیمە؟ بورمیدەکە هیچ فایدەیەکی نەبوو، مەلە وخۆشۆردنەکەش بێفایدەیە. چەند سەعاتێ لەمەپێش بۆئەوەی بەدەنی بێ هەستی خۆم ماندوو بکەم، پیاسەیەکی لێرەواری " رومار " م کرد، لە هەوەڵێ ڕا قەناعەتم وابوو کەهەوای تازە لەشم سووک دەکات، هەوای پڕلە بۆن وبەرامەی گیا و ڕووەک و گەڵا، خوێنی تازە دەزایەنێتە دەمارەکانم و گوڕ وتینێکی تازە بەدڵم دەبەخشێت. ئیدی ڕێگای ڕاوگام گرتەبەر و پاشان لەباریکە ڕێگایەکی نێو دوو ڕیزە درەختی زۆر بەرزەوە کە لەمپەڕێکی کەسک و چڕ و تەقریبەن تاریکی لەنێوان من و ئاسماندا ئیجاد دەکرد، بەرەو " بوی " دەچووم.

لەناکاوا لەزرم لێهات. لەرزی سەرما نەبوو، لەرزی نیگەرانی ودڵەڕاوکێ بوو. لەحاڵێکا کەلە تەنیایی ناو لێرەوارەکە دەترسام، پێم هەڵگرت. بەخوت وخۆڕایی، لە تەنیاییە قووڵەکەی خۆم هەراسان بووبووم. لەناکاوا وام هاتەخەیاڵ کە کەسێک تاقیبم دەکات وتەواو لێمەوە نزیکە، ڕێک پێی لەشوێن پێی من دادەنێت. بەتووندی ئاوڕم دایەوە. بەتەنیا بووم. جگەلە ڕاستە جادە باریکە خەیاڵییەکە، کەبەڕاستی چۆڵ بوو، هیچی تر نەبوو. جادەکە لەدیوەکەی ترەوە، لەنەدیوی دا درێژ دەبووەوە و ئەمەم بەلاوە ترسناک بوو.

چاوەکانم نوقاندن. چما؟ وەکو فرفرۆکە لەسەر یەک پاژنەی پێ، بەتووندی وەرچەرخام. لەزگ بوو بکەوم. چاوم کردنەوە. درەختەکان دەڕەقسین، زەوی هەڵبەز ودابەزی دەکرد. دەبوا دانیشم. پاشان، ئاە، ئیدی نەمدەزانی، لەچ ڕێگایەکەوە هاتووم. سەیرە! حاڵەتێکی غەریب بوو. ئیدی تیامابووم، لە ڕێگاکەی دەستە ڕاستمەوە وەدەرکەوتم و گەییمەوە ئەوجادەیەی کە لەوێندەرەوە بۆ لێرەوارەکە ڕۆیی بووم.

**٦/٣:**

شەوێکی ترسناک بوو. دەبێ بۆ چەند هەفتەیەک لێرە بڕۆم، بێگومان سەفەرێکی کورت، چاکم دەکاتەوە. دەبوژێمەوە.

**٧/٢:**

گەڕاومەتەوە. چاک بوومەتەوە. بوژاومەتەوە، سەفەرێکی خۆش بوو. چوومە لوتکەی سن میچل. تا ئێستا ئەوێندەرم نەبینی بوو. " ئاڤرانج " بۆ ڕێبوارانی تازەی وەکو من، لەدوا سەعاتەکانی ڕۆژا چ دیمەن و بەرجەوەنێکی جوانی هەیە! شارێکە لەسەر شاخێک ڕۆنراوە. منیان بۆ باخێکی گشتی ئەوسەری شار ڕێنمایی کرد، لەسەرسامیا حەپەسام، هاوارم کرد. کەنداوێکی گەورەم لەبەرچاو بوو و پەنهان لەچاوی من لەنێوان دوو کەنارا، دوور لەیەکدی لە تەمتوماندا دیار نەدەما لەنێو ئەم کەنداوە گەورە زەردباوەدا، لەژێر ئاسمانی زێڕین و ڕوناکدا، قوللەیەکی سەیر وتاریک و تیژ لەنێو لمەکانەوە سەری بەرز کردبووەوە. خۆر بەرەبەرە ئاوا دەبوو. ئەم تاوێرە خەیاڵئەنگێزە کە بینایەکی خەون ئاسا و خەیاڵی بەسەر لوتکە و زنارەکەیەوە گیرسابووەوە، لەپانتایی ئاسۆدا کە هێشتا دەتگوت مەشخەڵی داگیرساوە، نەخش بووبوو.

کە سپێدەی بەیانی دا، بەرەو ئەو تاوێرە چووم. ئاوی دەریاکە وەکو شەوی بەرێ، نزم بوو وتا تا زیاتر نزیک دەبوومەوە، دێرە سەیرەکەم باشتر دەبینی. دوای چەند سەعاتێک پیادەڕەوی گەییمە گاشە بەردێک کە دەرگای حەوشی کلێسایەکی گەورە بوو. لەحاڵێکا کە بەهەشتاو جادەیەکی باریکم تەیکرد، خۆم بەجوانترین خانووی گوتیکی دنیادا، کە بۆ خودا دروستکرابوو، کرد.

دێرەکە لەشارێکی گەورە دەچوو و پڕ بوو لە هۆڵێن نزم بە میچی گومەزی و ڕاڕەوێن ساپیتە بەرز وستونانی باریکەوە. چوومە ناو ئەم جەواهێرە گەروە و بەردینەوە کە وەکو تۆڕ سووک دەهاتە بەرچاو. دەوراودەوری پڕبوو لە بورجێن زەنگدار، بەپلیکانانی پێچاوپێچەوە، کەلە ئاسمانی شینی ڕۆژان و هاماجی تاریک و ڕەشی شەواندا لە سەرانێکی سەیر دەچوون وەکو ئەوەی لە ترسی شتێکی خەیاڵیدا مووی سەریان وا گرژ بووبوو، وەکو دەرزی لە کڵاوەکانیانەوە دەرچووبوون. یان لە ئەهریمەن و جنۆکان، جانەوەرانی خەیاڵی ویان گوڵێن سەیر دەچوون. بورجەکان بەتاقی کەندەکاری بەیەکەوە بەسرابوون.

کە گەییمە سەر لوتکەکە بەو ڕەبەنەم کەلەگەڵما بوو، گوت: " بابۆ، ئاخۆ ئێرەت چەند بەخۆشی لێدەگوزەرێ! " بەرسڤی دایەوە: " قوربان، ئێرە بای زۆرە "، ئێمە بەدەم تەمەشاکردنی شەپۆلی دەریاکەوە کەبەسەر لمەڵانەکەیا دەدا و وەکو زرێی پۆڵایین دایدەپۆشی، قسەمان دەگەڵ یەکدا دەکرد.

یارۆی ڕەبەن چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕامەوە، چیرۆکێن کۆ و لۆکاڵی، ئەفسانە و حیکایەتان.

یەکێک لەم ئەفسانانە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. کێونشینان دەڵێن گوایە شەوان گوێیان لە دەنگی گفتوگۆیانە کەلە لم و لمەلانەکەوە دێ و هەروەها لەژێر لمەلانەکەوە دەنگی باعەباعی دوو بزنان دێت. ئەوانەی باوەڕیان بەمە نییە سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەم دەنگانە هاواری مەلێن دەریاییە کەلە باعە باعی بزن دەچێت. لێ ماسیڤانانی پیر سوێند دەخۆن کەلە لمەلانەکانی نێوان دوو مرداودا ولە دەوروبەری شارۆچکەیەکی دوورە دەستا، شوانکارەیەکی پیریان دیتوە کە هەرگیز سەری لەژێر باڵا پۆشێکا پەنهانە، نابینرێ، دوو بزنی بەدواوەیە کە یەکێکیان بە ڕوخساری پیاوە و ئەویتریان بە ڕوخساری ژنێکە. بزنەکان موویان سپییە و ماسیڤانەکان، ئەوانیان لە حاڵێکا کەبە زمانێکی نامەفهووم قسانیان کردووە، دیتووە کە لەناکاوا دەستیان لە هاوارکردن هەڵگرتووە و بەهەموو توانای خۆیانەوە کەوتوونەتە باعەباع.

بە ڕەبەنەکەم گوت: " تۆ باوەڕ دەکەی؟ " لەبن لێوانەوە گوتی: " نازانم " من لەسەری ڕۆیشتم: " ئەگەر لەم دنیایەدا جگەلە ئێمە بوونەوەرانی دی هەبوایەن چۆن بەدرێژایی ڕۆژگار کەشف نەدەبوون و ئێمەمانان نەماندەبینین؟ " ئەو بەرسڤی دایەوە: " ئایا چاوی ئێمەمانان هەزاریەکی ئەوشتانەی کە هەن دەبینن؟ بۆ نموونە ئەم بایە کە گەورەترین هێزی تەبیعەتە: بەشەران سەرنگون و بینایان ژێروژوور دەکات، درەختان لە ڕەگەوە هەڵدەکەنێ و تاشەبەرد و تاوێران دەشکێنێ و کەشتیانی گەورە پێکدادەدات، ئایا تا نها ئەو بایەت دیتووە، کە وێران دەکات، دەگڤێنێ، دەخرۆشێ؟ بەڵام وێڕای ئەوەش هەیە. "

لەهەنبەر ئەم لۆژیکە سادەیە بێدەنگ بووم. ئەم پیاوە یان لە جوملەی زانایان بوو یان گەوجان. قسەکەم بۆ نەسەلماند، بەڵام بێدەنگ بووم. قسەکانی وی هەمان ئەو ئەندێشانە بوون کە زرۆجار زەینی منیان مژوول دەکرد.

**:٧/٣**

زۆر خراپ خەوتم. لەگینە ئەو تایەم بێ کەلێرە باو و بڵاوە، چونکە عارەبانچی یەکەشم بەدەست هەمان نەخۆشیەوە گیرۆدەیە. دوێنێ لەکاتی گەڕانەوەدا هەستم بە ڕەنگزەردیەکەی کرد. لێم پرسی: " جان چیتە؟ "

- قوربان! حاڵێکم هەیە، حەجمانم لەبەر براوە. شەوانم وەکو ئەوەیە ڕۆژەکانم قووت بدەن. لەڕۆژی ڕۆیشتنەکەی تۆوە ئەم حاڵەتەم لێ پەیدا بووە.

وێڕای ئەمەش، حاڵی پێشخزمەتەکانی دی باشە، بەڵام من زۆر لەم نەخۆشییە دەترسم.

:٧/٤

گومانی تیانییە نەخۆشییەکەم گرتووە. مێردزمە و ڕموزەکانی جاران گەڕاونەتەوە. ئەمشەو، هەستمکرد کەسێک خۆی بەسەرما دابوو، لێوەکانی نابووە سەر لێوەکانم و ژیانمی دەمژی. بەڵێ وەکو ئەوەبوو، لێوەکانی کردڤێ بە گەرووما، ڕێک وەکو خوێن مژێک. ئەوسا لەسەرم لاکەوت و من بێداربوومەوە. بەڕادەیەک تێک شکابووم، ورەم ڕوخابوو، وردوخاش بووبووم کە نەمدەتوانی جووڵە بکەم.

**: ٧/٥**

ئایا ئەقڵەکەم لەدەست داوە؟ ئەوەی دوێشەو بەسەر مندا هات، بەڕادەیەک غەریبە کە بیری لێدەکەمەوە خەریکە مێشکم تێکدەچێت. وەکو چۆن هەموو عەسرانێک دەرگا بە کلیل قفڵ دەدەم، دوێشەویش هەمان کارم کردبوو. پاشان تینووم بوو. نیو پەرداخ ئاوم خواردەوە وبەڕێکەوت سەیرم کرد پەرداخە شووشەکە لێوانلێو پڕە لەئاو. دوای ئەوەی خەوتم و کەوتمە داوی یەکێک لەو خەونە ترسناکەکانەوە و بۆماوەی دوو سەعاتی تەواو دووچاری لەرزێکی خراپ بووم. پیاوێک بێننە بەرچاوی خۆتان کە خەوتووە، دەیانەوێ بیکوژن و کابرا بەدەم ئازاری چەقۆیەکەوە لە سیپەلاکەکانی خۆیا، خەبەری ببێتەوە. شەلاڵی خوێنە و ناتوانێ هەناسە بدات! لەحاڵی مەرگدایە و ئیدی هەست بەهیچ ناکات.

وەختایەک، ئاخری وەخۆهاتمەوە، دووبارە تینووم بوو. مۆمێکم داگیرساند و چووم بەکات ئەو مێزەی کە شەربە ئاوەکەم لەسەری دانابوو. شەربەکەم هەڵگرت و خوارم کردەوە بۆ سەر پەرداخەکەم. ئاوی لێنەهات. شەربەکە خاڵی بوو! هەر تەواو خاڵی بوو! هەوەڵجار هیچ حاڵی نەبووم. پاشان لەناکاوا هەڵچوون و هەیەجانێکی ئەوەندە ترسناک لەسەراپام نیشت کە هەستمکرد دەبێ دانیشم یان بکەومە سەر کورسییەک. دوای کەمێک تەکانم دا و خۆم ڕاست کردەوە تا دەوروبەرم ببینم و، دووبارە دانیشتم. لەهەنبەر پەرداخە شووشە بێگەردەکەدا ڕۆنیشتم، لەترس و سەرسامیا ئاگام لەخۆ نەبوو. بەچاوانی ئەبڵەقەوە سەیری پەرداخەکەم دەکرد. دەتگوت ئاوەکەیان خواردبووەوە. کێ خواردبوویەوە؟ من؟ هەڵبەتە جگەلە من کەسی دی نەبوو بیخواتەوە. ئیدی خەوم زڕابوو. زندووبووم بەبێ ئەوەی بزانم، هەمان ژیان و زندوویەتی هامزایان ونهێنی ئامێزی ئێمە دەخاتە گومانەوە کە دوو کەس هاوزەمان لە بەدەنی مەدا دەژین یان ڕەنگە بوونەوەرێکی بێگانە، نەناسراو، نەدیتراو و گیاندار هەیە، کە وەختایەک ڕوحی مە دەخەوێ، بەدەنی مە، وەکو چۆن لە بێداریدا بەگوێی ئێمە دەکات، بەوئاوایە لەخەودا بەگوێی ئەو بوونەوەرەی دی دەکات.

ئاە! کێ دەتوانێ لەم دڵەڕاوکە ترسناکەی من حاڵی بێت! چ کەسێک لە هەیەجان و هەڵچوونی پیاوێکی ساغ و سەلیم و بەئاوەز، بێدار و ئاقڵ دەگات کە ئەو تۆزە ئاوەی لە سوراحیە شووشەکەدا بوو، کاتێ ئەو خەوتووە لەخۆڕا نەماوە؟ تا بەرەبەیان، بێئەوەی جورئەتی تەمەشاکردنی تەختەخەوەکەمم هەبێت، لەهەمان جێگادا مامەوە.

**:٧/٦**

شێت بووم، ئەمشەویش هەموو ئاوی سوراحیەکەمیان خواردووەتەوە، یا تۆ بڵێی خۆم خواردبمەوە!

بەڵام خۆم بووم؟ کێ دەزانێ؟ بەڵێ، خودایا! شێت دەبم. کێ فریام دەکەوێ، ڕزگارم دەکات.

**:٧/١٠**

کۆمەڵێک نیشانە و بەڵگەی بێ چەند وچوونم دەستکەوتووە. من شێتم. محەقەق!

شەشی هەیڤی حەوت، بەرلەوەی بخەوم، شەراب، شیر، ئاو، نان و تووە فەرنگیم لەسەر مێزەکە دانا، هەرهەموویان خوارد – من خواردم – هەموو ئاوەکە و تۆزێ شیر. نەدەستیان لە شەرابەکە دابوو نەلە شیلکەکە. ڕۆژی حەوتی/٧ هەمان ئەزموونم دووبارە کردەوە و هەمان ئەنجامم وەرگرتەوە. ڕۆژی ٧/٨ ئاو و شیرم دانەنا. دەست لە هیچ شتێک نەدرابوو. ڕۆژی ٧/٩ تەنیا ئاو شیرم لەسەر مێزەکە دانا، زۆر بەدیقەت سوراحیەکانم لە قوماشی ناسکی سپییەوە پێچا و دەمەکانیانم بەست. ئەوسا ناکی قەڵەم ڕەساسم لە لێوەکان و ڕدێن و دەستەکانم

هەڵسوو و خەوتم. خەو بردمیەوە و زۆر زوو لەخەو ڕاپەڕیم. لەجێی خۆ نەجوڵابووم. تەنانەت چەرچەفەکانیشم پەڵەپەڵاوی نەبووبوون. بەرەو مێزەکە تەکانم دا، پارچەکانی دەوری سوراحیەکان دەستیان تێوە نەدرابوو. بەترس و لەرزەوە داوەکانم پچڕاندن و هەموو ئاوەکەم خواردەوە و ئەوسا هەموو شیرەکەشم خواردەوە. ئاە! خودایا!... هەر ئێستا بۆ پاریس دەزڤڕمەوە.

**:٧/١٢**

پاریس. لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەقڵم لە دەست دابوو. ئەگەر مەسەلەکە شەوڕۆیی و یان باندۆری شەوگەردی نەبێت، ئەوا بەلای کەمەوە، دەبێ دووچاری خەیاڵێکی نەخۆشانە بووبووم. بەڵام. بەڵام تا ئەم ساتە، هیچ یەکێک لەم ڕووداوانە، نایەنە ڕاڤەکردن. بەهەرحاڵ شێتاتیەکەی من هاوسنووری شێتی بوو و، ئەگەر بیست وچوار سەعات لە پاریسدا مابامەوە، کافی بوو تا بێمەوە دۆخی ئاسایی خۆم.

دوێنێ، دوای گەڕان و چەند دیدارێک کە حاڵ وهەوایەکی تازە و زندووی لە ڕوحما ئیجاد کرد، شەوم لە شانۆی فرانسزدا، بەتەمەشای شانۆنامەیەکی ئەلکساندەر دۆمای کوڕەوە بە سەر برد. زەینی هۆشن و بەهێزی ئەم نووسەرە، تەواو هێنامیەوە تایم. بێگومان تەنیایی بۆ مێشکێن چالاک مەترسیدارە. لە دەوروبەری مەدا خەڵکانێک هەن کە کاتێ ئێمە دەکەوینە تەنیاییەوە وبۆشایی تاپۆیان تەی دەکەین، لە فکران ڕادەچن و قسان دەکەن.

بە شادمانیەکی زۆرەوە، لە ڕێگای بولڤارەکانەوە بۆ ئوتێل گەڕاومەتەوە.

لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا ڕێم دەکرد و بەدەم تەوس و توانجەوە، بیرم لە خەون وخەیاڵ و ترس وگومانەکانی هەفتەی ڕابردووی خۆم دەکردەوە، چونکە وام خەیاڵ کردبوو کە بوونەوەرێکی نادیدەنی دەگەڵ منا ولە ژێر یەک میچ وساپیتەدا دەژی. مێشکی ئێمە چەند بێ توانایە، هەرکە شتێکی نامەفهوم و گونگ ڕامان دەچڵەکێنێ، ئیدی سەری دنیای لێدێتەوە یەک و دەکەوێتە هەڵەوە و گومڕا دەبێت.

ئیدی لە جیاتی ئەوەی پەنا وەبەر ئەم وشە سادانە بەرین کە: " نازانم چما ئەقڵم لەدەست داوە " یەکسەر بیر لە ڕازێن ترسناک وهێزێن میتافیزیکی دەکەینەوە.

**:٧/١٤**

یاد وئاهەنگی کۆمارییە. بە شەقامەکانا دەسووڕێمەوە. ڕێ وڕەسم وئاهەنگ و کەڕنەڤاڵی، تەقەی خۆشی و بەیداخان، من وەکو منداڵێک شاد و کەیف خۆشدەکات. هەڵبەتە ئەوپەڕی گەوجاتیە کە لە بەروارێکی دیاریکراوا، بە دەستووری حکومەت ئاهەنگ بگێڕین و شاد ببین. خەڵکی مێگەلن، مێگەلی گەمژە ونەزان. جارێ زۆر گەوجانە بەسەبر و هەدارن و جارێ لە ڕادەبەدەر شۆڕشگێڕن. پێیان دەڵێن: "ئاهەنگ بگێڕن، شادی بکەن!" شادی دەکەن.

پێیان دەڵێن: " بڕۆن بەگژ دراوسێکەتاندا بچن " دەڕۆن و بەگژ دراوسێکەیاندا دەچن. دەڵێن: " دەنگ بە سەڵتەنەت وپاشایەتی بدەن " دەنگدەدەن. پاشان پێیان دەڵێن: " دەنگ بە کۆماری بدەن " و دەنگ بەکۆماری دەدەن.

ڕابەڕانی خەڵکیش گەمژەن، ئەوان لە جیاتی بەدەنگ خەڵکەوە بچن، پەیڕەوی پرەنسیپانێک دەکەن کە ساویلکانە، نەزۆک و هەڵەن. ئەوانە لەم دنیایەدا کە متمانە بە هیچ شتێک ناکرێت و تەنانەت ڕوناکیش خەیاڵە و دەنگیش تەنیا وەهمە، بە هەمان پرەنسیپ، یانی هزرێن هەڵبژاردە، بێ هیچ گۆڕانێک، حوکمڕانی خەڵکانی دی دەکەن.

**٧/١٦:**

دوێنێ کۆمەڵێک شتی سەیرم بینی.

بۆ نانی ئێوارە لەماڵی دۆتمامەکەم، ماڵی مەدام سابلّی، کە مێردەکەی لە لیمویزدا هەفتا وشەش ڕاوچی لە بەردەست بوو، دەعوەت کرابووم. دوو ژنی گەنجیش لەوێندەر بوون. یەکێکیان مێردی بە دکتۆرێک بە ناوی پران کردبوو ومێردەکەی سەرگەرمی قسان بوو دەربارەی نەخۆشیانی مێشک ودەمار و ئەو ئەنجامە نائاساییانە بوو کە لە میانی تاقیکردنەوەکانی هیپنوتیزم و تەڵقینکاریدا دەبینرێن.

ماوەیەکی زۆر دەربارەی ئەو ئەنجامە سەیرانەی کە زانایانی ئینگلیزی و پزیشکانی قوتابخانەی نانسی بە دەستیان هێنابوو، قسەی کرد، دەربارەی کۆمەڵە دیاردەیەک کە بەرەبەرە بە ڕادەیەک عەجیب و باوەڕ نەکردەنی هاتنە بەرچاوم کە بە ناچاری، نەباوەڕی ڕەهای خۆم دەربڕی.

ئەو بە ڕژدی دەیگوت کە ئێمە لە حاڵی کەشف و دۆزینەوەی یەکێک لە ڕازە هەرە گرینگەکانی تەبیعەتداین، یانی یەکێک لە ڕازە هەرە گرینگەکان دەربارەی ئەم جیهانە، چونکە لەوێندەر لە هەسارەکانی دیدا دەبێ دنیاێن گرینگتری دیکە هەبن. لەوەتای کە ئینسان بیر دەکاتەوە، لەو زەمانەوە کە توانیویەتی بیرکردنەوەی خۆی دەربڕێت و بینووسێت، هەستدەکات کە دەگەڵ ڕازێکی داخراو، نەکراوەدا دەژی کە ئەندامە هەستەوەرەکانی توانای کەشفکردنی نییە و هەوڵدەدات بە بەرەکەتی هۆشی خۆی بە سەر بێ تواناییەکانی ئەندامانی هەستەوەری خۆیدا زاڵ ببێت. کاتێ کە ئەم هۆشە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، حوزوری دیاردەێن نەبینراو، نادیدەنی، فۆرمێن ترسناک و عەوامانەی لە خۆ دەگرت؛ وەهم و خەیاڵی میتافیزیکی و باوی ناو خەڵکی، ئەفسانەێن ڕوحانی سەرگەردان، پەریان، جنۆکە، مردووانی گەڕاوە بۆ دنیای زندووان، داهێنانی خەڵکی مامناوەندی وگەوجترین خەڵکە و بەرەنجامی چالاکی بێپسانەوەی مێشکانی ترساو لە داهێنانە. هیچ شتێک لەم قسەیەی ڤۆلتێر دروست تر نییە: " خودا ئینسانی لە شێوەی خۆیدا دروستکردووە، بەڵام ئینسان ئەم وێنەیەی داوەتەپاڵ خودا. "

" بەڵام لە نزیکەی سەدەیەک لەمە پێشەوە وا دێتە بەرچاو کە هەست بە شتێکی نوێ دەکرێت. میسمیر ( میسمیر: ١٧٣٤ – ١٨١٥، پزیشکی ئەڵمانی و دامەزرێنەری تیۆری موگناتیسی حەیوانی، ئەو دوای زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی زانستی هیپنوتیزمی کەشفکرد و دۆزییەوە. ) و هەندێکی دی ئێمەیان خستووەتە سەر ڕێگایەکی چاوەڕوان نەکراو و بە ڕاستی لەماوەی چوار یان پێنج ساڵدا، ئەنجامی زۆر گەورە و سەیرمان بەدەست هێناوە. "

دۆتمامەکەم کە هێشتا زۆر ناباوەڕ بوو پێدەکەنی. دکتۆر پران پێی گوت: " دەتەوێ کارێ بکەم کە خەوت لێبکەوێت؟ "

- بەڵێ.

دۆتمامەکەم لەسەر قەنەفەیەک ڕۆنیشت و دکتۆر ڕووبەڕوو چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی. من لە ناکاوا کەمێک پەشۆکام. دڵم لێی دەدا، ئەوکم گیرابوو. مەدام " سابلی " م دەبینی کە چاوەکانی قورس و لێوەکانی کرژ دەبوون. دوای دە خولەکێک خەوی پێداکەوت.

دکتۆر گوتی: " لە پشتیەوە بوەستە. "

من له پشت دۆتمامەکەمەوە وەستام. دکتۆر، کارتێکی دیداری بەدەستەوە گرت و بەکیژە مامەکەمی گوت: " ئەمە ئاوێنەیە. چی تیا دەبینیت؟ "

دۆتمامەکەم بەرسڤی دایەوە: " پسمامەکەمی تیا دەبینم. "

- باشە، چی دەکات؟
- سمێڵی با دەدات.
- ئەدی ئێستا؟
- وێنەیەکی لەگیرفانی دەرهێنا.
- وێنەی چی؟
- وێنەی خۆی.

ڕاست بوو و ئەم وێنەیەم هەمان شەو لە ئۆتێل گرتبوو.

- باشە ئەو لە وێنەکەدا چۆنە؟
- کڵاوێکی بەدەستەوەیە و وەستاوە.

بەمجۆرە، ئەو لەو کارتەدا، لەو کارتە سپیەدا، وەکو ئەوەی لە ئاوێنە بڕوانێ، هەموو شتێکی دەبینی.

ژنانی گەنج، بەترس و لەرزەوە دەیانگوت: " بەسە! بەسە! "

بەڵام دکتۆر فەرمانی دا: " تۆ سبەی سەعات هەشت هەڵدەستی. پاشان دەچی بۆ ئۆتێل، بۆلای پسمامەکەت و تکای لێدەکەی کە لە سەر داوای مێردەکەتان، پێنج هەزار فرانکت بەقەرز بداتێ. چونکە مێردەکەتان لە سەفەری ئایندەی خۆیدا، داوای ئەوەت لێدەکات. "

ئەوسا دکتۆر بێداری کردەوە.

کە بۆ ئوتێل دەگەڕامەوە، بیرم لەم حاڵە سەیرە دەکردەوە، گومان، نەک سەبارەت بەڕاستی و ئەمەکداری دۆتمامەکەم کە وەکو خوشکێکی خۆم لە منداڵییەوە دەمناسی، بەڵکو دەربارەی فێڵ و نێرەنگی ئیحتیمالی دکتۆر، هێرشی بۆ مێشکم دەهێنا. ئایا لەو کاتەدا کە کارتەکەی بە دۆتمامە خەوتووەکەم نیشاندەدا، کارتەکەی نەگۆڕی بوو بە ئاوێنە؟ سیحربازانی پیشەیی کارێن لەوەش سەیرتر دەکەن.

سەرەنجام گەڕامەوەو خەوتم.

بەڵێ ئەو بەیانییە، دەوروبەری سەعات هەشت ونیو، خزمەتکارەکەم بێداری کردمەوەو گوتی: " مەدام سابلی دەیەوێ قسەت لە گەڵ بکات. "

بە هەشتاو خۆم گۆڕی و پێشوازیم لێکرد.

دۆتمامەکەم، زۆر پەشێو وپەرێشان، بەچاوانی بەقوڵا چووەوە وبێئەوەی کڵاوەکەی دابکەنێت، گوتی: " پسمامی ئازیزم داوایەکی گەورەم لێت هەیە. "

- چ داوایەک دۆتمام؟

- زۆرم لە بەر گرانە و، وێڕای ئەوەش ناچارم کە پێت بڵێم زۆرم پێویست بە پێنج هەزار فرانکە.
- تۆ؟
- بەڵێ من یان ڕاستیەکەی مێردەکەم کە منی بۆ ئەم کارە ڕاسپاردووە.

بە ڕادەیەک پەشۆکابووم کە بە پچڕپچڕی وەڵامم دەدایەوە و لە خۆم دەپرسی: ئایا بە ڕاستی دکتۆر پران پێی ڕانەبواردبووم و ئایا ئەمە نەخشەیەکی سارد و پێشوەختە ئامادەکراو نەبوو کە هەنووکە بەو وردییە ئەنجام دەدرا؟ لێ وەختایەک کە بە وردی زەینم دایێ، هەموو گومانەکانم ڕەوینەوە. ئەو لە بەر دڵەڕاوکێی خۆی دەلەرزی. دیمەنێکی بەئازار بوو و هەستم کرد گریان ئەوکی گرتووە.

من کە ئەوم زۆر بە دەوڵەمەند دەزانی، گوتم: " چۆن؟ مێردەکەت بەو پلەوپایە و پێگەیەوە، پێنج هەزار فرانکی نییە؟ بیربکەرەوە! ئایا تۆ بە ڕاستی داوای ئەم پارەیە لە من دەکەی؟ "

بۆ ساتێک وەکو ئەوەی بیربکاتەوە، ڕاوەستا. ئەوسا بەرسڤی دایەوە: " بەڵێ... بەڵێ... بەڕاستمە. "

- خۆی نامەی بۆ نووسیویت.

ئەو دووبارە کەوتە گومانەوە ولە فکران ڕۆچوو. هەستم بە ماندوویەتی بیرکردنەوەی ئەو کرد. نەیدەزانی بۆچی دەبێ پێنج هەزار فرانک بۆ مێردەکەی قەرز بکات. لەبەر ئەوە پەنای بردە بەر درۆ وگوتی: : ئەو نامەی بۆ نوسیووم. "

- ئەدی بۆ دوێنێ هیچت نەگوت؟
- ئەم بەیانییە نامەکەی دامێ.
- دەتوانی نامەکەیم پێ نیشانبدەیت؟
- نا... نا... شتی تایبەتی تێدایە... چونکە زۆر شەخسی بوو سووتاندم.
- یانی مێردەکەت دەیەوێ پارە قەرز بکات؟

دیسان کەمێک سڵەمییەوەو ئەوسا بە ئارامی گوتی: " نازانم ".

بەتووندی گوتم: " دۆتمامی ئازیزم! حاڵی حازر پێنج هەزار فرانکم پێ هەڵناسوڕێ. "

جۆرە ناڵەیەکی بە سوێ لە سینەیەوە هاتە دەرێ.

- ئاخ! ئاخ! تکات لێدەکەم. تکادەکەم بۆمی پەیدا بکە.

بە هەڵچوونەوە، وەکو یەکێک دوعا بکات هەردوو دەستی بەرزکردبوونەوە، هەستم بە گۆڕانی دەنگی کرد. لە ژێر گوشاری ئەو فرمانەدا کە پێی کرابوو، دەگریا و بە هەڵچوون و دەمەلاڵکێوە قسەی دەکرد.

- ئاە! ئاە! تکادەکەم. تۆ نازانی لە چ عەزابێکام... دەبێ ئەمڕۆ ئەو پارەیە پەیدا بکەم.

دڵم بە حاڵی دەسووتا.

- پارەکەت بە زووترین کات دەگاتە دەست.

- ئۆخەی سوپاس. سوپاس. تۆ چەند باشیت!

لە سەری ڕۆیشتم: " ئایا لە بیرتە، دوێنێ لە ماڵی ئێوەدا چی ڕوویدا؟ "

- بەڵێ.
- باشە لە بیرتە کە دکتۆر پران تۆی خەواند؟
- بەڵێ.
- زۆرچاکە. دەستووری بە تۆ دا کە ئەم بەیانییە بێیت و پێنج هەزار فرانک لە من قەرز بکەی. تۆ لەم ساتەدا، ئەو تەڵقینە جێ بەجێ دەکەیت.

کەمێک دەبیرەوە چوو و بەرسڤی دایەوە: " لێ مێردەکەم ئەم پارەیەی لە من داوا کردووە. "

یەک سەعاتی تەواو دەگەڵیا خەریک بووم کە قەناعەتی پێبکەم، لێ نەمتوانی قەناعەتی پێبکەم.

کاتێ کە ڕۆیی، بەهەشتاو بۆلای دکتۆر چووم.

دکتۆر کە دەیویست لە ماڵ وەدەربکەوێ، بەدەم بزە پێکەنینەوە گوێی لێگرتم. ئەوسا گوتی: " نها باوەڕ دەکەیت؟ "

- بەڵێ، زۆریش.
- بڕۆین بۆماڵی دۆتمامەکەت!

دۆتمامەکەم، شەکەت وماندوو، لەسەر قەنەفەیەک ڕاکشابوو. دکتۆر نەبزی گرت. نیگایەکی کرد و دەستێکی بۆچاوی برد کە وردە وردە لە ژێر هێزی لە مقاوەمەت نەهاتگی ئەم توانا ئەفسوون ئامێزەدا دادەخرا.

کاتێ کە دۆتمامەکەم خەوی لێکەوت، دکتۆر گوتی:

" مێردەکەت ئیدی پێویستی بەم پێنج هەزار فرانکە نییە. بۆیە ئیدی ئەوە لە بیر دەکەی کە لە کوڕە مامەکەت پاڕاویتەوە تا ئەو پارەیەت بەقەرز بداتێ و ئەگەر ئەو قسەیەک لەو بارەیەوە بکات، تۆ تەقەی سەرت دێت و لە مەبەستی تێناگەیت. "

ئەوسا، ئەوی بێدار کردەوە. من چەکێکم لە گیرفانم دەرهێنا، " فەرموو، دۆتمامی ئازیزم. ئەمە ئەو شتەیە کە ئەم بەیانییە داوات لێکردم. "

بە ڕادەیەک حەپەساو و غافڵگیر بوو کە جورئەتم نەکرد لە سەری بڕۆم. وێڕای ئەمەش هەوڵمدەدا یادگەی بێدار بکەمەوەو شتەکەی بیر بێنمەوە، بەڵام ئەو بە توندی نکۆڵی دەکرد و تەنانەت گومانی ئەوەی دەکرد کە پێی ڕادەبوێرم و گاڵتەی پێدەکەم و سەرەنجام لەزگ بوو توورە و زویر ببێت.

دەبێ بۆماڵ بگەڕێمەوە، ئەم ئەزموونەم هێندە بەلاوە سەیر بوو کە دڵم گیرا و نەمتوانی خواردن بخۆم.

**:٧/١٩**

گەلێک لەو کەسانەی کە ئەم بویەرەم بۆ گێڕاونەتەوە، گاڵتەیان پێکردووم. نازانم چ بڵێم. عەقڵ دەڵێت: لەوەیە؟ دوورنییە؟

:٧/٢١

شێوم لە بورژیڤال خوارد و پاشان تا شەوگارێکی درەنگ لە هۆڵی سەمادا مامەوە. هەڵبەتە هەموو شتێک پەیوەستە بە ژینگە وکۆڕ و مەجلیسی دەوروبەری ئینسانەوە، ئینسان لە ژینگە و دەوروبەری خۆی بەدەر نییە. بیرکردنەوە لە میتافیزیقا لە دوڕگەی گرونویرا هێرشێکی شێت بوو، ئەدی لە کێوی سنت میشپل چی؟ لە هند چی؟ ئێمە، بەجۆرێکی ترسناک لە ژێر باندۆر و کاریگەری دەوروبەری خۆماندایین. هەفتەی داهاتوو بۆماڵی خۆم دەگەڕێمەوە.

**:٧/٣٠**

دوێنێ بۆ ماڵەکەم گەڕامەوە. ڕەوشەکە باشە.

**: ٨/٢**

هەوا خۆش ودڵگیرە. بە ڕۆژەوە سەیری ڕەوتی ئاوی ڕوباری سین دەکەم.

**: ٨/٤**

پێشخزمەتەکان، خزمەت گوزارەکان شەڕیانە، شەڕەکەیان لەسەر ئەوەیە کە کەسێک شەوان پەرداخەکان لە ناو دۆڵابەکاندا دەشکێنێت. خزمەتگوزاری ژوورەکە، ئاشپەزەکە تاوانبار دەکات، ئاشپەزەکە، جلشۆرەکە تاوانبار دەکات و جلشۆرەکە هەردووکیان تاوانبار دەکات. کێ کەمتەرخەمە؟ سەرەنجام ئاشکرا دەبێت!

**: ٨/٦**

ئەمجارەیان شێت نیم. دیتم... بەخۆم دیتم... ئیدی هیچ گومانێکم لەلا نەماوە... دیتم... دووبارە تەنانەت نینۆکەکانیشم بەستوویەتی. ترس گەییوەتە سەر ئێسقانم... من دیتم... سەعات دوو لە ژێر هەتاوەکەدا، لە نێو گوڵزارەکە و لە ڕاڕەوی گوڵزارە خەزان زەدەکەدا پیاسەم دەکرد... کاتێ کە تەمەشای چڵێکم دەکرد کە سێ گوڵی جوانی پێوەبوو، دیتم. بەڕاستی دیتم کە لە نزیکی منەوە لقی یەکێک لە گوڵەکان چەمییەوە.

دەتگوت دەستێکی نادیار چەماندییەوە، پاشان شکا. دەتگوت هەمان دەست لە لقەکەی کردەوە. ئەوسا گوڵەکە بۆ حەوا بەرز بووەوە. دەتگوت دەستێک گوڵەکەی بۆ دەمی خۆی برد و گوڵەکە لەوێندەر لە فەزایەکی ڕوون و بێگەردا لە مۆلەق ما. پەڵەیەکی سوور وترسناک، تەواو تەنیا وبێ جووڵە لە سێ شەقاوی مندا بوو. ئیدی خۆم دا بە سەر گوڵەکەدا تا بیگرم. هیچم نەدۆزییەوە. دیار نەمابوو. هەستم بە تووڕەییەکی زۆر لە خۆ کرد، چونکە نابێ ئەوجۆرە وەهم و خەیاڵاتە لە دەف مرۆڤێن بە ئەقڵ و جدی چێببێت. بەڵام ئایا ئەمە وەهم وخەیاڵ بوو؟ گەڕامەوە تا چڵی گوڵەکە وەدۆزم، بەڵام شکابوو و لە نێوان دوو گوڵەکەی دیدا دۆزیمەوە.

بەڵێ، بە ڕوحیەتێکی پەرێشانەوە بۆماڵ گەڕامەوە. بەڵام دڵنیام وەکو چۆن لە سوڕانەوەی ڕۆژ و شەو دڵنیام، بەو ئاوایە دڵنیام کە ئەو بوونەوەرە نادیار و نادیدەنییەی کە شیر وئاوەکە دەخواتەوە، لەبەرانبەرما بوو. دەیتوانی جەستەکان بگرێ، جێ گۆڕکێیان پێبکات! لە ئەنجامدا تەبیعەتێکی مەتریالی هەیە. تەنانەت ئەگەر بە حەواسەکانی

ئێمەش نەیەتە درک کردن. ئەمە هەمان ئەو بوونەوەرەیە کە وەکو من ودەگەڵ مندا لە ژێر یەک ساپیتە و بن میچ دا دەژی.

**٧/ ٨ :**

باش خەوتم. ئەو ئاوی سوراحیەکەی منی خواردەوە، بەڵام لە خەوی نەکردم. لەخۆم دەپرسم ئایا شێتم؟ هەندێجار لە کاتی پیاسەی بەر هەتاوا و بە درێژایی ڕوبارەکە، گومان و دڕدۆنگی هێرش بۆ زەینم دێنن. نەک تەنیا ئەو گومانە گۆنگانەی تا ئێستا هەمبووە، بەڵکو گومانێن ناسک وئەبستراکت. من شێتانم دیتوون. هەندێکیانم دەناسین کە پێشتر ئاقڵ، بە ئاوەز وزیرەک بوون و تەنانەت سەبارەت بە هەموو دیاردەکانی ژیان ڕۆشنبین بوون. تەنیا لە یەک شتدا ئاوارتە بوون. دەربارەی هەموو شتێک، بە ڕوونی، بە ئارامی وبەقووڵی قسەیان دەکرد، لێ لە ناکاوا هزریان لە سنووری شێتاتی نزیک دەبووەوە و لەم ئۆقیانووسە عەجیب و غەریبەدا، پڕ لە شەپۆلێن خرۆشاو، غوبار و بای توونددا کە " شێتی " پێ دەڵێن گرفتاری دەردی پەرێشانی دەبوون.

ئەگەر بە هۆش وگۆش نەبوایەم، ئەگەر بە تەواوی ئاگام لە ڕەوش و بارودۆخی خۆم نەبوایە وبە ڕوونی شتەکانم شی نەکردباوە، بێگومان خۆم بەشێت دەزانی. شێتی تەواو. من بە شێوەیەکی گشتی کەسێکی وەهم زەدەی هۆشیارم، هامزادێکی نەناس لە مێشکی مندا پەیدا بووە، یەکێک لەو دیاردانەی کە فیزیولوجیستانی ئەمڕۆ لە هەوڵی سەلماندن وناساندنیدان، کار لە نەزم و لۆژیکی هزری من دەکات. درزێکی قووڵ دەخاتە هزرینی منەوە. ئەم دیاردانە لە خەون وخەیاڵانێکا بەرجەستە دەبن، کە دەمانخاتە ناواقیعی ترین خەیاڵانی میتازەمینیەوە، بێئەوەی تەعەجوب لە بوونیان بکەین. چونکە دەزگای واقیعبینی و هێزێن کۆنترۆڵکار خەوتوون، لە حاڵێکا کە دەزگای خەیاڵ بێدارەو کاردەکات.

باشە، ناشێت یەکێک لە دوگمە نادیدەنیەکانی مێشکی من لەکار کەوتبێ؟ بەشەران دوای بویەران، یادگەی ناوێن تایبەتی یان کاران یان ژماران و یان بەروار و دیرۆکان لە دەست دەدەن. مەوزوعی بوونی هەموو بەشەکانی زەین ئەمڕۆکە هاتۆتە سەلماندن. کەواتە ئەم کارە چی تیایە کە دەزگای کۆنترۆڵی هەندێک لە وەهمە ناواقیعییەکان لەم ساتەدا لە مێشکی منا، لە کار کەوتبێ.

بە دەم تەی کردنی کەناراوەکەوە، بیرم لە هەموو ئەم شتانە دەکردەوە. هەتاو لە ڕوبارەکەی دەدا و زەمینی دڵئەنگیز، نیگای منی لە عەشقی ژیان، عەشقی پەڕەسێلکان و گیا وڕووەکی کەنارەکە کە دەنگی لەرینەوەیان لەگوێما زۆر خۆشبوو، پڕدەکرد.

وێڕای ئەمەش، ئەو نەخۆشییەی کە بۆم نایەتە وەسفکردن، کاری تێدەکردم. هەستم دەکرد کە لە پەل وپۆی دەخستم، لە جووڵەی دەخستم و بەرەو پاشم دەبات. وەکو چۆن کاتێ کە یەکێک لە ئازیزانی نەخۆشمان بەتەنیا لەماڵەوە بەجێ دەهێڵین و جۆرە هەستێکمان لاچێدەبێ کە ڕەنگە نەخۆشیەکە زۆری بۆ بێنێ و کەڵکەڵەی زوو گەڕانەوەمان لەلا دروست دەبێ، بەو ئاوایە پێویستم بە گەرانەوە بوو، بەڵێ، بە دڵنیاییەوە بۆماڵ گەڕامەوە کە هەواڵێکی ناخۆش، نامەیەک یان تەگەرەیەک لە ماڵەوە چاوەڕوانمە. هیچ هەواڵێک نەبوو و ئیدی لەم نیگەرانیەدا دەژیام کە نەبا دووبارە وەهمەکان بەرۆکم بگرنەوەو سەر هەڵبدەنەوە.

**٨/ ٨ :**

شەوێکی ناخۆش وترسناکم بە سەربرد. هیچ شتێکم لێ ئاشکرا نابێ، بەڵام من هەستی پێدەکەم کە زۆر لێمەوە نزیکە وتەمەشام دەکات، بەسەرما زاڵ دەبێت، کۆنترۆڵم دەکات، هەرچەندە پەنهان دەبێت، وەکو ئەوەیە بە کۆمەکی دیاردەیەکی میتافیزیکی، حوزوور و ئامادەیی نادیدەنی و هەمیشەیی خۆی بسەلمێنێت.

**: ٨ /٩**

هیچ نییە، بەڵام من دەترسم.

**: ٨ /١٠**

هیچ هەواڵێک لە گۆڕێ نییە. سبەی چی ڕوودەدات؟

**: ٨/١١**

دیسان هیچ هەواڵێک لە ئارادا نییە. ئیدی ناتوانم بەم ترس و دڵەڕاوکێیەوە، کە باڵی بە سەر ڕوحما کێشاوە، لە ماڵەکەی خۆما بژیم. دەبێ بڕۆم.

**: ٨/١٢**

سەعات دەی شەوە. بە درێژایی ڕۆژەکە دەمویست بڕۆم، لێ نەمتوانی. دەمویست ئەم جووڵە ئازادییەخشە سادە و ئاسانە، واتا دەرکەوتن لە ماڵێ و سواربوونی گالیسکە و ڕۆیشتن بۆ روین ئەنجام بدەم، لێ نەمتوانی. بۆچی؟

**: ٨/١٣**

وەختایەک کە مرۆڤ دووچاری هەندێ نەخۆشیان دەبێت، دەڵێی هەموو هێز وتوانا بەدەنیەکانی تێکدەشکێن، هەموو تواناکانی لە نێو دەچن و هەموو ماسولکەکانی خاو دەبنەوە، شل دەبنەوە. ئێسقانەکانی وەکو گۆشتی بەدەن نەرم و گۆشتەکەی وەکو ئاو دەتوێتەوە: من ئەم حاڵەتەم لە بارە زەینییەکەیدا، بە شێوەیەکی غەریب و ترسناک جەڕباندووە. ئیدی هیچ جورئەتێک، هیچ دەسەڵاتێکم بە سەرخۆما نییە، تەنانەت توانای هیچ مەیل و ئارەزوویەکم نییە. تەنانەت ناتوانم هیچ شتێکم بوێ، بەڵام کەسێک لە جیاتی من دەیەوێ و داوای دەکات و من بەگوێی دەکەم.

**: ٨ /١٤**

لە دەست دەرچووم. کەسێک روحی کۆنترۆڵ کردووم وحوکمی بەسەردا دەکات. کەسێک فەرمانی هەموو کارەکانم، هەموو جووڵە وبیرەکانم پێدەدات. ئەسڵەن هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر خۆما نییە. هیچ نیم جگە لە کۆیلەیەک کە لە هەموو شتێک دەترسێت. دەمەوێ لە ماڵ وەدەربکەوم. ناتوانم. ئەو نایەوێ ومن حایر وحەپەساو، بەترس و لەرزەوە، لە سەر ئەو قەنەفەیەی کە ئەو دایناوم، دەمێنمەوە. من تەنیا دەمەوێ هەستم، لەجێی خۆ ڕابم، وا خەیاڵ بکەم کەخۆم ئاغای خۆمم. بەڵام ناتوانم، بە کورسییەکەمەوە چەقیوم و کورسیەکەم بە ئەرزەکەوە نووساوە، ئیدی هێز نییە بتوانێ من و کورسییەکەم بجووڵێنێت.

پاشان لە ناکاوا هەستدەکەم کە دەبێ و ناچارم بڕۆم بۆ بێشە، شلیک بچنم و بخۆم و دەڕۆم. شلیک دەچنم و دەخۆم. ئۆف خودایا، خودایا، ئایا ئەو خوایەکە؟ ئەگەر خوای نەجاتم بدە! فریام بکەوە! ڕەحم بکە! بەخشایشی خۆتم پێ ڕەوا ببینە! ڕزگارم بکە! ئاخ لەم ڕەنجە، لەم عەزابە. چ ترسێکە!

**: ٨/١٥**

دروست وەکو دۆتمامە بەلەنگازەکەم لێهاتووە، کە لەکاتی وەرگرتنی پێنج هەزار فرانکەکە لە من، ئەفسوون بووبوو. ئەو ملی بۆ مەیلێکی بێگانە لە بوونی خۆیدا دەدا، وەکو ڕوحێکی دی، روحێکی مێمڵ و دەسەڵاتخواز. ئایا دنیا ڕووو لە کۆتاییە؟ بەڵام ئەم نادیارە چییە، ئەم نەناسە، ئەم ئاوارە نەناسراوە چییە کە بەسەر منا زاڵ بووە، منی کۆنترۆڵ کردووە؟

بەم پێیە، بوونەوەرانی نەبینراو هەن. باشە چما تا نها وەکو چۆن خۆیان بە من نیشانداوە، خۆیان بۆ خەڵکانی دی ئاشکرا نەکردووە؟ تا نها شتێکم نەخوێندووەتەوە، کە وەکو ئەوە بێ کە لە ماڵەکەی منا ڕوویداوە. خۆزگە دەمتوانی ماڵەکەی خۆم بەجێ بێڵم، بڕۆم، سەری خۆم هەڵگرم، هەڵێم و چیتر نەگەڕێمەوە. بۆخۆم نەجاتم دەبوو. بەڵام ناتوانم.

**: ٨/١٦**

ئەمڕۆ توانیم دوو سەعاتێک وەکو زندانییەک کە بە ڕێکەوت دەرگای زندانەکە بەکراوەیی دەبینێ، هەڵێم. لە ناکاوا هەستم بە ئازادی کرد وئەو چەند لە منەوە دووربوو! فرمانم دا کە یەکسەر ئەسپەکان ئامادە بکەن و بۆ ڕوین چووم. ئاه، چەند خۆشە پیاوێکی گوێڕایەڵ و ملکەچ ئەمر بکات، فەرمانبدات: " بۆ ڕوین بڕۆن! "

بۆ کتێبخانە چووم و تکام کرد کە بەرهەمە مەزنەکەی دکتۆر " هیرمان هرستاس " م دەربارەی ئاکنجیانی نەناسی دنیای کۆن و تازە بە ئەمانەت بدەنێ.

پاشان لە دەمی سواربوونی گالیسکەکەدا ویستم بڵێم: " بۆ وێستگەی قیتار دەڕۆم " بەڵام هاوارم کرد – نەمگوت. هاوارم کرد – چتۆ هاوارێ! بە دەنگێکی هێندە بەرز کە هەموو ڕێبوارەکان ئاوڕیان لێدامەوە. بەڵێ هاوارم کرد: " بۆ ماڵەوە. " لە حاڵێکا لە تاو دڵەڕاوکێ شێت بووبووم، بەسەر دەسکی کورسییەکەما کەوتم. ئەو منی پەیدا کردبووەوە و دووبارە ئەفسوونی کردبووم.

: ٨/١٧

ئاه! چ شەوێک بوو! چ شەوێک بوو! وێڕای ئەمەش وام هەست دەکرد کە دەبێ خۆم سەرگەرم بکەم. تا سەعات یەکی شەوێ کتێبم خوێندەوە. هیرمان هرستاس، دکتۆری فەلسەفە و زانستێن ئیلاهی، چیرۆکی سەرهەڵدان و پەیدابوونی هەموو بوونەوەرانی نادیدەنی و سەرگەردانی دەوروبەری ئینسان یان بینراوان لە خەوای، نووسیوە. باسی نەژاد وژینگە و مەڵبەند و توانای ئەو بوونەوەرانەی کردووە، بەڵام هیچ یەکێک لەوانەی کە ئەو باسی کردوون، لەو بوونەوەرەی کە بووە بە هاونشینی من، ناچن. دەڵێن کە ئینسان لەوەتای کەوتووەتە بیرکردنەوە و هزرین، هەستی بەبوونی بوونەوەرێکی دیکە و زۆر لە خۆی بەهێزتر لە خۆی یان جێنشینی خۆی لەم جیهانەدا کردووە، هەرچەندە هەستی بە نزیکی ئەو لە خۆی کردووە؛ بەڵام نەیتوانیوە، پەی بە تەبیعەتی ئەم ئاغایە بەرێت،

بۆیە ئینسان لە کێشماکێشی ترسی خۆیدا، هەموو بوونەوەرانێکی خەیاڵی و تاپۆیی گۆنگی زادەی ترسی ئافراندووە.

بەڵێ، لە حاڵێکا کە تا سەعات یەکی شەو کتێبم دەخوێندەوە، لە بەر پەنجەرەکەما کە کرابووەوە دانیشتبووم تا نەرمە شیبای خۆش هەنیە و سەرم فێنک بکاتەوە.

دنیا خۆش ونمسار بوو. جارانیش ئەو جۆرە شەوانەم پێخۆش بوو! هەیڤ بە ئاسمانەوە نەبوو. ستێران بە قوڵایی ئاسمانی تاریکەوە، بەدەم تروسکە تروسکی لەرزۆکەوە دەشنانەوە. چ کەسانێک لەم جیهانە دەژین؟ بە چ شێوەیەک؟ چ بوونەوەرانێکن؟ چ گیانەوەران و ڕووەکانێک لەو ستێرانەدا هەن؟ ئەو کەسانەی کە لەو دنیا دوورە دەستانەدا بیر دەکەنەوە، چ شتێک لە ئێمە زیاتر دەزانن؟ چ توانایەکی لە مە زیاتریان هەیە؟ چ شتانێک دەبینن کە ئێمە بە هیچ جۆرێک نایان بینین؟ ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێک لەو شتانە لە ئاسمانێ ڕا نایەتە خوارێ بۆ سەرزەوی تا داگیری بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە؟ ڕێک وەکو وایگینگەکانی کۆن کە دەریایان دەدایە ژێرپاوە تا میللەتانی لاواز بخەنە خزمەت و ژێر ڕکێفی خۆیانەوە؟

ئێمە لە سەر ئەم خاکەدا کە لە نێو دڵۆپێک ئاودا خوساوە، زۆر بێ دەسەڵات، زۆر نەزان و بچووکین.

بەدەم ئەو خەیاڵ و ئەندێشانەوە، شیبای فێنکم هەڵدەمژی. سەرەنجام دوای خەوێکی چل خولەکی، بێئەوەی لە جێی خۆ بجووڵێم، چاوانم هەڵێنان. خۆشم نازانم بە هۆی چ هەیەجان و هەڵچوونێکەوە لە خەو ڕابووبووم. لە هەوەڵەوە هیچم نەبینی، لێ لە ناکاوا وام هاتە بەرچاو کە لاپەڕەی ئەو کتێبەی کە لە سەر مێزەکە کرابووەوە، خۆبەخۆ هەڵدرایەوە. هیچ بایەک لە پەنجەرەکەوە نەدەهاتە ژوورەوە. حەپەسام. دوای چل خولەکان بەچاوی خۆم دیتم کە لاپەڕەیەکی دی بە سەر لاپەڕەکەی پێشوودا هەڵدرایەوە، ڕێک وەکو ئەوەبوو کە قامکێک لاپەڕەی کتێبەکە هەڵبداتەوە.

کورسییەکەم خاڵی بوو. خاڵی دەهاتە بەرچاو، لێ بۆم دەرکەوت کە لەوێیە. لە جێگاکەی من ڕۆنیشتبوو کتێبی دەخوێندەوە. بە تەکانێکی بوێرانە، وەکو تەکان و پەلاماری حەیوانێکی هارۆڕاو کە پەلاماری ڕامکەرەکەی خۆی بدات، بەنیازی گرتن و کوشتنی ئەو هێرشم بۆبرد. لێ کورسییەکە، پێش ئەوەی بیگەمێ جێگاکەی خۆی گۆڕی. مێزەکەم لەرییەوە و چراکەم کەوت و کوژایەوە. پەنجەرەکە وەکو چۆن گاڤێ کە تاوانبارێک غافڵگیر دەبێت و بە تاریکی خۆی هەڵدەداتە دەرێ، بەوئاوایە داخرا.

بەڵێ ئەو خۆی نەجات دابوو، ترسابوو، لەمن ترسابوو! بۆیە دەتوانم سبەی یان دواتر، یان ڕۆژێ لە ڕۆژان بیخەمە بەینی قامکەکانم و بیدەم بە عاردیدا و هەپروون بە هەپروونی بکەم. ئایا هەندێجاران سەگ و کسۆکانیش پەلاماری خاوەنەکانیان نادەن و نایان گەزن؟

**٨/١٨ :**

بە درێژایی ڕۆژ لە بیری ئەودا بووم. ئاە بەڵێ. خەریکە گوێڕایەڵی ئەو دەکەم، داواکانی ئەو جێبەجێ دەکەم و خۆم خوار، بێ ئیرادە و ملکەچی ئەو کردووە. ئەو زۆر لە من بەهێزترە، لێ ڕۆژگارێ دێت...

**٨/١٩ :**

دەزانم... دەزانم... هەموو شتێک دەزانم! ئەم بابەتەم تازە لە گۆڤاری دنیای زانستدا خوێندووەتەوە:

" هەواڵێکی باڵکێش لە ڕیودوجانیرۆوە هاتووە کە گوایە جۆرە شێتاتیەکی گیرۆ، وەکو ئەو شێتاتیە هەمەگیرەی کە خەڵکی ئەوروپای لە سەدەکانی ناڤیندا دەگرت، حاڵی حازر لە ئوستانی سانپاولودا بڵاوە. ئاکنجیان سەرگەردان، ماڵەکانیان چۆڵ کردووە، شارەکانیان خاڵی و دەست لە ژیان هەڵدەگرن ودەڵێن کە لە لایەن بوونەوەرانی نادیار ونەدیدەنی وەکو شەڤرەڤیک (شەمشەمە کوێرە) کە لە کاتی خەوا لەسەر ژیانی ئەوان و هەندێجار لە سەر ئاو و شیری بەرماوە و بێ کەڵکی ئەوان دەژین و دەلەوەڕن، داگیر و تەسخیر کراون. "

" پرۆفیسور، دون پدرو هنریکز دەگەڵ چەندین پزیشکی زانادا بۆ ئۆستانی سانپاولو چووە تا لە نزیکەوە ڕیشە و نموونەی ئەم شێتاتیە سەیرە شیبکاتەوە و ڕاپۆرێک دەربارەی هۆیەکانی ئەم نەخۆشییە، کە خەڵکانی هەراسان کردووە، بۆ ئیمپراتۆر ئامادە بکات. "

ئاە! ئاە! لە بیرمە. ئەو کەشتییە سێ بورجە بەرازیلییەی کە ڕۆژی ٥/٨ ساڵی ڕابردوو، لەو بەری پەنجەرەی ماڵەکەم لە ڕووباری سین دا دەجووڵا، وەبیر دێنمەوە. جا چەند جوان، سپی و شادی هێن بوو. ئەو بوونەوەرە لە ناو هەمان کەشتیدا بوو. لە هەمان شوێنەوە دەهات کە نەژادی لەوێندەر لەدایک بووبوو و ئەو منی بینی. ماڵ و خانووە سپیەکەشمی بینی و لە کەشتیەکەوە خۆی هەڵدایە سەر کەناراوەکە. ئاە! خودایا!

هەنووکە دەزانم، دڵنیام کە سەڵتەنەتی ئینسان کۆتایی هاتووە. هەمان ئەو بوونەوەرەی کە یەکەمین ترسی لە نک خەڵکێن ساویلکە دروستدەکرد، هەمان جندۆکەیە کە کەشیشانی سەرگەردان و نائارام دەریان دەکەن و جادووگەران لە شەوانی تاریکدا ئیحزاریان دەکەن. هەمان ئەو بوونەوەرانەن کە هێشتا نەبینراون، بەڵام هەستی ئاڵۆزی ئەربابانی فانی، هەرچی وێنای سەیری تەبیعەت هەیە، جندۆکان، ڕوحان، فریشتان، پەری ودیوانیان داوەتەپاڵ ئەوان. دوای هەندێک مامەڵەی سەرەتایی دەگەڵ ئەم ترسەدا، خەڵکانی هەستیارتر، بە ڕوونیەکی زیاترەوە هەستیان بەمە کرد.

مسمیر هەستی بەمە کردبوو و پزیشکان لەم دە ساڵەی دواییدا بە وردی تەبیعەتی توانای هێشتا پیادە نەکراوی ئەم دیاردەیەیان کەشفکرد. پزیشکان بەم چەکەی ئەربابی تازە باندۆر وزاڵی ئیرادەو ویستی ڕازئامێزیان بەسەر ئینسانێکەوە کە وەکو کۆیلەی لێ بەسەرهاتووە جەرباندووە. پزیشکان ئەم دیاردەیەیان ناوناوە موگناتیزم، هیپنوتیزم و تەڵقین. من سەر لەمە دەرناکەم، لێ دیتوومە کە ئەوان وەکو منداڵانی لاسار گەمەیان بەم توانا ترسناکە کردووە! وای بەحاڵی ما! وای بەحاڵی ئینسان! ئەو هاتووە. چی... چی ناوە؟ ئەو... وام دێتە بەرچاو کە ناوی خۆی دەڵێت ومن گوێم لە دەنگی نییە. ئاە... بەڵێ... ئەو ناوی خۆی بە من دەڵێت... گوێ دەگرم... تێناگەم... دووبارەی بکەرەوە... هورلا... گوێم لێبوو... هورلا... خۆیەتی... هورلا... هاتووە!...

ئاە! گورگ مەڕی خوارد، ذێر گامێشی هەڵدڕی. ئینسان شێری بە تەور کوشت. لێ هورلا دەڕوات تا هەمان کار دەگەڵ ئینساندا بکات کە ئێمە دەگەڵ ئەسپان و گا کێویمان کردووە. هورلا دەڕوات تا ئینسان بکات بە ئالەتی دەستی خۆی، بەخوبزە و خزمەکار، بە مەیلی خۆی هەڵیسوڕێنێت. وای بەحاڵی مە!

وێڕای ئەمەش، حەیوان هەندێجار یاخی دەبێت و خاوەنەکەی خۆی دەکوژێت. منیش دەمەوێ. دەتوانم، بەڵام دەبێ ئەو بناسم، بیگرم و بیدینم. زانایان یەژن کە چاوی حەیوانات لە چاوی ئێمە جیان و وەکو ئێمە جەستان فەرق ناکەن و چاوی منیش ناتوانێ ئەو دەعبا تازەیەی کە بەسەرما زاڵ بوو. بدینێ.

چما؟ ئاه، هەنووکە قسەکانی یارۆی ڕەبەنم وەبیر دێنەوە: " ئایا چاوی مە هەزار یەکی ئەوەی هەیە، دەبینێت؟ بۆ نموونە ئەم بایەی لەمەڕ خۆمان کە مەزنترین هێزی تەبیعەتە، بەشەران سەرنگون و بینایان وێران دەکات، درەختان لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێ. تاوێرە بەردان دەشکێنێت وکەشتیانی زەبەلاح بەیەکدا دەدات. بایەک کە دەکوژێت، هەڵدەکات، دەوەزێ، دەجووڵێت و دەخرۆشێ. ئایا تا ئێستا ئەوەتان دیتووە؟ بەڵام وێڕای ئەوەش هەیە! "

بیرم دەکردەوە کە چاوی من بەو ئەندازەیە بێتوانا و نوقسانە کە تەنانەت جەستەێ ڕەقیش، کە ڕەنگە وەکو شووشە شەفاف بن، نابینێت. ئەو سەهۆڵبەندانەی کە لە سەر ڕێگای من و لە ئەرزەکەدا کەوتووە، من وەکو چۆن باڵندەیەک وەژوورێک کەوتبێ و خۆی بە شووشەی پەنجەرەیەکدا دەدات و سەری دەشکێ و دەکەوێتە سەر عاردی، بەو ئاوایە من بەعاردیدا دەدات. هەزاران شتی دی چاو فریو دەدەن و بە هەڵەیدا دەبەن. کەواتە هیچ سەیر نییە ئەگەر چاوی مە نەتوانێ ئەو جەستە تازە پەیدا بووە، کە ڕوناکی دیوار و دەر پێیا ڕەتدەبێ، ببینێت.

بوونەوەرێکی تازە پەیدا! بۆ نا؟ دەبوایە بێت! بە چ لۆژیک و بەڵگەیەک ئێمە دوا بوونەوەر و کاینات بین؟

ئێمە بە دروستی وەکو هەموو مەخلوقاتی پێش خۆمان، بۆمان دیاری ناکرێن. نایان بینین. تەبیعەتی ئەو کامیلتر و بەدەنی ناسکتر و پەرەسەندووترە لە هی ئێمە مانان، تەبیعەت و سروشتی ئێمە بە ڕادەیەک بێتوانا، نەناسراو و پڕ لە ئەندامێن ڕزیو و سکرابە کە وەکو گیا یان حەیوان، لە سەر هەوا، ڕووەک و گۆشت دەژی. میکانیزمی حەیوانی کە دەکەوێتە دوای نەخۆشیان، مەسخ و شیبوونەوە و لە ناوچوون، نەزمێکی باشی نییە و زۆر هیچە. بە دروستی کارناکات. زبر، بێتوانا، تەنیا سکێچی بوونەوەرێکە کە دەیتوانی هۆشمەند و بەشکۆ بێت. خەڵکانی زانا، لە دنیادا زۆر کەمن. بۆچی یەکێک لە ئێمە لەو مەرزە تێنەپەڕێ کە ئێمە لە دەرکەوتن و پەیدابوونی بوونەوەرانی جیاوازی دی جیادەکاتەوە، تێنەپەڕێ؟

ئاخر بۆچی درەختانی دی، بە گوڵێن مەزنی گەش و بۆندارەوە لە سەرزەمینانی دیکەدا نەبن؟ بۆچی ڕەگەزێن دیکەی وەک ئاگر، هەوا، خاک و ئاو بوونیان نەبێت؟ بۆچی ئەم باوکانی بەخێوکەری بوونەوەران تەنیا چواردانە بن؟ مەگەر چی دەبێ؟ ئاخری چ دەقەومێ؟ بۆ چل، چوارسەد و چوار هەزار نەبن؟ ئێمە، هەموومان چەند بچووک، چەند بەلەنگاز و بەدبەختین. بە بودەڵەیی و ڕەزیلی هاتووینە دنیاوە، بە وشکی و بە ڕەقی دروست بووین. ئاه! فیل و ئەسپی ئاوی چەند باڵکێشن! وشتر چەند بەهەیبەت و بەویقارە!

پەپوولە دەڵێی گوڵێکە و دەفڕێت. من پەپوولەیەک لەخەوا دەبینم سەد هێندەی جیهان مەزنترە، باڵەکانی ناتوانم شێوەکانی، جوانیەکەی، ڕەنگ و جووڵەکەی دیاری بکەم، بەڵام دەیبینم. لە ئەستێرەیەکەوە بۆ ئەستێرەیەکی دی دەڕوات و بە دەم فڕینەوە، فێنکی دەکاتەوە و ئاکنجیانی ئاسمانان، سەرسام و شیفتە، هایم وحەیران تەمەشای تێپەڕبوونی ئەو دەکەن.

ئیدی من چیم هەیە، دەسەڵاتم چییە؟ ئەمە ئەوە، ئەو هورلا، کە منی سندم کردووە و ئەم هزرە شێتانانەیە دەخاتە مێشکمەوە. ئەو لە ناخی مندایە و بەرەبەرە دەبێ بە ڕوحی من، من ئەو دەکوژم.

**: ٨/١٩**

ئەو دەکوژم. دیتم. دوێشەو لە پشت مێزەکە دانیشتبووم و وام دەنواند کە زۆر بەجدی و دیقەت مژوولی نووسینم. دڵنیابووم کە دێت و بەڕادەیەک نزیکی منە، بە دەوروبەرما دەسوڕێتەوە کە دەتوانم نەک هەر بیبینم، بەڵکو بشیگرم. سەرەنجام من هێزی ئینسانانی نائومێدم هەبوو، دەستەکانم هەبوون، ئەژنۆکانم، سینگم، هەنیەم، ددانەکانم بۆ گاز گرتن، شکاندن، بڕین و پارچەپارچەکردنی ئەو، بە هەموو ئەندامەکانم کە هەستیارییەکی نائاساییان پەیدا کردبوو، تەمەشای ئەوم دەکرد. دوو چرا و هەشت مۆمم لە سەر موغەیرییەکە هەڵکردبوو، وەک بڵێی دەمتوانی بەزەبری ڕوناکی زیاتر ئەو کەشف بکەم. تەختەخەوە کۆنەکەی ژوورەکەم لە هەنبەرما بوو، موغەیرییەکە لە دەستە ڕاستا و دەرگایەک لە دەستە چەپا بوو کە لە هەوەڵەوە ماوەیەکی زۆر بەکراوەیی هێشتبوومەوە و پاشان بەدیقەت دامخستبوو. مێز توالێتێک لە پشت سەرمەوە بوو کە هەموو ڕۆژێ بۆ تەراش و خۆگۆڕین سوودم لێوەردەگرت و عادەتم وابوو کە هەرجارێ بەبەردەمیا ڕەت دەبووم، تەمەشای سەراپای خۆم بکەم.

بەڵێ، هەر بۆ ڕێگومکێ وام نواند کە خەریکی نووسینم. چونکە ئەویش بۆمن لە کەمینا بوو، تاقیبی دەکردم. لە ناکاوا هەستم کرد ئەو لە پشتمەوە وەستاوەو لە سەرووی شانەکانمەوە، نووسینەکەم دەخوێنێتەوە. لەوێ بوو دەستی لە گوێم دەدا.

هەستام، دەستم هەڵگرت وهێندە بلەز ئاوڕم دایەوە کە لەزگ بوو بکەوم. هەمیشە وێنەکەم بەباشی لە ئاوێنەکەدا دەبینرا، لێ من خۆم لە ئاوێنەکەدا نەدەبینی. ئاوێنەکە، بەتاڵ، ڕۆشن، قووڵ و نورانی بوو. وێنەکەمی تیادا نەدەبینرا. لێ من بەرانبەر ئاوێنەکە بووم و ئاوێنە گەورەو ڕوناکەکەم لە هەنبەر خۆدا دەبینی. بەچاوانی شێتانەوە تەمەشای ئەم دیمەنەم دەکرد و بە هیچ جۆرێ جورئەتی چوونە پێشەوەم نەبوو. تەنانەت زاتی جووڵە و تەکاندانم لە خۆدا نەدەبینی وهەستم دەکرد کە ئەو لەوێندەرە. ئەو کە جەستە نەدیدەنیەکەی، نادیارەکەی، بووبووە مایەی ئەوەی وێنەکەم لە ئاوێنەکەدا دەرنەکەوێت، منی لە هەر کارێک دەکرد. لێم بووبوو بە مووی لووت و لێم نەدەبووەوە. چەند دەترسام! لە ناکاوا لە ئاوێنەکەدا، خۆم لە نێو مژ ودوومانێکی قووڵا بینی. وێنەکەم دەتگوت لە پشت توێیەک ئاوەوە دەبینرێ و وام دەهاتە بەرچاو کە ئەم ئاوە، بە ئارامی بە ڕاست و بەچەپدا دادەخزێ و سات بە سات وێنەکەی من وردتر نیشاندەدات. لە دوا ساتەکانی کۆتایی مانگ گیران دەچوو. ئەو شتەی کە خۆی لە من دەشاردەوە، لەوە ناچوو سنوور و قەوارەیەکی ڕوون و جێگیری هەبێت، بەڵکو لەکەیەکی زەلاڵ و ڕەخشان بوو کە بەرەبەرە بەرەو ڕوناکبوونەوە دەچوو.

سەرەنجام توانیم وەکو هەموو ڕۆژێک خۆم بە تەواوی بدینم. من ئەوم بینی. هێشتاش ئەو ترسەی کە دەیلەرزاندم لە بوونما ماوەتەوە.

**٨/٢٠ :**

کوشتنی ئەو. لێ چۆن؟ ئەویش لە حاڵێکا کە ناتوانم ئەو بەدەست بێنم، دەستم بیگاتێ. ژەهر؟ لێ ئەو لەکاتی تێکەڵکردنی ژەهرەکە بە ئاوەکە دەمبینێ و لەلایەکی دیکەوە ئایا ئەو ژەهرانەی ئێمە کاریان لە جەستەێن نەدیدەنی دەکرد؟ بێگومان نا… نا… کەواتە دەبێ چ بکەم؟…

**٨/٢١ :**

ئاسنگەرێکم لە " روین " ەوە هێناوە تا کەتیبە بۆ پەنجەرەکانی ژوورەکەم بکات. هەندێ لە ئوتێلە تایبەتیەکانی پاریس، لە ترسی دز کەتیبە لە پەنجەرەکانی قاتی خوارەوە دەگرن. لەلایەکی تریشەوە پێویست بە دەرگایەکی ئاسن هەیە. هەرچەندە بە کابرایەکی ترسنۆکم تێدەگەن، بەڵام با هەروام تێبگەن، بەلامەوە گرینگ نییە.

**۹/۱۰:**

روین، ئوتێلی کنتینانتال، هەموو کارەکان ئەنجام دران. بەڵام ئایا ئەو مردووە؟ روحم لەو شتەی دیومە، نیگەرانە.

بەڵێ، دوێنێ یارۆی ئاسنگەر، دەرگا و کەتیبەکانی بۆ دانام. هەموو دەرگاکانم تا نیوەشەو، تا ئەوکاتەی هەوا سارد دەبێت، بەکراوەیی هێشتەوە. لە ناکاوا هەستمکرد کە لە وێندەرەو جۆرە شادییەک و لە ڕاستیدا شادییەکی مەیلەو شێتانە گرتمی. بە ئارامی هەستام و ماوەیەکی زۆر، بۆ ڕێگومکێ و بۆ ئەوەی گومان نەکات، بەڕاست وبەچەپا ڕۆیشتم. پاشان پێڵاوەکانم داکەند وبەخوێنساردی نەعلەکانم لەپێ کردن. پاشان پەنجەرە کەتیبەدارەکەم داخست وبەکاوەخۆ بەرەولای دەرگاکە چووم. دەرگاکەشم داخست. گاڤێ کە گەییمە بەر پەنجەرەکە ئەویشم قفڵ دا و کلیلەکەم لە گیرفانم نا. لە ناکاوا بۆم دەرکەوت کە ئەو لە دەوروبەرما کەوتووەتە جم وجوڵ. ئەویش دەترساو ئەمری پێکردم کە دەرگاکە بکەمەوە. دەبوایە بە گوێی بکەم، بەڵام بەقسەم نەکرد. شانم دا بە دەرگاکەوە و ڕێگەم دا تێپەڕێت و چونکە باڵام بەرزە، سەرم دەگەییە سەر دەرانەکە. دڵنیابووم کە ناتوانێ هەڵێت و من ئەوم بە تاقی تەنیا زندانی کردووە. چەند شادییەکی گەورە بوو. ئەوم دەستگیر کرد! بۆیە بە پەلەپەل چووم بۆ نهۆمی خوارەوە، بۆ هۆڵی ژێر ژوورەکەم. زەیتی دوو چرایەکەم بە تەواوی ڕشتە سەر فەرشەکە، موبیلەکان و شوێنەکانی دیکە و پاشان ئاگرم پێوەنا و پاش ئەوەی کە دەرگا گەورەکەی چوونە ژوورەوەم تووند داخست، خۆم نەجات دا.

چووم تا لەوسەری باخەکە، لەناو کۆمایەک کاوکۆتا بخەوم. ڕێگاکە چەند درێژ دەهاتە بەرچاو. درێژ ئەمما درێژ! هەموو شتێک تاریک، خامۆش و کرۆکپ بوو. تەنانەت سروە بایەکیش نەدەهات. تاقە ئەستێرەیەک چییە، بە ئاسمانەوە نەبوو. پەڵە هەورێکی نادیار باڵی بە سەر ڕوحما کێشابوو و قورسی دەکرد.

تەمەشای خانووەکەمم کرد و چاوەڕوان بووم. زەمان چەند بەخاوی دەڕۆیی. ئیدی گومانم لەلا پەیدا بوو کە ئاگرەکە خۆبەخۆ یان لەلایەن ئەوەوە کوژاوەتەوە و کوژێنراوەتەوە کە لە ناکاوا یەکێ لە پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە لە ژێر گوشاری ئاگرەکەدا شکا وگڕێکی گەورە، سوور وزەرد و بەرز بە درێژایی دیوارە سپییەکەدا بەرز بۆیەوە وتا شیروانیەکە بڵێسەی سەند. ڕوناکییەک لە نێو درەختەکانەوە، لق وپۆپ وگەڵاکانەوە درەوشایەوەو لەرزەیەکی ترسناک هەموو شوێنێکی گرتەوە. باڵندان بێدار بوونەوەو سەگێک کەوتە وەڕین. دەتگوت ڕۆژ بووەتەوە. دوو پەنجەرەی دیکەش تەقین و نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەمم بینی کە وەکو شەرارێکی ترسناک بڵێسەی لێبەرز دەبووەوە. بەڵام هاوارێک، هاوارێکی ترسناک، تیژ وناخۆش، یانی هاواری ژنێک، لە تاریکی شەوەکەدا دەنگیدایەوە و هەردوو دەرگای ژوورەکەی ژێر شێروانیەکە کرانەوە. من خزمەتگوزارەکانی خۆمم لە بیر کردبوون، ڕوخساری شێتانە وباسکەکانیانم بەدەم هەڵتەکاندنەوە بینی! لە کاتێکا کە لە ترسا، هام ژ خۆ نەمابوو، بە هەشتاو بەرەو گوند چووم و هاوارم کرد: " یارمەتی. هاوار. ئاگر. ئاگر. "

لە ڕێگادا تووشی خەڵکانێ بووم کە بەرەو ماڵەکەی من دەچوون ولە گەڵ ئەواندا زڤڕیمەوە. ماڵەکە نها وەکو شەواتەک و ئێزنگێکی ترسناک، گەورە و سەیر وابوو کە زەوی ڕۆشن دەکردەوە و خەڵکانی دەسووتاند. وئەو... ئەویش، یانی زندانییەکەی من، بوونەوەرە نۆپەیداکە، ئاغای تازە، هورلاش دەسووتا.

لە ناکاوا شێروانی و جەمەلۆنەکە بە تەواوەتی بەسەر دیوارەکاندا داڕوخا وگڕکانی ئاگر دەچوو بە ئاسماندا.

لەو دیوی هەموو پەنجەرە کراوەکانەوە، کووپەیەکی پڕ لە ئاگرم دەبینی و وام وێنا دەکرد ئەو لەوێ لە ناو ئەو تەنوورەدا مردووە...

" مردووە؟ ڕەنگە؟... ئەدی بەدەنی؟ ئایا ئەو بەدەنەی کە نور وڕوناکی پێدا تێدەپەڕی، بەو ئەوزارانەی کە ئێمەمانان دەکوژێ، قابیلی کوشتن و نەمان بوو؟ "

باشە ئەگەر نەمردبێ چی؟ لەگینە تەنیا ڕۆژگار کار لەم بوونەوەرە نەدیدەنی و ترسناکە بکات. بۆچی ئەم بەدەنە شەفاف و نەناسراوە، ئەم بەدەنە ڕوح ئاسایە، لە نەخۆشیان، برینان، ڕزین و هەرەس ونەمانی ناوەخت نەترسێت؟

مەرگی ناوادە؟ هەموو ترسێکی ئینسان لەم دیاردەیەوە هەڵدەقوڵێت. کەواتە دوای ئینسان، هورلا. دوای ئەو بوونەوەرەی کە دەتوانێ لە هەموو سەعاتێکا، لە هەموو خولەکێکا و بە هەرجۆرە بویەرێک بمرێت، بوونەوەرێک هاتووە کە نابێ بمرێت تا زەمانێ کە ڕۆژ، سەعات و دەقیقەی خۆی دێت. چونکە گەییوەتە سنووری خۆی! چونکە ڕۆژی تەواو بووە!...

نە... نە... بێ هیچ چەند وچوونێک، بێ هیچ گومانێک ئەو نەمردووە... نەمردووە... کەواتە... کەواتە لەم حاڵەدا چاری من تەنیا ئەمەیە خۆم بکوژم.

## چاڵاو

هۆی مردنەکە: " لێدان و زامان "

سەرۆکی دادگا دوای ئەو قسانە " لیوپولدرونار " ی موبێلەساز و فرۆشی، بانگ کردە شوێنی شایەدەکان.

شایەدە ئەسڵیەکانیش، واتە خانم فیلامیشی بێوەژنی کوژراوەکە و، لویس لادوروی کرێکاری دارتاش وجان دوردانی مسگەر لە ملاو ئەولایەوە وەستابوون.

هاوسەری بکوژەکە، بەجلکی سەراپا ڕەشەوە لەلایەوە دانیشتبوو. ژنێکی کورتەباڵای، ناحەز بوو، دەتگوت مەیموونە و جلکی ژنانەیان لەبەر کردووە.

رونار (لیوپولد) بەمجۆرە دەستی بەگێڕانەوەی ئەو کارەساتە کرد: " جەنابی قازی، سوێند دەخۆم، ئەمە کارەساتێکە کە من لە هەوەڵەوە یەکەمین قوربانی ئەم کارەساتە بووم! ڕووداوەکان بەخۆیان هاواردەکەن؛ گەواهی دەدەن. من پیاوێکی ئابڕوومەند و بە شەخسیەتم. پیاوی کار وکاسبیم. شازدە ساڵە لە هەمان شەقامدا کاردەکەم، کەرەستەی ناوماڵ دەفرۆشم، دەرودراوسێ دەمناسن، پیاوێکی خۆشەویستم، تەنانەت ژنە دەرگاوانەکەش کە کەسێکی دەمدەمیە، ئەو شایەدیەم بۆ دەدات. من حەزم لە کارکردن و پارە پەیدا کردن وکۆکردنەوەیە. کەیفم بەخەڵکانی بە ئەدەب و ڕابواردنی ئاساییە، کە نها ئەمەم لە دەست داوە و هەڵبەتە قیروسیا لەمە! من لە سەر ڕێزگرتنی خۆم بەردەوام دەبم.

بەڵێ پێنج دانە ساڵە هاوسەرەکەم و، کە لێرە ئامادەیە، من ڕۆژانی یەک شەممە دەچینە پواسی و ڕۆژەکەمان لەوێندەر دەبەینە سەر و هەوایەک دەگۆڕین. حەزمان لە ڕاوە ماسییە، زۆرمان حەز لەو کارەیە، وەکو منداڵ لەوێ خۆمان بەو کارەوە دەخافڵێنین. ڕاستت دەوێ " مەیلی " ئەم مەیل و خووەی لەلای من دروستکرد. ئەم بەد ڕەسەنە. جا ئەم ژنە شەڕئەنگێزە، سەبرێکم لێ بگرە بزانە چۆن بۆتی دەسەلمێنم کە لەم کارەساتەدا هەموو خەتایەکە لە ئەستۆی ئەودایە.

من کابرایەکی بێوەیم، لە ڕای دوو عانەدا خراپە ناکەم. بەڵام ئەو! هەر مەپرسە، تەمەشای ڕواڵەتی مەکە، ڕاستە وردیلە وبچووکە، بەڵام ئامانی نییە، لە هیچ خراپەیەک ناپرنگێتەوە، نکۆڵی لەوە ناکەم کە زیرەکە، سەری لە کاروباران دەردەچێت ودەیزانێت، و ئەمە بۆ بابایەکی بازرگانی وەکو من گرینگە. بەڵام دەربارەی کەسێتی و تەبیعەتی ئەو برۆ قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن! تەنانەت لەگەڵ ئەو کارەکەر ودەرگاوانەشدا قسە بکەن، کە حاڵی حازر کار بۆمن دەکات. ئەو پێتان دەڵێت کە ئەم ژنەی من چۆن هەمیشە گلەیی لە نەرمکێشی و ملایمی من دەکرد، ئیرادی لێدەگرتم و دەیگوت: " ئەگەر من لە جیاتی تۆبام نەمدەهێشت ئەمە بکەن، نەمدەهێشت ئەوە بکەن."

حەزرەتی قازی! لە سەر قسەی ئەو و بە هۆی هاندان ودنەدانی ئەوەوە، بەکێمانی مانگی سێ جاران، شەڕە مستانم کردووە... "

خانم رونار، خۆی لە قسەکانی ئەو هەڵقورتاند وگوتی: " بۆ خۆت هەر بڵێ، چیت بە دەما دێت بیڵێ. ئەوەی لە دواییا پێدەکەنێ، زۆرتر پێدەکەنێ. "

ئاغای رونار، ڕوویکردە ئەو و ساویلکانە گوتی: " هەق بە تۆ نییە ومن دەتوانم دژ بە تۆ شایەدی بدەم... "

پاشان دووباره لە هەنبەر قازی ( سەرۆکی دادگا ) وەستا:

" دەی باشە تەواوی دەکەم. بەڵێ ئێمە هەموو شەوێکی شەمموان بۆ پواسی دەچووین. تا سپێدە خەریکی ڕاوەماسی دەبووین. ئیدی خوومان بەمەوە گرتبوو و لێمان بووبوو بە عادەت. ئەم هاوینە، سێ ساڵێک دەبێ کە چاڵاوێکی قووڵم دۆزیوەتەوە کە قووڵییەکەی هەشت پێ یا دە پێیان دەبێت کە بە ڕاستی کونە ماسییەکە لەو گۆڕەی و ئیدی بۆ بابایەکی ماسیڤان نیعمەت بوو. حەزرەتی قازی ئەم چاڵاوە، کەس پێی نەزانی بوو، من بە کریستوفر کولومبسی ئەو چاڵاوە دەژمێردرام. هەمووان بەمەیان دەزانی و کەس نکۆڵی لێنەدەکرد. دەیانگوت: " ئەم شوێنە، شوێنی کاک ڕوناره. " کەس بۆ ئەوێندەر نەدەهات. نامەوێ لە عەلەیی کەس بدوێم، تەنانەت ئاغای " پلومو "ش کە دزێکی لە زەبر بوو، هەقی بە سەر ئەوێندەرەوە نەبوو.

ئیدی وەکو خاوەن ماڵ، بەدڵنیاییەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆم دەڕۆیشتم. هەرکە دەبوو بە شەمموان، دەگەڵ ژنەکەما سواری " دالیلا " دەبووین. دالیلا بەلەمێکی نەرویجی بوو کە وەستا " فورنز " بۆی دروست کردووم، بەلەمێکی سووکەڵەی ئەمینە... سواری دالیلا دەبووین و چەشەمان ئامادە دەکرد و لەگەڵ خۆمانمان دەبرد و هەرخۆم ئامادەم دەکرد و بەڕاستی لەم کارەدا مەعلان بووم و هەموو هاوڕێیان ئەمە باش دەزانن. ڕەنگە بپرسیت چۆن چەشەم ئامادە دەکرد؟ ناتوانم وەڵامی ئەمەت بدەمەوە. ئەم بابەتە پەیوەندی بەو بویەرەوە نییە. ئەمە ڕازی منە. پتر لە دووسەد کەس ئەوەیان لێ پرسیوم.

ئەوانە بۆ ئەوەی قسەم لێدەربێنن، جۆرەها کرمی بچووک و گۆشتی مارماسییان بۆ دەهێنام، بەڵام ئایا ماسییان بەو شتانەوە دەهاتن؟ ئاە، بەڵێ، تەنانەت بەر مستانیان دەدام تا لەو سڕەم حاڵی ببن. تەنیا ژنەکەم ئەو ڕازە دەزانێت، ئەویش وەکو من هەرگیز ئەو ڕازە نادرکێنێت، مەگەر وانییە مەیلی؟... "

قازی قسەکەی پێبڕی:- خێراکە بچۆ سەر ئەسڵی مەسەلەکە!

یارۆی تۆمەتبار لە سەری ڕۆیی: " باشە، دەچمە وە سەری. دەچمەوە سەری. بەڵێ، ڕۆژی شەممە، هەژدەی مانگی تەمووز، سواری قیتاری سەعات پێنج و بیست وپێنج خولەک بووین، پێش شێو چووین تا وەکو هەموو شەممواندێک چەشەکان بخەینە ئاوەکەوە. پێدەچوو کەش و هەوا خۆش بێت. بە " مەیلی " م گوت: " سبەی حەشر دەکەین " و ئەویش بەرسڤی دایەوە: " بێگومان! " هەرگیز بەوجۆرە قسانمان دەگەڵ یەکدیدا نەکردبوو.

سەرەنجام شێومان خوارد. زۆر کەیف خۆشبووم و هەستم بە تینوویەتی دەکرد. جا تینوویەتی چ کارێک بە بەشەر ناکات. بە " مەیلی " م گوت: " مەیلی، هەواکەی خۆشە، خۆزیا دەکرا شووشەیەک لەو مەعجونی بیخەویە بخۆینەوە. " ئەمە جۆرە شەرابێک بوو کە ئێمە ئەو ناوەمان لێنابوو، بۆیە ئەو ناوەمان لێنابوو چونکە ئەگەر زۆرت لێ خواردباوە، لە جیاتی خەوی لێخستبای، خەوی دەزڕاندیت.

ئەو بەرسڤی دایەوە: " دەتوانی بە دڵی خۆت بکەیت، لێ دیسان نەخۆش دەکەویت و سبەینێ زوو خەبەرت نابێتەوەو لە خەو دەمێنی. "

قسەکەی ئەو دەرچوو، ئەو کەسێکی بە ئاوەز، بە پارێز و دووربین بوو. من دان بەوەدا دەنەم. وێڕای ئەوەش بەخۆم نەوەستام و شووشەکەم هەمووی خواردەوە، ئیدی هەموو شتەکان لەمەوە دەستی پێکرد.

ئیدی خەوم زڕا، تا سەعات دووی دوای نیوەشەو خەوم لێنەکەوت و پاشان خەوێکی وەهام لێکەوت کە نەعرەتە و هاواری فریشتەی ڕۆژی پەسلانیش نەیدەتوانی بێدارم بکاتەوە.

بەکورتیەکەی هاوسەرەکەم سەعات شەش بێداری کردمەوە. لە تەختەخەوەکەم ڕاپەڕیم. بە هەڵەداوان پانتۆڵەکەم لەبەر کرد و چاکەتی دەریاوانیم لەبەر کرد، بلەز دەم وچاوم شۆرد و خێرا سواری دالیلا بووین. دوای ماوەیەکی کەم گەیشتینە چاڵاوەکە، سەیرم کرد داگیریان کردووە. حەزرەتی قازی! هەرگیز لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا شتی وا ڕووی نەدابوو. تووشی حاڵەتێکی وەهابووم کە لە تۆوایە بەبەرچاوی خۆمەوە گیرفانم دەبڕن. ژنەکەم دنەی دەدام ودەیگوت: " هەی کەودەن، ئەمەش بەزمی مەعجونی بێخەوی! باشە، هەی بەد مەست. ئەمەت پێخۆشە؟ " هیچم نەدەگوت. هەق بەو بوو. یەکسەر لە نزیکی ئەو شوێنە ڕامگرت تا فریای باقی ماسییەکان بکەوم و ئێ ئەمە خوایە بەڵکو کابرا چیدی ڕاونەکات و ملی ڕێگای خۆی بگرێت و بڕوات.

کابرایەکی ڕیوەڵەی کورتەباڵا بوو، جلێکی کەتانی سپی لەبەر وکڵاوێکی سپی حەسیری لە سەربوو، هاوسەرەکەشی لەگەڵدا بوو. ژنێکی قەڵەو بوو، لە پشت ئەوەوە ڕۆنیشتبوو و ئاوریشم دۆزی دەکرد.

وەختایەک هاوسەرەکەی ئەو کابرایە ئێمەی بینی کە لە قەراخ چاڵاوەکە وەستابووین، لەبن لێوانەوە پێی گوتین:

- هیچ جێیەکی دی لە سەر ڕوبارەکە نییە؟

ژنەکەی من بە تووڕەیی بەرسڤی دایەوە:- خەڵکانی بەتەربێت و ئەتەکێت زان، بەر لەوەی شوێنی خەڵکانی دی داگیربکەن، پرسیارێک دەکەن.

چونکە حەزم لە کێشە و ئاریشە نەبوو بە هاوسەرەکەمم گوت:

- بێدەنگ بە مەیلی! وازیان لێبێنە با کاری خۆیان بکەن!

پاشان " دالیلا " مان لە ژێر دار بییەکان ڕاگرت و دابەزین. من و مەیلی، بە دوو قوڵی لە تەنیشت ئەوانەوە کەوتینە ڕاوەماسی. جەنابی قازی، پێویستە لێرەدا بکەومە باسی وردەکارییەکان! هەمووی چەند خولەکێکی پێنەچوو کە دوو سێ جار قولاپی دراوسێکەمان لە ئاوەکەدا نقوم بوو. ماسییەکیان گرت ئەمما ماسی، بە ئەندازەی ڕانی ئەسپێک دەبوو، ڕەنگە تۆزێ گەورەتر یان بچووکتر بووبێ، بەڵام تەقریبەن هەمان ئەندازە دەبوو. دڵم بە توندی لێی دەدا. ئارەقەم کردبووەوە. مەیلی پێی گوتم: " بینیت هەی بەد مەست؟ " .

لەو کاتەدا ئاغای " برو " بەقاڵ و دووکاندارەکەی پواسی، کە لە کاری ڕاوکردن بە تۆڕاندا تازەکار بوو، بە بەلەم بەلاماندا بووری و هاواریکرد ":- چییە جەنابی رونار، شوێنەکەیان داگیر کردوویت؟ "

بەرسڤم دایەوە: " بەڵێ ئاغای برو، ئیدی دنیا بێشەیە، خەڵکی بێ تەربیەتیشی تیایە. "

کابرای کورتەباڵا کە لە نزیکی ئێمەوە بوو، خۆی لەگێلی دا، وەکو ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ، لێ ژنەکەی، هەمان ژنە قەڵەوەکە کە بە ئەندازەی یەک مانگا دەبوو، بەخۆی نەوەستا. "

حەزرەتی قازی جارێکی دی قسەکەی پێبڕی: " ئاگات لە قسەکانت بێ، تۆ بێ ڕێزی بە خاتوو فیلامیشی بێوەژن کە لێرە ئامادەیە، دەکەیت. "

رونار تەوازی بۆ هێنایەوە: " ببورە، ببورە... هەڵچووبووم. "

" بەڵێ، هەمووی چارەکێکی دی نەبووری کە ئەو پیاوە کەتان پۆشە کورتە بنەیە، ماسییەکەی گەورەی دیکەی گرت و پاشان و یەکسەر یەکێکی دیکەی گرت و، نەخێر دوای پێنج خولەک یەکێکی دیکەشی گرت. خەریک بوو لە داخا بگریم و هەستم دەکرد کە مەدام رونار لە تووڕەییدا قوڵپ دەدا. بەردەوام سەرزەنشتی دەکردم: " ئاە! نەگبەت! نابینی دزیت لێدەکات، ماسییەکانی تۆ دەدزێت... تۆش زەقەی چاوت دێت، نەک ماسی، قوڕباقەش ناگرێت، هەرهیچ ناگریت، هیچی هیچ... "

من لە دڵی خۆدا دەمگوت: " تومەز، بە بێ ئەوە بەخۆ بزانم مارم بەخێو دەکرد. دەی تا نیوەڕۆ چاوەنۆڕ دەکەم تا ئەم ڕاوچیە ساختەچییە، دەڕوات بۆ نانخواردن، هەنگێ دەچمە جێگاکەی خۆم. جەنابی قازی! ئاخر ئێمە هەموو یەک شەممەیەک لە ناو بەلەمەکەی خۆمانا، لە ناو " دالیلا " دا فراڤین دەخۆین، هەموو خواردنێکمان دەگەڵ خۆدا دێنا.

" ئۆخەی کە نیوەڕۆ هات، ئەو ساختەچیە فروجێکی لە ڕۆژنامەیەکەوە پێچابوو. لە کاتی نانخواردنا و بەدەم نانخواردنەوە ماسییەکی گەورەی دیکەی ڕاوکرد!

من و " مەیلی " ش، نانێکی شەومەنەمان بە قامکان دەبرِی و بە نەبەدڵی وبەبێ مەیلی دەمانخوارد.

پاشان بۆ ئەوەی خواردنەکە هەرس بکەم، دەستم کرد بەگۆڤار خوێندنەوە، هەموو یەک شەممۆانێک وەکو ئەو ڕۆژە، لە کەناراوەکەدا، لە ژێر سێبەری دار ودرەختەکاندا، گۆڤاری " جیل بلاس " م دەخوێندەوە. یەک شەمموان و تاریکی " کولومبین " ی بڵاو دەکردەوە. کولومبین، هەموو یەک شەممەیەک وتارێک لە گۆڤاری " جیل بلاس " دا دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە. ئیدی مەدام رونارم بەوە تووڕە دەکرد کە گوایە کولومبین دەناسم. هەڵبەتە ئەمە ڕاست نەبوو، فشەم دەکرد. من نە ئەو ژنەم دەناسی و نە دیتبووم. کێشەیەک نییە، چ قەیدییە؟ گرینگ ئەوەیە بابەتی زۆرچاک دەنووسێت و بۆ ئافرەتێک زۆر ئازایانەیە. بە ڕاستی بەدڵمە، خۆشم دەوێ. بەو شێوەیە هاوسەرەکەم تووڕە دەکرد و دەم جوڵاند. بەڵام ئەو وەکو هەمیشە یەکسەر تووڕە بوو، بۆیە خێرا بێدەنگ بووم.

لەم ساتەدا، لەوبەری ڕوخانەکەوە، ئەم دوو شایەتەی لەمەڕ خۆمان، واتا لادور و دوردان هاتن. هەر بە سیمادا یەکمان دەناسی.

کابرای کورتەبنە دووبارە دەستی بە ڕاوکردن کردەوە، ئیدی ماسی لە سەر ماسی دەگرت، لە داخا ئازای ئەندامم دەلەرزی. ژنەکەی گوتی:

– چەند شوێنێکی چاکە، ئیدی هەموو جارێ بۆ ئێرە دێین " دیزیریە! " .

ترسم لێنیشت، مەدام رونارش لێکدا لێکدا دەیگوت: " تۆ پیاو نیت، خوێنی مریشک لە دەمارەکانتدایە. "

لە ناکاوا گوتم: " حەزدەکەم لێرە بڕۆین، تا گەوجایەتیەکم نەکردووە. "

کەچی ئەو پەیتا پەیتا گاڵی دەدام و دەیجوڵاندم: " تۆ پیاونیت. " ئێستا کە هەلە تا جێگای ئەو بگرێتەوە، هەڵدێیی، کە بێ غیرەتی! "

زۆرم لەبەر گران بوو، وێڕای ئەوەش خۆم لەگێلی دا. لێ ئەو پیاوە ماسییەکی " ئەبرمیس " ی گرت کە تا ئەو کاتە ماسی وەهام نەبینی بوو. لەم کاتەدا ژنەکەم بەدەنگی بەرز کەوتە خوتە وبۆڵە: ئەمانە بەدزی ماسی دێنەژماردن. ئێمە مەسرەفمان کردووە و چەشەمان خستۆتە ئاوەکەوە وئەوان بەرەکەی دەبەن. بەلای کەمەوە پێویستە مەسرەفەکەمان بدەنەوە. "

هەنگێ نۆبەتی ژنە قەڵەوەکە هات کە بڵێت: " ئەوە لەگەڵ ئێمەتە خانم؟ "

سەرەنجام کەوتنە شەڕە جنێو، زۆر بەتووندی کەوتنە دەمەبۆڵە، بەڕادەیەک کە ئەم دوو شایەدەی لەمەڕ ئێمە کە لە کەنارەکەی ئەوبەرەوە بوون، دەستیان بەهاوار کرد:

" ئەهای کەمێ ئارام بن! ئێوە نایەڵن مێردەکانتان ماسی ڕاوبکەن. "

ڕاستتان دەوێ، کابرای وردیلەی کورتەبنە ومن وەکو دوو کۆتەرە دار، لەجێی خۆ ڕەق ڕاوەستابووین و تەمەشای ئاوەکەمان دەکرد و لە تۆ وایە قسەکانی ئەوان بایە و بەلای گوێمانا دەڕوات. واقمان وڕ مابوو. وێڕای ئەوەش گوێمان لێبوو کە دەیانگوت: " تۆ درۆزنی، تۆ بێ شەرەفی. تۆ مێملێ. "

لە ناکاوا، دەنگێک لە پشتمەوە بەرز بووەوە. ئاوڕم دایەوە. ژنە قەڵەوەکە پەلاماری هاوسەرەکەی منی دا وبە چەترەکەی کەوتە وێژەی. دوو جەزرەبەی گەیاندە مەیلی، لێ مەیلی تووڕە بوو، پەلاماری دا، دەستی نایە قژی ژنە قەڵەوەکە و بگرە کوێت دێشێ، خستیە گریان.

ئەگەر مەسەلەکە بە دەستی من بوایە، لێم دەگەڕان چی بەیەکدی دەکەن، بیکەن. پیاو نابێ خۆی تێکەڵی شەڕی ژنان بکەن. لێ کابرای کورتەبنەی کەتان پۆش، وەکو شەیتان لە جێی خۆی ڕاپەڕی و ویستی پەلاماری هاوسەرەکەم بدات. من گوتم: " نا برادەر کاری وامەکە! " لێ فایدەی نەبوو، بۆی چووم، بۆکسێکم خێواندە کەپووی و یەکێکم سرەواندە زگی. هەردوو باسکی بەرز کردنەوە، ئەوسا لاقی هەڵبڕی و بەپشتا کەوتە ناو ئاوەکەوە، ڕێک کەوتە چاڵاوەکەوە.

جەنابی قازی ئەگەر فریا بکەوتمایە، هەر ئەوکاتە لە ئاوەکەم دەردێنایەوە، بەڵام ژنەی قەڵەو دەرفەتی هێنابوو و لێکدا لێکدا لە مەیلی دەدا. دەزانم کە نەدەبوو لەوکاتەدا کە کابرا خەریک بوو دەخنکا من لەخەمی نەجاتدانی مەیلی دا بم، بەڵام تەسەورم نەدەکرد کە کابرا بخنکێ. لە دڵی خۆدا دەمگوت: " ڕەنگە ئاوەکە ساردی بکاتەوە! " بۆیە بە هەشتاو ڕۆیشتم و ژنەکانم لێکدی کردنەوە. وێڕای ئەوەش کۆمەڵێک نقورچ و نینۆک و گازم بەرکەوت. پەح کە ژنێکی دڕ و شڕندە بوو! بەکورتیەکەی پێنج خولەک، دە خولەکی خایاند تا ئەو جووتە ژنە لاسارەم هێور کردەوە، وەختایەک سەرم وەرگێڕا، پیاوی تاین لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو. ئاوی ڕوبارەکە وەکو دەریاچەیەک مەند بوو و دوو پیاوەکەی دی لە دوورەوە هاواریان دەکرد: "فریای بکەوە، لە ئاوەکەی دەربێنە! "

خۆی دەبوایە ئەو کارەم بکردایە، بەڵام من مەلەم نەدەزانی و فرم بە نقومواناییەوە نەبوو. سەرەنجام پاسەوانانی بەنداوەکە و دوو زەلامی دی بەخۆ و چەتاڵێکەوە هاتن، نزیکەی چارەکە سەعاتێک گەڕان تا دۆزییانەوە، کەوتبووە بنی چاڵاوەکەوە، لە قوڵایی هەشت پێدا دۆزیانەوە. کابرای کورتەبنە لەوێدا دۆزرایەوە.

ئەوەی گوتم خیلافی نییە، ئەوە حاڵ وحیکایەتەکە بوو، سوێند دەخۆم، بە شەرەفم بێ گوناحم، هیچ خەتایەکم نییە. "

که شایەدەکان، هەمان قسەکانی ئەویان دووپات کردەوە، دادگاییەکە دوایی هات و کابرای تۆمەتباری تەبرێ کرد.

١٨٨٦/١١/٩

# کلوشیت

باشە ئەمە سەیر نییە کە هەندێ بیرەوەری کۆن لە ناخماندا بندەنەوەو هەر دەمێنن وهەرگیز لە بیرمان ناچنەوە؟

ئەم بیرەوەرییەی دەیگێڕمەوە، زۆر کۆنە، هێندە کۆنە کە خۆیشم نازانم چۆن بەم زندوویەتیە لەزەین و یادگەما ماوەتەوە. لەوساوە هێندەم بویەر و ماجەرای خەمناک وترسناک وسەیر دیتوە کە پێم سەیرە چۆن، سیما و ڕوخساری دایکە " کلوشیت "م وەکو خۆی لە بیری ماوە، ڕۆژ نییە، تاقە یەک ڕۆژ نییە، کە ڕوخساری دایکە کلوشیت وەکو ئەوسا، کە من تەمەنم هەر دە دوازدە ساڵ دەبووم، نەیەتەوە بەرچاوم.

ئەم ژنە خەیات بوو، هەفتەی یەکجار، هەموو سێ شەممەیەک، بۆ پینە وپەڕۆ و دورینەوەی جلکێن ژێرەوە بۆماڵی ئێمە دەهات. داک وبابم لە یەکێک لەو خانووە هەوارگەییانەدا دەژیان کە پێیان دەگوتن کۆشکی ئاغایانە، چەند خانوویەکی کۆنی سەر بە جەمەلۆنی قووچ هەبوو، کە هەریەکەیان چوار پێنج کێڵگە ومەزرای لە دەور بوو. چەند سەد مەترێک لەولاترەوە گوندێکی گەورە هەبوو، گوندی چی! شارۆچکەیەک بوو بۆ خۆی، ئەم گوندە لە دەوری کڵێسایەکی خشتی سوورا، کە لە کۆنیا و، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕەش بووبووەوە، خڕ بووبووەوە.

ئیدی دایکە کلوشیت، هەموو سێ شەممەیەک لە نێوان سەعات شەش ونیو وحەوتی بەیانیا دەهات و یەکسەر دەچووە ژووری خەیاتیەکە و دەستی بەکار دەکرد.

کلوشیت، ژنێکی درێژداهۆڵ بوو، ڕوخساری ڕیشن یان با بڵێم تووکن بوو. ئەلهەقی ڕدێنێکی سەیر و نائاسایی ڕوخساری داپۆشی بوو، لە تۆپەڵە داوێکی خەیاڵی، یان قۆپەنە موویەکی تێک ئاڵاو دەچوو کە کەسێکی شێت، لە ڕوخساری پانی ئەم ژنەی ڕواندبێ، ژنی چی، پۆلیسێک بوو بە تەنوورە و جلکی ژنانەوە! ئیدی مووی دنیا لە سەر لووتی و بەرلووتی و چەناگە و گۆناکانی ڕوابوو، برۆکانی چڕ وپەیوەست، درێژ وکەوەیی ڕەنگ، دەتگوت سمێڵە و بەهەڵە لەوێ ڕوابوو.

لاقی دەلەنگی، هەڵبەت نەک وەکو شەلێکی ئاسایی، بەڵکو ڕێکردنەکەی زیاتر لە لەنگەرگرتنی کەشتی دەچوو. وەختایەک کە قورسایی کەلەشە زەلام و ڕەق و تەقەکەی دەخستە سەر ئەژنۆی، دەتگوت خۆی ساز دەکات تاخۆی هەڵبداتە سەر پێلێکی گەورە، ئەوجا دادەهاتەوە وەکو ئەوەی بکەوێتە چاڵێکەوەو بە عاردیدا ڕۆبچێت.

ڕێکردنەکەی، جووڵە و هەڵچوونی لەهی و لافاوی وەبیر دێنایەوە. کە دەلەنگی، کڵاوە سپیەکەی، کە هەمیشە لە سەری بوو و ڕیشوە سپی و درێژەکانی، بەپشتیا شۆڕ دەبووەوە و دەکەوتە سەما، لەگەڵ هەر جووڵەیەکی ئەودا، دەتگوت لە خوارێ بۆ سەرێ و لە سەرێ بۆ خوارێ خۆی لە ئاسۆ دەسوو.

تەواو ڕموودەی دایکە کلوشیت بووم. هەرکە بێدار دەبوومەوە، دەچووم بۆ ژووری خەیاتیەکە. دەمبینی، مەقەڵیەکی بچووکی لە بەر پێی خۆی داناوە و مژوولی درووماًنە. هەرکە دەگەییمە ژوورەوە، مەقەڵیەکەی ( هیتەر ) هەڵدەگرت و لە بەردەم منا دایدەنا تا لەو ژوورە گەورە و سارد و سەر بە جەمەلۆنەدا سەرمام نەبێت.

دەیگوت: " ئەم مەقەڵیە گەرمت دەکاتەوە، نایەڵێ خوێنەکەت بچایێ. "

لە حاڵێکا بە قامکە درێژ و خواروخێچەکانی جلکەکانی دەگرت وبۆ دروونی ڕێک دەخستن، بەدەم دروومانەوە چیرۆکی بۆ دەگوتم. چونکە تەمەنی هەبوو، عەینەکی لەچاو دەکرد، چاوی لە ژێر شووشە ئەستوور و زەڕەبینەکانی عەینەکەکەیەوە زۆر گەورە وغەریب دیاربوون، لە دوو چاو دەچوون.

حیکایەتی یەجگار زۆری پێبوو، لەوە زیاتری پێبوو کە منداڵێکی وەکو من بیری بمێنێ، ئیدی دڵی منداڵانەی من، ڕمموودەی ڕوحی گەورە و پڕ شەهامەتی ئەو ژنە هەژارە بووبوو. هەموو ماجەرا و بویەر و واریقاتەکانی گوندەکەی بۆ دەگێڕامەوە. لەوانە : حیکایەتی ئەو چێڵەی، لە گەوڕەکەی هەڵاتبوو، بەیانییەک لە هەنبەر ئاشەکەی " پروسپیرمالی " دا دۆزیبوویانەوە کە ڕەق ڕاوەستابوو تەمەشای پەروانە دارینەکانی ئاشەکەی دەکرد! یان حیکایەتی ئەو هێلکەیەی کە لەلای زەنگی کڵێساکەدا دۆزرابووەوە و کەس نەیزانی چ باڵندەیەک ئەو هێلکەیەی لەوێندەر کردبوو، یان حیکایەتی سەگەکەی جان جان پیلاس، کە پانتۆڵی خاوەنەکەی دۆزی بووەوە. خاوەنەکەی پانتۆڵەکەی خۆی کە بە هۆی بارانەوە تەڕ بووبوو، لەبەر ماڵەکەی خۆیدا هەڵخست بوو تا هیشک ببێتەوە و یەکێک بەوێدا ڕەت بووبوو و پانتۆڵەکەی دزی بوو، سەگەکە هەر دە گەڕەکەکەی شارەدێیەکەی دابووە ژێر پێوەو پانتۆڵەکەی دۆزی بووەوە و هێنابوویەوە. کلوشیت ئەم بویەر و واریقاتە سادانەی هێندە بە ئاو و تاو بۆ دەگێڕامەوە، کە لە دڵی منا هاوتای دراما نەمر و، بەیتە گەورە و پڕ ڕەمز و ڕازەکان و ئەو ئەفسانانەی دەکردەوە کە داستان بێژان دایدەهێنن و ئەوانەی دایکم شەوانە بۆی دەگێڕامەوە، بە هیچ جۆرێ پەند وحیکمەت، دەوڵەمەندی و باڵکێشی ئەم حیکایەتانەی نەبوو کە ئەم ژنە دێهاتیە بۆی دەگێڕامەوە.

ڕۆژێک، دوای ئەوەی هەموو دانی بەیانیم بە دەم گوێگرتنەوە لە حیکایەتەکانی دایکە کلوشیت بە سەربرد، پاشان لەگەڵ خزمەتکارەکەدا چووم بۆ بێشەی هالت، کە کەوتبووە پشت مەزرای نواپرەوەو بادەمم کۆکردبووەوە، حەزمکرد دووبارە بچم بۆلای دایکە کلوشیت، هەموو ئەمانەم جوان جوان لە بیرە، وەکو ئەوەیە دوێنێ ڕوویاندابێت..

ئەو ڕۆژە، هەرکە دەرگای ژووری خەیاتیەکەم کردەوە، سەیرم کرد خەیاتە پیرەکە، لە لای کورسییەکەیەوە بەدەما کەوتبوو، ڕوخساری ڕوو لە ئەرزەکە بوو، باسکەکانی کرابوونەوەو هێشتا دەرزیەکە بەدەستێکەوە بوو وکراسێکی منیش بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو، لەپاڵ کورسییەکەدا، لە ناو ژوورەکەدا کەوتبوو. لاقێکی، وابزانم لاقە درێژەکەی بوو، بە گۆرەوییەکی سپیەوە، لە ژێر کورسیەکەدا درێژ بووبوو، عەینەکەکەی کەمێک لەولاترەوە لەبن دیوارەکەدا کەوتبوو و دەبریقایەوە. بەدەم هاوارەوە و بەغاردان لەوێندەر وەدەرکەوتم و دوای چەند خولەکێک بۆم بەدیارکەوت کە دایکە کلوشیت مردووە.

هەرگیز ناتوانم ئەو هەڵچوونە قووڵ، بە ئازار و ترسناکەی کە دڵی منداڵانەی منی داگرت، وەسف بکەم. بە ئەسپایی بۆ ژووری پێشوازی چووم و لە سووچێکی تاریکا و لەسەر کورسییەکی گەورەی کۆنا دانیشتم و دەستم بەگریان کرد. هەڵبەتە ماوەیەکی زۆر لەوێندەر مامەوە، چونکە دنیا تاریک بوو و شەو داهات.

لە ناکاوا، بە چرایەکەوە خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد، بەڵام منیان نەبینی، من گوێم لە داک وبابم بوو کە دەگەڵ پزیشکێکدا، کە بە دەنگیا ناسیمەوە، قسەیان دەکرد. تومەز داک وبابم یەکسەر پزیشکیان ئاگادار کردبووەوە و ئەویش هۆی بویەرەکەی بۆ ڕوون دەکردنەوە، کە من هەرم لە برێ قسەکانی نەدەکردەوە. پاشان پزیشکەکە دانیشت و پەرداخێ مەشرووبیان بە پارچەیەک پسکیتەوە بۆ هێنا. پزیشکەکە قسەی دەکرد و ئەوەی ئەو دەیگوت لە ڕوحما نەخش بووەو تا لە ژیاندا بم ناسڕدرێتەوە. تەسەور دەکەم، بتوانم هەمان ئەو وشانەی ئەو کە ئەو

بەکاری دەبردن، وەکو خۆی، بێ زیاد وبێکەم دووبارە بکەمەوە. ئەو دەیگوت: " داماو خۆت ژنێ! ئەمە یەکەم مشتەری من بوو، یەکەم ڕۆژ کە گەییمە ئەم گوندە، هەرکە خۆم بە خەستەخانەکەدا کرد، لە حاڵێکا هێشتا دەستم نەشۆردبوو، هاواریان بۆهێنام، کە بویەرێکی مەترسیدار، پڕ مەترسی ڕوویداوە. تومەرز لاقی ئەو شکابوو و هانایان بۆ من هێنا. لاقی زۆرخراپ شکابوو. ئەوکاتە تەمەنی هەڤدە ساڵان بوو، کیژێکی زۆر جوان بوو، یەجگار جوان. من هەرگیز سەربهوردی ئەوم نەگێڕاوەتەوە، تا ئێستا عەبدەل بەشەر لە زاری نەژنەوتووم. جگە لە من و کەسێکی دی، کە ئێستا لەم گوندە ناژی، کەسی دی بە حیکایەتی ئەم ئافرەتە نازانێت. ئێستا کە مردووە، ئەگەر بشی گێڕمەوە کێشە نییە.

لەو زەمان و ڕۆژگارەدا، پیاوێکی گەنج کە یاریدەدەری مامۆستا بوو و کوڕێکی قۆز و سیما جوان و قەد وقەڵافەتێکی سوپاییانەی هەبوو، تازە بۆ ئەم گوندە هاتبوو، هەموو کیژانی گوند چاویان لەوبوو، بەڵام ئەو ئاوڕی لە کەسیان نەدەدایەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە باباگرابو کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و بەرپرسی ئەوێش بوو و هەمیشە توورە و تڕۆ دەهاتە بەرچاو، زۆر دەترسا.

باباگرابو، لەو ڕۆژگارەدا " هورتانس " خشیکی، ئەمەی کە تۆزێ لەمەپێش لە ماڵی ئێوەدا مرد و دوای ئەو واریقاتە بە کلوشیت ناسرا وناوی دەرکرد، بۆکاری خەیاتی ڕاگرتبوو.

یاریدەدەری مامۆستا، هەستی کرد کە کەیفی بەم کیژە جوانە دێت و وادیارە کیژێش حەزی لێیەتی، ئەنجام قەراری ژوانی لە کیژێ وەرگرت، قەراریان وابوو، لە دوای کاری خەیاتی ڕۆژانە و کە شەو داهات، لە عەماری قوتابخانەکەدا کە لە قاتی دووەم بوو، یەکدی بدینن.

کیژێ لە دوای کاری ڕۆژانە وای نیشاندابوو کە گوایە بۆماڵ دەڕواتەوە، لێ لە جیاتی ئەوەی بە پلیکانەکاندا داگەڕێ و لە ماڵی گرابو وەدەربکەوێ، بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕابوو و خۆی بە عەمارەکەدا کردبوو و چاوەڕوانی عاشقەکەی کردبوو، کوڕەی گەنج زوو خۆی گەیاندبووە ژوانگەکە. لە کاتێکا کە سەرگەرمی ڕازونیازی عاشقانە و نەوازشتی کیژێ دەبێ، لە ناکاوا دەرگای عەمارەکە دەکرێتەوەو سەروسەکوتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پەیدا دەبێت و دەپرسێت: " سی جیبر، تۆ لێرە چ دەکەی؟ "

مامۆستای گەنج، لە حاڵێکا هەستی دەکرد گرفتار بووە، بە شپرزەیی گوتی: " هاتووم، لە سەر پووشەکان کەمێ ئیسراحەت بکەم، جەنابی گرابوا ! "

عەمارەکە گەورە و زۆر تاریک بوو و " سی جیبر " کیژەی گەنجی دەدایە دواوەو لێکدا لێکدا دەیگوت: " بڕۆ لەوێندەر خۆت بشارەوە! دوور نییە وەزیفەکەم لە دەست بدەم. حاڵی هەی؟ خۆت وەشێرە! "

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، کە گوێی لەو چپەچپە بووبوو، دووبارە گوتی: " وادیارە بەتەنیا نیت. "

- با، هەر خۆمم جەنابی گرابو.
- نەخێر بە تەنیا نیت، لەگەڵ یەکێکدا قسان دەکەیت.
- نەخێر بەتەنیام جەنابی گرابو.

پیرەمێرد گوتی:- ئێستا دەردەکەوێت.

دەرگاکەی بە کلیل داخست و چوو بۆ قاتی خوارەوە تا مۆم بێنێت. کابرای گەنج، وەکو هەر گەنجێکی کەم ئەزموون دەپەشۆکێ، ترسی زاڵ دەبێت، لە یەکبینە دەڵێت:

- خێرا خۆت بشارەوە! دەتدۆزێتەوە، نان براوم دەکەیت و کارەکەم لەکیس دەدەیت. خێراکە، خۆت وەشێرە!

دەنگی بادانی کلیلەکە لە ناو قفڵەکەدا دێتە گوێ.

هورتانس، بەهەشتاو خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە، کە دەیڕوانیە سەر شەقامەکە، بەپەلە کردیەوە، بە چپە و ئازایانە گوتی:- کە ئەو ڕۆیی، وەرە لە خوارەوە هەڵم بگرەوە.

ویەکسەر خۆی هەڵدایە خوارەوە. گرابو کەسی نەدۆزییەوە و بەحەپەساوی گەڕایەوە. دوای چارەکە سەعاتێک ئاغای سی جیبر هات بۆلای من و حاڵ و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕامەوە. کچەی گەنج کە لە نهۆمی دووەمەوە خۆی هەڵداشتبوو، لە پای دیوارەکەدا کەوتبوو، نەیدەتوانی لە جێی خۆی هەستێت. لەگەڵ سی جیبردا چووم بە سوراغییەوە. سی جیبر، دەگریا ئەمما گریان و من ئەو کیژە بەخت ڕەشەم، کە لاقی ڕاستی لە سێ شوێنەوە شکابوو و ئێسقانەکانی لە گۆشتەکەیەوە هاتبووە دەرێ، بۆ ماڵەکەی خۆم هێنا. بارانێکی توونددەباری. کیژێ هیچ گلەییەکی نەدەکرد و تەنیا لەبەر خۆیەوە دەیگوت:- سزای خۆم وەرگرت. ئەمما سزا!

کەسێکم نارد کە داک وبابی کیژێ ئاگادار بکاتەوە، پیاوانی ئیسعاف بانگ بکات تا یارمەتیم بدەن، ئیدی بۆ ئەوەی مەسەلەکە سرپۆ بکەم، حیکایەتێکم دروستکرد کە گوایە گالیسکەیەکی خێرا لەبەر ماڵەکەی منا لێی داوە و هەڵهاتووە و باوەڕیان بە قسەکەم کرد و پۆلیس یەک هەیڤی تەواو بێهودە بە دوای ئەنجامدەری ئەو ڕووداوەدا گەڕا.

بەڵێ ئەمە حاڵ وحیکایەتەکە بوو، من دەڵێم ئەم ژنە، یەکێکە لەو ژنە قارەمانانەی، کە جوانترین کارێن قارەمانانەیان لێدەوەشێتەوە.

ئەو پیاوە تاقە عەشقی ئەو بوو. بە کچی لە دنیا ڕۆیی. بابایەک بوو پارسا، ڕوحێک بوو گەورە، ئینسانێکی فیداکارو بەرز و بەڕێز بوو، ئەگەر لە ڕادەبەدەر بە دڵم نەبوایە، ئەم حیکایەتەم بۆ ئێوە نەدەگێڕایەوە، ئەو چیرۆکەی کە لە هەموو تەمەنما بۆ هیچ کەسێکم نەگێڕاوەتەوە. هەڵبەتە خۆتان دەزانن بۆ...

پزیشکەکە بێدەنگ بووبوو. دایکم دەگریا، باوکم هەندێ شتی دەگوت کە من بەباشی لێی حاڵی نەدەبووم. پاشان ئەوان ڕۆیشتن و من لە سەر هەردوو چۆکان، لە سەر کورسییەکە دانیشتبووم ودەگریام تا ئەوەبوو گوێم لە دەنگی نامۆی هەنگاوێن قورس و ناهاوئاهەنگ بوو لەسەر پلیکانەکانەوە دەهات.

جەنازەکەی دایکە " کلوشیت "یان هەڵدەگرت و دەیانبرد.

١٨٨٦/١٢/٢١

# مارکی دو فومرول

روجەر دوتورنوڤیل، لە نێو جەمعی دۆستانیا، لاق لە سەر لاق لە سەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو. جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو، هەر سا ناساتێ مژێکی لێدەدا و گەواڵەیەک دووکەڵی لە دەمیەوە دەردەدا و بیرەوەرییەکی دەگێڕایەوە.

لە دەوری خوانی شێوی دانیشتبووین کە نامەیەکیان هێنا. باوکم نامەکەی هەڵپچڕی. دەمار و ئەخلاقی ئەوم دەناسی کە دەتگوت وەکیلی پاشای فەرەنسا بوو. من ناوم نابوو دۆنکیشۆت، چونکە دوازە ساڵی تەواو بەگژ ئاشەبایەکانی کۆماری دا چووبوو، بێئەوەی کە بزانێت داشداری بوربۆنەکانە یان ئورلیانەکان. ئەمڕۆ ئەو تەنیا ئورلیانەکانی قەبووڵە، چونکە جگە لەوان کەسی دی نییە. بە هەرحاڵ ئەو خۆی بە یەکەمین جەنتلمانی فەرانسەوی، ناودارترین، بە دەسەڵاتترین پیاوی سیاسی و سەرۆکی حیزب تەسەور دەکات و وەکو سیناتۆرێک کە لە لێخستن نەیەت، تەخت و تاجی پاشایانی دراوسێ بە ڕەوتەنی وفانی دەزانێت.

وێڕای ئەوەش دایکم ڕوحی ئەوە، ڕوحی سەڵتەنەت و مەزەب، دەستەڕاستی خودا لە سەر زەوی و دژمنی ناحەزان.

بەڵێ کاتێ کە خەریکی شێوخواردن بووین، نامەیەکیان هێنا. باوکم کردیەوەو خوێندیەوە. ئەوسا تەمەشایەکی دایکمی کرد وگوتی: " براکەت لە سەرەمەرگایە. " ڕەنگ بە ڕووی دایکمەوە نەما، ڕەنگی تەواو هەڵبزرکا. بەدەگمەن لە ماڵی مەدا باسی لالەم دەکرا. من ئەوم هەر نەدەناسی، تەنیا لە خەڵکانم بیستبوو کە ژیانێکی بێ سەروبەر دەگوزەرێنێ و ئەهلی ڕابواردن وهەوەسبازییە. ئەو کە هەموو سەروەت وسامانی خۆی لە ڕای ژنبازیدا بە هەدەر دابوو، نها دەگەڵ دوو ماشقەدا لە ئاپارتمانێکی بچووکا لە شەقامی مارتیرا دەژیا.

دەربارەی ئەو کە ئەندامی کۆنی ئەنجوومەنی باڵای فەرەنسا وسەرهەنگی جارانی سوپای سوارەبوو، دەیانگوت نەباوەڕی بە خودا بوو نە بە شەیتان. ئەو کە لە بوونی ئەو دنیا بەگومان بوو، لە هەموو شتێکا هێندەی زێدەڕۆیی کردبوو، کە بووبوو بە زامێکی قووڵ و بەسوێ لە دڵی دایکمدا.

دایکم گوتی:- پل! کوا نامەکەم بدەیە.

کاتێ کە هەموو نامەکەی خوێندەوە، منیش چاوێکم پێدا خشاند. ناوەڕۆکی نامەکە بەمجۆرە بوو:

" جەنابی کۆنت! پێموایە پێویستە ئەوەتان پێڕابگەیەنم کە ژن برایەکەت، مارکی دوفومرول لە حاڵی مردندایە. ئەگەر دەتانەوێ ڕێ ورەسمی مەزەبی بۆ ئەنجام بدەن، ئەوا من ئاگادارم کردویتەوە، دوایی گلەیی نەکەی. کارەکەرتان میلانی. "

باوکە بە ئارامی گوتی:- دەبێ ئەمە بەهەند وەربگیرێت. من بە هۆی ئەو پێگەیەوە کە هەمە، پێویستە لە دوا ساتدا بە دیار براکەتەوە بم.

دایکم گوتی:- دەڕۆم بابا پوڤیرون دەدۆزمەوە و ڕاوێژی لەگەڵ دەکەم و پاشان لەگەڵ روجر ویارۆی قەشەدا، دەچم بە سۆراخی براکەمەوە. پل! تۆ مەیە، لێرە بمێنەوە! نابێ گوشارت بکەوێتەسەر. ژنێکیش دەتوانێ و دەبێ بتوانێ ئەم کارانە بکات، بەڵام بۆ سیاسەتوانێکی وەکو تۆ و لە پلەوپایەی تۆدا مەسەلەکە فەرق دەکات. ڕەقیبێک زۆرچاک دەتوانێ باشترین کاری تۆ، دژی تۆ بەکار بێنێ.

باوکم گوتی:- هەق بە تۆیە گیانە. ئەوکارە بکە!

دوای یەک چارەک، بابا پوفیرون، خۆی بە ژووری میوانا کرد. مەسەلەکە شەن وکەو کراو لە هەموو ڕوویەکەوە خرایە بەر گفت وگۆ، چونکە مارکی دوڤومرول، یەکێک بوو لە کەسایەتیە ناودارەکانی فەرەنسا، ئەگەر بەبێ ئەنجامدانی ڕێ وڕەسمی مەزەبی بمرێت، بەدڵنیاییەوە، دەبێت بە عەیبەیەکی گەورە بۆ ئەشرافان و خانەدانان بەگشتی و بۆ کۆنت تورنوڤیل بەتایبەتی. لەم حاڵەدا لامەزەبەکان سەردەکەون و، ڕۆژنامە گومڕایەکان، دە مانگی تەواو لەمبارەیەوە قسان دەکەن و ناوی دایکم دێتە زڕان و بابم لە ڕێگەی نووسینە سوسیالیستی یەکانەوە بەد ناو دەبێت.

بۆیە یەکسەر جەنگێکی مەزەبی پەسند کرا، جەنگێک کە دەبوایە لە لایەن بابا پوفیرۆنەوە، واتا قەشەی ئەندام وردیلەی، قەڵەو و خاوێن کە هەمیشە بۆنی عەتری لێدەهات بەرپا بکرێ دژی مامورێکی ڕاستەقینەی کڵێسای گەورە لە گەڕەکێکی ئەشرافی و دەوڵەمەند نشیندا.

گالیسکەیەک هات و ئێمە هەر سێکمان واتا: دایکە، قەشەکە و من بۆ ئەنجامدانی ڕێ وڕەسمی مەزەبی لالەم کەوتینە ڕێ.

بڕیارمان وابوو کە هەوەڵجار مەدام میلانی، نووسەری نامەکە کە نازانم سەرپەرشتیاری ماڵەکەی لالەم بوو یان کارەکەری بوو، بدینین.

لە هەنبەر خانوویەکی حەوت نهۆمی دا دابەزیم و خۆم بە داڵانێکی تاریکدا کرد، کە زۆر بەزەحمەت توانیم شوێنی دەرگاوانەکە بدۆزمەوە. دەرگاوانەکە بە بێتاقەتی وەڵامی دامەوە. پێمگوت:- بێزەحمەت مەدام میلانی گاز بکە!

- نایناسم!
- بەڵام من نامەیەکی ئەوم پێگەیشتووە.
- دەشێت، بەڵام من نایناسم. ئەو کەسەی کەتۆ تاقیبی دەکەی دەرگاوانە؟
- نەخێر، ڕەنگە کارەکەر بێت. خۆی نامەی بۆ ناردووم.
- کارەکەر؟... کارەکەر؟ ڕەنگە هی مارکی بێ. بچۆ بۆ نهۆمی پێنجەم دەرگای دەستەچەپ.

هەرکە سۆراخی کارەکەرەکەم وەرگرت، ئیدی دەرگاوانەکە هەندێک کرایەوە و دایە نەرمکێشی و تا داڵانەکە لەگەڵما هات، ئەم دەرگاوانە پیاوێکی ڕێوەڵەی لاوازی ڕێش چەرموو بوو، هەڵس وکەوتی سەنگین بوو وسەروسیمای لە جانکوش ( مجێور و خزمەتگوزاری کڵێسا ) دەچوو. بە هەڵەداوان، بە پلیکانە دوور ودرێژ و پێچاوپێچ و چەسپناکەکەدا، کە زاتم نەدەکرد دەست بە محەجەرەکانیەوە بگرم، چوومە سەرێ و سێ جارم لە دەرگای سەمتی چەپی نهۆمی پێنجەم دا.

دەرگا یەکسەر کرایەوە، ژنێکی زل وزەلام بە جلکی چڵکنەوە، لە حاڵێکا دەست لە سەر سینگ وەستابوو، لە ئاستانەی دەرگاکەدا پەیدا بوو.

بەدەم مینگە مینگەوە گوتی: چیت دەوێ؟

- تۆ مەدام " میلانی " ت؟
- بەڵێ.
- من ویکۆنت " تورنوڤیل " م.
- ئەها، فەرموو.
- ئەوەی ڕاستی بێ... دایکم و قەشەیەک لە خوارەوە چاوەڕوانن.
- زۆرچاکە! بڕۆ لە دوویان. بەڵام ئاگات لە دەرگاوانەکە بێت.

من چوومە خوارەوە، لە گەڵ دایکم و قەشەکەدا گەڕامەوە، هەستم دەکرد کە دەنگی پێی کەسێکی دیکە لە دوامەوە دێ. هەرکە خۆمان بە مووبەقەکەدا کرد، میلانی کورسی بۆ دانایین و دانیشتین و بەچوار قۆڵی کەوتینە شیرەت و ڕاوێژ. دایکم پرسی:- حاڵی خراپە؟

- بەڵێ خانم. لەوە دەچێ دوا دوایی بێ.
- ئامادەیە پێشوازی قەشە بکات؟
- ها!... باوەڕ ناکەم.
- ئەدی من دەتوانم بیدینم؟
- بەڵێ خانم... تەنیا تۆ... کچەکانی لەلایە.
- کام کچانە؟
- ڕاستت دەوێ... ماشقەکانی.
- ئەها!

دایکم بە تەواوەتی سوور بووبووەوە. قەشەکە چاوانی نوقاندبوون. بابەتەکەم بەلاوە سەیر بوو، گوتم:

- ئەگەر هەوەڵجار من بچمەلای، بە ڕەفتار و بەرخوردەکەیا هەندێ شتم بۆ دەردەکەوێت و دەتوانم قەناعەتی پێبکەم.

دایکم کە پەی بەو شەیتەنەتە نەدەبرد کە لە توێی قسەکانی مندا بوون، گوتی:- باشە کوڕم.

لەم کاتەدا دەرگایەک ڤەبوو و یەکێک هاتە دەرەوە. ژنێک بانگی کرد:- میلانی!

کارەکەرە قەڵەوەکە لە جێی خۆی ڕاپەڕی و بەرسڤی دایەوە:

- مادموزیل کلیر، چی بووە؟
- بەپەلە هێلکە وڕۆن ئامادە بکە!
- هەر ئێستا مادموزیل.

میلانی ڕووی بۆلای مە وەرگێڕا وگوتی:

- ئەمە جۆرە هێلکە وڕۆنێکە بە پەنیر کە ئەم خانمانە وەکو عەسرە خواردن بۆ سەعات دوو دەیانەوێ.

میلانی، بلەز هێلکەکانی لە ناو کاسەیەکدا شکاند و دەستی بە شڵەقاندنیان کرد. من بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم و بۆ ئاگادار کردنەوەی هاتنی خۆم، لە زەنگم دا.

میلانی دەرگاکەی کردەوە و منی لە ژووری چاوەڕوانیا دانیشاند و ڕۆیی تا لالەم لە هاتنم ئاگادار بکاتەوە. پاشان هاتەوەو پێی گوتم کە هەڕمە ژوورەوە...

کابرای قەشە خۆی لە پشت دەرگاکەوە حەشار دا تا لە گەڵ یەکەم ئاماژەی منا بەدیار بکەوێ. هەڵبەتە من بەدیتنی لالەم ( لالە، لالۆ، خاڵ، خاڵە، برای دایک ) غافڵگیر بووم. پیاوێکی خۆشگوزەران، زۆر قۆز، بەهەیبەت و بۆشناغ بوو. بەحاڵەتی نیمچە دانیشتنەوە لە سەر قەنەفەیەکی گەورە پاڵی دابووەوە. چەرچەفێک بە سەر لاقیا درابوو، دەستە درێژ و پانەکانی لە سەر دەسکێن قەنەفەکە دانابوو. ڕدێنە سپیەکەی بەسەر سینگیا کەوتبوو، و مووە سپیەکانی دەوری گۆناکانی دەگەڵ ڕدێنە سپیەکەیدا یەکانگیر دەبوو.

دوو ژنی گەنج، قەڵەو و کورتەباڵا، کە حاڵەتی بەرگری لەویان، لە هەنبەر منا نیشاندەدا، بەچاوانێکەوە کە جورئەت و جەسارەتی کیژانە تیایاندا شەپۆلی دەدا، تەمەشای منیان دەکرد. تەنوورە و بلوزی ناو ماڵیان لە بەر بوو و قۆڵ وباسکیان ڕووت بوو. قژە ڕەشەکانیان بەپشتیاندا داڕژابوو. نەعلی ڕۆژهەڵاتیان لەپێدا بوو کەبە داوی زێڕین گوڵدۆزی کرابوو و لە گۆزینگی پێ بە سەرەوە ئاوریشم بوو.

تەپڵەکێک، کە پەردەیەکی بە سەردا درابوو، چەند قاپ و پەرداخێکی بەسەرەوە بوو، دوو چەتاڵ و دوو چەقۆی لە سەر دانرابوو و بۆ عەسرە خوانەکە، واتە بۆ هێلکە وڕۆن بە پەنیر ئامادەبوو.

لالەم، بە دەنگێکی کز، لێ خویا گوتی:

– سڵاو کوڕی خۆم. تازە بۆ دیداری من درەنگە. ئاشنایەتی ئێمە زۆر ناخایەنێت.

من، بە دەمەلاڵکێوە گوتم:– لالەگیان، خەتای من نییە.

بەرسڤی دایەوە:– نەخێر، دەزانم. خەتاکە زیاتر هی باب وداکتە. ئەوان چۆنن، باشن؟

– خراپ نین، سوپاس. کە زانیان تۆ نەخۆشیت، منیان نارد تا بزانم چۆنیت.
– ئەها! ئەدی خۆیان بۆ نەهاتن؟

من تەمەشایەکی دوو کچەکەم کرد و بەکاوە خۆ گوتم:– لالەگیان ئەوان گوناحیان نییە. نەیاندەتوانی بۆ ئێرە بێن. بۆ ئەوان زەحمەت بوو.

پیرەمێر، هیچی نەگوت، لێ دەستی منی لە نێو دەستی خۆی نا. دەستم لەنێو دەستە لاواز و ساردەکەی ئەودا بوو و تەمەشام دەکرد.

دەرگا کرایەوە. میلانی بەخۆ و هێلکە وڕۆنەکەوە وەژوورکەوت و لە سەر تەپڵەکەکەی دانا. جووتە ئافرەتەکە خێرا لە هەنبەر هێلکە وڕۆنەکە ڕۆنیشتن وبێئەوەی تەمەشای من بکەن دەستیان بەخواردن کرد.

گوتم:– لالە گیان، بۆ دایکم لە ئامێزگرتنی تۆ شادمانیەکی گەورەیە.

لەبن لێوانەوە گوتی:– منیش حەز دەکەم.

ئەو قسەیەی کرد و بێدەنگ بوو. هیچ قسەیەک نەبوو بیکەم. هیچ دەنگێک جگە لە دەنگی بەرخوردی چەتاڵەکان بە قاپە چینییەکانا و جووڵەی سووکی دەمی ئەو دوو ژنە بە دەم جووینی خواردنەکەوە هیچ دەنگێکی دی نەدەهات.

لەلایەکی دیکەوە، یارۆی قەشە کە لە پشتی دەرگاکەوە ئاگاداری بێدەنگیەکەی ئێمە بووبوو، وای وێنا دەکرد نۆرەی ئەو هاتووە، لێبڕا کە وەژووربکەوێ و دەرگاکەی کردەوە. لالەم بەڕادەیەک بەدیتنی ئەو ڕاچڵەکی کە هەوەڵجار تەواو حەپەسا و بەجۆرێ زاری داچەقاند لە تۆوایە دەیویست یارۆی قەشە قووت بدات. ئەوسا تا زاری گرتی و لە ناخی ناخەوە هاواریکرد وگوتی:- تۆ چ دەکەی لێرە؟

یارۆی قەشە کە دنیای زۆر دیتبوو، بەو هەڵوێستانە ڕاهاتبوو، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات، دەهاتە پێشەوە و دەیگوت:

- من لە لایەن خوشکەکەتەوە نێردراوم جەنابی مارکی. ئەو منی قڕێ کردووە. جەنابی مارکی ئەو زۆر خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر...

لێ مارکی گوێی نەدەگرت و لە حاڵێکا کە دەستی بەرز دەکردەوە، دەرگاکەی بە جووڵەیەکی تراژیک و بەشکۆوە نیشاندا و بە هانکە هانک وبە تووڕەیی گوتی:

- لێرەوە بڕۆنە دەرێ. بۆ دەرەوە! ئێوە دزی ڕوحن. بۆ دەرەوە! دزی بێ شعور بۆ دەرەوە! ئێوە دەرگای مردن دەکەنەوە.

یارۆی قەشە ومن بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە چووین. من لە گەڵ قەشەکەدا پاشەکشەم دەکرد و دوو ژنە کورتە بنەکە، هێلکە وڕۆنەکەیان بە نیوەچڵی ڕەها کرد، لەم لا و ئەولای قەنەفەکەی لالەمەوە وەستابوون و باسکیان گرتبوو تا هێوری بکەنەوەو لە هەنبەر زەمینەسازی تاوانکارانەی خانەوادە وئاین دا، بەرگری لەو بکەن.

یارۆی قەشە و من چووینە مووبەقەکە بۆلای دایکم و میلانی دووبارە کورسی بۆ داناین و گوتی:- من دەمزانی ئەو ڕەوشە دێتە ئاراوە. پێویستە ڕێگەیەکی دیکە وەدۆزین.

دووبارە کەوتینە شیرەت وڕاوێژ. هەریەکە باوەڕو بۆچوونێکمان هەبوو، دایکم بۆچوونێک، قەشەکە بۆچوونێکی دی ومن بۆچوونێکی جیاواز لەوانم هەبوو. نزیکەی نیوسەعاتێک بەمجۆرە بووری کە لە ناکاوا دەنگی جێگۆڕکێی قەنەفەکە، تێکەڵ بە هاواری لالەم کە زۆر ترسناکتر بوو لە هاوارەکانی پێشتری، بەرز بووەوە و هەر چوارمانی ناچارکرد کە لە جێی خۆ هەستین.

لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە گوێمان لێبوو کە دەیگوت:- بۆ دەرێ... بۆ دەرێ هەی نانەجیبانە... هەی فشەکەرانی بەد ڕەسەنینە... بۆ دەرەوە... بۆ دەرەوە...

میلانی بە پەلە هاواری بۆ مە کرد. من غارم دا. دوو پیاو یەک لە دوای یەک، لە هەنبەر لالەمدا کە لە تووڕەییدا، نیوە ئاخێزێکی کردبوو و تەقریبەن هەستابووە سەرپێیان و جوێنی دەدا، دەتگوت چاوەڕوان بوون کە لالەم لە تووڕەییدا بمرێت. من بەیەکەم نیگا و تەمەشای چاکەتە درێژو پووتە درێژە ئینگلیزی و حاڵەتی مامۆستا ئاسای، یەکێک لەو دوو پیاوە و هەروەها بە دیتنی یەخەی ڕەق وبۆینباخی سپی، قژی نەرم و ڕوخساری سادەی کەلە

ڕوخساری پیاوانی ڕوحانی دەچوو، بۆم بەدیارکەوت کە هەبێ و نەبێ دەبێ پێشەوایەکی مەزەبی پروتستان بێت. پیاوەکەی دی، دەرگاوانی خانووەکە بوو، کە تاقیبی مەی کردبوو و شکستی مەی بینی بوو و بۆ ئەوەی ئەم خێرە بۆخۆی بکات، چووبوو بە دوای قەشەکەی خۆیدا.

لەوە دەچوو لالەم لە داخا شێت بووبێ. هەرچەندە دیتنی قەشە کاتۆلیکەکە، واتا قەشەی ئابا و ئەژدادی مارکی دوفومرول، ئەوی کە خودانی بیرکردنەوەیەکی ئازاد ولامەزەب بوو، توورە کردبوو، بەڵام دیتنی قەشە پروتستانەکەی لەمەڕ دەرگاوانەکە بە تەواوەتی دەهری کردبوو.

من بازووی هەردوو پیاوەکەم گرت وهێندە بە توندی دەڵەکم دانە دەرێی ژوورەکە کە کاتێ لە دوو دەرییەکەی سەر ڕێگای ژوورەکەی لالەم وپلیکانەکەی کە بۆ دەرەوە دەچوو، تێپەڕین، دووچەلان هێندە بەتووندی بە یەکدا کەوتن، خەریک بوو لە حەوت شوێنەوە ملیان بشکێ. پاشان خۆم گەیاندەوە نێو مووبەقەکە تا دەگەڵ دایکم و قەشەکەدا شیرەت وڕاوێژ بکەم.

لێ میلانی بە پەشۆکاوی وەژوورکەوت وگوتی:- خەریکە دەمرێ... خێرا وەرن... کەوتۆتە ئاویلکە... خەریکە دەمرێت...

دایکم لە جێی خۆی ڕاپەڕی. لالەم درێژاودرێژ لە ئەرزەکەدا کەوتبوو و جووڵەی نەدەکرد. پێموایە هەر ئەوساتە مردبوو.

حاڵی دایکم لەوکاتەدا غەریب بوو. یەکڕاست چوو بۆلای ئەو کیژانەی کە بەدیار جەنازەکەی لالەمەوە چۆکیان دادابوو و هەوڵیاندەدا بەرزی بکەنەوە. بە غروور و بەوپەڕی تواناوەو هێندە بە شکۆوە کە هێز نەبوو ڕێگای بگرێ، دەرگاکەی پێ نیشاندان و گوتی:

- ئێستا نۆرەی ئەنگۆیە کە دەربکەون.

ئەوان بێ هیچ ناڕەزاییەک وتەنانەت بێئەوەی ورتەیان لێوەبێ وەدەرکەوتن. دەبێ ئەوەش بڵێم کە من بە هەمان توندی کە قەشەکە و دەرگاوانەکەم بە پاڵ وەدەرنا، ئەوانیشم وەدەرنا.

بەڵێ، بابا پواڤیرون هەموو تەشریفات و دوعا ونزای ئاسایی بۆ لالەم ئەنجام دا ودوعای خێر و پاکبوونەوەی گوناحەکانی بۆکرد.

دایکم کە بەدیار براکەیەوە چۆکی دادابوو، هۆن هۆن دەگریا. لە ناکاوا دایکم هاواری کرد:

- منی ناسییەوە. دەستی گوشیم. دڵنیام کە منی ناسییەوەو سوپاسی کردم. خودایا زۆر شوکر! ئەمە شادییەکی گەورەیە بۆمن!

دایکەی داماوم، نەیدەزانی کە ئەم سوپاسە لە کێوەیە و دەبێ بۆ کێ ئەنجام بدرێت.

لالەمیان لە سەر تەختەخەوەکە ڕاکشاند. مردبوو.

میلانی گوتی:- خانم هیچمان نییە پێیدا بدەین. هەموو چەرچەفەکانمان هی ئەو کچانەیە.

من دەمڕوانییە ئەو هێلکە وڕۆنەی کە بە نیوەچڵی مابووەوە، لە هەمان حاڵدا، ڕێک چەندم دڵ پێوەبوو بگریم و پێبکەنم، ئەوەندەش دڵم بە خواردنەوە بوو. هەندێجار هەندێ ساتی سەیر وهەستێن غەریب لە ژیاندا چێدەبێت.

بەڵێ، ڕێ ورەسمێکی بەشکۆمان بۆ بەڕێکردن وناشتنی جەنازەکەی لالەم ئەنجام دا وپێنج وتار لە سەر گۆڕەکەی خوێندرایەوە. سیناتۆر بارون کرواسیل، لە وتارە پڕ ستایشەکەی خۆیدا دووپاتی کردەوە کە هەمیشە دوای قۆناغی گومڕایی، خوا بۆ ڕوحی بەشەر دەگەڕێتەوە. هەموو ئەندامانی حیزبی سەڵتەنەتخوازان و کاتولیکان، وتارێن پڕ سۆز و گودازی نایاب و لە وەسف نەهاتگیان پێشکەش کرد. ئەمانە دەربارەی مەرگێکی جوانی پاش ژیانێکی گومڕا دەدوان.

# ئیبلیس

یارۆی جووتیار، لە هەنبەر پزیشکەکە و بەدیار ئەو ژنەوە کە لە حاڵی مردندا بوو، وەستابوو. پیرەژن، ئارام، گوێڕایەڵ گوێی لە قسەکانی وان دەگرت. ئەم پیرەژنە تەمەنی هەفتا ودوو ساڵ بوو، لە ئاویلکەدا بوو و چیوای لە ژیاندا نەمابوو.

هەتاوی مانگی تەمووز لە پەنجەرەکە و دەرگاکراوەکەوە لە ناو ژوورەکەی دەدا وتیشکە داغ وگەرمەکەی، زەوی قاوەیی، چەسپناک و پێخوستی پاتاوەی چوارنەوەی گوندییانی ئاکنجی ئەم ژوورەی گەرم دەکرد. بایەکە بۆن وبەرانەی مەزراکان، گیا و ڕوەک و گەنمان و ئەو گەلایانەی کە لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا هەڵدەپڕوکان، دەگەڵ خۆیدا دێنا. کلۆ، بەهەڵبەز و دابەز، دەشتەکەیان لە دەنگی خۆ پڕکردبوو. هەمهەمەی کلۆکان، ڕێک وەکو دەنگی ئەو کلۆدارینانە وابوو کە لە هەڕاجە بازاڕ ودەلاڵخانەکاندا بە مندالانیان دەفرۆشت.

- هونورە، تۆ ناتوانی دایکت بەم حاڵەوە بەجێبێڵی. چونکە لە غەرغەرەدایە و کەس نازانێ لەم دەقیقەیەوە تا دەقیقەیەکی دی ڕەوشی چۆن دەبێ و چی لێدێت! لە سەر مردنە!

جووتیاری غەمگین گوتی:

- ئاخر ناکرێ حاسلاتەکەم لەو گۆڕە ڕەها بکەم. ماوەیەکی زۆرە لە عاردی کەوتووەو وەکو خۆی ماوەتەوە و هەواکەی خۆشە، تۆ دەڵێی چی دایکە؟

پیرەژن، هەرچەندە لە حاڵی مردندا بوو، بەلام هێشتا حیرس وتەماعکاری فەرەنساویانی باکوور لە ڕوحیا مابوو، بە جووڵەی چاو و برۆ تێی گەیاند کە بچێت بەلای درەو وکۆکردنەوەی بەروبوومەکەیەوەو قیروسیا لەم کە لە گیانەلا وئاوزینگدایە.

لێ پزیشکەکە، کە تووڕە بووبوو، پێی بە عاردیدا کوتا وگوتی:

- تۆ حەیوانی. گوێ بگرە! من ڕێگای ئەم کارەت نادەم. ئەگەر زۆر زەرووری ئەمڕۆ بچیتە درەو و بەروبووم و حاسلاتەکەت بدورییەوە و کۆبکەیتەوە، ئەوا بڕۆ راپە بدۆزەوە و داوای لێبکە کە پەرستاری دایکت بکات. دەبێ ئەم کارە بکەیت. گوێت لێمە؟ ئەگەر بەگوێم نەکەی، وەختایەک نەخۆش کەوتی، نایەم بەلاتەوە، تا وەکو سەگ بتۆپی. گوێت لێیە؟

یارۆی جووتیار کە کابرایەکی درێژداهۆڵی سست وخاو بوو، تیامابوو لە ترسی پزیشکەکە و لە ڕەزیلی ورژدی خۆیا نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات، دوودڵ و شپرزە، لە دڵی خۆیدا حیساب و کیتابی دەکرد و بەدەم مینگەمینگەوە گوتی:

- باشە بەکرێ گرتنی راپە وەکو پەرستار، چەندی پارە تێدەچێ؟

پزیشکەکە هاواریکرد:- من چوزانم، پەیوەندی بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەوە هەیە کە لە خزمەتی تۆدا دەمێنێ. ئەو مامەڵەیە لەگەڵ خۆیدا بکە! سەیرە! بەڵام من دەمەوێ لە زەرفی یەک سەعاتی دیکەدا لێرە ئامادەبێت، گوێت لێیە؟

کابرا، ئاقیبەت بڕیاری خۆی دا: - دەڕۆم. دەڕۆم. تووڕە مەبە جەنابی دکتۆر.

پزیشکەکە، لە حاڵێکا کە دەچووە دەرێ، گوتی:

- دەزانی؟ پەرستار بەکرێ بگرە! چونکە کە من تووڕە دەبم ئیدی خۆم پێ کۆنترۆڵ ناکرێ ها!

هەرکە یارۆی جووتیار بە تەنێ مایەوە، چوو بەلای دایکیەوە وبەڕاوێژێکی نەرم گوتی:

- لە سەر داوای ئەو دەڕۆم راپە دەدۆزمەوە. تا من دەگەڕێمەوە ئاگات لە خۆت بێ.

ئەویش لە ماڵ وەدەرکەوت.

راپە پیرەژنێکی ئوتوچی بوو کە پەرستاری نەخۆشانی لە حاڵی مەرگی گوندەکە و دەوروبەری گوندەکەی دەکرد. پاشان هەرکە مشتەرییەکانی ئەویان لە کفنەوە دەپێچا وئیدی لێی نەدەهاتنە دەرەوە، ئەویش بۆ شوێنی خۆی دەزڤڕییەوە، دەستی دەدایە ئوتوەکەی و جل وبەرگی زندووەکانی ئوتو دەکرد. ڕێک وەکو چۆن سێوێک کە یەک ساڵ مابێتەوە و چرچ بووبێتەوە، بەو ئاوایە چرچ بووبووەوە. ژنێک بوو ناڕەسەن، ڕژد، چرووک و زۆر تەمەعکار. بە جۆرێ کۆمابووەوە، دەتگوت بە هۆی ئوتوکردنی بەردەوامەوەو بە هۆی دانەوینەوە بە سەر جلەکاندا، کەمەری شکابوو. دەیانگوت زۆری کەیف بە دیتنی دیمەنی ئەوانە دەهات کە دەکەوتنە گیانەڵا و ئاوزینگان. ئەو جگە لە باسی ئەو خەڵکە جۆراوجۆرانەی کە شایەدی مەرگیان بووبوو و پەرستاریانی کردبوو، هیچ باسێکی تری نەدەزانی.

جا باسەکانی هەمیشە وەکو چۆن کابرایەکی ڕاوچی بە تفەنگان بە ئاو وتاو باسی ڕاو وشکاری خۆی دەکات، بەو ئاوایە و بە هەمان ئاو وتاو دەگێڕایەوە.

کاتێ کە هونورە بونتان گەییە ماڵی راپە، ئەو مژوولی ئامادەکردنی ئاو بوو، تا جلکی خەڵکی گوندەکە ئاوپرژێن و ئوتو بکات.

یارۆی جووتیار گوتی:- عەسرت بەخێر. حاڵت باشە؟

راپە، ڕووی تێکرد وگوتی:- زۆر باشم. تۆ چۆنی؟

- من باشم، بەڵام دایکم باش نییە.
- دایکت؟
- بەڵێ دایکم.
- چیەتی؟
- خەریکە دەمرێت.

پیرەژن، دەستەکانی لە ئاوەکە دەرهێنا. دڵۆپە زوڵاڵ وشینباوەکە تا کۆتایی نینۆکەکانی دادەخزی و دەچۆڕایەوە ناو تەشتەکەوە.

پیرەژن، خێرا و دڵسۆزانە پرسی:- یانی حاڵی بەو ڕادەیە بێحاڵە؟

- دکتۆر گوتی چوار پینەی بکەی جارێکی دی هەڵناسێتەوە.
- ئەدی تەگبیر؟

هونورە دوودڵ ما. دەبوو زەمینە بۆ پێشنیازەکەی خۆی فەراهەم بکات، بەڵێ، وشەی گونجاوی بۆ نەدەهات. بۆیە لە ناکاوا هاتە قسان.

- بەچەند لە ئێستاوە تا دەمرێت پەرستاری دەکەیت؟ تۆ بەخۆت دەزانی کە من کەسێکی دەستکورتم. من تەنانەت ناتوانم کارەکەرێک ڕابگرم. هەر بۆیە ڕۆژی دایکم بەم ڕۆژگارە گەییوە. دایکە داماوەکەم زۆری زەحمەت دەکێشا و ماندوو دەبوو. لە هەفتا ودوو ساڵی خۆیا بە ئەندازەی دە کەس کاری کردووە.

ڕاپە، بە ڕاوێژێکی جدی و بە دەنگێکی بەرز بەرسڤی دایەوە:

- دوو نرخ هەیە. ڕۆژی چل سوو و شەوی سێ فرانک کە ئەم نرخە تایبەتە بە دەوڵەمەندان و، بیست سو بۆ ڕۆژ وچل سو بۆ شەو بۆ خەڵکانی دی. تۆ ئەم نرخی دووەم بدەیە.

لێ کابرای جووتیار لە فکران ڕۆچوو بوو. ئەو دایکی خۆی باش دەناسی و دەیزانی چەند تووند و تۆڵ، بەهێز و خۆڕاگرە. دوور نەبوو ئەم حاڵە، بە پێچەوانەوەی بۆچوونەکانی پزیشکەکەوە، هەشت ڕۆژ بخایەنێت.

ئەوسا، بە ڕاوێژێکی بنجبڕ گوتی:

- حەزدەکەم بزانم لە ئێستاوە تا کۆتایی، چەندت دەوێ. ئیدی کێ دەزانێ کەی دەمرێ؟ دکتۆرەکە دەڵێت زۆری بە بەرەوە نەماوە، بەم زووانە دەمرێت. ئەگەر وابێ قازانجی تۆیە و زەرەری دایکمە، بەڵام ئەگەر تا ماوەیەکی زۆر بمێنی، هەنگێ قازانجی دایکمە و زەرەری تۆیە.

پەرستارەکە کە غافڵگیر بووبوو، تەمەشای کابرای کرد. پیرەژن تا نها ئەو جۆرە مامەڵەیەی نەکردبوو. دوودڵ بوو و دەیویست خۆی لەو داوە نەدات. پاشان گومانی پەیداکرد کە نەبادا بیانەوێ فریوی بدەن. بۆیە گوتی:

- تا دایکت نەبینم، ناتوانم هیچ بڵێم.
- دەی باشە، وەرە بیبینە.

پیرەژن، دەستەکانی وشک کردنەوە ویەکسەر دوای ئەو کەوت. لە ڕێگا هیچ قسەیەکیان نەکرد. پیرەژن، بەخاوی و ورد ورد ڕێی دەکرد، کەچی یارۆی جووتیار، بەدەم هەنگاوی هەڕاوەوە بە جۆرێ ڕێی دەکرد، دەتگوت بەسەر جۆگای ئاوەوە باز دەدات.

ئەو چێڵ و گاو وگۆتاڵانەی لە کێڵگەکاندا خەوتبوون، لە گەرما کلافە بووبوون و بە خورتی سەریان هەڵبڕی و بۆ ئەو جووتە کەوتنە بۆڕەبۆڕ، دەتگوت داوای ئالیک و گیای تازە دەکەن.

هونورە بونتان، لە نزیکی ماڵەکەی خۆیان لە بن لێوانەوە گوتی:- ناشێ مردبێت؟

بەڕاوێژی دەنگیا دیاربوو کە لە دڵی خۆیدا حەزی لێبوو مردبێت. لێ پیرەژن نەمردبوو. بەپشتا خەوتبوو و دەستەکانی لەسەر چەرچەفە وەنەوشەییە هندییەکە دانابوو، دەستەکانی ئەوەندە لاواز بوون لە لاوازیا ناشیرین دەردەکەوتن، گرێ گرێیاوی لە دەستی حەیوانێکی سەیر دەچوو. ڕۆماتیزم، ماندوویەتی بەردەوام وکاری بەردەوام، شێوەیان گۆڕی بوو.

راپە، لە تەختەخەوەکە چووە پێشەوەو تەمەشای پیرەژنی نەخۆشی کرد. نەبزی گرت، دەستی بەسینگیا هێنا، گوێی لە هەناسەی گرت، بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی بێ، بەدەم قسانەوە چەند پرسیارێکی لێکرد، دوای ئەوەی بۆ چەند ساتێک لێی ڕاما، لەماڵەکە وەدەرکەوت. هونورەش دوای کەوت، بۆچوونی پیاوە دروست بوو. پیرەژن نەدەگەییە شەوێ. یارۆی جووتیار پرسی:- ها چۆنت بینی؟

پەرستارەکە بەرسڤی دایەوە:

- دوو سێ ڕۆژێکی پێدەچێت. دەبێ شەش فرانکم بدەیتێ.
  یارۆی جووتیار هاواریکرد:
- شەش فرانک! شەش فرانک! دەزانی چەند زۆرە؟ من دڵنیات دەکەم کە ئەوپەڕی پێنج شەش سەعاتی دی دەژی.

یارۆی جووتیارەکە و پەرستارەکە، ماوەیەکی زۆر بە تووڕەیی گەنگەشەیان کرد. یارۆی جووتیار بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر پەرستارەکە قابیل نەبێت، زەمان تێپەڕێ وهەموو بەروبووم وحاسڵاتەکەی بەتەنێ نەدورێتەوە، چ دەقەومێ. سەرەنجام خۆی یەکلایی کردەوەو گوتی:

- باشە. شەش فرانک تا ئەوکاتەی جەنازەکەی لە عاردی هەڵدەگرین.
- باشە. شەش فرانک.

هونورە بە هەشتاو بۆلای کێڵگە گەنمەکانی ڕۆیی، کە لە سەر عاردی و لە ژێر هەتاوە داغەکەدا مابووەوە.

یارۆی پەرستار خۆی بە ماڵەکەدا کرد. کەرەستەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، چونکە هەندێجار وێڕای پەرستاری نەخۆشی هیلاک، بۆخۆی یان بەزیادە کرێ، کاری بۆ ئەو خانەوادەیە دەکرد کە بۆ پەرستاری بەکرێیان گرتبوو.

راپە لە ناکاوا پرسی:- داکی بونتان! ڕێ ورەسمی مەزەبیان بۆ کردووی؟

پیرەژنی دێهاتی بە ئاماژەی سەر تێیگەیاند کە نا و راپە کە ژنێکی دیندار بوو، بەهەشتاو ڕابوو.

- ئەی خودا. شتی وا نەبووە و نابێ. پێویستە بچم بە سوراغی قەشەوە.

هێندە بە پەلە بەرەو ماڵی قەشە ڕۆیی کە ئەو منداڵانەی لە مەیدانەکەدا بوون، ئەویان بینی کە وەکو ئەسپ بە یورغە دەڕۆیی، هەستیان کرد کە بویەرێکی خراپ ڕوویداوە.

قەشەکە زوو بەزوو بە کراسە خامە ناسک و سپیەکەیەوە، لە حاڵێکا کە کوڕیژگەیەک لە دوایەوە زەنگۆڵەی لێدەدا تا تێپەڕبوونی خواوەند بەو دەشتە داغ و خامۆشەدا ڕابگەیەنێ، پەیدابوو.

ئەو پیاوانەی کە لە دوورەوە مژوولی کاربوون، کڵاوە گەورەکانیان لە سەر داگرت، بێجووڵە لە جێی خۆ وەستان و بەدەم چاوەڕوانییەوە وەستان تا جلە سپیەکانی قەشەکە لە پشت مەزرایەکەوە لەچاو ون بێت.

ژنە مەڵۆنێرەکان، بۆ ئەوەی نیشانەی خاچ بکێشن، ڕاست ڕادەوەستان. مریشکە ڕەشەکان، سرک وترساو لاقیان هەڵدەبڕی وخۆیان هەڵدەدایە ئەو چاڵ و پەنایانەی لەو ناوەدا بوون و جوان خۆیان تاقەت دەکرد.

جوانوو ئەسپێک کە بە ناو مێرگەکەدا دەسووڕایەوە، کە چاوی بە جلە سپییەکانی قەشەکە کەوت ترسا وبەدەم هەڵتیزان و جووتە وەشاندنەوە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. ئەو کوڕیژگەیەی کە دەگەڵ قەشەکەدا بوو و جلکی سووری لەبەردابوو، بەهەشتاو ڕێی دەکرد و قەشەکە کە کڵاوێکی چوارگۆشەی کەشیشی لەسەر بوو و، سەری دانەواندبوو ولە دوای ئەوەوە دەڕۆیی و لەبن لێوانەوە وێرد ودوعای دەخوێند.

راپە، تەواو کۆمابووەوە، وەکو ئەوەبوو بیەوێ سوجدە بەرێت، دەستەکانی، وەکو چۆن لە کڵێسادا و لەکاتی نزا ودوعادا، جووت دەکرێن، تێک ئاڵاندبوو.

هونورە لە دوورەوە ئەوانی بینی و پرسی:- چی بووە؟

پەرستارەکە بە دەنگێکی ڕەوان بەرسڤی دایەوە:

- خوا بۆلای دایکت دەبات.

جووتیارەکە، ئەمەی بەلاوە ئاسایی بوو وگوتی:- زۆرچاکە وخەریکی کاری خۆی بوو.

داکی بونتان، ئیعترافی کرد و داوای بوردنی کرد. ئیدی هەموو ڕێ ورەسمێکی بۆ ئەنجامدرا. قەشەکە ڕۆیی و هەردوو ژنەکەی لەو کوختە پەڕپووتەدا، کە هەوایەکی ناخۆشی هەبوو، بە تەنیا بەجێهێشت.

راپە، کەوتە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی نەخۆشە شڕەکە. لەخۆی دەپرسی:- ئاخۆ ماوەیەکی زۆر بەم ڕەوشەوە دەژی؟

بەرە بەرە ڕۆژ ئاوا دەبوو. شنەبایەکی فێنک خۆی بە کولبەکەدا دەکرد، پەردە بچووکەکانی پەنجەرەکان کە لە بنەڕەتدا سپی بوون و هەنووکە زەرد بووبوون و مێشی دنیا لە سەری هەڵنیشتبوو، بەنەرمی دەجوڵایەوە، دەتگوت دەیویست وەکو روحی پیرەژن ڕاپەڕێ، لە شەقەی باڵ بدات و لەوێندەر بڕوات.

پیرەژن، بێجووڵە، بەچاوانی ئەبڵەقەوە، وەک بڵێی بەبێموبالاتی چاوەڕوانی مەرگی حەتمی خۆی بوو، مەرگێک کە دوا کەوتبوو. ناڵەی کزی ئەو لە ئەوکیدا کە هاتبووەوە یەک، گیرابوو. دیاربوو بەو زووانە دەمرد و جەستەی ژنێکی بچووک کە هیچکەس داخی بۆ مردنەکەی نەدەخوارد، لەو گۆڕە دەما.

کە شەو داهات، هونورە هاتەوە. کە هاتە دیار تەختەکەی دایکی، سەیری کرد هێشتا ماوە. هونورە، وەختایەک کە هێشتا پیرەژن زەمینگیر نەبووبوو، پرسی:- حاڵت باشە؟

پاشان، لە حاڵێکا کە ڕاپەی مەرەخەس دەکرد، پێی گوت:

- سبەینێ سەعات پێنجی بەیانی لێرەبە!

پیرەژن بەرسڤی دایەوە:- سبەی سەعات پێنج!

راپە، لە گەڵ ڕۆژهەڵاتا هاتەوە. هونورە، بەر لەوەی بۆ سەر کێڵگەکەی بڕوات، خەریکی خواردنی شۆربای، دەسپوختی خۆی بوو.

پەرستارەکە پرسی:- دوێشەو چۆن گوزەرا؟

جووتیارەکە بەرسڤی دایەوە:- تا بەیانی چاوم لێک نەنا.

- زۆرچاکە، هەنووکە بڕۆ بۆ سەر کارەکەت.

جووتیارەکە ڕۆیی.

راپە، بە نیگەرانی و دڵتەنگی، لە پیرەژنەکە نزیک بووەوە کە بە هەمان حاڵەوە، بەچاوانی ئەبڵەقەوە، دەستی نابوونە سەر چەرچەفەکە و لە جێگادا کەوتبوو.

پەرستارەکە، وای هەستکرد کە ڕەنگە ئەم ڕەوشە دوو یان چوار و تەنانەت هەشت ڕۆژ بەو ئاوایە بەردەوام بێت و ترسێک دڵی ڕژدی ئەوی گوشی. زۆر لەو مامەڵەیە و لەو پیرەژنەی کە بە تەما نەبوو بەو زووانە بمرێت، تووڕە و ناڕازی بوو. وێڕای ئەوەش لە سەر کارەکەی خۆی بەردەوام بوو و بە ڕقەوە تەمەشای داکی نونتانی دەکرد.

هونورە، بۆ فراڤین، بۆماڵ هاتەوە. لە کاتی گەڕانەوەدا خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو. گەنمەکەی لە هەل ومەرجێکی باشدا دروێنە دەکرد.

راپە ناڕەحەت بوو. هەر خولەکێک کە تێدەپەڕی، بەلای ئەوەوە زەمان و پارەیەک بوو کە لەویان دەدزی. خولیایەکی شێتانە هانی دەدا کە دەست بنێتە گەردنی ئەم ماکەرە و ئەم پیرەژنە گیان سەخت و کەللە شەقە و هەناسەی، کە وەخت و پارەکەی ئەوی دەدزی، لەبەر ببڕێت. پاشان بیری لە مەترسییەکانی ئەم کارە کردەوە وبیرۆکەیەکی دیکەی بە مێشکا هات. لە تەختەخەوەکە نزیک بووەوە وپرسی:- تۆ تا ئێستا ئیبلیست دیتووە؟

داکی بونتان بە ئارامی گوتی:- نا.

پەرستارەکە، کەوتە گێڕانەوەی هەندێ چیرۆکی سامناک بۆ پیرەژن، تا ڕوحی بێ توانا و سستی ئەو هێندەی دی بتۆقێنێ.

دەیگوت ئیبلیس، چەند خولەکێک بەرلە گیاندانی نەخۆشانی کەسیرە، خۆی پێیان نیشاندەدات. گسکێکی بەدەستەوەیە، مەنجەڵێکی بەسەرەوەیە، هاوار دەکات، دەقیژێنێت، هەرکەسێ بیدینێ ئیدی زراوی دەتۆقێ و دوای چەند ساتێکی کورت دەمرێت. راپە، ئەوسا ناوی هەموو ئەو کەسانەی ڕیزکرد کە پارەکە ئیبلیس خۆی نیشاندابوون، لەوانە : جوزفین لوازیل، ئولالی رایتە، سوفی پادانیو و سیرافین گروسپیە.

داکی بونتان، کە تەواو شپرزە بووبوو، خۆی تەکان دەدا، دەستی ڕادەوەشاندو هەوڵیدەدا سەری وەرچەرخێنێ، تا بنی ژوورەکە بدینێت.

راپە، لە ناکاوا هێدی هێدی لە تەختەخەوەکە دوورکەوتەوە. چەرچەفێکی لە گەنجەکە هەڵگرت و لەخۆیەوە پێچا. مەنجەڵێکی، کە سێ پایەی کورتی هەبوو و چەمی بوونەوە، لە سەر نا. پایەکانی مەنجەڵەکە لە سێ شاخ دەچوون. گسکێکی بەدەستەوە گرت و بەدەستی چەپ، سەتڵێکی سپی هەڵدایە حەوا، تا بەتووندی بکەوێتە سەر ئەرزەکە.

سەتڵەکە کەوت بە کورسیەکەدا وکەوتە سەر ئەرزەکە ودەنگێکی ترسناکی لێبەرز بووەوە. پەرستارەکە چەرچەفەکەی لە خۆی داماڵی و خۆی بە پیرەژن نیشاندا. راپە، لە حاڵێکا کە ڕەفتاری ترسناکی دەکرد، لە پشت

مەنجەڵە ستیلەکەوە کە ڕوخساری داپۆشی بوو دەیقیژاند و وەکو شەیتانێکی چەپەڵ بە گسکەکەی دەستی، هەرەشەی لە پیرەژنە دێهاتیەکە دەکرد کە دوا ساتەکانی تەمەنی خۆی بەسەر دەبرد.

پیرەژنی داماو، کە لە حاڵی مردنیدا بوو، بە نیگایەکی شێتانەوە، هەوڵێکی لە ڕادەبەدەری دەدا کە هەستێت و هەڵبێت. تەنانەت شان و بەرۆکیشی لە سەر بالیفەکە بەرزکردەوە وپاشان بەدەم ئاهێکی قووڵەوە کەوتە سەر جێگاکەی. ئیدی مرد. راپە بەکەماڵی ئیسراحەت هەموو شتەکانی بردەوە جێگای خۆیان : گسکەکەی لەلای گەنجەکە، چەرچەفەکەی لە ناو گەنجەکە، مەنجەڵەکەی لەسەر وەجاخەکە، سەتڵەکەی لە ناو وەتاغەکە و، کورسیەکەی لە پاڵ دیوارەکە دانایەوە. ئەوسا بە مەعلانی چاوە درشتەکانی پیرەژنی داخست. کاسەیەکی لەسەر تەختەخەوەکە دانا و ئاوی تێکرد و پەڕۆیەکی پاککردنەوەی، کەبە کۆمەدیەکەدا هەڵواسرابوو، لە ئاوەکە هەڵکێشا. لە سەر هەردوو ئەژنۆ دانیشت و بەگەرم وگوڕی کەوتە خوێندنی دوعا ونزای تایبەت بە مردووان، کە بە هۆی پیشەکەیەوە، هەرهەمووی بە ڕەوانی ئەزبەر بوو.

شەوێ کە هونورە هاتەوە، پەرستارەکەی بینی کە خەریکی دوعا خوێندن بوو. هونورە، لە دڵی خۆیدا حیساب وکیتابێکی کرد و هەستیکرد کە راپە دەیەوێ بیست سوی زیادەی لێوەربگرێت. چونکە تەنیا سێ ڕۆژ و یەک شەو بەدیار نەخۆشەکەوە بووبوو و کرێی ئەم ماوە کارکردنە دەیکردە پێنج فرانک نەک ئەو شەش فرانکەی کە دەبوایە هونورە، بیدات بەو.

# پاشایان

کاپیتان کونت گارنس گوتی: ئاە! پێموایە دەتوانم سەربهوردەو ماجەرای شێوێکی شاهانەی زەمانی جەنگ وەبیر بێنمەوە.

ئەوکاتە سەردەستەی سوپای سوارە بووم و پازدە ڕۆژ بوو کە وەکو پێشقەرەوڵ و بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لە دەڤەری ئەڵمانیەکاندا دەسوڕاینەوە. شەوی پێشتر، چەند سەربازێکی نێزەدارمان، بە زەبری شمشێر کوشتبوو و سێ نەفەرمان لە دەست دابوو کە یەکێکیان رودڤیلی داماوبوو. ئێوە بەباشی " جوزیف رودڤیل " تان دێتەوەبیر.

بەڵێ، ئەو ڕۆژە فەرماندە، فەرمانی بەمن دا کە دە سوارە لە گەڵ خۆدا بەرم، لە گوندی پورترن کە لە ماوەی سێ هەفتەدا، پێنج چەلان شەڕ وپێکدادانی تیادا بووبوو، ئێشک بگرم. تەنانەت بیست خانوو بەسەلامەتی دەرنەچووبوو و تەنیا دوازدە کەس لەو گوندە قەرەباڵغەدا مابوونەوە.

دە سوارەم بەگەڵ خۆخست ودەوروبەری سەعات چوار کەوتمەڕێ. سەعات پێنج کە ئیدی دنیا تەواو تاریک بووبوو، گەیینە دەوروبەری گوند، بە پەلە چوومە پێشێ و مارشام بینی، ئەو مارشایەی کە بەخۆتان دەیناسن، هەمان پییر دو مارشا کە مارتل ئوڤلینی، کچە جوانەکەی مارکی دومار ئوڤلینی خواستبوو، بە هەرحاڵ فەرمانم دایە کە بە تەنیا بۆ گوندەکە بڕوات وخەبەرم بۆ بێنێت.

تەنیا خەڵکانی متەوەعم ( داوخواز ) هەڵبژاردبوو و هەمووشیان لە خانەوادە وماڵباتی نەجیب و خانەدان بوون، چونکە لە خزمەتی عەسکەریا باشتر وایە کە ئینسان سەروکاری لەگەڵ خەڵکی بێ سەروبەر و گەجەر وگوجەردا نەبێت. ئەم مارشایە وەکو ڕێوی زۆر باریکەلە و بەدەنی وەکو مار نەرم بوو. ئەم کابرایە وەکو چۆن تاژیەک بەبۆن کەروێشکێک دەدۆزێتەوە، بەو ئاوایە پروسیەکانی دەدۆزییەوەو لەو ساتانەدا خەڵکانێک بدۆزێتەوە کە بەبێ ئەو مەرگیان حەتمی بوو و، ئەگەر لەبنی ئەرزیشدا بووە خەبەر وباس بەدەست بێنێ، خەبەر و باسانێک کە هەمیشە دروست، لێ باوەڕ نەکردنی بوو.

مارشا، دوای چەند خولەکێک گەڕایەوە گوتی:

- وەزع باشە. سێ ڕۆژە هیچ هێزێکی پروسەکان بێرەدا تێنەپەڕیوە. ئێرە گوندێکی چۆڵە. دەگەڵ ڕەبەنیتەیەکدا، کە لە دێرێکی چۆڵدا پەرستاری چوار پێنج نەخۆشدەکات، گفت وگۆم کرد.

فەرمانی پێشڕەویم دا وخۆمان بە شەقامە سەرەکییەکەدا کرد. لە هەردوو قۆڵی چەپ وڕاستا، دیواری بێ سەقف و ساپیتە کە بە زەحمەت وبە شێوەیەکی گونگ لە تاریکی شەوەکەدا دیاربوو، دەبینرا. لێرەو لەوێ، لە پشت شووشەی پەنجەرەیەکەوە ڕوناکییەک دەبینرا. هەندێک ماڵباتان بەدیار خانووە نیمچە وێرانەکانی خۆیانەوە مابوونەوە. ئیدی ئەمانەیان زۆر دلێر وئازا بوون یان لە ڕادەبەدەر هەژار و دەسکورت بوون. بارانێکی سارد دایکرد و پێش ئەوەی جلەکانمان تەڕ بکات، تەزاندینی. لاقی ئەسپەکان لە سەر بەردەکان، شێلمان و کەرەستەی خانووەکان دەخزی.

مارشا، بە پای پیادە، لە پێش هەموانەوە، جڵەوی ئەسپەکەی بەدەستەوە بوو و ڕێنوێنی دەکردین.

من پرسیم:- بۆ کوێمان دەبەیت؟

بەرسڤی دایەوە:- پەناگایەکی باش پێدەزانم.

مارشا، زوو بە زوو، لە شەقامێکا، بەرانبەر خانوویەکی بچووک و دەوڵەمەندانە کە باخێکی گەورەی بەدەمەوە بوو، وەستا.

مارشا، بە سەر کۆمایەک چەو ولمدا، کە لە نزیکی محەجەرەکان کەڵەکە کرابوو، بازی دا وبە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا. بە لەقە وگوشاری شان دەرگاکەی کردەوە، بنە مۆمێکی، کە هەمیشە لەگیرفانیا بوو، پێکرد وئێمەی بردە ناو خانوویەکی خۆش و زۆر ڕازاوەوە و، ئەم کارەی بە متمانەیەکی ئەوتۆوە کرد کە دەتگوت ساڵانێک لەو خانووەدا ، کە یەکەمجار بوو دەیدیت، ژیابوو.

دوو نەفەرمان لە دەرێ ڕا مانەوە. تا ئاگاداری ئەسپەکان بکەن. مارشا بە سەربازێکی قەڵەوی، کە لە دوای ئەوەوە بوو و" پوندرل " ی ناوبوو، گوت:

- تەویلەکە دەبێ لە دەستە چەپا بێت، لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا دیتم. کەواتە بڕۆ، ئەو ئەسپانەی کە پێویستمان پێیان نییە بۆ ئەوێندەر ببە!

ئەوسا ڕوویکردە من وگوتی:- ئەمرکە جەناب!

ئەم پیاوە قۆشمەیە، هەمیشە منی سەرسام دەکرد. وێڕای ئەمەش پێکەنیم ووەڵامم دایەوە:

- بابڕۆم چەند نەفەرێک بۆ دیدەوانی دابنەم. دووبارە لەم جێیەدا دەتبینمەوە.

ئەو پرسی:- چەند نەفەرت پێویستە؟

- پێنج نەفەر. نەفەرەکانی دی، سەعات دەی شەو ئەوان دەگۆڕن.
- زۆرچاکە، چوار نەفەر بۆ من دابنە، تا خواردنی شەو ئامادە بکەن. منیش دەڕۆم لە کونە شەرابان دەگەڕێم.

من دووبارە شەقامە چۆڵەکانم تەی کرد و لە ئاوایی وەدەرکەوتم تا مامورەکانم دامەزرێنم.

دوای نیو سەعات گەڕامەوە. مارشا لە سەر قەنەفەیەکی گەورەی مۆدی ڤولتیر، کە دیارە بۆ کەشخەیی ڕووکەشەکەی لابردبوو، پاڵی دابووەوە. پێیەکانم بە ئاگر گەرم دەکردەوە و جگەرەیەکی زۆر پەسند و نایابی دەکێشا کە بۆنەکەی، ژوورەکەی پڕکردبوو. بە تەنیا بوو، ئانیشکەکانی دادابوونە سەر دەسکی قەنەفەکە، سەری بردبووە ناو یەخەکەیەوە و گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون، چاوەکانی دەدرەوشانەوە. لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەنگی قاپ و ئامانی خواردن دەهات.

مارشا، بەدەم خەندەیەکی خۆشەوە گوتی:

- عالە. شەرابی " بوردو " لە کولانە مریشکێک و شامپانیام لە ژێر قاڵدرمەکاندا دۆزییەوە و پەنجا شووشە شەرابی سپیم، کە بە ڕاستی شەرابە نە گاڵتە، لە نێو بێستان و لە ژێر دار هەرمێیەکا کە لە بەر ڕوناکی فانۆسەکە خوار هاتە بەرچاوم، دۆزییەوە. بۆ شێویش دوو مریشک، قازێک، مراوییەک، سێ کۆتر و

توکایەک کە لە قەفەزێکا دۆزیمەوە، لە سەر ئاگرەو خەریکە دەکوڵێت. ئەم مەرز وبۆیە، شوێنێکی زۆرچاکە.

لە بەرانبەر ئەودا دانیشتبووم، گڕی موغەیرییەکە لووت و گۆناکانی داغ دەکردم. پرسیم:- ئەدی ئێزنگت چۆن پەیدا کرد؟

بە ئارامی گوتی:- ئێزنگێکی زۆرچاکە. لە ڕاستیدا سوودم لە گالیسکەکەی ئاغا وەرگرت! ئەو بۆیەیەی لە تەختەکەیان داوە، ئەم گڕ و بۆنە خۆشەی ئیجاد کردووە. خانوویەکی چاکە.

من پێدەکەنیم، چ جانەوەرێکی سەیر بوو!

ئەو گوتی:- ئەوەی ئێمە دەیکەین پاشایەتی و سەڵتەنەتە. هەناوی قازەکەم پڕ کردووە لە پاقلە. تەنیا لە شاژنمان کەمە. حەیفێ!

لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوە:- حەیفێ! باشە بە ئەقڵی تۆ چ بکەم؟

- بڕۆ پەیدای بکە.
- چی پەیدا بکەم؟
- ژن.
- ژن؟ ئەوە تۆ شێتیت. من بە بێ هیچ قولاخ و ڕێنمایەک، شەرابی سپیم لە ژێر دار هەرمێیەک و شامپانیم لە ژێر قاڵدرمەکانا دۆزییەوە. بۆ تۆ تەنوورەیەک نیشانەیەکی بێ چەند وچوونە کە لە ڕێگەیەوە ژن بدۆزیتەوە. دۆستی ئازیز هەڕە تاقیب بکە!

هێندە بەجدی ئەو قسەیەی کرد کە تیامابووم ئاخۆ بە جدیەتی یان شۆخی دەکات.

وەڵامم دایەوە:- دەیدۆزیتەوە مارشا، گرێو دەکەی؟

- من هەرگیز لە کاتی خزمەتا گرێو ناکەم.
- بەڵام شەیتان، دەتەوێ لە کوێ سۆراغی ژن بکەم؟
- بە دڵی خۆت. خۆ هیچ نەبێ دەبێ دوو سێ ژن لە گوندەکە مابنەوە. بڕۆ بۆن بکە، بە بۆن بیاندۆزەوە و بیانهێنە.

مارشا گوتی:- ڕێنماییت دەوێ؟

- بەلێ.
- بڕۆ قەشەکە بدۆزەوە!
- قەشە. بۆ؟
- بۆ نانی ئێوارێی دەعوەت بکە و تکای لێبکە کە ژنێک لەگەڵ خۆیدا بێنێت.
- قەشە! ژنێک! ها! ها! ها!

مارشا، بە جدی گوتی:

- ئەمە پێکەنینی ناوێ! برۆ یارۆی قەشە بدۆزەوە! وەزع و حاڵی خۆمانی بۆ باسبکە. دەبێ خۆمان زۆر نیگەران نیشانبدەین. ئەوسا دێت. پێی بڵێ بە کێمانی ژنێک، هەڵبەتە ژنێکی شایستەمان گەرەکە چونکە ئێمە پیاوانی ئەشراف و نەجیمزادەین. دیارە ئەو دەبێ ئەو ژنانە بەباشی بناسێت کە هاتوچۆی کڵێساکەی ئەو دەکەن. ئەگەر ژنێکی ئاوها هەبیت و تۆ ڕۆڵی خۆت بەباشی بگێڕیت، ئەو نیشانتی دەدات.
- مارشا، ئەوە تۆ چ دەڵێی!
- گارنسی ئازیز تۆ دەتوانی ئەم کارە بەباشی بکەیت. کارێکی زۆر عەجیبیش دەردەچێت. ئێمە دەزانین چۆن بژین و هەڵس وکەوت و ڕەفتاری ئەشرافانەش بەڵەدین. هەردووکمان بە قەشەکە بناسێنە! بیهێنە پێکەنین، ختووکەی سۆزی بدە، وای لێبکە بەزەیی پێماندا بێتەوە! فریوی بدە، واداری بکە بڕیار بدات!
- نا، ئەمە نەبووە و نابێت.

دووبارە، لە قەنەفەکە نزیک بووەوە و زیرەکانە وەکو ئەوەی خاڵی لاوازی من بزانێ، گوتی:

- تۆ بیری لێبکەوە! بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئەم کارە چ دەنگدانەوەیەکی لە ناو سەربازەکانی دیدا دەبێت. لە ناو هەموو سوپادا دەبێ بە داستانی سەر زاران و شۆرەت و ناوبانگێکی زۆر گەورە بۆ تۆ پەیدا دەکات.

من دوودڵ بووم و خۆم بە دەستی ڕووداوەکان سپاردبوو. ئەو پێداگری کرد:

- گارنسی ئازیز! تۆ فەرماندەی فەوجی. هەر تۆ لەم گوندەدا دەتوانی بڕۆی بۆ کڵێسای گوند. تکات لێدەکەم هەڕە! پیاوی چاکبە بڕۆ! لە دوای جەنگ ئەم بویەرە، لە شێوەی چیرۆکدا لە گۆڤاری دوو جیهاندا بڵاودەکەمەوە، قەولت دەدەمێ، بە قەولی پیاوان. تۆ ئەم قەرزەی سەربازەکانت لە سەرە، چونکە ئەوە یەک مانگە بە پێیان دەیانگێڕیت.

بە دەم هەستانەوە پرسیم:- باشە ماڵی قەشە لە کوێیە؟

- خۆت بکە بە یەکەمین شەقامی دەستە چەپدا. لەوێ کۆڵانێک هەیە، کڵێسایەک لە کۆتایی ئەو کۆڵانەدایە و ماڵەکەی قەشە بە تەنیشت کڵێساکەوەیە.

لەو دەمەدا کە وەدەرکەوتم، گازی کرد:

- بۆ ئەوەی ئیشتیای بجولێنی، پێڕستی خواردنەکەی بۆ ڕیز بکە!

بە ئاسانی خانووە چکۆلەکەی یارۆی قەشەم لە تەنیشت کڵێسا گەورەکەدا دۆزییەوە. دەرگاکە نە زەنگی هەبوو نە دەرگاژەنەی پێوە بوو، بۆیە بە ناو لەپ لە دەرگام دا، دەنگێکی بتەو لە ژوورەوە پرسی:- کێیە؟

من وەڵامم دایەوە:- سەردەستەی فەوجەکانی سوپای سوارەم.

گوێم لە دەنگی وەرچەرخانی کلیلی دەرگاکە بوو، قەشەیەکی ورگ زەلامی سینگ پانی، دەست گەورە کە لە ئاسینەکانیەوە هاتبوونە دەرێ، دەرگای کردەوە. کابرایەکی خاکی دیاربوو. ئیکلامێکی عەسکەریم بۆکرد.

- سەڵاو جەنابی کەشە.

ئەو کە لە بەڵایەکی ناگەهانی یان میملێکی بەڕەڵڵا ترسابوو، بەدەم زەردەخەنەوە وەڵامی منی دایەوە:

- سڵاو دۆستی من، فەرموو.

دوا بە دوای ئەو، خۆم بە ژووریکا کرد، کە بە تەختەی سوور چێوفەرش کرابوو، ئاگرێکی کزی بێ ڕەونەقی تیا دەسووتا، بە تەواوەتی لەو ئاگرە جیاواز بوو کە مارشا کردبوویەوە.

خوڵکی دانیشتنی کردم و پاشان گوتی:- ئەمرێ ،خزمەتێ بە من بکرێ؟

- جەنابی کەشە، جارێ ڕێگە بدە با خۆمت پێ بناسێنم.

ناسنامەکەی خۆمم نیشاندا. لێی وەرگرتم و بە ئارامی خوێندییەوە:

- کۆنت گارنس.

من لە سەری ڕۆیشتم.

- جەنابی کەشە ئێمە لەم گوندەدا یازدە کەسین، پێنج پێشقەرەوڵ وشەش نەفەر کە لە ماڵێکی نەناسراوا گیرساوینەتەوە. شەش نەفەرەکە بەمجۆرەیە: خۆم کە ئەوەتام لێرەو " گارنس " م ناوە. پییر دو مارشا، لودڤیک پوندرل، بارۆن دتریلیس ، کارل موسولینی کوڕی نیگارکێشێکی بە نێوبانگە و جوزیف هیربون کە سازڤان وموزیکزانێکی گەنجە. من لەلای ئەوانەوە هاتووم، تا بە ناوی ئەوان و خۆمەوە تکات لێبکەم، گەورەمان بکەیت و نانی ئێوارەمان لە گەڵ بفەرمووی. شێوەکەمان شاهانەیە جەنابی کەشە و دەمانەوێ بە حوزووری جەنابت هێندەی دی خۆشی بکەین.

یارۆی قەشە ( کەشە ) بە دەم زەردەخەنەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

- بە بۆچوونی من، ڕەوشەکە باش نییە وکەیف وشادی هەڵناگرێ.

من بەرسڤم دایەوە:- قوربان ئێمە هەموو ڕۆژێ لە شەڕداین. لە زەرفی یەک هەیڤدا چواردە کەسمان لێکوژراون و سیانی دی دوێشەو گیانیان سپاردووە. ئیدی ئێمە هەموو ساتێ گەمە بە ژیانی خۆ دەکەین. ئایا هەقی ئەوەمان نییە، جارجار کەمێ شادی بکەین؟ ئێمە فەڕەنسین، حەزمان لە پێکەنینە و ئەم هونەرەمان هەیە کە لە هەموو شوێنێ پێبکەنین. باوانی مە لە پای قەناڕەش پێدەکەنین! ئەمشەو دڵمان پێوەیە کەمێک دەگەڵ خەڵکانی ماقووڵ و سەنگیندا نەک دەگەڵ گەجەر و گوجەراندا، بەخۆشی بژین. لە مەبەستم تێدەگەیت؟ ئایا ئەم ویست وحەزەی ئێمە گوناحە؟

یەکسەر بەرسڤی دایەوە:

- هەقی خۆتانە برادەری ئازیز، من بە کەماڵی مەیل دەعوەتەکەتان قەبووڵ دەکەم.

و بە دەنگی بەرز گوتی:- هیرمانس!

پیرەژنێکی دێهاتی کۆماوە، زبر وناحەز هات وپرسی:

- چ کارێکت هەیە؟
- کیژم ئەمشەو لێرە شێو ناخۆم.
- ئەدی لە کوێ شێو دەخۆیت؟
- لە گەڵ برادەرانی سوپای سوارەدا...

حەزم دەکرد بڵێم: " کارەکەرەکەت لە گەڵ خۆتا بێنە " تا قەڵافەتی مارشا بدینم، لێ جورئەتم نەکرد.

گوتم:- لە نێو هاوکارەکانی ئێوەدا، لەگەڵ ئەوانەی کە لە نێو گوندەکەدا ماونەتەوە، ئایا ڕەبەنێک یان ڕەبەنیتەیەک هەیە کە ئەویش دەعوەت بکەم؟

هەڵوەستەیەکی کرد. لە فکران ڕاچوو وگوتی:

- نەخێر، هیچ ڕەبەنیتەیەکم پێ شک نایەت!

پێداگریم کرد.

- هیچکەس؟ پەیدای بکەن جەنابی کەشە ( قەشە )! ئامادەبوونی ژنان، ڕەونەق بە کۆڕ و مەجلیسەکەمان دەبەخشێت. ئایا لەم گوندەدا، نانەوایە، عەتارێ، سەعاتچیەک، دارتاشێک یان دەرمانسازێک لەگەڵ ژنەکەیدا پەیدا نابێت؟ ئێمە شێوێکی باشمان دەگەڵ شەرابا هەیە و خۆشحاڵ دەبین ئەگەر بیرەوەرییەکی خۆش لە دوای خۆمان بۆ خەڵکی ئەم گوندە بەجێبێڵین.

کەشەکە، مودەتێکی زۆر لە فکران ڕاچوو و پاشان بە گۆساخی گوتی:- هیچ ڕەبەنیتەیەک شک نابەم.

پێکەنین گرتمی وگوتم:

- جەنابی قەشە! ئێمە شێوێکی شاهانەمان هەیە و بەبێ شاژنێک بە دڵەوە نانووسێت. بزانە یەکێک بدۆزەوە! ئایا لێرەدا شارەوانێکی بە ژن، یاریدەدەرێکی شارەوانێکی ژندار یان ڕاوێژکارێکی شارەوانی ژندار یان مامۆستایەکی بەژن نییە؟
- نەخێر، هەموو ژنەکان ڕۆیشتوون.
- یانی لەم مەرز و بۆیە، تاقە ژنێکی ئازای بورژوا دەگەڵ مێردەکەیا نییە؟ بەشداری لەم زیافەتەدا بکات، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا بۆ ئەوانیش دەبێتە بۆنەیەکی خۆش.

لێ کابرای قەشە لە ناکاوا کەوتە پێکەنین. پێکەنینێکی هێندە توند کە ئازای بەدەنی لەگەڵیا دەهەژێ. پاشان هاواریکرد:

- ها، ها. یا مەسیح. یا مریەمی مقەدەس. دەتوانم کێشەکەتان چارەسەر بکەم. چارەی کارەکەی ئەنگۆ بە دەستی منە!... ها! ها! ڕۆڵەکانم، بزانە چەند پێدەکەنین. بەڵێ پێدەکەنین و ئەو ژنانەش خۆشحاڵ دەبن. بەڕاستی خۆشحاڵ. ها، ها. لە کوێ پەناتان گرتووە؟

ناونیشان و ئەدرەسی خانووەکەم پێگوت.

لە مەبەستم حاڵی بوو و گوتی:

- زۆر چاکە. ئەوە موڵکی جەنابی برتن لاڤاییلە. نیو سەعاتی دی بە چوار ژنەوە لەوێ دەبم. ها، ها، ها چوار ژن!!!...

قەشەکە و من، بە پێکەنینەوە وەدەرکەوتین. ئەو لە من جیابووەوە ودووبارەی کردەوە:- زۆرچاکە. نیو سەعاتی دی دەگەمە ماڵەکەی برتن لاڤیل.

من، بە واقی وڕ و ئەوپەڕی هەڵچوونەوە بۆ ماڵەکە گەڕامەوە.

مارشا، هەرکە چاوی بە من کەوت پرسی:- ها شێری یان ڕێوی، دەبین بە چەند نەفەر؟

- یازدە نەفەر. ئێمە شەش سوارە، لە گەڵ قەشە و چوار ژندا.

تەواو دەسەپاچە بوو. من سەرکەوتبووم. دووبارەی کردەوە:

- چوار ژن؟ گوتت چوار ژن؟
- بەڵێ، وتم چوار ژن.
- یانی ژنی ڕاستی؟
- بەڵێ ژنی ڕاستی ڕاستی.
- وەڵڵا ئافەرین، هەزار ئافەرین بۆ تۆ!
- قەبووڵمە، چونکە شایستەی ئافەرینم و هێوەتریش.

ئەو لە سەر قەنەفەکە ڕابوو، دەرگاکەی کردەوە و سەیرم کرد پەردەیەکی سپی جوانیان داوە بەسەر مێزێکی گەورە و سێ سەربازی سوارە بە جلکی نیلییەوە، قاپ و پەرداخان ڕیز دەکەن.

مارشا هاواریکرد:- چەند ژنمان لە گەڵدا دەبن!

هەرسێ پیاوەکە لە حاڵێکا بە هەموو هێزی خۆیانەوە هاواری شادییان دەکرد، دەستیان بە ڕەقسین کرد. هەموو شتێک ئامادەبوو. سەعاتێک چاوەڕوانمان کرد. بۆنی خۆشی باڵندە سوورەوەکراوەکان، ماڵەکەی پڕکردبوو.

لە پەنجەرەکە درا، هەمووومان ڕاپەڕین. پوندرلە قەڵەو بە غار ڕۆیی تا دەرگاکە بکاتەوە و دوای کەمتر لە یەک خولەک، ڕەبەنیتەیەکی ئەندام وردیلە، لە ئاستانەی دەرگاکەوە پەیدابوو. ئافرەتێکی مردەلۆخ، ناحەزو شەرمن بوو، پەیتا پەیتا سڵاوی لەو چوار سەربازە سوارەیە دەکرد، کە مات و حەیران و زەق زەق تەمەشای ئەویان دەکرد. لە دوای ئەوەوە دەنگی تەقەتەقی چەند عاسایەک بەسەر چێوپۆشی ژوورەکەوە هاتەگوێ. هەرکە ڕەبەنیتەکە هاتە نێو هۆڵەکەوە سەیرم کرد کە سێ پیرەژن کە سەرپۆشی سپیان بەسەردا دابوو و هەریەکەیان بە جۆرێ دەلەنگی، دوا بە دوای یەک هاتنە ژوورەوە. یەکێک بەلای ڕاستا و یەکێک بەلای چەپا دەلەنگی و سێ خوشکی تەرکە دنیا کە نەخۆشی جۆراوجۆر پوکاندبوونیەوەو پیری تەواو شێواندبوونی ولە بەشەریی

خستبوون، به شەلەشەل و بەدەم لاق فڕێدانەوە، خۆیان ناساند. ئەو سێ فەرتووسە لە کارکەوتووانە تاقە کەسانێک بوون کە لەو دێرە شەوانە ڕۆژییەدا، دەیانتوانی ڕێبکەن و کارە نوژدارییەکانی ڕەبەنیتە سنت بنوا ئەنجامبدەن.

پیرەژنی یەکەم، بەرەولای ئەو سەربازانە چوو کە بەزەییان بە ڕەبەنیتەکاندا دەهاتەوە. ئەوسا کە دەرەجەی مارشالیەکەی منی بینی گوتی:- جەنابی سەرهەنگ ( عقید ) سوپاست دەکەم کە بیرت لەم ژنە داماو و بێنەوایانە کردووەتەوە. ئەوانە هیچ خۆشییەکیان لەم ژیانەدا نییە و ئەم دەعوەتەی تۆ بۆ ئەوان بەختەوەری و شانازییەکی گەورەیە بۆ ئەوان.

قەشەکەم بینی کە لە دالآنە تاریکەکەدا وەستابوو و لە کانگای دڵەوە پێدەکەنی. منیش کە چاوم بە قەڵافەتی مارشا کەوت دەستم بەپێکەنین کرد. پاشان کورسییەکەم بۆ ژنە پیرۆزەکە دانا وگوتم:- فەرموو خوشکم. ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە ئەنگۆ ئەم دەعوەتە ناچیزەی ئێمەتان قەبوڵکرد.

ڕەبەنیتەی تاین، سێ کورسی لەبن دیوارەکە هەڵگرت ولە هەنبەر ئاگرەکەی دانان و سێ ڕەبەنیتەکەی لە سەر دانیشاندن. عاسا و شاڵەکانی لێوەرگرتن و لە سوچێکەوە داینان. پاشان یەکێک لەو ژنانەی کە هەرچەند لەڕ و لاواز بوو، ورگێکی زەلامی هەبوو کە بێگومان نەخۆشی ئیسقایی و ئاوبەندی دەگەڵ بوو، نیشاندا وگوتی:

- ئەمە دایە پوملە کە مێردەکەی و کوڕەکەی لە دەست داوە، مێردەکەی لە سەربان کەوت وکوڕەکەی لە ئەفریقا مرد. تەمەنی هەفتا ودوو ساڵە.

پاشان ئاماژەی بۆ دووەم، کە ژنێکی زەلامی درێژ بوو و سەری وەکو چەکوشی لەق بە بەردەوامی دەجوڵا، کرد وگوتی:

- ئەمیش دایە جان – جانە کە تەمەنی شەست وسێ ساڵە. دوای ئەوەی لە ئاگرکەوتنەوەیەکدا دەم وچاوی سووتا، بینایی خۆی بە تەواوی لە دەست دا و نیوەی پێی ڕاستیشی سووتاوە.

سەرەنجام سێیەمی نیشانداین کە کورتەبنەیەکی چاوخڕی لەرزۆک بوو، کە بیلبیلەکانی گەوجانە بەم لا وبەولادا دەسوورانەوە.

- ئەمە پوتوایە. ئەمە پاکیزەیەکی داوێنپاکە! تەنیا چل ساڵە.

من بە جۆری کڕنۆشم بۆ بردن لە تۆ وایە لە ڕێ ورەسمێکی شاهانەدا، ئەوانیان پێناساندبووم و ڕوو لە قەشەکە گوتم:

- جەنابی قەشە، تۆ پیاوێکی بەرز و بەڕێزیت، ئێمە ئەم ئاشنایەتیە لە چاوی تۆ دەزانین.

هەموو پێدەکەنین، تەنیا مارشا نەبێ کە تووڕە دەهاتە بەرچاو. لە ناکاوا کارل ماسولینی بەدەنگی بەرز گوتی:

- خوشکە سنت بنوا فەرموون!

ئەو و قەشەکەم وەپێش خۆدان. پاشان باسکی دایکە " پومل " م گرت و بۆ ژوورەکەی تەنیشتم برد. هەڵبەتە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە زگە ئاوساوەکەی دەتگوت لە ئاسن قورستر بوو. پوندرلە قەڵەو، دایکە جان –

جانی که بۆ دۆزینەوەی عاساکەی بەم لاو بەولادا دەڕۆیی، ڕێنوێنی دەکرد. " جوزیف هیربن " ش پوتوای، واتە هەمان ئافرەتی کە حاڵەتێکی گەوجانەی هەبوو، بەرەو هۆڵی نانخواردن دەبرد، کە پڕ بوو لە بۆنی جۆرەها گۆشت.

هەرکە لە هەنبەر قاپەکان دانیشتین، خوشکە ڕوحانیەکە، سێ چەلان دەستەکانی بە یەکدا دان و ئافرەتەکان بە هەمان زەبت و ڕەبتی سەربازانێکەوە کە لە ڕێ ورەسمی ناوخوێندنەوەی سوپاییدا دەوەستن، خێرا ئاماژەی خاچیان کێشا. پاشان قەشەکە بە لاتینی و لە ژێر لێوانەوە نزای شوکرانەی خوێند. هەمووان دانیشتن. مارشا، کە دەتگوت نەیدەویست لەم ڕێ و ڕەسمە نالەبارەی شێوەدا بەشداری بکات، سەرقاڵی هێنانی باڵندەکان بوو.

من هاوارم کرد:- ئادەی شامپانی. خێرا!

سەری بوتڵێکی شامپانی شلْپ وەکو دەنگی تەقەی دەمانچە دەرپەڕی. سێ سەربازی سوارە، وێڕای مقاوەمەتی قەشەکە و ڕەبەنیتەکە بە خۆرتی، سەرو پێک شامپانیان دەرخواردی سێ ژنەکە دا.

ماسولینی کە دەتگوت لە ماڵی خۆیدایە، دەگەڵ هەمووواندا بەکەیف وڕووخۆش بوو، زۆر خۆمانی دەگەڵ دایکە پومل دا گفت وگۆی دەکرد و پیرەژن وێڕای نەخۆشی ئیسقایی و ئاوبەند و نەگبەتیەکانی دیکەی هەر ڕووخۆش و گەشبین بوو. بە دەنگێکی ناسک کە دەستکرد دەهاتە بەرچاو، بەرسڤی ئەوی دەدایەوە. پیرەژن بەجۆرێ بە شۆخییەکانی هاودەمەکەی تەنیشتی پێدەکەنی، وا دەهاتە بەرچاو لەوەیە زگە زەلامەکەی لە هەر ئان و ساتێکا لە جەستەی جیا ببێتەوەو بکەوێتە سەر مێزەکە. هیربن بەجدی مژوولی مەستکردنی ژنە گەوجەکە و بارون دتریی بوو کە هۆشیاری خۆی لە دەست دابوو و پرسیاری ژیان و داب ونەریتی نوژداری کلێسای لە جان – جان دەکرد.

خوشکە ڕوحانیەکە (ڕەبەنیتە) هاواری بە سەر ماسولینی دا کرد کە:

- ئا، ئا! تۆ نەخۆشی دەخەیت. ئاگات لە پیرەژن بێ ئەوەندە مەی خەرە پێکەنین! تکایە برادەر...

پاشان هەستایە سەرپێ و خۆی دا بەسەر هیربن دا تا ئەو پەرداخە پڕەی کە نابوویە سەر لێوی پوتوا و خەریک بوو بە پەلە دەیخواردەوە، لە دەست بسەنێت.

قەشەکە، کە خەریک بوو لە پێکەنینا دەخنکا وبە ڕەبەنیتەکەی دەگوت:

- ئەمجارە وازیان لێ بێنە! زەرەری بۆیان نییە. وازیان لێبێنە!

دوای خواردنی دوو مریشکەکە، مراوییەکە خورا و پاشان کۆترەکان و توکاکە خوران و ئەوسا نۆرە هاتەسەر قازەکە کە بۆن و بەرامەکەی ژوورەکەی پڕ کردبوو. پومل، بە دەم جم وجوڵەوە دەستەکانی بەیەکدا دەدان. جان – جان بۆ ساتێک وەڵام دانەوەی پرسیارە جۆراوجۆرەکانی بارونی قوتکرد و پوتوا هاواریکرد. هەموویان وەکو منداڵانێک کە باڵۆن و میزەڵانیان نیشانبدەن کەوتبوونە هاواری کەیف وشادی.

قەشەکە گوتی:- ڕێگە دەدەن کە من ئەم خواردنە دابەشبکەم؟ من وەستای ئەم کارانەم.

- بێگومان، جەنابی قەشە.

ڕەبەنیتەکە گوتی:- کەمێک پەنجەرەکە بکەنەوە! خوشکان زۆریان گەرمایە. دڵنیام کە نەخۆش دەکەون.

ڕووم کردە مارشا وگوتم:- ئەو پەنجەرەیە بکەوە. لێگەڕێ با خولەکێک کراوە بێ!

مارشا، پەنجەرەکەی کردەوە. ئەو هەوا ساردەی کە هاتە ژوورەوە، گڕی مۆمەکەی خستە سەما و، دووکەڵ و هاڵاوی سوور بوونەوەی قازەکەی، کە قەشەکە بە مەعلانی و لە حاڵێکا دەسماڵێکی لە مل بەستبوو، مژوولی کردنەوەی باڵەکانی بوو، بڵاوکردەوە.

تەمەشای قەشەکەمان دەکرد. قسەمان نەدەکرد، جووڵەی وەستایانەی دەستەکانی قەشەکە سەرنجی هەموومانی ڕاکێشابوو. بەدیتنی قازە قەڵەو و سوور بووەکە کە ئەندامەکانی یەک یەک دەکەوتنە ناو ئەو چەوراوە قاوەییەی کە لە بنی سینیەکەدا کۆبووبووەوە، دووبارە ئیشتیامان کرایەوە.

لە ناکاوا، لە میانی ئەو بێدەنگیەوە کە باڵی بە سەر ئێمەی نەوسندا کێشابوو، لە دوورەوە و لە پەنجەرەکەوە دەنگی دەستڕێژێکمان هاتەگوێ.

هێندە بلەز هەستام کە کورسیەکە لە دوامەوە کەوتە سەر ئەرزەکە. هاوارم کرد:

- هەموو سواری ئەسپەکانتان بن! مارشا، تۆ چەند نەفەرێک لە گەڵ خۆتا ببە و بڕۆ خەبەر بێنەوە! من لێرەدا چاوەڕوانم، تا پێنج خولەکی دیکە بگەڕێوە!

لەو کاتەدا کە سێ سوار، بە یورغە، بە ناو تاریکی شەوەکە کەوتبوون و دوور دەکەوتنەوە، لەگەڵ دووان لە نەفەرەکانما، لە هەنبەر پلیکانەی ڤێلاکەدا، بە سواری ئەسپ وەستابووین، قەشەکە و ڕەبەنیتەکە و سێ ئافرەتە پارساکە، شپرزە و پەشۆکاو لە پەنجەرەکەوە سەریان دەرهێنابوو و تەمەشایان دەکرد.

دنیا کڕ وکپ بوو، تەنیا حەپەی سەگێک لە دەشتەکەوە دەهاتەگوێ. باران خۆش بووبووەوە و هەوا زۆر سارد بوو. ئەسپێکم بەدی کرد کە بە چوار ناڵە بەرەولای مە دەهات. تەنیا یەک سوارە دەگەڕایەوە. ئەویش مارشا بوو. هاوارم لێکرد:- ها چ خەبەرە؟

بەرسڤی دایەوە:- هیچ. فرانسوا، جووتیارێکی پیری بریندار کردووە. پیرەمێرد ئامادە نەبووە وەڵامی پرسیاری " بژی کێ؟ " بداتەوەو وێڕای دەستووری ئیست، هەر بەرەو ئەو ڕۆییوە. واخەریکە بۆ ئێرەی دێنن. ئیدی مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت.

دەستوورم دا کە ئەسپەکان بۆ تەویلەکە بەرنەوەو دوو سەربازەکەم نارد تا بچنە یارمەتی ئەوانەی کە بەڕێوەبوون. پاشان بۆ ماڵەکە گەڕامەوە.

قەشەکە، مارشا و من، چەرچەفێکمان لە ئەرزەکە ڕاخست تا بریندارەکەی بخەینە سەر. ڕەبەنیتەکە دەسماڵێکی دڕی تا بۆ بەستنی برینی بریندارەکە بەکاری بێنێت، لێ سێ ژنەکەی دی، شپرزە و پەرێشان، بەترسەوە لە سووچێکا دانیشتبوون.

لەم کاتەدا، ڕینگ و هۆڕی سەرەنێزان لە کەرخی جادەکەوە هاتەگوێ. مۆمێکم هەڵگرت تا ڕێگا بۆ ئەو پیاوانەی لە گەڕانەوەدا بوون، ڕوناک بکەمەوە. ئیدی ئەوان بە شتێکی نەرمەوە، درێژ و شووم کە وادیاربوو جەستەی پیاوێکی ماندووی لە حاڵی مەرگایە، لەبەر دەرگا پەیدا بوون.

بریندارەکەمان، خستە سەر ئەو لێفە و چەرچەفانەی کە بۆمان ئامادەکردبوو. دامان نا و، بە یەکەم نیگا بۆم دەرکەوت کە لە حاڵی مردندایە، گیانەڵایەتی.

کابرای بریندار، خوێنی هەڵدێنا، تفی دەکرد و خوێن بە لا لغاوەیدا دەهاتە خوارەوە. خڵتانی خوێن بوو. گۆناکانی، ڕدێنی، قژەکەی، گەردنی و لێوەکانی دەتگوت لە کووپەیەک بۆیەی سوورا هەڵکێشرابوو. خوێنەکە مەیی بوو، بەجۆرێ تێکەڵ بە گڵ و خۆڵ بووبوو کە دیمەنێکی ترسناکی دەنواند. پیرەمێرد کە جل وبەرگێکی زەردی شوانکارەی لە بەر بوو، جارجار چاوە تاریک و گۆنگەکانی خۆی، کە وەکو چاوێن گیانەوەرێکی ڕاوکراو، ماندوو ونیوەگیان و لە سەرسامیا گەوجانە دەهاتە بەرچاو، دەکردنەوە.

قەشەکە هاواریکرد: ئاخ! ئەمە بابا پلاسیدە. شوانکارە پیرەکەیە! ئەم بێنەوایە کەڕە، گوێی لە دەنگی ئیستەکە نەبووە، ئاخ! خودایە. ئێوە ئەم بەلەنگازەتان کوشتووە.

ڕەبەنیتەکە، جل وکراسەکەی داکەندبوو و دەیڕوانییە ئەو کونە وەنەوشەییەی سەر ناوەڕاستی سینگی کە خوێنەکەی وەستابووەوە. پاشان گوتی:

- تازە هیچ کارێکمان لەدەست نایەت.

کابرای شوانکارە، کە بە ترسەوە هەناسەی دەدا و بە دەم هەناسەدانەوە خوێنی هەڵدێنا و لە گەروویەوە تا بنی سییەکانی، قرخە قرخێکی بەردەوام و شووم بەرز دەبووەوە.

قەشەکە، لە بەرانبەریا وەستا. دەستی ڕاستی خۆی بەرزکردەوە نیشانەی خاچی کێشا و بە دەنگێکی ئارام و بەشکۆ، بەلاتینی کۆمەڵێک وێردی بۆ روحی خوێند.

پێش ئەوەی وێرد و دوعاکەی قەشەکە تەواو ببێت، پیرەمێرد تەکانێکی سووکی دا. وەکو ئەوەی شتێک لە گیانیا بشکێت، ئیدی هەناسەی نەدا. کابرا مرد.

وەختایەک سەرم وەرگێڕا، دیمەنێکی ترسناکترم لە مەرگی ئەو پیرمێرە بەدبەختە بینی. چارە و ڕوخساری، سێ پیرەژنەکە بە یەکەوە چەسپی بوون، لە ترسانا بەجۆرێ مەسخ بووبوو، پیاو قێزی لێدەکردنەوە.

لێیان نزیک بوومەوە، لێ ئەوان، وەکو ئەوەی نیازی کوشتنیانم هەبێ، دەیانویست خۆیان ڕزگاربکەن و دەیانقیژاند.

جان – جان کە پێیە سووتاوەکەی بە تەواوەتی لە جووڵە کەوتبوو، تەختی زەوی بوو. سنت بنوا، وازی لە مردووەکە هێنا و بە هەشتاو بەرەولای پیرەژنە فەرتوس و زورهانەکان ڕۆیی و بێئەوەی تەمەشایەکی من بکات یان قسەم دەگەڵ بکات، شاڵەکانیانی دا بە شانیانا، عاساکانی دانەوە دەستیان وپیرەژنەکانی بەرەو دەرگاکە پاڵدا، گەیاندیانیە دەرەوە و بەگەڵیان کەوت و لە تاریکی شەوەکەدا ون بوون.

ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانم تاقە یەک سەربازیان لە گەڵدا بنێرم، چونکە بچووکترین ڕینگ و هۆڕی شمشێر یان سەرنێزە شێتی دەکردن.

قەشەکە هەر بەو دەقەوە تەمەشای مردووەکەی دەکرد. دوای ماوەیەک ئاوڕی لای منی دایەوە و گوتی:

- کە بویەرێکی ناخۆش بوو!

## له بێشه‌یه‌كدا

وه‌ختایه‌ک كه‌ خه‌به‌ریان بۆ به‌ڕێوه‌به‌ری شاره‌وانی هێنا كه‌ ماموری شاره‌وانی به‌خۆ و دوو زندانییه‌وه‌ له‌ بینای شاره‌وانیا چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌، هێشتا فراڤینی نه‌خواردبوو.

به‌ڕێوه‌به‌ر یه‌كسه‌ر بۆ ئه‌وێنده‌ر ڕۆیی و سه‌یری كرد كه‌ ماموری ده‌وریێ شاره‌وانی، ده‌ریێ شار، واتا بابا هوشدور ڕاوه‌ستاوه‌و زۆر به‌جدی له‌ ژن وپیاوێكی پۆشته‌ و په‌رداخ و به‌ته‌مه‌نی ده‌ڕوانی.

كابرا قه‌ڵه‌و بوو. كه‌پوویه‌كی سوور و قژێكی سپی هه‌بوو، پیر ده‌هاته‌ به‌رچاو. ژنه‌كه‌ قه‌ڵه‌و و به‌گوڕ بوو، جل وبه‌رگی ئاهه‌نگی له‌به‌ر بوو. گۆناكانی ده‌بریقانه‌وه‌و خێسه‌ی له‌و ماموره‌ ده‌كرد كه‌ ئه‌وانی ده‌ستگیر كردبوو.

به‌ڕێوه‌به‌ری شاره‌وانی پرسی:- بابا هوشدور چ بووه‌؟

بابا هوشدور، حاڵ و حیكایه‌ته‌كه‌ی له‌ سیری تا پیازی گێڕایه‌وه‌.

به‌یانی وه‌كو هه‌میشه‌ به‌نیازی چاودێری و سه‌ردانی ده‌وروبه‌ری بێشه‌ و لێره‌واری شامپیو، له‌ ماڵ وه‌ده‌ر كه‌وتبوو و تا ئاقاری ئارژانتوی چووبوو... هیچ شتێكی نائاسایی له‌و ده‌ڤه‌ره‌ گه‌شتیاریه‌دا نه‌بوو، دنیا خۆش بوو و گه‌نم له‌ قه‌ف و گوڵا بوو. له‌ ناكاوا كوڕه‌كه‌ی بیرودل، كه‌ خه‌ریكی بنكۆڵ وبندانه‌وه‌ی ڕه‌زه‌كه‌ی بووبوو، هاواری كردبوو:- ئه‌های بابا هوشدور!... بڕۆ بۆ كه‌نار بێشه‌كه‌، له‌و شوێنه‌دا كه‌ داره‌كانیان بڕیوه‌ته‌وه‌، جووتێ كۆتر ده‌بینی كه‌ به‌ هه‌ردووكیان سه‌د و سی ساڵ ته‌مه‌نیان ڕانیوه‌!

ئه‌ویش به‌ڕێی خۆیدا ڕۆیی بوو و خۆی به‌ چڕه‌ دارستانه‌كه‌دا كردبوو. ده‌نگی هانكه‌ هانک و گفت وگۆی به‌رگوێ كه‌وتبوو و وای وێناكردبوو، كه‌ بویه‌ر و تاوانێكی دزێو به‌ڕێوه‌یه‌. بۆیه‌ به‌چوار چنگۆڵه‌ ڕۆیی بوو، بۆ ئه‌وه‌ی تاوانباره‌كه‌ غافڵگیر بكات، ئیدی ئه‌م ژن وپیاوه‌ی به‌ عه‌شقبازییه‌وه‌ گرتبوو.

به‌ڕێوه‌به‌ر، به‌ شپرزه‌یی ته‌مه‌شای تاوانباره‌كانی ده‌كرد. پیاوه‌كه‌ شه‌ست ساڵان و ژنه‌كه‌ به‌لای كه‌مه‌وه‌ په‌نجا ساڵان بوو. ناوی كابرای پرسی. كابرا به‌ده‌نگێكی كز و به‌زه‌حمه‌ت ده‌بیسترا، وه‌ڵامی دایه‌وه‌:- نیكولاس بورن.

- ئه‌دی چ كاره‌ی؟
- له‌ شه‌قامی مرتیری پاریس دووكانی خه‌ڕازیم ( ورده‌فرۆش ) هه‌یه‌.
- ئه‌دی له‌و بێشه‌یه‌دا چیتان ده‌كرد؟

كابرا، له‌ حاڵێكا سه‌ری به‌ سه‌ر ورگه‌ زه‌لامه‌كه‌یدا دانه‌واندبوو و ده‌سته‌كانی نابوونه‌ سه‌ر لاقی، جووڵه‌ی نه‌ده‌كرد.

به‌ڕێوه‌به‌ر له‌ سه‌ری ڕۆیی:- نكۆڵی له‌و قسانه‌ی ماموره‌كه‌ی ئێمه‌ ده‌كه‌یت؟

- نه‌خێر قوربان.
- كه‌واته‌ ئیقرار ده‌كه‌ی؟
- به‌ڵێ قوربان.

- هیچ بەرگرییەک لە خۆت دەکەی؟
- هیچ قوربان.
- باشە لە کوێ ئاشنایەتیت دەگەڵ ئەم ژنەدا، کە شەریکە تاوانی تۆیە، پەیدا کردووە؟
- هاوسەرمە قوربان.
- هاوسەری تۆ؟
- بەڵێ قوربان.
- یانی... یانی... ئێوە لە پاریس بەیەکەوە ناژین؟
- ببورە قوربان، با بەیەکەوە دەژین.
- کەواتە، بەڕێز، ئێوە شێتی تەواون کە لێرەدا، سەعات دەی بەیانی و بەبەرچاوی عالەمەوە، ئەو ڕەفتارەتان کردووە.

لەوە دەچوو، کابرای خاوەن دووکانی خەڕازی لە شەرمەزاریا، لە تەریقی دا، لە ئان و ساتدا لە هۆڕژنی گریان بدات...

بە دەنگێکی نەوی گوتی:- ژنەکەم وای ویست. من پێمگوت کە ئەم کارە نەشیاوە، کارێکی گەوجانەیە، بەڵام فایدەی نەبوو، بەخۆت دەزانی خوانەکا ژن بەشتێکەوە بیگرێ، بە ئامان و زامان دەستبەرداری نابێت و نابێت.

یارۆی بەڕێوەبەر، کە حەزی لە خەڵکی سەرڕاست و دۆغری بوو، پێکەنی وگوتی:- خۆزگە کارەکەتان پێچەوانە بوایە. چونکە ئەگەر ئەو حەز و خەیاڵەکەی کۆنترۆڵ بکردایە، هەنووکە ئێوە لێرە نەدەبوون.

بورن تووڕە بوو ورِوویکردە ژنەکە وگوتی:

- دەبینی، دەبینی بەم کارەت، ئێمەت کێشاوەتە کوێ؟ لە کوێین؟ دەبێ بچینە دادگا، دەبێ لەم کاتەدا، بەم تەمەنەوە، بە سەدەمی کارێن نەشیاو و ناباوەوە، موغازەکەمان دابخەین، شتەکانمان هەرزانفرۆش بکەین. باربکەین. باربکەین. ئێمە لە کوێین؟

مەدام بورن هەستا و بێئەوەی تەمەشای مێردەکەی بکات و بێهیچ شەرم و شوڕەییەک و تەقریبەن بێهیچ دوودڵییەک بەمجۆرە کەوتەقسان:- خودایا! جەنابی بەڕێوەبەری شارەوانی، من زۆر چاک دەزانم کە کارێکی ناشیرینمان کردووە. ئایا ڕێگەم دەدەیت کە وەکو پارێزەرێک یان بە کێمانی وەکو ژنێکی بێنەوا، داکۆکی لە خۆمان بکەم؟ هیوادارم کە ئازادمان بکەیت تا بۆماڵی خۆ بڕۆینەوە و لە شەرم و شوورەیی دادگا بخەلەسین.

کاتی خۆی، وەختایەک کە گەنج بووم، ڕۆژێکی یەک شەممە، لەم شارەدا ئاشنایەتیم لە گەڵ جەنابی بوردن دا پەیدا کرد. بورن کارمەندی فرۆشگایەکی خەڕازی بوو و من لە خەیاتخانەیەکدا کارم دەکرد. دەڵێی دوێنێ بوو. تا ئەو کاتانە یەک شەمموانم دەگەڵ دۆستێکا بە نێوی روزلوڤیک بەسەر دەبرد، کە هەردووکمان لە خیابانی پیگال ئاکنجی بووین. روز، دۆستێکی کوڕی باشی هەبوو، بەڵام من نا، من بێ دۆست بووم. هەمان کوڕ بۆ ئەو بێشە ولێرەوارەی دەبردین. ڕۆژێکی شەممە دۆستەکەی ڕوز بەدەم پێکەنینەوە مژدەی دامێ کە سبەینێ، واتە یەک شەممە یەکێک لە برادەرەکانی لە گەڵ خۆیدا دێنێت. لە مەبەستی حاڵی بووم، لێ بەرسڤم دایەوە کە بێفایدەیە. ئاخر من ئاقڵ و ئاغر بووم قوربان.

بەڵێ، سبەینێ ڕێزدار بورنم لە وێستگەی ڤیتاردا بینی. بورن ئەوکاتانە گەنجێکی زۆر شایستە وقۆز بوو، لێ من بڕیارم دابوو، کە خۆم بەدەستەوە نەدەم و حورمەتی خۆم بگرم، هەر واشم کرد.

ئەنجام گەیشتینە بیزون. هەواکەی زۆر خۆشبوو، لەو هەوایانە بوو کە دڵی بەشەری دێنایە جۆش. من وەختێک هەوا خۆش بێت، تائێستاش وەکو جاران، گریانم دێت وکە لە ناو تەبیعەت و سروشتدا دەبم، بە تەواوەتی عەقڵم لە دەست دەدەم. عەقڵ لە حەوت کێوان ئاوا دەبێت.

سەوزەزار، مێرگ، باڵندەی ئاوازخوان، کەروێشکەی گەنم، ئەو پەڕەسێلکانەی بلەز دەفڕن، بۆنی گیا، خوێندن و قوقوی کەڵەبابان و گوڵەمینا، هەموو ئەمانە شێت و شەیدام دەکەن، مەستم دەکەن! وەکو کاریگەریی و باندۆری شامپانی لە سەر کەسێک کە فێری خواردنەوەی نەبێت!

بەڵێ، هەواکەی خۆشبوو، ڕۆژێکی خۆش، ڕوناک، نە چاو لەدیتنی تێر دەبوو، نە سییەکان لە هەڵمژینی هەواکە تێر دەبوون. روز و سیمون، بە درێژایی ڕۆژەکە بەباوەشی یەکەوە بوون و یەکتریان دەگەوزاند. کە ئەوانم بەوحاڵەوە دەبینی دووچاری حاڵێکی سەیر دەبووم. جەنابی بورن و من بێئەوەی چ قسەیەک بکەین، لە دوای ئەوانەوە ڕێمان دەکرد.

کاتێ کە دووکەس یەکدی نەناسن، نازانن باسی چی بکەن، هیچ قسەیەکیان بۆ نایەت. ئەو برێک شەرمن بوو. کە دەمبینی ناڕەحەتە، پێکەنینم دەهات. ئەنجام چووینە ناو بێشەیەکی بچووکەوە.

بێشەکە وەکو حەمام شێدار و نمسار بوو. هەموو لە سەر سەوزە گیایەکە ڕۆنیشتین. روز و دۆستەکەی گاڵتەیان بەو جدیەتەی مە دەهات. تۆ هەڵبەتە تێدەگەی کە من نەمدەتوانی بەجۆرێکی دی ڕەفتار بکەم. پاشان ئەوان بە شێوەیەک کە وەکو ئەوەی ئێمە هەر لەوێش نەبین، بێ هیچ شەرم و شوورەییەک یەکتریان لە ئامێز گرت.

دوای کەمێک هەندێ ڕاز ونیازیان کرد وبێئەوەی هیچ شتێک بە ئێمە بڵێن، هەستان و لە پشت هەژگ و بژاڵ و دەوەنەکانەوە ون بوون. تەسەور بکە کە من لە هەنبەر کوڕێکا کە بۆ یەکەمجار دەمبینی چم بەسەر هاتبوو. بەڕادەیەک بە ڕەفتارەکەی وان گێژ بووبووم کە بە خۆم نەوەستام وسەری قسانم کردەوە. پرسیاری ئەوەم لێکرد کە چ کارەیە.

وەکو ئێستا گوتم، ئەو لە فرۆشگایەکی خەڕازیدا کاری دەکرد. یەک دوو قسەمان دەگەڵ یەکدا کرد. ئەم بابەتە خورئەتی پێ بەخشی. ویستی خۆمانە ڕەفتار بکات، بەڵام ڕێگەم نەدا، ڕاست ناکەم بورن؟

جەنابی بورن، کە پەشیو و پەرێشان سەیری پێڵاوەکانی خۆی دەکرد، هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە.

ژنەی تاین لە سەری ڕۆیی:- ئەنجام بۆی دەرکەوت کە من کیژێکی سەلارو سەنگینم، ئیدی ڕەفتارێکی پیاوانەی گرتەبەر. لەو ڕۆژە بە دواوە هەموو یەک شەممەیەک دەهات. ئیدی زۆر عاشقم بوو ومنیش زۆرم خۆشدەویست. ئەو کاتانە کوڕێکی یەجگار قۆز وجوان بوو.

وەلحاسڵ مانگی ئەیلول شووم پێکرد و موغازەیەکمان لە شەقامی مەرتیر کردووە. ساڵانێکی زۆر وەزعمان باش نەبوو قوربان. کاروبارمان باش نەدەمەشی و تەنانەت نەماندەتوانی شامپانی بکڕین و تەرکمان کردبوو. لە کاسبی و کاری بازرگانیا ئینسان بیری تری لە سەردایە. بەشەر ئەوەندەی بیر لە قاسەی پارە دەکاتەوە بیر

له گوڵ ناکاتەوە. بەرە بەرە بێ ئەوەی پێ بحەسین، پیر بووین و بووین بە خەڵکانێکی ئارامی ئەوتۆ کە ئیدی بیرمان لە عەشق نەدەکردەوە. ئینسان تا نەزانێ کە کێماسی عەشقی هەیە، داخ ناخوات.

قوربان، ئەنجام کار وکاسبیەکەمان باشتر بوو و لە خەمی ئایندە خەلەسین، لێ بەدروستی نازانم کە چ بویەرێک لە بوونی مندا ڕووی دابوو. ئیدی بەرەبەرە وەکو کیژێکی گەنج خەیاڵی بووم. کە عەرەبانانی پڕ گوڵم دەبینی بە جادەکانا ڕەت دەبوون، گریان دەیگرتم و ڕوندک بە چاوانما دەهاتەخوارێ. کە لە سەر کورسی یان پێشخوانی موغازەکە دادەنیشتم و بۆنی وەنەوشەم بەسەردا دەهات، دڵم بە پەلەپەل دەکەوت، لە جێی خۆ هەڵدەستام و هێدی هێدی دەچوومە بەردەرگا، تا لەبەینی شیروانیە شینباوەکانەوە تەمەشای ئاسمان بکەم. وەختایەک کە لە ناو شەقامێکەوە تەمەشای ئاسمان دەکەیت، ئاسمان وەکو ڕوبارێکی درێژ دەنوێنێ کە بە پێچ و دەورەوە بە سەر پاریس دا دەبوورێ و پەڕە سێلکان وەکو ماسییان بە ناویا تێدەپەڕن. هەڵبەتە لە تەمەنی مندا و بۆ تەمەنی من ئەم بیرانە گەوجانەیە! بەلام دەڵێی چی قوربان؟ کاتێ ئینسان هەموو تەمەنی بەکار بەرێتەسەر، لە ناکاوا بۆی دەردەکەوێ کە دەیتوانی کارێن دیکەش بکات و لەم ڕووەوە داخ دەخوات و ژێوان دەبێتەوە.

بەڵێ، هەست بەداخ و کەسەران دەکات. تۆ بیری لێبکەوە کە بۆماوەی بیست ساڵی تەواو دەمتوانی وەکو ژنانی دی بچمە بێشە و ماچ و ڕاموسان بدەم. ئیدی خەیاڵی خەوتن لە پەنا دار ودەوەنانا دەگەڵ کەسێکا کە خۆشت دەوێ، زۆری بۆ هێنام! ئیدی ئەم بابەتە بوو بە خەون و خولیای شەو و ڕۆژم. بە ئەندازەیەک چاوم دەبڕییە تریفەی مانگ لە ئاوەکەدا کە حەزم دەکرد خۆ بخەمە ئاوەکەوە وبخنکێم.

لە هەوەڵەوە جورئەتم نەدەکرد لەمبارەیەوە لەگەڵ مسیو بورن دا قسە بکەم. دەمزانی گاڵتەم پێدەکات و بۆ دەزوو و دەرزی فرۆشتنم دەنێرێت! و هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم کە مسیو بورن هەرگیز بەدڕەفتاری لە گەڵما نەکردووە. لێ کە لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆم دەکرد، بەباشی بۆم بەدیار دەکەوت کەمنیش نەمدەتوانی کاری وابکەم، بەدڕەفتاری لەگەڵ ئەودا بکەم.

ئیدی بڕیاری خۆم دا و پێشنیازم بۆکرد کە بە دوو قۆڵی سەفەرێکی ئەو شوێنە بکەین کە یەکەمجار لەوێندەر ناسیاویمان پەیدا کردبوو. ئیدی ئەویش بەکەماڵی مەیل ڕازی بوو و ئەم بەیانییە دەوروبەری سەعات نۆ گەیشتینە ئێرە.

لێ کاتێ کە بە ناو کێڵگە گەنمەکە کەوتین، هەستم کرد، بە تەواوەتی گەڕاومەتەوە حاڵەت و دۆخەکەی جاران. دڵی ژنان پیر نابێت! بە ڕاستی مێردەکەمم، بەم حاڵ ودۆخەی ئێستایەوە نەدەبینی. بەڵکو وەکو جاری جارانم دەبینی. سوێند دەخۆم قوربان. ئیدی هاڕوژابووم. لەباوەشم گرت. لە هەوەڵەوە وایدەزانی نیازم خراپە، دەمەوێ بیکوژم و تەواو حەپەسا. بەردەوام دەیگوت: " ئەم بەیانییە شێت بووی. شێتە... ئەوە چیتە؟ "

من گوێم لە قسەکانی ئەو نەبوو. تەنیا دەنگی دڵی خۆم دەژنەوت. ئەوم بردە ناو بێشەکەوەو ئیدی خۆت دەزانی... ئەوە ڕاستی مەسەلەکەیە قوربان، جەنابی بەڕێوەبەر.

بەڕێوەبەری شارەوانی کە پیاوێکی بە هەست بوو هەستا. بزەیەکی کرد و گوتی:- خانم! برۆن بەخێر، بەخێر بچن و لە ژێر هەژگ و بژالان و دەوەنانـدا، خەیاڵتان ئاسوودە بێت.

# ماڵباتێک

چووومە دیدەنی " سیمون رادون "ی دۆستم کە پازدە ساڵ بوو نەمبینی بوو. جاران، یەکێک بوو لە دۆستە هەرەباش و هاوبیرەکانم، یەکێک بوو لەوانەی کە شەوانی درێژم بە ئارامی و خۆشی لە گەڵیا بە سەر بردبوو. لەو دۆستانەی کە هیچم لێنەدەشاردەوەو هەموو ڕازێکی دڵی خۆم پێدەگوت و لە کاتی گفت وگۆدا، بیری ناسک، هۆشمەندانە و دڵگیرمان دەگۆڕییەوە و لە یەکدی حاڵی دەبووین و روحمان ئاسوودە دەبوو.

بە درێژایی ئەو ساڵانە هەرگیز لێکدی دانەبڕابووین. هەموو شتێکمان پێکەوە بوو، ژیانمان، سەفەرمان، بیرکردنەوەمان وخەونەکانمان هەرهەمووی پێکەوە بوو، بە عەشقی هاوبەشەوە، مامەڵەمان لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکرد. هەمان کتێبانمان دەخوێندەوە، هەمان هەست دەی خرۆشاندین، هەمیشە بەهەمان شت پێدەکەنین و خۆشمان بە دروستی نەماندەزانی کە چما بە تاقە نیگایەک لێکدی حاڵی دەبووین..

ئەو زۆر لە ناکاوا، دەگەڵ کیژێکی شارستانی، قژ زەردی لاوازی، چاوکاڵی دەنگ نزمی، سیما گەوجانەدا، کە بە نیازی دۆزینەوە و پەیداکردنی مێرد بۆ پاریس هاتبوو، زەماوەندی کرد. ئەم کیژە، کە یەکێک بوو لەو هەزاران بووکەڵانەی کە خۆ بۆ شووکردن ئامادە دەکەن، چۆن توانی بووی ئەم کوڕە بەهۆش و زیرەکە بخاتە داوەوە؟

ئایا کەس سەر لەم مەسەلانە دەردەکات؟ بێگومان دۆستەکەم بە تەمای بەختەوەرییەکی سادە وشیرین و دوور و درێژی باوەشی ژنێکی میهرەبان و وەفادار بوو و هەموو ئەمانەی لە نیگا کاڵەکانی ئەم کیژە قژ زەردەدا بینی بوو.

ئەو بیری لەوە نەکردبووەوە کە پیاوێکی چالاک وچەلەنگ، دڵبەر وبەجۆش وخرۆش، دوای ئەوەی لە هەڵوێستی گەوجانەی خۆی حاڵی بوو وئامادە نەبوو خۆی لە گێلی بدات، لە هەموو ئەم شتانە بێتاقەت دەبێت.

ئاخۆ حاڵی چۆن بێ؟ وەکو جاران سەرحاڵ، زیتەڵە، گەشبین، خەنۆڵ و بەجۆش یان ژیانی شارستانی بە تەواوەتی خەوی لێخستووە و تەپاندوویەتی؟ پازدە ساڵ زۆرە، پیاو دەگۆڕێ.

ڤیتارەکە، لە وێستگەیەکی بچووکا وەستا. وەختایەک کە لە ڤارگۆنەکە هاتمە خوارێ، پیاوێکی زۆر قەڵەو بە گۆنای سوور و ورگێکی زەلامەوە، بەباوەشی کراوەوە، بەگەرمی بەرەوپیرم هات و هاواری کرد:- جۆرج.

من باوەشم پێداکرد، بەڵام تیامابووم ئەمە کێیە. ئەوسا بە پەشۆکاوی و لەبن لێوانەوە گوتم: " سەیرە لاواز نەبووی. " ئەو بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- بە تەمای چیت؟ ژیانی باش، خوراکی خۆش! شەوانی باش! ژیانی من بریتیە لە خەوتن و خواردن!

تەمەشام دەکرد، لە دەم وچاوە پانەکەیا بۆ هێڵە جوانەکانی جاران دەگەڕام. تەنیا چاوەکانی نەگۆڕابوون، بەڵام نوڕین و نیگاکردنەکانی جارانم بەدی نەکرد. لە دڵی خۆدا گوتم: " ئەگەر ڕاست بێت کە نیگا ئاوێنەی بیرکردنەوەی بەشەر بێ، دەبێت بیرکردنەوەی ئەو، هەمان بیرکردنەوەو هزرینی جاران بێ، نابێ ئەو بیرکردنەوەیە بێ کە من دەمخوێندەوە. "

وێڕای ئەمەش، چاوەکانی پڕ لە شادمانی وخۆشەویستی، کسکەکسک دەدرەوشانەوە. بەڵام ئەم درەوشانەوە گەشەی کە بەر لە هەر وشە وقسەیەک زیاتر نیشاندەری بەهای ڕوحە، لە چاوانیا بەدی نەدەکرا.

سیمون لە ناکاوا گوتی:- ئەمانە منداڵەکانمن.

کچۆڵەیەی چواردەساڵان کە ئیدی تەقریبەن بە ژنێکی تەواو دەژمێردرا و کوڕێکی سیازدە ساڵان کە جلکی قوتابخانەی لەبەربوو، بە شەرمەوە بەرەوپیری من دەهاتن.

من لەبن لێوانەوە گوتم:- منداڵی تۆن؟

بە دەم پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ.

- چەند منداڵت هەن؟
- پێنج دانە! سیانیان لە ماڵەوەن.

ئەو قسەیەی دوایی بە جۆرە غروور و شادمانی و سەرکەوتنێکەوە کرد و من لە دڵی خۆدا بەزەییم بە حاڵیا دەهاتەوە و هەستم بە جۆرە نەفرەتێکی گۆنگ دەکرد. نەفرەت لەم بەرهەمهێنە لە خۆ ڕازی وساویلکەیە کە وەکو کەروێشکی ناو قەفەزان، شەوانی لە ماڵە کوێستانیەکەی خۆیا، بە منداڵ دروستکردن دەگوزەراند.

سواری گالیسکەیەک بووین، خۆی دەیئاژۆت، بە ناو شارێکی خەمناکی خەواڵو وبێ ڕەونەقا تێپەڕین کە جگە لە چەند سەگێک و دوو سێ کەناس و کوچەماڵ، هیچ کەس و هیچ شتێک بە شەقامەکانیەوە نەبوو.

هەر تاو ناتاوێ دووکانداریێک لەبەر دووکانەکەیەوە کڵاوەکەی لە سەری دادەگرت و سیمۆن سڵاوێکی لێدەکرد و ناوەکەی بە من دەگوت. هەڵبەتە دەیویست ئەوە بسەلمێنێ کە هەموو خەڵکی شارەکە بە ناو دەناسێت. ئەوەم بەخەیاڵدا هات کەوا دیارە لە بیری ئەوەدایە ببێت بە پارێزەر، خەونێک بوو کە هەموو زندە بەگۆڕانی شارستانان، خەویان پێوە دەبینی.

بلەز شارمان بەجێهێشت و بە گالیسکەوە خۆمان بەباخێکدا کرد کە زیاتر لە پارک دەچوو. پاشان گالیسکەکە لە بەردەم خانوویەکی بە بورج وقەڵایان وەستا، کە لە کۆشکانی سەدەکانی ناڤین دەچوو.

سیمون، بە جۆرە خاکەڕاییەکەوە گوتی: " ئێرە کولبەکەی منە. "

من بەرسڤم دایەوە:- جوانە.

ژنێک، لە سەر پلیکانەکانەوە بە دیارکەوت. خویا بوو کە خۆی بۆ ئەم دیدارە ڕازاندبووەوە و چەند ڕستەیەکی بۆ ئەم دیدارە ئامادەکردبوو. ئیدی ئەو کیژە قژ زەردە خوێنسارده نەبوو کە پازدە ساڵ لەوەپێش لە کڵێسادا دیتبووم، بەڵکو ژنێکی قەڵەو بەجلکی پلیسی ئاوریشمەوە لە بەرانبەرم وەستابوو. لەو ژنانە بوو کە هیچ کاتێ تەمەنیان نایەتە مەزەنداندن وزانین. بێ هیچ تایبەتمەندییەکی جەستەیی زەق، خاو، بێ روح و بە دوور لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبێ لە ژنێکی جواندا هەبێت. تەنیا دایکێکی قەڵەو و جەڵەبی ناچیز بوو، یانی مریشکێکی هێلکەکەر بوو، مریشکێ لە شێوەی ئینساندا، مەکینەیەکی بێچوو سازی بوو، کە جگە لە منداڵداری و ئاشپەزی بۆ هیچی دی دروست نەبووبوو.

خێرهاتنی منی کرد و من خۆم بە دالانەکەدا کرد. سێ منداڵی بچووک بەگوێرەی قەد وبالا، وەکو شاگردی خەیاتخانان کە لە کاتی سەردانی بەڕێوەبەری شارەوانیا، لە بەردەمیا دەوەستن، بەو ئاوایە بە مەبەستی دیداری من بەڕیز وەستابوون.

- ئەمانە منداڵەکانی دیکەتن؟

سیمون، بە ڕووی خۆشەوە، ناساندنی: جان، سوفی و، گونتران.

دەرگای هۆڵەکە کرابووەوە. وەژوور کەوتم و لەو سەری هۆڵەکە، لە ناو قەنەفەیەکا، شتێکم بینی کە دەلەرزی. پیرەمێردێکی ئیفلیج بوو.

مەدام رادون هاتە پێشەوە وگوتی:- ئەمە کالۆمە ( بابا، باوەگەورە، باپیرە، کال، کالۆ ) قوربان. تەمەنی شەست و حەوت ساڵە.

ئەوجا هاواری بە گوێی پیرەمێرە لەرزۆکەکەدا کرد:- ئەمە یەکێکە لە دۆستەکانی سیمون کالۆ. " پیرەمێرد هەوڵیدا سڵاو بکات، بە دەم دەست تەکاندانەوە، هەندێک دەنگی نامەفهوومی لە گەرووییەوە دەرپەڕاند: " ئو، ئا، ئو، ئا. " من بەرسڤم دایەوە کە : " تۆ کەسێکی زۆر لەبەر دڵانی قوربان. " خۆم دا بەکۆڵی کورسییەکدا.

سیمون، هاتەژوورەوە وپێکەنی:- تەعاروفت لە گەڵ کالۆدا کرد؟ پیرەمێرێکی زۆر ماقووڵە. مایەی دڵخۆشی و کەیفی منداڵەکانە.

زۆر چڵێس و نەوسنە، هەرچییەکی بدەیتێ دەیخوات، زۆرخۆرییەکەی لەوەدا نییە، خواردن بەرگەی ناگرێ. بە جۆرێ دەڕوانێتە قاپە شیرینییەکان، لە تۆ وایە تەمەشای کیژان دەکات... باوەڕناکەم لە ژیانتا شتی وا عەنتیکەت دیتبێ، پەلەمەکە تۆزێکی دی ڕاستی قسەکانمت بۆ دەردەکەوێ.

ئەوسا، منی بۆ دەست وچاو شۆردن بۆ ژوورەکەی خۆم ڕێنوێنی کرد، چونکە کاتی شام ( شێو، شیڤ ) نزیک دەبووەوە. کە لە ژوورەکەی خۆما بووم، لە سەر پلیکانەکانەوە گوێم لە دەنگی پێ بوو. ئاوڕم دایەوە، هەموو منداڵەکان، لە دوای باوکیانەوە، بێگومان بۆ پێشوازی من هاتبوون.

ژوورەکەم دەیڕوانیە دەشتێکی پان وبەرین کە لە ئوقیانووسێکی گیا، گەنم و جۆ دەچوو. هیچ درەخت یان دەوەنێک نەدەبینرا. کۆپیەکی خەمناکی ئەو ژیانەی من بوو کە دەبوایە ماوەیەک لەم ماڵەدا بە سەری بەرم.

دەنگی زەنگێک بەرز بووەوە. کاتی شێو هاتبوو. چوومە خوارەوە. مەدام رادون، بە شێوەیەکی فەرمی قۆڵی گرتم و بۆ هۆڵی نان خواردنی بردم. پێشخزمەتێک، قەنەفەکەی پیرەمێری دەڵەک دەدا. پیرەمێرد کە بە زەحمەت لە هەنبەر قاپەکەیدا گیرسایەوە، بە نیگایەکی تامەزرۆ وکونجکاوانەوە، چاوی بە یەک بەیەکی سینییە شیرینیەکاندا دەگێڕا.

سیمون، دەستەکانی لێکدی هەڵسوون وڕوویکردە من وگوتی:

- پێکەنینەکەت مسۆگەر بوو.

منداڵەکان کە دەیانزانی، بەو زووانە نمایشی کالۆ چڵێس و زۆر خۆرەکەیان، نیشانی من دەدرێت، دەستیان بە پێکەنین کرد. بەڵام دایکیان، تەنیا بە دەم شان هەڵتەکاندنەوە، سووکە بزەیەکی دەهاتێ.

رادون، لە حاڵێکا کە دەستەکانی وەکو بڵندگۆیەک بە دەمییەوە گرتبوو، ڕوو لە پیرەمێردەکە هاواریکرد:- ئەمشەو قەیماغمان بەنان برنجییەوە هەیە.

ڕووی پڕ چرچ ولۆچی پیرەمێرد، گەشایەوەو سەراپای بە توونديەكی زیاترەوە تەكان دا، تا من حاڵی بكات كە تێگەیشتووە و خۆشحاڵە.

هەمووان، دەستیان بە شێو خواردن كرد. سیمون، لەبن لێوانەوە گوتی:- تەمەشاكە!

كالۆ، حەزی لە سوپ و شۆربا نەدەكرد و خۆی لێدەبوارد، بەڵام لە بەر تەندروستی خۆی بە تۆپزی دەیانكردە دەمییەوەو پێشخزمەتەكە بە زۆر مراكێكی پڕی دەكردە دەمییەوە. ئەو بە هەموو هێزی خۆیەوە هەناسەی دەدایەوە، تا سوپ و شۆرباكە قووت نەدا و ئیدی سوپەكە لە دەمییەوە دەپرژایە سەر مێزەكە وجل وبەرگی ئەوانەی تەنیشتیەوە.

منداڵەكان لە كەیفان لوول دەبوون ودەتریقانەوە و بابیان لەوان خۆشحاڵتر، دووبارەی دەكردەوە:- پیرەمێرێكی سەیرە.

بە درێژایی مودەتی نانخواردنەكە، حەواسی هەمووان لە لای پیرەمێرد بوو. پیرەمێرد بە نیگای نەوسنی خۆی سینییەكانی سەرمێزەكەی حەپەلووش دەكرد وبە دەستەكانی كە شێتانە دەلەرزین، هەوڵیدەدا دەستیان بگەیەنێتێ و بۆلای خۆی ڕایان بكێشێت.

ئەوان، بۆ ئەوەی ڕابواردنەكەی خۆیان دەرچێت و هەوڵ و تەقەلا و لەرزە لەرزی پیرەمێر بۆ خواردنەكان و ئەو دەنگ وهاوارە نامەفهووم وگۆنگەی لە قوڵایی بوونیەوە، لە چاوەكانیەوە، لە لووتیەوە بۆ خواردنەكە هەڵدەستا بدینن، بە ئانقەست سینی یەكانیان كەمێك دوورتر لەوەوە، دانابوو. دەمی یارۆی پیرەمێرد ئاوی دەكرد و لیكاوەكەی بە سەر دەسماڵەكەیا دەڕژا و هەموو خانەوادەكە بەدیتنی ئەم عەزابە قێزەون وناخۆشە دەهاتنە حاڵ.

وەختایەک نان برنجیەكەیان هێنا، تەقریبەن گۆت بوو، لە تامەزرۆییدا دەلەرزی.

گونتران، هاواری بە سەر پیرەمێردا كرد:- تۆ زۆرت خواردووە! بەسە، ئیدی نابێ لەمە بخۆیت!

پیرەمێرد، كەوتە گریان، لە حاڵێكا ئەو لە جاران زیاتر دەلەرزی، ڕوندكی دەڕشت، منداڵەكان پێی پێدەكەنین.

سەرەنجام بەشەكەی خۆیان دایێ. پیرەمێرد، بە دەم خواردنی یەكەم پارووی گەورەی شیرینییەكەوە، دەنگێكی كومیدی لە ئەوكییەوە دەرهێنا و نزگەرەیەكی كرد و، وەكو ئەو مراویانەی كە پارووێەكی گەورە لە ئەوكیان دەگیرێت، كەوتە ملە قوتێ.

پاشان وەختایەک شیرینییەكە تەواوبوو، وەكو منداڵێك گڕوبگرێ، پێیەكانی لە عاردی دەخشاند و داوای هی دیكەی دەكرد.

من كە لە هەنبەر، عەزابی ئەم بوونەوەرە بەلەنگاز وقێزەونەدا، هەستم بە بەزەیی دەكرد ودڵم بەحاڵی دەسووتا، بۆی پارامەوە و گوتم:- كەمێكی دیكەی بدەنێ!

سیمون بەرسڤی دایەوە:- نا، دۆستی ئازیز. ئەگەر لەم تەمەنەدا زیادەخۆری بكات نەخۆشدەكەوێت.

بێدەنگ بووم، كەوتمە بیركردنەوە لەو قسەیە. چ ماقوولیەتیكی تیابوو! حیكمەتەكەی لە چیدا بوو! لەم تەمەنەدا! كەواتە تەنیا لەبەر سەلامەتی خۆی، بۆ ئەوەی نەخۆش نەكەوێ، لەو تاقە لەزەتە، لە لەزەتی خواردن، مەحرومیان

دەکرد. ئاخر ئەم پاشماوە فەرتوس و لەرزۆکە، سەلامەتی بۆچییە؟ ساغ بێ چییە و نەساغ بێ چییە؟! ئەوان بەو کارە عەمریان درێژ دەکرد. ڕۆژانی تەمەنی؟ چەند ڕۆژ؟ دە، بیست، پەنجا یان سەد؟ لەبەر ئەو؟ یان لە بەر ڕابواردنی خانەوادەکە؟

ئەو هیچ کارێکی لە ژیانی خۆیدا نەدەکرد. هیچی هیچ. تەنیا یەک حەز ویەک خۆشی بۆ مابووەوە، ئەویش خواردن بوو. بۆچی ئەم دوایین حەز و شادمانیەیان بە تەواوەتی پێ ڕەوا نەدەبینی؟

دەبوایە ئەم حەز وشادمانیەیان پێ ڕەوا بدیتبا تا بێخەم و بە ئاسوودەیی سەری ناباوە. دوای ماوەیەک وەرەقبازی چووم بۆ ژوورەکەی خۆم تا بخەوم. تا حەزکەی خەمباربووم، خەمبار، خەمبار.

لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا وەستام. دنیا کش ومات، جگە لە چەهچەهەی زۆر نەرم وخۆش و جوانی باڵندەیەک لە نێو لق وپۆپی درەختێکەوە هیچ دەنگێکی دی نەدەهات. وادیاربوو ئەم باڵندەیە، شەوانە بۆیە ئەو ئاوازەی دەخوێند تا مێچکەکەی خۆی کە لە سەر هێلکەکانی هەڵنیشتبوو، بلاوێنێ و سەرگەرم بکات و، من بیرم لە پێنج منداڵەکەی دۆستە بێنەواکەم دەکردەوە کە نها ناچاربوو، لە پاڵ ژنە پەڕپووتەکەیا، بپرخێنێ.

## میوانخانه

میوانخانەی " شورانباخ " ش، وەکو هەموو میوانخانە دارینەکانی سەر بەرزاییەکانی ئالْپ و، نزیکی چاڵە بەفرەکان وئەو باریکە ڕێگا تیشەڵان وڕووتەنانەی کە لوتکە وزناری سپی کۆجاڕەکان لێکدی جیادەکەنەوە ڕێبوارانی گوزەرگای جیمی لە خۆ دەگرێت.

ئەم میوانخانەیە ساڵانە تەنیا شەش مانگ هەیە و کراوەیەو ماڵباتی جان هاوزەر، لەوێ دەژین. هەرکە بەفر دەکەوێ، دۆڵ و دەرەکە پڕدەکات وئیدی ڕێگەی سەرکەوتن بۆ زنار ولوتکەی لویچ دەگیرێت وکەس ناتوانێ بۆی سەربکەوێ، ژنەکان و سەرگەڤاری خانەوادەکە و سێ کوڕەکەی ئەوێندەر بەجێدێڵن و پیرەمێرێکی ڕێنوێن بە ناوی گاسپار هاری، دەگەڵ گەنجێکی ڕێناس بە ناوی ئولریچ کۆنسی و سەگێکی زەلامی کوێستانی بە ناوی سام، بە دیار خانووەکە دادەنەن.

ئەم دووپیاوە و سەگەکە تا بەهار لەم زیندانە بەفرینەدا دەژین. لەو خانووەدا، کە جگە لە بناری سپی بالمورن، هیچی دی لەو دەوروبەرا بەدی ناکرێ. بنارەکە بە زنار ولوتکەێن بریقەدار، مکووم و لە بەفرا نقوم، گەمارۆ دراوە، هەمان ئەو بەفرەی کە خانووە چکۆلەکەش دەگرێت، لە سەر بانەکەی کەڵەکە دەبێ، تا پای پەنجەرەکان دێت و ڕێگای چوونە ژوورەوەی خانووەکە دەگرێت.

ئەو ڕۆژە، ڕۆژێ بوو کە ماڵباتی هاوزەر بە هۆی نزیک بوونەوەی زستان و وەرزی بارانەوە بۆ لویچ دەزڤڕینەوە. جانتاکان و ڕستی سەگەکانیان لە سێ قاتران بارکرد و سێ کوڕەکە دەیانئاژۆتن و کەوتنەڕێ.

دایکیان، واتە جان هاوزەر و لویزی کیژی بە سواری قاتری چوارەم دوای ئەوان کەوتن.

باوکیان، دەگەڵ هەردوو پاسەوانی میوانخانەکەدا کە دەبوایە ماڵباتەکە تا پاینی هەڵدێرەکە بەڕێ بکەن، ڕێی دەکرد.

لە هەوەڵەوە بە دەوری ئەو دەریاچە قووڵەی نێوان تاوێرەکانی بەرانبەر میوانخانەکەدا، کە بەستبووی، سووڕانەوە، پاشان بە دۆڵێکی ڕوناکدا تێپەڕین، کە لە هەموو قۆڵێکەوە زنار وقولەێن بەفر گرتوو، سێبەریان بەسەرا کردبوو.

تیرۆژێک لە ڕوناکی خۆر، درەخشان و سەهۆڵئامێز، دابووی لەم بیابان و دەشتە سپیە وپرشینگێکی هێندە بە تینی دەدا کە چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە. هیچ شوێنەوارێکی ژیان لەم دەریای لوتکانەدا، هیچ تەڤگەرێک لەو تەنیاییە بێ سنوورەدا بەدی نەدەکرا و هیچ دەنگێک، بێدەنگیە مەندەکەی نەدەشڵەقاند.

وردە وردە ڕێناسە گەنجەکە کە ئولریچ کونسی ناوبوو و سویسراییەکی لنگ درێژ بوو، کەوتە پێش بابا هاوزەر وگاسپارهاری، تا بگات بەو قاترەدا (هێستر) کە دوو ژنەکەی بە سەرەوە بوو.

ئافرەتە گەنجەکە، تەمەشای ئەوی دەکرد، لە تۆ وایە بەچاوانی خەمینەوە ئەو بانگدەکات. کچۆڵەیەکی گوندی ئەندام وردیلەی قژسوور بوو، گۆناکانی سپی دەتگوت چۆڕی شیرە و قژەکەی بەڕادەیەک کاڵ بوو، دەتگوت بە هۆی ئەوەوە کە ماوەیەکی زۆر لە نێو بەفر و بەستەڵەکدا مابووەوە، کاڵ بووەتەوە.

وەختایەک ڕێناسە ( ڕێنما، ڕێ نیشاندەر ) سویسرییەکە لە قاترەکە نزیک بووەوە، دەستی خستە سەر کەفەڵی وڕێکردنەکەی خاو کردەوە.

دایکە هاوزەر، قسەی بۆ دەکرد وهەموو ڕاسپاردەکانی زستانی بە وردی پێدەگوت و ئامۆژگاری دەکرد کە چی بکات و چی نەکات. کابرای سویسری ئەمە یەکەمجاری بوو لەو بەرزاییانەدا بمێنێتەوە، بەڵام هاری ی پیر چواردانە زستانی لە ژێر بەفر و بەستەڵەکدا، لە میوانخانەی شورانباخ قەتاندبوو.

ئولریچ کونسی، بە ڕواڵەت گوێی لە قسەکانی دایە هاوزەر دەگرت، لێ وادیاربوو هۆشی لە قسەکانی ئەو نەبوو و چاوی لە کیژە گەنجەکە بوو. هەر تاو ناتاوێ دەیگوت:- بە چاوان مەدام هاوزەر. بەڵام بیری لە جێیەکی دیکە بوو و ڕوخساری ئارامی بێ ئاگا دیاربوو. گەیشتنە دەریاچەی دوب، کە لە قولایی دۆڵێکدا گیرسابووەوە و سەرەکەی ساف وبەرین بەستبووی. بەدەستە ڕاستا قوللەی دوبنهورن، بەتیشە شاخە ڕەش و نووک تیژەکانیەوە، لە کەنار چاڵە بەفرە مەزنەکانی " لومرن " وە کە دەیڕوانیە ویلدستروبل، خۆ نوێنی دەکرد.

کە گەیینە بستوی جیمی ( بستو: زینو، ملەی کێو ) کە لەوێندەرەوە سەرەولێژگەیەک بەرەو لویچ شۆڕ دەبووەوە، لە ناکاوا کوجاڕەکانی ئاڵپی دەڤەری ڤەلە کە دۆڵە قووڵ وبەرینەکەی جن لێکدی جودای دەکردنەوە، بەدیارکەوت.

لە دووری دوورەوە، لوتکە وزنارێن سپی، نزم وبەرز، خڕ ویان نووک تیژ، کە لە ژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشانەوە، بەدی دەکران. کۆی ئەم لوتکانە " میشابل " یان ناوبوو و دوو زنجیرە بوون: زنجیرە کێوێن ویسهورن و برانیهورن بوون. لوتکەی بەرز و قوچەکی سرڤین کە خەڵکانێکی زۆری لێ هەڵدێرابوون و لوتکەی دان بلانچ کە شێوەیەکی سەیری هەبوو، دوو لوتکەی ئەم زنجیرە چیایە بوون.

لویچ، لە پای چیاکاندا، لە ناو دۆڵێکی گەورەدا کە لە تەمتومانێکی ترسناکا ڕۆچووبوو، دەبینرا. خانووەکان لە ناو ئەم خەرەندە مەزنەدا، کە دەیکردە کۆتایی ناوچەی جیمی و سەرەتای ڕن، لە دەنکە چەو دەچوون.

هێسترەکە، لە ڕەخی جادەکەیا، کە وەکو مار لە ناو جەرگەی کێوەکەدا پێچی دەخوارد و یەجگار خەیاڵاوی و جوان بوو، وەستا. جادەکە بە دەوری کۆسارەکەی سەمتی ڕاستا دەسووڕایەوە و دەگەییە گوندێکی بچووکی بناری کێوێک کە بە زەحمەت دەبینرا. ژنەکان خۆیان هەڵدایە سەر بەفرەکە.

دوو پیرەمێرەکە گەیی بوونە وان. بابە هاوزەر گوتی:- زۆرچاکە دۆستان. تا ساڵی داهاتوو بە خواتان دەسپێرم. مەترسن!

بابا هاری دووبارەی کردەوە:- تاساڵی داهاتوو.

یەکتریان لە هەمێز گرت، پاشان دایە هاوزەر و کچۆڵەکەش دەس وبۆسیان دەگەڵ بابە هاری دا کرد. کە نۆرە هاتە سەر ئولریچ کونسی، بەگوێی لویزای چپاند: " ئەوانەی لەو سەرە دەمێننەوە فەرامۆش نەکەن! " کیژێ بە دەنگێکی نەرم و میهرەبان کە ئولریچ بە مەزەندە لە مەبەستی حاڵی بوو، بەرسڤی دایەوە: " بێگومان. "

جان هاوزەر گوتی: - دەیسا خوداحافیز، بەخێر وسەلامەت.

لە کاتێکا کە بە بەردەم ژنەکانا ڕەتدەبوو، بە سەرەولێژگەکەدا شۆڕ بووەوە.

ئیدی زوو بەزوو هەرسێکیان لە یەکەم پێچی جادەکەدا کەوتنە نەدیوی و دوو پیاوەکەش بەرەو میوانخانەی شورانباخ کەوتنەڕێ. شانبەشانی یەکدی و بێئەوەی چ قسەیەک بکەن، بە خاوی ڕێیان دەکرد. هەموو شتێک تەواو بووبوو و دەبوایە چوار پێنج هەیڤان بە تەنیا بەسەر بەرن.

پاشان گاسپار، کەوتە باسکردنی ژیانی خۆی لە زستانی ڕابردوودا. پار، دەگەڵ میشیل کانول دا ژیابوو. میشیل کانول ئیدی لەوە پیرتر بوو کە لە عۆیەی ئەم کارە بێت، چونکە لە تەنیایی درێژخایەنا ئەگەری هەر بویەرێک هەبوو. ئەوان دووچاری بێتاقەتی نەبووبوون، چونکە لەیەکەمین ڕۆژەوە ئەم کێشەیەیان بەسەرگەرمی، یاری و کات بەسەربردن، چارەسەر کردبوو.

ئولریچ کونسی، لە حاڵێکا کە چاوی بڕی بووە ئەرزەکە و ڕوحی لە لای ئەوانە بوو کە بەرەو گوندەکە ڕۆیی بوون، گوێی لە قسەکانی ئەو دەگرت.

زوو بەزوو میوانخانە بچووکەکە، کە بە زەحمەت دەبینرا، وەکو خاڵێکی ڕەش بە سەر شەپۆلێکی گەورەی بەفرەوە، بە دیار کەوت.

وەختایەک کە دەرگاکەیان کردەوە. سام، سەگە زەلامەکە بە هەشتاو بە پیریانەوە چوو وبە دەوریانا کەوتە کلکە سووتێ.

گاسپاری پیر گوتی:- دەی کوڕی من، ئیدی هیچ ژنێکمان لە دەور نییە. دەبێ مشورێکی خۆمان بخۆین و شێو ئامادە بکەین. دەی تۆ پەتاتەکان پاک بکە!

هەردووکیان لە سەر تەختێن دارین ڕۆنیشتن وکەوتنە ئامادەکردنی شۆربا.

سبەینێ کە لە خەو ڕابوون، ئولریچ کونسی زۆر بێتاقەت بوو، ڕۆژەکەی لێنەدەڕۆیی. هاری پیر سیغاری دەکێشا و تفەکەی دەکردە کوانگەکەوە. ئولریچ، لەبەر پەنجەرەکە وەستابوو و تەمەشای چیایە درەخشانەکەی بەرانبەر خانووەکەی دەکرد. سەرەنجام ئولریچ کونسی، دوای نیوەڕۆ لە ماڵ وەدەرکەوت، بەدەم بیرکردنەوەوە لە بەسەرهاتە خەمناکەکەی دوێنێ، شوێن پێی ئەو قاترەی هەڵگرت کە دوو ژنەکەی بردبوو و کە گەییە زینوی جیمی، بەدەما لە ڕەخی هەڵدێرەکە ڕاکشا وچاوی بڕییە لویچ.

گوندەکە لە ناوەندی تاوێرەکانی دەوروبەریا، هێشتا بەفر داینەپۆشی بوو، بەڵام کاژستانەکانی دەوروبەری لە ژێر چڕە بەفردا نقوم بووبوو. لەوسەرەوە خانووە نزمەکانی گوندەکە ، لە ڕاڕەوی چەوڕێژی ناو چەمەنزارێک دەچوون.

کچۆڵەکەی ماڵباتی هاوزەر نها لە ناو یەکێک لەو خانووە کەوەبیانەدا دەژیا. کێهان خانوویان؟ ئولریچ کونسی، زۆر لەوە دوورتر بوو کە بتوانێ خانووەکان لێکدی هاوێر بکات. چەند خۆشبوو کە ئێستا توانیبای بڕواتە خوارەوە. لێ خۆر لە پشت قوللەی مەزنی ویلدستروبلەوە ئاوا بووبوو و ئولریچ کونسی بە ناچاری بۆ خانووەکە زڤڕییەوە. بابە هاری خەریک بوو جگەرەی دەکێشا. هەر کە هاوخانووەکەی بینی، پێشنیازی کرد کە وەرەقبازی بکەن. لە دەوری مێزێک و لە بەرانبەر یەکدی ڕۆنیشتن. ماوەیەکی زۆر بیست ویەکیان کرد، پاشان شێویان خوارد و لێی نووستن.

ڕۆژانی دواتریشیان وەکو ڕۆژی یەکەم بە سەربرد، ڕۆژانێکی هەتاو و سەرما و بێ بەفری تازە.

گاسپاری پیر، دوانیوەڕوانی بە تەمەشای ئەو هەڵۆ و باڵندە دەگمەنانە بە سەر دەبرد کە بە سەر لوتکە و زنارە سەر بە بەفرەکانەوە دەفڕین، لێ ئولریچ، هەموو دوانیوەڕۆیەک دەچوو بۆ ملەی جیمی تا لەوێندەرەوە تەمەشای گوندەکە بکات، پاشان کۆنکان و دۆمینەیان دەکرد وبۆ ئەوەی وەختەکەیان بەخۆشی لێبڕوات جارجار لە سەر پارەیەکی کەم گەمەیان دەکرد.

ڕۆژێک کە هاری بەیانی لە پێش هاوڕێکەیەوە بێدار بووبووەوە هاوڕێکەی گاز کرد. هەورێکی بزۆز، توند و سپی، بەکڕ وکپی بە سەریاندا تێدەپەڕی و سێبەرەکەی بە دەوروبەریاندا دەخشی و بەرە بەرە ئەوانی دەخستە کونی ژوورەوە و چواردەوریانی لە بەفرا سپی دەکرد. ئەم ڕەوشە چوار شەو وڕۆژ بەردەوام بوو.

دەبوایە دەرگا وپەنجەرەکان دابخەن و دالانێ هەڵبکەنن و چەند پلیکانەیەک دروستبکەن تا بتوانن خۆیان بگەیەننە سەر ئەم بۆدڕە سەهۆڵینەی کە لە مودەتی دوازدە سەعات سەهۆڵبەندانداندا وەکو بەرد ڕەق بووبوو. لەم هەل ومەرجانەدا ئەوان وەکو زندانییان دەژیان و بەهیچ کلۆجێ لە خانووەکە نەدەچوونە دەرەوە. ئەم دوو پیاوە کارەکانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کردبوو. ئولریچ کونسی کاری خاوێنکردنەوە و شۆردنی شتەکانی دەکرد، دارشکاندنیش لەملی ئەو بوو، گاسپار هاری کاری ئاشپەزی و ئاگرکردنەوەی لە ئەستۆ بوو، هەڵبەتە بەدەم ئەو کارە یەکهاوی و یەک نەوایانەوە کۆنکانیشیان دەکرد. ئەم دووانە قەت بەشەڕ نەدەهاتن و هەردووکیان هێدی و بە حەوسەڵە بوون، بێتاقەتی و بێزاریان دەرنەدەبڕی و قسەی ناخۆشیان بە یەکدی نەدەگوت، چونکە بۆ ئەوەی ئەو زستانە لەو چیا وچۆڵە بەسەر بەرن پێویستیان بە بەردەباری و تەحەموول هەبوو.

جارجارێک گاسپاری پیر، تفەنگەکەی هەڵدەگرت ودەکەوتە تاقیبی بزنەکێویان. هەرچەندە بزنە کێویان لە نزیکی ئەوان دەژیان، بەڵام لە نێو کاژستانەکانی ئەو دەوروبەرەدا، خۆیان دەشاردەوەو بە ئاسانی نەدەدۆزرانەوە. خۆ ڕاوکردنی بزنە کێوییەک، لە میوانخانەی شوارنباخ دا بە جەژن و ئاهەنگێکی گەورە دەژمێردرا، جەژن وئاهەنگی خواردنی گۆشتی تازە.

ڕۆژێک گاسپاری پیر، لای بەیانی بە نیازی ڕاو لە ماڵ وەدەرکەوت. پلەی گەرمای دەرێی ماڵەکە هەشت بۆ دە پلەی ژێر سفر بوو. هەتاو هێشتا گزنگی نەدابوو کە ڕاوچی پیر، بە نیازی دۆزینەوەی نیچیر بەرەو ویلدستروبل کەوتەڕێ.

ئولریچ کە بە تەنیا مابووەوە، تا سەعات دەی بەیانی خەوت. ئولریچ هەر بە تەبیعەت خەواڵو و خەوخۆش بوو، لێ هەرگیز لە حوزووری ڕێنوێنی پیرا کە هەمیشە زوو ڕاب وسەرحاڵ بوو، جورئەتی نەدەکرد زیاد لە پێویست بنووێت.

ئولریچ، بە کاوەخۆ دەگەڵ سام دا، کە ئەویش شەو وڕۆژی بە دەم خەوتنەوە لە بەر ئاگرا بەسەر دەبرد، قاوەڵتی کرد. دوای تێشت ونانی بەیانی هەستی بە خەمباری کرد، تەنانەت ترسی تەنیایی دایگرت و هەستی کرد پێویستی بە کونکانە هەمیشەییەکەیەتی کە خووی پێوە گرتبوو.

بۆیە، بە نیازی پێشوازی دۆستەکەی کە دەبوایە سەعات چوار بزڤرێتەوە، لە ماڵ وەدەرکەوت.

بەفرێکی ئەستوور سەرانسەری خەرەند ودۆڵە قووڵ و قوللە و لوتکەکانی داپۆشی بوو. فاسیلەی نێوان لوتکەکان، وەکو کووپەی گەورەی سەهۆڵ زەدە سپی دەچوونەوەو ڕوناکییەکی ئەوتۆیان لێبەرز دەبووەوە کە چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە.

ئولریچ، سێ هەفتە بوو نەچووبوو بۆ ڕەخی ئەو هەڵدێرەی کە لەوێندەرەوە تەمەشای گوندەکەی دەکرد. حەزی دەکرد کە پێش بەستنی ئەو ڕێگایەی بۆ ویلدستروبل دەڕۆیی، بۆ ئەوێندەر بڕوات. لویچ هەنووکە کەوتبووە ژێر بەفرەوە و لە ژێر بەفرا نەدەبینرا وخانووەکان کە لە ژێر بەفرا نوستبوون، نەدەبینران.

بە سەمتی ڕاستا پێچی کردەوە وبەرەو چاڵە بەفرەکانی " لومرن " سەرکەوت. بە هەنگاوی هەراو، کە عادەتی پیاوانی چیانشینە، ڕێی دەکرد و بە عاسا کانزاییەکەی بەفرەکەی کە وەکو بەرد ڕەق بووبوو، تاقی دەکردەوە و بە چاوە تیژەکانی دەیڕوانیە دووری دوور و لە قوڵایی ئەو فەرشە بێ سنوورەدا چاوی بۆ خاڵێکی ڕەش و بزۆز دەگێڕا.

وەختایەک گەییە پای چاڵە بەفرەکە، وەستا و لەخۆی پرسی:- ئایا پیرەمێرد ڕێگای دۆزیوەتەوە؟

ئەوسا، بلەز و بە نیگەرانیەکی زیاترەوە، بەپێیان کەوتە لابردنی خڕەکە بەردەکانی بەر چاڵە بەفرەکە.

نزیکی خۆر ئاوابوو. بەفرەکە سووری دەنواند و بایەکی وشک و تەزی بەسەر بەفرە بلورینەکەدا دەهات. ئولریچ، هاوارێکی تیژ، لەرزۆک و دوور و درێژی کرد و دۆستەکەی گازکرد. دەنگی لە نێو ئەو بێدەنگیە کوشندەیەدا کە باڵی بە سەر کۆجاڕەکەدا کێشابوو، تا دووری دوور ڕۆیی و لە نێو شەپۆلی بێجووڵە و قووڵی بەفر و بەستەڵەکەکەدا، وەکو قیژەی باڵندەیەک بێ و بە سەر شەپۆلی ئاودا پەخش ببێتەوە، بەو ئاوایە بڵاو بووەوە.

ئولریچ درێژەی بە ڕێگای خۆ دا، هەتاو لە پشت ئەو زنار و لوتکانەوە کە هێشتا ڕوناکی ئاسمانیان بە سەرەوە بوو، بەرەو ئاوابوون دەچوو، لێ قوڵایی دۆڵەکە سات بە سات تاریکتر دەبوو. لە ناکاوا ترسی لێنیشت. هەستی دەکرد کە بێدەنگی، سەرما، تەنیایی و مەرگی زستانەی ئەو لوتکانە بەرەو ئەو دێت و چیوای نەمابوو کە خوێنی بمەیێ و لە جووڵەی بخات، ئازای بەدەنی وشک بکات و جووڵەی لەبەر ببڕێت و ڕەقی بکاتەوە. بەغار بەرەو خانووەکە گەڕایەوە. وای بۆ دەچوو کە پیرەمێر، لە غیابی ئەواو لە ڕێگایەکی ترەوە بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە و هەنووکە بەخۆی و بزنە کێوییەکەوە لە بەر ئاگرا دانیشتووە.

زوو بەزوو میوانخانەکە بەدیار کەوت. هیچ دووکەڵێک لە خانووەکەوە هەڵنەدەستا. ئولریچ، توندتر تاوی دا و دەرگاکەی کردەوە. سام، بە هەشتاو هاتە پێشوازی، لێ گاسپار هاری پیر، هێشتا نەزڤڕی بووەوە.

کونسی، حایر وحەپەساو، بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. دەتگوت چاوەڕوانی ئەوە بوو کە هاوخانووەکەی لە سووچێکی پەنهانی خانووەکەدا بدۆزێتەوە. ئەوسا ئاگری کردەوە و شۆربای نایەسەر ئاگر. هێشتا هەر بەهێڤی گەڕانەوەی پیرەمێرد بوو.

هەر سا ناساتێ لە خانووەکە وەدەر دەکەوت و چاوی دەبڕییە ڕێگا تا پیرەمێرد بگەڕێتەوە. شەو داهات. شەوێکی سپی کوێستانی، شەوێکی ڕەنگزەرد، شەوێکی قوڕ قوشمینی درەخشان. دەتگوت بە درێژایی ئاسۆ، خاچێکی زەردباو ناسک لە پشت لوتکەکانەوە دەکەوت.

پیاوە گەنجەکە پاشان گەڕایەوە، بە دەم گەرم کردنەوەی دەست و لاقەکانییەوە، بیری لەو بویەرانە دەکردەوە کە لەگین بوو ڕووبدەن.

دوورنییە لاقی گاسپار هاری شکابێ، ڕەنگە کەوتبێتە خەرەندێکەوە یان هەنگاوێکی هەڵەی نابێت و ئەژنۆی شکابێ و ئێستا لە ناو بەفرا کەوتبێ. لەگینە سەرما کەسیرەی کردبێ و لە پەل وپۆ کەوتبێت.

بێگومان پیرەمێرد، ترساو وسەرگەردان، بە هەموو هێزی خۆیەوە لە بێدەنگی شەوەکەدا هاواری کۆمەکی کردووە.

لێ لە کوێ؟ کۆسار، بە تایبەتی لەو وەرزەدا بە ڕادەیەک بەرین، سەخت و لە ئاوەدانیەوە دووربوو کە پازدە بیست ڕێنمای لەزەبری پێویست بوو تا لەماوەی هەشت ڕۆژدا، لەم سەرزەمینە هەزار بە هەزارەدا کەسێک بدۆزرێتەوە.

وێڕای ئەمەش، ئولریچ کونسی بڕیاریدا کە ئەگەر گاسپار هاری تا نیوەشەو و سەعات یەکی شەو نەگەڕایەوە دەگەڵ سام دا بڕوات بە سۆراغییەوە.

خۆی بۆ ئەم کارە ئامادەکرد. بەشی دوو ڕۆژ خواردنی خستە کۆڵەپشتیەکەیەوە. عاسا کانزاییەکانی هەڵگرت. پەتێکی باریک، مکووم و درێژی لە خۆیەوە ئالاند. تەمەشایەکی عاسا کانزاییەکەی کرد. ئەو تەورەشی کە بۆ دروستکردنی جێ پێ لە نێو بەستەڵەکا پێویست بوو، تاقیکردەوە. ئەوسا چاوەڕوانی کرد. ئاگرەکە لە موغەیرییەکەدا کڵپەی دەسەند. سەگە زەلامەکە لەبەر ڕوناکی و بلێسەی ئاگرەکەدا وەنەوزی دەدا. سەعاتە چاڵمەکە بەقەد دیوارەکەوە وەکو دڵی ئینسان، بەڕێک وپێکی لە چوارچێوە دارینەکەیدا لێی دەدا و چرکەچرکی دەکرد.

ئولریچ، گوێی بۆ ئەو دەنگانە هەڵخستبوو کە لە دووری دوورەوە دەهاتن، هەرجارێ کە بایەکە شیروانی و دیوارەکانی دەلەرزاند، بەدەنی ئەویش دەکەوتە لەرزین.

سەعاتە چاڵمەکە نیوەشەوی ڕاگەیاند. ئولریچ کونسی ڕاجفری. ئەوسا بەترس و لەرزەوە ئاوی بە ئاگرەکەدا کرد و پێش ئەوەی بەڕێبکەوێ قاوەیەکی گەرمی خواردەوە.

وەختایەک سەعاتە چاڵمەکە یەک کەڕەت لێی دا، ئولریچ هەستا، سامی بێدار کردەوە، دەرگای ڤەکرد و بەرەو ویلدستروبل بەڕێکەوت. لەوکاتەدا کە بە کۆمەکی پەتەکە، بە تاوێرە بەفر گرتووەکاندا سەردەکەوت، سەگەکە لە ڕەخی هەڵدێرەکەدا چاوەڕوانی ئەو بوو. شەش دانە سەعاتی پێچوو تا گەییە یەکێک لەو لوتکانەی کە گاسپار زۆرجار بۆ ڕاوی بزنەکێویان دەچووە ئەوێندەر. و چاوەڕوانی کرد تا خۆر هەڵبێت.

ئاسمانەکەی دیار سەری ئەو بەرەبەرە ڕەنگی هەڵدەبوارد. لە ناکاوا ڕوناکییەکی سەیر کە لە خاڵێکی نادیارەوە، بە توندی ئۆقیانووسی لوتکە سپیەکانی دەوروبەری داگرت، شەوقی دایەوە و بەئاسماندا بڵاو بووەوە. بەڵام بەرە بەرە لوتکە هەرە بەرز و زۆر دوورەکان ڕەنگێکی ئامال سووری نەرمیان وەرگرت، لە ڕەنگی گۆشت دەچوو و هەتاوی سوور لە پشت کێوە زەبەلاح و دێوئاساکانی ئالپەوە بەدیارکەوت.

ئولریچ کونسی کەوتەڕێ. وەکو ڕاوچییەک بە کۆمەکۆم دەڕۆیی و بە سەگەکەی دەگوت:- بگەڕێ! تاقیب بکە!

نها دووبارە بە چیایەکاندا سەردەکەوت و لە کاتێکا چاوی بە دۆڵ و هەڵدێرەکاندا دەگێڕا، جارجار بە هاوارێکی دوور ودرێژ کە زوو زوو لەو دەڤەرە بەستەڵەک و جەمەدیەدا خامۆش دەبوو، دۆستەکەی گاز دەکرد. هەندێجار وای هەست دەکرد کە گوێی لە دەنگێکە و گوێی بە ئەرزەکەوە دەنا، بەڵام دووبارە تێ هەڵدەچووەوە و دیسان

دەکەوتەوە بانگکرنی دۆستەکەی. بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدەژنەوت و شەکەت و ماندوو ونائومێد دادەنیشت. نزیکی نیوەڕۆ فراڤینی خوارد و خواردنی بە " سام " ش کە بە ئەندازەی ئەو شەکەت بوو دا و دووبارە کەوتە گەڕان.

کە بوو بە عەسر، ئەو هێشتا دەگەڕا، پەنجا کیلومەتر ڕێگای لەو کۆجاڕەدا تەی کردبوو. چونکە زۆر لە ماڵەکە دوور کەوتبووەوەو گەڕانەوەش زۆر زەحمەت بوو و هەروەها لەوە شەکەت تر بوو کە بتوانێ ڕێبکات، کونێکی لە بەفرەکەدا هەڵکەند و لەگەڵ سەگەکەیدا خۆیان بەژێر ئەو لێفەیەدا کرد کە دەگەڵ خۆیدا بردبووی. هەردووکیان خەوتن و لەشیان تا سەر ئێسقان جەمەدی بوو، بەیەکەوە چەسپاند.

ئولریچ، خەوی لێنەکەوت، ڕوحی گیرۆدەی خەیاڵێن ناخۆش بوو و ئازای بەدەنی دەلەرزی.

وەختایەک کە لە جێگا هەستا، بەیان ئەنگاوتبوو. ئەژنۆکانی وەکو لوولە ئاسن ڕەق بووبوون و هەرکە گوێی لە دەنگێک دەبوو، لە ترسا زمانی دەبەسترا و دڵی لە هەیەجاندا دەلەرزی. لە ناکاوا بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت ئەویش لەم تەنیایی و ترس و لەرزەی مەرگا، دەمرێت. لە حاڵێکا بە خورتی ورەی خۆی بەرز دەکردەوە، هەوڵیدەدا توانای خۆی بە دەست بێنێتەوە.

ئیدی بەرەو میوانخانەکە دەڕۆیی. بە دەم ڕێکردنەوە دەکەوت وهەڵدەستایەوەو " سام " یش کە لاقێکی دەشەلی، دوای دەکەوت. نزیکەی سەعات چواری دوانیوەڕۆ گەیینەوە شورانباخ. ماڵەکە چۆڵ وهۆڵ بوو. ئولریچ، ئاگری کردەوە، نانێکی خوارد و چووەناو جێگاوە، بە ڕادەیەک ماندوو بوو کە بیری لەهیچ نەدەکردەوە.

ماوەیەکی زۆر خەوت. خەوێکی قووڵ، لێ لە ناکاوا دەنگێک، هاوارێ کە ئەوی بانگ دەکرد، خەوە قووڵەکەی زڕاند ولە خەوی هەستاند. ئایا خەوی بینی بوو؟ ئایا لەو جۆرە هاوارە سەیرانە بوو، کە دێنە خەونی خەڵکانی نیگەران؟ نە. دووبارە گوێی بە هەمان هاوار زرینگایەوە، هاوارێکی لەرزۆک کە دەچووە کرکراگەی گوێیەکانییەوە، لە سەراپای جەستەیا دەنگی دەدایەوە. بێگومان کەسێک هاواری دەکرد و بە ناو ئولریچی گاز دەکرد. کەسێک لەوناوە و لە نزیکی خانووەکە بوو. گومانی تیا نەبوو. دەرگای ڤەکرد و تاهێز لە گەروویا بوو هاواریکرد:- گاسپار، تۆی؟

کەس بەرسڤی نەدایەوە. چ دەنگ، زەمزەمە و جووڵەیەک لە ئارادا نەبوو. هەرهیچ. شەو بوو و بەفرەکە ڕەنگی بواردبوو. بایەکی تەزی، سەهۆڵێن کە بەردی شەق دەکرد و هیچ بوونەوەرێکی سەر ئەو بەرزاییە چۆڵانە بەرگەی نەدەگرت، هەڵیکردبوو، بایەکی وشک و کوشندە، کە لە بای داغ و گڕەی بیابانیش کوشندەتر بوو. ئولریچ جارێکی دی هاواریکرد: گاسپار! گاسپار! گاسپار!

ئەوسا، بەدەم چاوەڕوانییەوە وەستا. هەموو شتێک لەو کۆسارەدا وشک هەڵاتبوو، جەمەدی بوو. لە ناکاوا ترسی گەییە سەر ئێسقان. بە قەڵەمبازێک خۆی گەیاندە ناو خانووەکە، دەرگای داخست، قفڵەکانی لێدان و پاشان لە کاتێکا بە دەم سەرماوە هەڵدەلەرزی کەوتە سەر کورسییەک. لەوە دەچوو، ڕێک لەو کاتەدا کە گوێی بە هاواری دۆستەکەی زرینگابێتەوە، کە بە دەم ئاوزینگەوە ڕوحی دەرچووبێ!

وەکو چۆن لە زندووبوونی خۆی یان لە نان خواردنی خۆی دڵنیابوو، بەو ئاوایە دڵنیابوو کە ئەو بویەرە ڕوویداوە. گاسپار هاری پیر، دوو ڕۆژ و سێ شەوی لە چاڵێکی ناو دۆڵێکی قووڵی عاسی دا، کە سپیەتیەکەی لە تاریکی سیاچاڵان شوومتر بوو، بەدەم گیانەڵڵا وئاویلکەوە بە سەر بردبوو. بەڵێ دوو ڕۆژ و سێ شەو بەگژ

مەرگا چووبووەوە و لەو ساتەدا کە دەنگەکە بیسترابوو، پیرەمێرد، لە کاتێکا بیری لە دۆستەکەی دەکردەوە، گیانی سپاردبوو و روحی ئازادی بەرەو میوانخانەکەی نشینگەی ئولریچ لە شەقەی باڵی دابوو بە دەنگی ڕازئامیز و ترسناکی روحی ئەو مردووانەی کە سەروساخت دەگەڵ زندووان دا پەیدا دەکەن، ئەوی بانگ کردبوو، هاواری بۆ ئەو بردبوو. ئەم ڕوحە، بە بێدەنگی هاواری بۆ ڕوحی بێتواناى کابرای خەوتوو بردبوو و بۆ دواجار خاترخوازی لێکردووە یان گلەیی لێکردووە یان ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە کە وەکو پێویست بە هانایەوە نەچووە و سۆراغی نەکردووە.

ئولریچ، هەستی بە روحی ئەو لەو ناوە، لە نزیکی خۆی، لە پشت ئەو دەر ودیوارەوە دەکرد کە تۆزێ لەوەپێش داخرابوون. روحی پیرەمێرد، وەکو باڵندەیەک کە بە شەوارە دەکەوێ و پەڕوباڵی لە پەنجەرەی ڕوناکی ماڵێک هەڵدەسووێت، سەرگەردان بووبوو و ئولریچ، لە حاڵێکا کە ورەی بەردابوو، هەستیدەکرد کە دەیەوێ لە ترسا هاواربکات. دەیویست هەڵێت، لێ زاتی نەدەکرد لە خانووەکە وەدەربکەوێت. لە خۆی ڕانەدەبینی و بەڕاستی لەوە بە دواوە دڵی بە هیچ کارێکەوە نەبوو. تا ئەوکاتەی کە جەندەکەکەی ڕێنمای پیر نەدۆزراباوە و نەنێژرابا، تارمایی ئەو لەوناوە، لە دەوروبەری میوانخانەکە دوور نەدەکەوتەوە.

ڕۆژ بووەوە، کۆنسی بەدیتنی گزنگی هەتاوەکە کەمێک وەخۆهاتەوەو جورئەتی پەیداکرد. خواردنی بۆ خۆ ئامادەکرد. شۆربای بۆ سەگەکەی لێنا. پاشان مات وخەمین، بە دڵێکی ڕەنجاوەوە بە دەم بیرکردنەوەوە لە کابرای پیرەمێرد، کە لە سەر بەفرەکان خەوی ئەبەدی لێکەوتبوو، دانیشت.

هەرکە شەو باڵی بە سەر کوجاڕەکەدا کێشا، ترسێن تازە سەراپای هێنایە لەرزین. نها لە مووبەقە تاریکەکەدا، کە بە ئاستەم، مۆمێک ڕوناکی کردبووەوە، بە هەنگاوی هەڕاو لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر دەهات ودەچوو. گوێی هەڵخستبوو، بەڵکو دیسان گوێی بە هاوارێکی ترسناک بزرینگێتەوە کە بێدەنگییە شوومەکەی دەرێی خانووەکە بڕەوێنێتەوە. بە ڕادەیەک خۆی بەتەنیا و نەگبەت دەزانی وەکوی ئەوەی هیچ بەنی بەشەرێک تا ئەو ساتە بەتەنیا نەبووبێ. بە تاقی تەنیا لەم دنیای سەهۆڵبەندانەدا مابووەوە. دوو هەزار مەتر بەرزتر لە ئاوەدانی و بەرزتر لە ماڵی خەڵکی، لە ژێر ئاسمانی سەهۆڵیندا، بە تاقی تەنیا! مەیلێکی شێتانە داگیری کردبوو، لە سەراپای نیشتبوو:

مەیلی هەڵاتن لە خانووەکە، ئیدی بۆ هەرکوێیەک وبە هەرجۆرێک بێت. لێ تەنانەت زاتی ئەوەی نەدەکرد دەرگاکەش بکاتەوە و دڵنیابوو کە پیرەمێرە مردووەکە ڕێی پێدەگرێت تا لەو بڵندایییەدا بە تەنێ نەمێنێتەوە.

دەور وبەری نیوەشەو، لە کاتێکا ئەوەندە بە نێو ژوورەکەدا هات وچۆی کردبوو و بە هۆی دڵەڕاوکە و ترسەوە، شەکەت بووبوو، ئەنجام لە سەر کورسییەک دانیشت، چونکە لە تەختەخەوەکەی، وەکو شوێنێک کە ڕوحان هات وچۆیان بەسەرەوە دەکرد، دەترسا.

لە ناکاوا، هاوارێکی تیژ لە ناو جەرگەی ئەو شەوەوە، جارێکی دی لە گوێیدا زرینگایەوە. هاوارێکی لە ڕادەبەدەر تیژ، کە ئولریچ دەستی برد تا ڕوحەکە بتارێنێ و بە سەر کورسییەکەوە بە پشتا کەوت.

سام، کە لە هەرا و هەنگامەکە خەبەری بووبووەوە، وەکو چۆن سەگان لە کاتی ترسا وەخۆ دەکەون، بەو ئاوایە کەوتە وەڕین و سووڕانەوە بە دەوری خانووەکەدا، تا بزانێ مەترسییەکە لە چیدایە.

وەختایەک گەییە نزیکی دەرگاکە، بەدەم هانکەهانک و مڕاندنەوە تووکەکانی ڕەپ بووبوون و کلکی ڕاست بووبووەوە، بۆنی بە دەرگاکەوە دەکرد و چڕنۆکی لێدەدا.

کۆنسی کە تەواو شپرزە بووبوو، هەستایەوە، بە پێیان کورسییەکەی ڕاستکردەوە و هاواریکرد:

– نەیەیتە ژوورەوە! نەیەیتە ژوورەوە! ئەگەر بێیتە ژوورەوە دەتکوژم ها.

سەگەکە، کە بە هۆی هەڕەشە گریمانەییەکەوە هاڕوژابوو، بە ترسەوە لەهەنبەر ئەو دژمنە نادیارەدا کە ئاغای هەڕەشەی لێدەکرد، کەوتە وەڕین.

سام، بەرە بەرە هێور بووەوە. گەڕایەوە لای ئاگردانەکە تا وەربکەوێ، لێ نیگەران بوو، سەری بەرز گرتبوو، چاوەکانی پرشنگیان دەدا ودەی مڕاند.

" ئولریچ " ش کەمێک وەخۆ هاتبووەوە، لێ هەستی بەجۆرە ترس و نیگەرانییەک دەکرد، بۆیە بە ناو گەنجینە و خەڵوەتیەکە کەوت تا شەرابی سپی بدۆزێتەوە. چەند پێکێکی دوا بەداوی یەکی هەڵدا. بیرکردنەوەی گۆنگ و ورەی نزم دەبوو.

تایەکی ئاگرین بە دەمارەکانیا دەگەڕا.

سبەینێش هیچی نەخوارد و هەر مەی خواردەوە و چەند ڕۆژێکی دی بەمەستی و مەنگی بەسەر برد. هەرکە بیری لە گاسپار دەکردەوە، دەستی بەخواردنەوە دەکرد، تا مەستی مەست دەبوو و لە سەر عاردی دەکەوت و هەر لەوێدا بە دەما، مەست و نیوەمردوو و سەراپا سڕ دەمایەوە. لێ پەنابردنە بەر ئەلکول بێفایدە بوو، چونکە هەمان ئەو هاوارەی ئەوی گاز دەکرد، وەکو گوللەیەک چزەی لە مێشکی هەڵدەستان و، بێداری دەکردەوە. بەدەم لەتر دانەوە خۆی بەرز دەکردەوە، دەستەکانی بڵاو دەکردنەوە تا نەکەوێت و هانای بۆ سام دەبرد و سەگەکە کە دەتگوت وەکو خاوەنەکەی شێت بووبوو، پەلاماری دەرگاکەی دەدا، بە چڕنۆک تێی بەردەبوو، ددان و کەڵبە سپیەکانی لێ گیردەکرد و " ئولریچ " ش بە سەروگەردنی خوار و مێشکی مەنگەوە، لە جیاتی ئاویش مەشروبی دەخواردەوە تا خەوی لێبکەوێت و نیگەرانی و ترس و نائومێدییەکەی لە بیر بچێتەوە.

لە ماوەی سێ هەفتەدا، هەرچی زەخیرەی ڤەخارنی هەبوو هەرهەمووی خواردەوە، لێ ئەم مەستیە بەردەوامە، دەبووە مایەی ترسێکی ئەوتۆ کە ئیدی نە لە بیری دەچووەوە و نە لە کۆڵی دەبووەوە . ئەو بیرە بە سوێیانەی کە لە سۆنگەی یەک مانگ مەستی و تەنیایی ڕەهاوە هێندەی دی زەینیان شێواندبوو، وەکو لاولاو لە ناخی ناخی ئالابوو. ئیدی وەکو حەیوانێکی نێو قەفەز، بەماڵەکەیدا دەهات ودەچوو. گوێی بە دەرگاکەوە دەنا، تا گوێی لە دەنگی ئەو کەسە بێت کە لە پشت دەرگاکەوە وەستابوو، لە پشت دیوارەکانەوە هەڕەشەی لێبکات. دوای ئەوەی ماندوویەتی زۆری بۆ دەهێنا، خەوی لێدەکەوت، هەمان دەنگی دەبیستەوە. ڕادەپەڕی و بەچیچکانەوە دادەنیشت.

سەرەنجام شەوێک. بە دوا تین و تاوەوە کە پێی مابوو، بەرەولای دەرگاکە چوو، کردییەوە تا ئەوکەسە بدینێ کە بانگی دەکرد و ناچاری بکات بێدەنگی بکات.

کزەبایەکی تەزی بەدەنی تا سەر ئێسقان چایاند، دای لە سەروچاوی. لە دەرگاکەی دا و دایخست، بە سورگی دایخست بەڵام ئاگای لەوە نەبوو کە سام لە ماڵەکە چووەتە دەرێ.

پاشان بە دەم لەرزینەوە، شەواتەکی خستە ئاگرەکەوە و بۆ ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە لە بەر ئاگرەکە ڕۆنیشت. بەڵام لە ناکاوا لە ترسا کەوتە لەرزین. یەکێک دەگریا و چنگی لە دەرگاکە دەدا!

به ترسێکی زۆرەوە گوتی:- برۆ بەلای کاری خۆتەوە!

ناڵەیەکی دوور ودرێژ وبە سوێی هاتەگوێ. لەو دەمەدا ترسێکی بەترەف پاشماوەی ئەقڵەکەشی برد. لێکدا لێکدا دووپاتی دەکردەوە:- برۆ!

چاوی بە دەور وبەری خۆیدا دەگێرا تا گۆشەیەک وەدۆزێ و خۆی تیادا تاقەت بکات. ئەو کەسەی لە بەر دەرگاکە بوو، هێشتا هەر دەگریا، بە دەوری خانووەکەدا دەسووڕایەوە و خۆی بە دیوارەکانا دەکێشا. ئولریچ، بەرەو کۆمەدییە دارینەکە چوو کە پڕبوو لە قاپ و ئامانان و ئازووقە، تینی دایەخۆ و بەهێز و توانایەکی میتابەشەرییەوە هەڵیگرت و تا نزیکی دەرگاکە بردی تا لەوێ بیکات بەسەنگەر. پاشان هەرچی قەنەفە و لێفە و دۆشەک و کورسی هەبوو، هەرهەمووی نایەسەر یەک و پەنجەرەکەی، وەکو ئەوەی دژمنێک هێرشی بۆهێنابێ، گرت.

لێ ئەو کەسەی کە لە دەرەوە بوو، بە دەنگی بەرز کەوتە ناڵین وئاخین، بە جۆرێ کە ئەمیش لە ژوورەوە کەوتە ناڵین.

شەوان و رۆژان بوورین، بێئەوەی ناڵەی هیچ یەکێکیان ببڕێت. ئەوەی دەرەوە بەردەوام بە دەوری خانووەکەدا دەسووڕایەوە و بەهەموو هیزی خۆیەوە چرنۆکی لە دیوارەکان دەدا وەک ئەوەی بیەوێ کاولی بکات. ئەوەی ناویشەوە، هەموو ڕەفتارەکانی ڕۆژانی پێشووی دووبارە دەکردەوە، دانەوی بووەوە، گوێی دەنا بە بەردەکانەوە و بە دەم هاوارێکی ترسناکەوە، وەلامی دەنگی ئەوەی دەرەوەی دەدایەوە. ڕۆژێک، عەسر بوو، ئیدی ئولریچ گوێی لە هیچ دەنگێک نەبوو. دانیشت. بەڕادەیەک شەکەت بووبوو و ئازای تێک شکابوو کە یەکسەر خەوی لێکەوت.

وەختایەک خەبەری بووەوە، هیچ شتێکی لە بیر نەمابوو. دەتگوت مێشکی لە ماوەی ئەو خەوەدا، لە هەموو شتێک بەتاڵ بووبووەوە. زۆری برسی بوو و نانی خوارد.

***

زستان کۆتایی هات، ئیدی گوزەرگای جیمی بەکەڵکی هات وچۆ دەهات و ماڵباتی هاوزەر، بەنیازی گەڕانەوە بۆ میوانخانەکەیان کەوتبوونە ڕێ.

وەختایەک گەیینە سەرەتای هەورازەکە، ژنەکان سواری قاترەکان بوون و کەوتنە باسی ئەو دوو پیاوەی کە گەوایە بۆلای ئەوان دەچوون.

سەریان لەوە دەسوڕما کە بۆچی یەکێک لەو دوو پیاوەی لە میوانخانەکە مابوونەوە، چەند ڕۆژێ لەمەپیش و بە تایبەتی کە ڕێگا کرابووەوە، نەهاتبووە خوارەوە وهەواڵێکی چۆنیەتی گوزەراندنی زستانەکەی بۆ ئەوان نەهێنابوو.

سەرەنجام گەیینە میوانخانەکە، هێشتا هەر لە ژێر بەفرا بوو. دەرگاکان و پەنجەرەکە داخرابوون و تەنکە دووکەڵێک لە دووکەڵکێشی شیروانیەکەوە دەهاتە دەرێ، بابا هاوزەر سووکە ئومێدێکی بەو دووکەڵە پەیداکرد. لێ کاتێ کە نزیک بوونەوە، ئێسکە پەیکەرێکی زەلام و بەلادا کەوتووی حەیوانێکیان لەبەر دەرگاکەدا بینی کە دالاش گۆشتەکەیان خواردبوو. بە وردی تەمەشایان کرد.

دایە هاوزەر گوتی:- دەبێ سام بێ.

ئەوسا بانگی کرد:- هێی، گاسپار!

هاوارێکی تیژ لە ناو خانووەکەوە بەرز بووەوە. دەتگوت قروسکەی حەیوانێکە. سێ پیاو، یانی باوکەکە و هەردوو کوڕەکەی هەوڵیاندا تا دەرگاکە بکەنەوە. بەڵام بۆیان نەکرایەوە، لە تەویلە خاڵیەکەوە شیشێکی درێژیان هێنا وکێشایان بە دەرگاکەدا. تەختەی دەرگاکە بە قرچەقرچ شکا و پارچەپارچە بوو. ئەوجا دەنگێکی بەرز خانووەکەی هێنایە لەرەو ئەوان لە بەینی خانووەکە و لە پشت کومەدییە سەرنگونەکەوە پیاوێکیان بە پێوە بینی، پیاوێک کە قژە درێژەکەی بە سەر شانیا ڕژابوو و ڕدێنی کەوتبووە سەر سینگی، چاوەکانی ئاگرین و جلەکانی شڕ وشەپڕێو بوون.

کەسیان نەیانناسییەوە، لێ لویز هاوزەر هاواریکرد:- ئەمە ئولریچە دایکە.

دایکەکەش، بۆی دەرکەوت کە ئەو پیاوە وێڕای ئەوەی قژەکەی سپی بووبوو، ئولریچە. ئولریچ ڕێگەی دان تا بێنە ژوورەوە، دەست بەودا بێنن، لێ بەرسڤی هیچ پرسیارێکیانی نەدایەوە. دەبوایە بۆ لویچی بەرنەوە ولەوێ پزیشکەکان معایەنەیان کرد و گوتیان ئولریچ شێت بووە.

کەس بە چارەنووس و قەدەری گاسپاری نەزانی.

کچۆڵەکەی خانەوادەی هاوزەرش، هاوینی بووری بە هۆی جۆرە نەخۆشییەکەوە، کە نیشانەی هەرە دیاری، سستی و بێ حەواسی بوو و هۆکەشیان بە سەرمای کۆساران دەزانی، گیانی سپارد.

## ویڵ و بێکار

چل دانە ڕۆژی تەواو هەموو دنیای بۆ دۆزینەوەی کار دایە ژێر پێوە. زێد وزاگەی خۆی، واتا " ئاواری " سەر بە دەڤەری مانشی بەجێهێشتبوو، چونکە لەوێ کار دەست نەدەکەوت. ئەم پیاوە بیست و حەوت ساڵان بوو، کوڕێکی توکمە و سەرحاڵ و زیتەڵ و چەلەنگ بوو و لە دارتاشخانەیەکا کاری دەکرد. دوو مانگێک بوو ماڵبات و کەس وکاری بە خێویان دەکرد. کوڕە گەورەی ماڵباتەکەیان بوو، بە درێژایی ماوەی بێکارییەکەی، دەست لە سەر دەست و بێئیش وکار دانیشتبوو. زۆر دەست کورت ونەبوو بوون، بەزەحمەت نان لە ماڵیاندا پەیدا دەبوو. هەردوو خوشکەکەی کاری ڕۆژانەیان دەکرد، بەڵام دەستمز و ڕۆژانەکەیان کەمبوو، جاک راندی کە گەنجێکی بەهێز وتوانا بوو، هیچ کارێکی نەدەکرد، چونکە کاری نەبوو و بەڕاستی بووبوو بەبار بەسەر خوشکەکانیەوە و ئەوان خەرجیان دەکێشا.

لە شارەوانیا ناوی نووسی بوو و سکرتێر و کاتبی شارەوانی پێی گوتبوو کە بڕوات لە پایتەختا بۆکار بگەڕێ. بۆیە بەو نیازە هەرچی کارنامە وشادەتنامە وبەڵگەنامەی هەبوو کۆی کردبووەوە. حەوت فرانکی هەبوو، ئەویشی نابووە تەنکەی باخەڵی، جووتێ پێڵاوی زیادە وچاکەت و پانتۆڵێکی لە بوخچەیەکی سپی نابوو بە سەری دار عاسایەکەیەوە کردبوو و دابووی بە شانیا و لە ئاوایی دەرچووبوو.

ڕۆژان و شەوانی زۆر، بە بێ خواردن، جادە و ڕێگای دوور ودرێژی تەی کردبوو تا گەیی بووە ئەم مەرز وبویە نهێنی ئامێزەی کە کرێکاران لەوێندەر کاریان پەیدا دەکرد.

لە هەوەڵەوە، حەزی کردبوو کاری دارتاشی بکات، چونکە بۆ خۆی پیشەی دارتاشی بوو. لێ ڕووی دەکردە هەر دارتاشخانەیەک دەستیان بە ڕوویەوە دەنا و پێیان دەگوت تازە کۆمەڵێک کرێکاری خۆمان مەرەخەس کردووە و هیچ کارێکیان نییە و ئیدی ئەویش کە تاقەتی چووبوو و نەبوونی و برسێتی زۆری بۆهێنابوو، لێبڕا هەرکارێکی دەست بکەوێ ملی پێوە بنێت.

بەڵێ، هەموو کارێکی دەکرد لەوانە: بناغەدانەوە، کرێکاری لە تەویلاندا، بەردتاشی، پەرچکردنی دار و درەختان، بیرهەڵکەندن، تێکەڵکردنی گڵ و قسڵ، کۆکردنەوەی ئێزنگان، شوانی پەزان و شەو بە کیوان. بەڵام کرێ و مزی هەموو ئەو کارانە لە چەند سویەک تێناپەڕی، بە کوللەمەرگیش پێی نەدەژیا، چونکە دەستی دەدایە هەرکارێک، دوای دوو سێ ڕۆژ، خاوەن کار و جووتیاران تەماعیان تێدەکرد و داوایان دەکرد بە کرێیەکی کەمتر کاریان بۆبکات.

نها یەک هەفتە بوو هیچی دەست نەکەوتبوو. ئیدی ئەشتەبای نەبوو، گیانی بەو ژنانە بوو، کە بە بەر ماڵەکانیاندا دەڕۆیی و لەبەر دەرگاکانیاندا دەوەستا و لێیان دەپاڕایەوە وئەوانیش بەزەییان پێیدا دەهاتەوە و تۆزێ نانیان دەدایێ.

شەو دادەهات. جاک راندل ماندوو، بە پێی کوتراو، سکی بەتاڵ، ڕوحی خەمبار و پێی پەتی بە سەر گیای کەنار جادەکەدا دەڕۆیی. چونکە پێڵاوەکانی بەکەڵک نەمابوون، پێڵاوەکانی پێشتریشی دەمێ بوو بەکەڵک نەمابوون. ئەو ڕۆژە، شەممەیەکی ئاخر وئۆخری پایز بوو. هەورێن چڵکن، تووند و لەزگین، بەدەم ئەو بایەوە کە خۆی بە نێو درەختەکاندا دەکرد، بە ئاسمانا دەڕۆیشتن. پێدەچوو بەو زووانە دایکاتە باران. دەشت ودەرەکە لەو بولێڵی ئێوارەو شەوی یەک شەممەدا چۆڵ بوو. لێرەو لەوێ لە نێو مەزراکاندا باوەشە پووشی بەستراو

وەکو کارگێن زەرد و سەیر دەکەوتنە بەرچاو. ئەو زەویانەی کە بۆ ساڵی ئایندە کێڵرابوون، چۆڵ و ڕووتەن دەهاتنە بەرچاو.

راندل، برسی بوو، لەو برسیەتیە حەیوانیەی کە ورچان ناچار دەکات پەلاماری بەشەر بدەن. ئەو کە تەواو کەسیرە بووبوو، هەنگاوی هەڕاوی دەنا. تا زووتر ڕێگاکە تەی بکات. سەری قورس بوو، خوێنی دەجۆشا. چاوانی سوور و لێوەکانی وشک بووبوون. دار عاساکەی لە دەستیا دەگوشی و حەزێکی گۆنگ هانیدەدا، بیکێشێت بە سەر یەکەم ڕێبواردا کە بۆماڵ دەگەڕایەوە تا نان بخوات.

**دەیڕوانیە ئەم بەرو ئەوبەری جادەکە، تا بەڵکو چەند پەتاتەیەک، لە دوای کێڵانی زەوییەکان، لەو ناوە مابنەوە و بیاندۆزێتەوە. ئەگەر چەند پەتاتەیەکی دۆزیباوە، ئەوا دار وچیلکە و چەواڵی وشکی کۆ دەکردەوە، لە چاڵێکا ئاگرێکی دەکردەوە و جوان دەیبرژاندن و بەگەرمی بەدەستە ساردەکانیەوە دەیگرتن و سکی خۆی پێ تێر دەکردن.**

بەڵام ئەو وەرزە وەرزی پەتاتە نەبوو. وەکو شەوی پێشوو دەبوا چەوەنەرێک لە کێڵگەیەک هەڵکەنێ وبە ددان دایکورژێت.

دوو ڕۆژی تەواو بوو، بە دەم خەیاڵەوە ڕێی دەکرد وبە دەنگی بەرز قسەی دەگەڵ خۆیدا دەکرد. تا ئەوکاتە هەرگیز بەجدی و بەدڵ وگیان وبە ڕەچاوکردنی توانا سادەکانی خۆیەوە، بیری لەکارێک نەکردبووەوە کە پێی بژی. بەڵام ئێستا ماندوویەتی، گەڕانی بەردەوام وبێ ئاکام لەکار، دەست بەڕووەنان، بەرخورد ومامەڵەێن خراپ، شەوانی بێ لانەیی، برسیەتی و، ئەو نەفرەتەی کە خاوەن ماڵان سەبارەت بە خەڵکانی وێڵ وبێکار هەیانبوو، هەموو ڕۆژێ ئەم پرسیارەیان لە زەینیا دووبارە دەکردەوە: " بۆچی لە ماڵەکەی خۆتا داناسەکنی؟ "

خەمی دەستنەکەوتنی کار، بەکار نەهێنانی دەست و بازووە بەهێزەکانی، یادی داک وبابی کە لە ماڵەوە دەژیان و هیچ پارە وپولێکیان نەبوو، بەرە بەرە تووڕەیان دەکرد... هەموو ڕۆژ و سەعات و خولەکێک ئەم تووڕەییە زیادی دەکرد، لە دڵیا کەڵەکە دەبوو، قاڵبی ڕستەی وەردەگرت و بە تووڕەیی دەکەوتە سەر زاری.

ئەم گەنجە، بە خۆرتی خۆی بکێش دەکرد، بەپێیە ڕووتەکانی هەنگاوی دەنا و بەتووڕەیی دەیگوت: " ئەی ڕۆژگاری ناسازگار، ئەی بەدبەختی... هەی نائومێدی... هەی بەرازانی هۆڤی! لێگەڕێن با برسیەتی بە بەرچاوتانەوە مرۆڤێک بکوژێت... مرۆڤێکی دارتاش... هەی بەراز باوکینە... ئەسپێ لە باخەڵما سەوزەڵێ خانم دەڵێت... تەنانەت چوار سووم، چەند بێ کەماڵە لە بەرکا نییە... خەریکە بارانیش دادەکات... هەی بەرازینە!.... "

لە هەنبەر، ئەو بێدادیەدا کە چارەنووس بە بەشەری ڕەوا دەبینی، لە هەنبەر بێدادی بێ بەزەییانەی سروشت دا، لە هەنبەر ئەم دایکە کوێر و کەڕەدا، هەستی بەتووڕەیی دەکرد. بە دەم ددان چیرکردنەوەوە، لە پەستا وبێ پسانەوە ئەمەی دووبارە دەکردەوە: " هەی بەرازانی هۆڤی! " لەو کاتانەدا کە خەڵکی خەریکی شێوخواردن بوون، بە تامەزرۆییەوە، دەیڕوانیە ئەو دووکەڵە شینباوەی کە لە دووکەڵکێشی مووبەقەکەیانەوە بەرزدەبووەوە، بێئەوەی بیر لە هیچ کارێکی نارەوای وەکو دزی و... ئەو شتانە بکاتەوە، پڕ بەدڵ حەزیدەکرد خۆی بکات بە یەکێک لەو ماڵانەدا و بە دار بکەوێتە وێزەی هەموویان و هەموو خواردنەکەیان بخوات و ئەگەر بۆ یەک ژەمیش بووە، تێر بەسکی خۆی بخوات.

بەخۆی دەگوت: " من هەقی ژیانم نییە، هەقە خۆ بکوژم، چونکە من فەرامۆش کراوم تا لە برسا بمرم. خۆ من هیچم لەم شیر حەرامانە ناوێ جگە لە کار، ئەگەر کارم وێدەن، بە دڵ و بەگیان دەیکەم... هەی بەرازینە! "

ماندوویەتی جەستە و، ئازاری برسیەتی وخەمی دڵ وەهای شپرزە کردبوو، وەکو مەست و سەرخۆشانی لێکردبوو، بە لادا دەهات و بە خۆی دەگوت: " نا، بۆچی خۆم بکوژم. وەکو هەموو کەسێک مافی ژیانم هەیە. ئەم هەوایەی هەڵی دەمژین، هی هەمووانە. کەواتە کەس هەقی ئەوەی نییە لە برسا بمکوژێت! "

باران دەباری، سەرما لە کێشا نەبوو. وەستا، لە بەر خۆیەوە گوتی: " چ نەگبەتیەک شانی گرتووم! لە بەدشانسی منا کار چووەتە قاتی، واچاکە بگەڕێمەوە بۆلای خۆمان. بە یەک مانگ ئەوسا دەگەمەوە... " بە ڕاستی ئەو بەنیازی گەڕانەوە بوو، چونکە پێی وابوو لە زێد وزاگەی خۆی بەکێمانی هەمووان دەیناسن و کەس بەگومانەوە تەمەشای خۆی و جل وبەرگە شڕ و شەپرێوەکەی ناکات و باشتر بوو لەوەی لێرە لەم جادە وبانە بێ کۆتاییانە وێڵ و سەرگەردان بسوڕێتەوەو هەموو خەڵکی لێی بەگومان بن.

خۆ ئەگەر کاری دارتاشیشی دەستنەکەوت، ئەوا عەمەلە ، گەچکاری، بەردشکێنی دەکات و ڕۆژی فرانکێک پەیدا دەکات و بە هەژاری دەگەڵ خۆشکەکانیا دەژی.

ئەو پریاسکانەی لە بوخچەکەیا مابوونەوە، دەری هێنان و لە ملیەوە پێچان تا ڕێکە لەو باراناوە سارده بگرێ کە بە پشت وبە سینگ و بەرۆکیا دەچۆڕایەوە، بەڵام ئەوەش دادی نەدا. دوای ماوەیەکی کەم ئازای لە ئاوی بارانەکە هەڵکشا وتەمەشایەکی خەمینی دەوروبەری خۆی کرد، نائومێد وحەپەساو نەیدەزانی ڕووبکاتە چ پەنایەک تا بارانەکە خۆشدەکاتەوە.

بەرە بەرە شەو دادەهات وباڵی بە سەر کێڵگە ومەزراکاندا دەکێشا. لە دووری دوورەوە، لە نێو مێرگەکەدا، تارماییەکی بەدی کرد. چێڵێک بوو، بە سەر جۆگای کەنار جادەکەدا پەڕییەوەو بێئەوەی کە بزانێ چ دەکات، بۆلای چێڵەکە ڕۆیی.

گاڤێ گەییە نزیکی چێڵەکە، حەیوانەکە سەرە زەلامەکەی بۆلای ئەو وەرگێڕا و ئەم بیری کردەوە کە: " خۆزیا قاپێکم پێ بوایە، هەنگێ دەمتوانی بیدۆشم و کەمێک شیر بخۆمەوە. "

ئەم سەیری مانگاکە و مانگاکە تەمەشای ئەمی دەکرد. پاشان لەقەیەکی توندی بە مانگاکەدا کێشا وگوتی:- ڕابە!

حەیوانەکە بە ئارامی هەستا وڕێگەی بە جاک دا کە گوانی بگرێ. پاشان، لە نێو لاقی حەیوانەکەدا، یەک تەختە لە سەرپشت ڕاکشا وماوەیەکی زۆر گوانی پڕ وگەرمی چێڵەکەی دادۆشیە ناودەستی وشیرەکەی خوارد. تاوەکو شیر لەو سەرچاوە زندووەوە هات، خواردییەوە.

لێ بارانە ساردەکە توندتر بوو، دەشت ودەرەکە تا چاو هەتەر دەکات، چۆڵەوانی بوو. هیچ پەناگایەک دیار نەبوو. سەرمای بوو، لە دوورەوە ڕوناکی پەنجەرەی ماڵێک لە نێو دار ودرەختانەوە دیاربوو. جاک بە عەزرەتەوە تەمەشای ئەو ڕوناکییەی دەکرد.

مانگاکە، بە کەلەشی قورس و زەلامی خۆیەوە دووبارە لە سەر ئەرزەکە خەوتەوە. بە دیار مانگاکەوە وەستا. وەکو وەفایەک کە ئەوی تێر کردبوو، کەوتە نەوازشی سەری. ئەو هالاو و هەناسە گەرمەی لە هەردوو کونە

لووتی چێڵەکەوە، دەهاتە دەرێ، وەکو دوو فوارەی ئاوی گەرم، دەیدا لە سەر وچاوی جاک و بەو شەوە سارده گەرمی دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:- لە لای ئەم حەیوانەوە سەرمات نابێت.

دەستەکانی لە ژێر سینگ و دەستەکانی حەیوانەکە ئاڵاند تا بە گەرمی لەشی حەیوانەکە گەرمی ببێتەوە. ئیدی لەم بەینەدا وای بە خەیاڵدا هات کە شەو لە باخەڵی نمساری چێڵەکەدا ڕۆژ بکاتەوە. بۆیە بە دوای شوێنێکی ڕەحەتا گەڕا و هەنیەی نا بەو گوانە پڕ شیرەوە کە تۆزێ لەوەپێش بەکامی دڵ شیرەکەی خواردبوو. شەکەت و کفت بوو، زوو بە زوو خەوی لێکەوت.

چەندین جار، کە پشت وزگی چایی بوون، لە خەو بێدار بووەوە، هەرجارێ دوای ئەوەی بە شێک لە بەدەنی بەسینگ و بەرۆکی حەیوانەکە گەرم دەبووەوە، بە شێکی تری بەدەنی کە بە سەرمای شەوەکە چایی بوو، بە بەدەنی حەیوانەکەوە دەچەسپاند و کە تۆزێ گەرمی دەبووەوە، دووبارە هیلاک و ماندوو خەوی لێدەکەوتەوە.

لە دەنگی بەهێزی خوێندنی کەڵەبابێک خەبەری بووەوە. جاک هەستا. سپێدە لە ئەنگاوتندا بوو. باران خۆشی کردبووەوەو ئاسمان سایەقە و ساماڵ بوو.

مانگاکە، دەم وقەپۆزی نابووە سەر ئەرزەکە و، ئیسراحەتی دەکرد. جاک، دانەوییەوە و دەستەکانی نانە سەر ئەرزەکە تا هەردوو کونە کەپووە تەڕ و درشتەکانی ماچ بکات و پێی بڵێ: " ئەی چێڵی ئازیز... تا دیدارێکی دی بە دوعا، تۆ ئەگەرچی ئاژەڵی، بەڵام لە زۆر بەشەران میهرەبانتری... خوداحافیز... "

ئەوسا پێڵاوە شڕەکانی لە پێکردن و کەوتەڕێ.

دوو سەعاتێک ڕێی کرد، زۆر ماندوو بوو، ناچار لایدا و لە ناو سەوزە گیایەکدا دانیشت.

ئیدی ڕۆژ تەواو هەڵکشابوو، زەنگی کڵێساکان کەوتنە لێدان. پیاوان بە جل وبەرگی سپی و ژنان بە کڵاوێن سپیەوە، هەندێک بەپێیان و هەندێک بەسواری گالیسکە بەبەردەمیا ڕەت دەبوون و خۆیان بە کڵێساکەدا دەکرد.

شوانێکی کەتەی زەلام بە بڕکەیەک پەز و سەگێکی زەلام و دڕەوە بەلایا تێپەڕی، دیاربوو پەزەکانی بۆ لەوەڕ دەبرد. راندل هەستا، چووە بەردەمی و بەڕێزەوە سڵاوی لێکرد وگوتی:-

- ئەرێ من بابایەکم خەریکە لە برسا دەمرم، کارێکت نییە بۆتی بکەم؟

یارۆی شوان، بە تەوس وتوانجەوە گوتی:- کارم لە کوێ بوو! دەکرێ تووشی هەر بەڕەڵڵا وهەرچی پەرچییەک ببم و کاری بۆ پەیدا بکەم.

یارۆی دارتاش، سەری لە بەرخۆ نا و گەڕایەوە و لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە دانیشت، بە ئومێدی ئەوەبوو پیاوێکی باش، ڕووخۆش و میرەبان بەوێدا ڕەت ببێت وڕووی لێبنێ کە کارێکی وێدات.

ئەنجام کابرایەکی پۆشتە وپەرداخ، پاڵتۆ لەبەر، زنجیرێکی زێڕ بە گیرفانی ئێلەکەکەیەوە شۆڕ بووبووەوە، دیاربوو، کەسێکی خانەدان و دەوڵەمەندە، بەوێدا هات. جاک چووە پێشی، سڵاوی کرد وگوتی:- دوودانە مانگە، لە کارێک دەگەڕێم و کارم دەست ناکەوێ. تاقە پولێکم لە بەرکا نییە.

کابرا بە پۆزێکەوە بەرسڤی دایەوە:- دەبوایە ئەو داخۆیانەت کە لە ناو شارا هەڵواسراوە، بخوێندباوە. گەدایی و پارسەکی لە قەڵەمڕەوی ئەم شارەدا قەدەغەیە. ئەوەش بزانە کە من فەرمانداری ئەم شارەم، ئەگەر زوو گۆڕت لەم ناوە گوم نەکەیت، فەرمان دەدەم کە بتگرن.

جاک راندل، کە زۆر پەست بووبوو، لەبن لێوانەوە گوتی:- جا کوا، ئەگەر دەستگیرم بکەن، بەکێمانی لە برسا نامرم.

راندل، گەڕایەوە قەراخ جۆگایەکە و لێی دانیشتەوە. دوای چارەکە سەعاتێک دوو جەندرمە، بە دیار کەوتن، بە دووقۆڵی و شانبەشانی یەکدی و، بەکڵاوخود وچەک و قایش و قروش و دوگمەی کانزایی زەردەوە، کە دەتگوت بۆ ترساندنی تۆمەتباران وخەڵکێن یاساغ و قاشقونج و، ڕاونانیان، لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشانەوە، لۆژ لۆژ دەهاتن.

یارۆی دارتاش، لە فیکەی خۆی حاڵی بوو، زانی بە دوای ئەوا هاتبوون. لێ لە جێی خۆی نەدەبزووت. لە ناکاوا هات بە سەریا کە بە گژیاندا بچێت، تا دەستگیر بکرێت وتۆڵەی خۆی بکاتەوە. جەندرمەکان بێئەوەی خۆ شلوێ بکەن و وابنوێنن کە ئەویان دیتوە، بە هەنگاوی عەسکەری سەنگین و هاوسەنگ، کە لە ڕێکردنی قاز دەچوو، نزیک دەبوونەوە. پاشان لە ناکاوا، وەختایەک بەبەردەمی ئەوا ڕەتبوون، وایان نواند کە تازە ئەویان بینی. ڕاوەستان و بەنیگایەکی هەڕەشەئامیز تێیان ڕوانی. جەندرمە ئەقدەمەکە چووە پێشەوە و پرسی:- تۆ چ دەکەی لێرە؟

- ئیسراحەت دەکەم.
- لە کوێندەرەوە دێی؟
- جا لە کوێوە نایەم! ئەگەر ناوی هەموو ئەو شار و ئاوەدانیەتان بۆ بژمێرم کە پێیاندا تێ پەڕیوم، بەیەک سەعات تەواو نابێت.
- ئەدی بۆ کوێ دەڕۆیت؟
- بۆ شاری ئاڤاری.
- ئاڤاری لە کوێیە؟
- لە مانشە.
- زێد و زاگەی تۆیە؟
- بەڵێ.
- بۆ لەوێ دەرچوویت؟
- بۆ دۆزینەوەی کار.

جەندرمەکە، بە ڕوویەکی گرژ وتەوسامێزەوە، گوتی:

- هەموو ئەم تەمەڵ و تەوەزەل و وێڵ و بێکارانە هەمان ئەم قسەیە دەکەن، لە کار دەگەڕێن، من لەم قسانەم زۆر بیستووە.

پاشان لە سەری ڕۆیی:- ئەدی تەسکەرە و کارنامەت هەیە؟

- بەڵێ هەمە!

ڕاندل، تەسکەرە و ئەوراقەکانی، کە لەبەر کۆنی تەواو سوابوون و شڕ و وڕ بووبوون، لە بەرکی دەرهێنا ودانی بە جەندرمەکە. جەندرمەکە، بە حینجە ئەوراقەکانی خوێندەوە و، وەکو ئەوەی کەسێک پێی ڕابواردبێ، بە ناڕەزاییەوە، ئەوراقەکانی وێدایەوە ودوای سووکە هەڵوەستەیەک دووبارە پرسی:

- باشە پارەت پێیە؟
- نەخێر.
- هیچ؟
- هیچ.
- تەنانەت یەک سووش؟
- یەک سو " ش.
- ئەدی بەچی دەژی؟
- بەو کۆمەکەی کە خێرومەندان لە ڕای خوا دەمدەنێ.
- کەواتە سواڵ دەکەی؟

راندل بێباکانە گوتی:- بەڵێ، هێندەی بتوانم.

لێ جەندرمە گوتی:- من بەتاوانی سواڵ و بەڕەڵڵایی، سەرگەردانی و بێکاری و سوڕانەوە لە جادە وبانەکاندا دەستگیرت دەکەم و فەرمانت پێدەکەم کە دوام بکەوی!

یارۆی دارتاش لە جێی خۆی ڕابوو وگوتی:- بە دڵی تۆ، هەرچۆنت گەرەکە بەچاوان.

خێرا کەوتە نێو هەردوو جەندرمەکە و وەکو ئەوان قەڵافەتێکی عەسکەری لە خۆگرت و گوتی:- زۆرچاکە بۆ زندانم ببەن! هەرنەبێ پەنایەک دەبێت لەم بارانەم بپارێزێت.

بەرەو ئەو ئاوەدانیە چوون کە شێروانیەکانی، لە نێو دار ودرەختە گەڵا ڕژاوەکانەوە دیاربوون.

وەختایەک گەیینە شار، وەختی نوێژ ونزای نیوەڕۆ بوو، مەیدانەکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات، کە زوو بەزوو بە دوو ڕیز ئەم بەر و ئەوبەری جادەکەیان گرت بۆ تەمەشاکردنی تاوانبارەکە، کە کۆمەڵێک منداڵی هاڕوژاو دوای کەوتبوون. پیاوان و ژنان بە چاوی نەفرەتەوە تەمەشای ئەم پیاوە دەستگیرکراوەیان دەکرد کە لە نێوان دوو جەندرمەدا بوو وبۆ زندان دەبرا، پڕ بە دڵ حەزیان دەکرد بەردبارانی بکەن، بە چڕنۆکان تێی بەربن و پێستی کەوڵ بکەن، بیخەنە ژێر پێ لەقەوە و پان و پلیشی بکەنەوە. هەریەکە قسەیەکی دەربارە دەکرد، یەکێ دەیگوت پیاوی کوشتووە. قەسابێک کە جاران سەربازی سوارە بوو سوور بوو لە سەر ئەوەی کە سەربازی فیرارە. تووتن فرۆشێک پێی وابوو کە دەیناسێت و هەمان کابرا بەیانیەک سکەیەکی قەڵبی پەنجا سانتیمی بە ئەو دابوو. مسگەرێک بە کەماڵی دڵنیایی ئەوی بەو بکوژە هەڵاتووەی مەدام مالیە دەزانی، کە شەش دانە مانگ بوو پۆلیس لە سۆراغیا بوو.

کاتێ راندل وجەندرمەکان گەیشتنە هۆڵی کۆبوونەوەی کەلانتەری، فەرمانداری بینی کە لە پشت مێزی کۆبوونەوەکە دانیشتبوو.

فەرماندار هاواری کرد: بەه بەه! بەرەڵڵای پێخاوس! پێم نەگوتی حەپست دەکەم، دەتخەمە زندانەوە! دەی برادەری جەندرمە بێژە بزانین، حاڵ و حیکایەتەکەی چییە؟

جەندرمەکە بەرسڤی دایەوە:- جەنابی فەرماندار کابرایەکی وێڵ و بەرەڵڵا وبێکارەیە! نە کار و دەرامەتێکی هەیە، نە پولێکی لە بەرەکدایە. بە سەدەمی گەدایی و بێکاری دەسگیرکراوە، ئەوراق و ناسنامەی قانوونیشی هەیە.

کابرای فەرماندار گوتی:- کوا ئەوراقەکانیم نیشانبدەن!

فەرماندار ئەوراقەکانی وەرگرت، خوێندیەوە ودایەوە دەستی، ئەوسا فەرمانی دا:- کوا لەشی بپشکنن!

هیچیان نەدۆزییەوە. فەرماندار کە وادیاربوو گومانی پەیداکردبوو، لە جاکی پرسی:- ئەم بەیانییە لەو سەر ئەو جادەیە چیت دەکرد؟

- لە کار دەگەڕام.
- کار لەو شەقامە گشتیە؟
- دەتەوێ لە کوێ بوەستم، دەتەوێ خۆ بدەمە پەنایەک یان بچمە ناو بێشەیەکەوە و کار خۆی بەرەو پیرم بێت؟

جاک و فەرمانداری شار، بەرق و چاوی دژمنەوە تەمەشای یەکیان کرد. فەرماندار، هیچ پاساو و بیانوویەکی بۆ زندانی کردنی جاک نەدۆزییەوە. بۆیە گوتی:- ئەمجارە ئازادت دەکەم، لێ ئاگاداربە جارێکی دی لە سەر جادە وبان نەتبینم.

یارۆی دارتاش بەرسڤی دایەوە:- خۆزگە زندانیت بکردبام. مردم ئەوەندە ئەم جادە دوور ودرێژانە بدەمە ژێرپێوە و لە برسانا قۆرەی سکم بێ.

فەرماندار، بەتووندی گوتی:- دەمت تێکنێ. بیبڕەوە!

ئەوسا فەرمانی بە جەندرمەکان دا:

- ئەم پیاوە بەرن لە دەرەوەی شار بەرەڵڵای بکەن، با بۆ زێد ومەفتەنی خۆی بڕواتەوە.

جاک گوتی:- بەلای کەمەوە شتێکم وێدەن با بیخۆم، لە برسا لاکەی سەرم دێت.

فەرماندار، توورە بوو:- هەر لەمەمان کەم بوو، نۆبەتی ئەوەیە خواردنیشت وێدەین، خێرا هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم.

لێ راندل، بە ڕاوێژێکی مکووم گوتی:- ئەگەر ئازادم بکەی تا لە برسا بمرم، وەکو ئەوەیە بەخۆت ناچارم بکەی کە سەرپێچی بکەم.

فەرماندار هەستابوو، دووپاتی کردەوە:- خێرا بیبەن! تا تووڕە نەبووم.

دوو جەندرمەکە، قۆڵی یارۆی دارتاشیان گرت و بەپاڵ بردیان، یارۆی دارتاش هیچ بەرگرییەکی نەکرد. لە شار وەدەرکەوتن، جووتە جەندرمەکە بە دووسەد مەترێک لە دەرێی سنووری شارا ڕەهایان کرد. جەندرمە ئەقدەمەکە گوتی:- بڕۆ، جارێکی دی لەم شارەدا نەت بینمەوە.

راندل، بێئەوەی چ قسەیەک بکات و بزانێت کێوە دەڕوات، ملی ڕێگای گرت. نزیکەی چارەکە سەعاتێک، بیست خولەکێک، گێژ وویژ بێئەوەی بیر لە هیچ بکاتەوە بەجادەکەدا ڕێی کرد.

لێ لە ناکاوا، کە بە بەر خانوویەکی چکۆلەدا ڕەت دەبوو و، پەنجەرەکەی کرابووەوە، بۆنی گۆشتاو نەوسی هاڕوژاند و ناچار لە بەر ماڵەکەدا وەستا.

لە ناکاوا برسیەتیەکی بێ ئامان، کوشندە و شێتانە لە پەل وپۆی خست: لەزگ بوو کە وەکو بەڕەڵڵایەکی بێ سەروبەر لە پاڵ دیواری ماڵەکەدا بکەوێ. بەدەنگێکی بەرز وشەڕانی گوتی:- خودایا! خۆزگە تۆزێ خواردنیان دەدامێ.

بە دار عاساکەی کەوتە لێدانی دەرگا. کەس بە دەنگییەوە نەهات. توندتر لە دەرگای دا و هاواریکرد:- ئەهای ماڵێ، کەس لە ماڵە؟ دەرگا ڤەکەن.

هیچ دەنگێک نەبوو، لەپەنجەرەکە نزیک بووەوە، بە دەست پاڵی بە پەنجەرەکەوە نا وهەوای پەنگاوەی ژوورە، نمسار و پڕ لە بۆنی گۆشتاوی گەرم و گۆشتی کولاّو و کەلەرم، بەرەو هەوا ساردەکەی دەرەوە هوڕوژمی هێنا.

یارۆی دارتاش، بە تەکانێک خۆی هەڵدایە ژوورەوە. دووقاپ لە سەر مێزێک بوو. دیاربوو خاوەن ماڵ بۆ ڕێ و ڕەسمی نوێژ ونزا ڕۆیی بوون و خواردنەکەیان لە سەر ئاگرەکە دانابوو. گۆشتاوی بەتامی یەک شەممە، دەگەڵ گۆشت وسەوزەواتا.

نانێکی تازە، لە ناو تاقچەیەکی سەرووی موغەیرییەکەدا، لە نێوان دوو بوتلا کە دیاربوو پڕبوون، چاوشارکێی دەگەڵ دەکرد.

راندل، هەوەڵجار دای بەسەر نانەکەدا، وەکو داخ لە دڵێک کە ئینسانێک پارچەپارچە بکات، نانەکەی لەت کرد و ئەوسا بە تامەزرۆیی کەوتەخواردنی، پارووی گەورە گەورەی دەتەپاندە دەمییەوە و بە پەلە قووتی دەدا. بۆن و بەرامەی گۆشتاوەکە بەرەولای موغەیرییەکەی بکێش کردو دوای ئەوەی سەری قاپلەمەی گۆشتاوەکەی هەڵدایەوە، چنگاڵێکی پێداکرد و پلێکی گەورەی گۆشتی گوێرەکەی دەرهێنا. پاشان پڕ بە قاپەکەی بەردەمی کەلەرم، گێزەر وپیازی دەرهێنا و لە سەر مێزەکە داینا و لە هەنبەریا دانیشت و گۆشتەکەی، وەک ئەوەی لە ماڵی خۆیدا بێت، کرد بە چوار لەتەوە و شانی لە خواردن قایم کرد. وەختایەک تەقریبەن هەموو گۆشتەکە و بەشێک لە سەوزەواتەکەی خوارد، هەستی بە تینوویەتی کرد وچووە سۆراغی یەکێک لە بوتڵەکانی سەر موغەیرییەکە.

هەرکە پەرداخێکی پڕکرد، یەکسەر زانی کە ڤەخارنی ئەلکولییە. گرینگ نەبوو. گەرمی دەکردەوە و دەمارەکانی دەبوژانەوە. ئازای گەرم داهات و سەرمای لە بیر بردەوە.

زۆرخۆشبوو، چونکە زۆر لە مێژ بوو نەیخواردبووەوە. پەرداخێکی دیکەی پڕکرد وبە دوو قوم هەڵیدا و دوای تۆزێک هەستی بە خۆشییەکی زۆر کرد، دەتگوت خۆشییەکی زۆر لە دڵ و دەروونی گەڕابوو.

دەستی بە خواردن کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە هێواشی و بە ئارامی پارووەکەی دەجوو و بە لەزەتەوە نانەکەی لە گۆشتاوەکە هەڵدەکێشا. ئازای بەدەنی، بەتایبەتی تەویلی، کە خوێنەکەی هاتبووە جۆش، گڕی گرتبوو.

لە ناکاوا لە دوورەوە دەنگی زەنگی کڵێسای هاتەگوێ. ڕێ و رەسمی دوعا ونزا تەواوبوو. غەریزەیەکی غەیرەز ترس، ئەو غەریزەی خۆپارێزییەی کە هەموو بوونەوەرێک لە کاتی تالوکە و مەترسیدا ئاگادار دەکاتەوە، یارۆی دارتاشی، وەخۆهێنایەوە. پاشماوەی نانەکەی لە گیرفانی ناو، بوتڵە ڤەخارنەکەشی لە گیرفانەکەی تری ناو بە هەشتاو خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە و تەمەشایەکی خوار وژووری جادەکەی کرد. جادەکە هێشتا چۆڵ بوو، لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە دەرێ و کەوتەڕێ، لێ لە جیاتی ئەوەی بەجادەکەدا بکەوێتەڕێ، بە نێو کێڵگە ومەزراکاندا، بەرەو بێشەیەک، کە لە دوورەوە دیاربوو، ملی نا.

هەستیدەکرد کە بەهۆش، بەهێز، شادومان و لە کارەکەی خۆی ڕازییە. بە ڕادەیەک لەشی سووک بووبوو، کە بە سووکە تەکانێک بە سەر پەرژینی مەزراکاندا بازی دەداو ئاودیو دەبوو.

هەرکە گەییە بێشەکە، دووبارە بوتڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بە قومی گەورە و بەدەم نان خواردنەوە، دەستی بەخواردنەوە کرد. سەرەنجام خەیاڵ بوو، بەرچاوی تاریک و ئەژنۆکانی سست بوون. هەڵیکردە گۆرانی کۆن:

ئاە! چنینی تووە فەڕەنگی

چەند باشە

چەند باش!

نها، بە سەر گیای چڕ و نمسار یان و شکا ڕێیدەکرد، ئیدی ڕێکردن، ئارەزووی منداڵانەی تەقڵەلێدان و سەرموقولاتی، لە ناخیا زندوو کردبووەوە.

تەکانێکی دا، تەقلەیەکی لێدا، هەستایەوە، هەمان کاری دووبارە کردەوە، لە نێوان هەر تەقڵەیەک وهەر تەقڵەیەکدا، هەمان گۆرانی دووبارە دەکردەوە:

ئاە! چەند خۆشە چنینی تووەفەڕەنگی

ئاخ چەند چاکە

چەند چاک!

لە ناکاوا خۆی لە کەنار جادەکەدا بینییەوە و کیژێکی زەلامی لەوسەر جادەکەوە بەدیکرد، کیژەکە لەوە دەچوو کارەکەر بێ و لە شار بگەڕێتەوە، دوو سەتڵ شیری بەم سەر وبەوسەری دارێکەوە کردبوو و دابووی بە شانیا.

راندل، دانەوی بووەوە، بەچاوانی ئاگرینەوە، وەکو چۆن سەگێک تەمەشای هەوێردەیەک دەکات، بەو ئاوایە تەمەشای کناچەکەی دەکرد.

کیژەکە هەستی پێکرد. سەری هەڵبڕی وبەدەم بزەوە گوتی:

- ئەوە تۆبووی کە گۆرانیت دەگوت؟

یارۆی دارتاش، هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە و وێڕای ئەوەی قووڵی چاڵەکەی نێوان ئەو وکیژێ لە شەش پێیان زیاتر بوو، بازێکی بەسەرا دا. کیژێ کە لە ناکاوا ئەوی لە بەردەم خۆیدا بینی، گوتی: یا مەسیح! ترساندمیت!

لێ راندل گوێی لە هیچ نەدەبوو، مەست ودێوانە ئەمجارە دووچاری تاسە وئارەزوویەکی خراتر لە برسیەتی بووبوو. ئەلکول و ئارەزووی پیاوانەی کە دوو مانگ بوو سەرکوت کرابوو، حەوانەوەی لەبەر هەڵگرتبوو، ئیدی گەنجاتی، هێز و هەموو ئەو مەیل و ئارەزووانەی کە تەبیعەت لە بەدەنی بەهێزی پیاواندا داینـاوە، لە بوونیا بێدار بووبوونەوە و هاڕووژابوون و گڕویان لێگرتبوو.

کیژێ لێی دوور دەکەوتەوە، ترسێکی زۆر لە ڕوخساری، چاوانی و زاری نیوەکراوە و دەستە بڵاوەکانیا بەدی دەکرا.

کوڕەی تاین، شانی کیژەکەی گرت و بێئەوەی تاقە قسەیەک بکات، پاڵێکی بە کیژێوە نا و هەڵیدایە سەر جادەکە.

کیژێ سەتڵەکانی بەردا، شیرەکە ڕژا و سەتڵەکان بە تەق وهوڕ بەسەر جادەکەدا غل بوونەوە. پاشان قیژاندی، لێ کەزانی هیچکەسێ لەو دوورە دەستە فریای ناکەوێ وبەهانایەوە نایەت و دڵنیابوو کە یارۆ نیازی کوشتنی نییە، ڕادەست بوو. نە زۆر تەقەلای کرد و نە تووڕە بوو، چونکە کابرا بەهێز و توونـد وتۆڵ بوو. کابرای گەنج کە بە هۆی ئەو پەلامارەوە کەمێک ئارەزووی دامرکابووەوە و لە کارەکەی خۆی شپرزە و دەستەپاچە بووبوو، تا هێز لە لاقیا بوو پێی وەغارێوە نا و کیژێ لە دواوە کەوتە بەردبارانی. چەند بەردێکیشی وێکەوت.

ماوەیەکی زۆر ڕایکرد، پاشان هەستی بە ماندوویەتیەکی بێپێشینە کرد. زرانیەکانی بە تەواوی سست بوون وباری جەستەیان نەدەبرد. زەینی ئاڵۆزکابوو و یادگەی لە کارکردن وەستابوو و نەیدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە.

لەبن درەختێکدا ڕۆنیشت. دوای پێنج خولەک خەو بردییەوە. هایم و حەیران لە خەو ڕاپەڕی، چاوانی هەڵێنان، چاوی بە کڵاوە سێ شاخەکانی ئەو دوو جەندرمەیە کەوت، کە دانی بەیانی تووشیان بووبوو. بە دوو قۆڵی بەسەریا دانەوی بوونەوە و دەستەکانیان دەبەست.

جەندرمە ئەقدەمەکە گوتی:- دەمزانی کە دووبارە دەستگیرت دەکەمەوە.

راندل، بێئەوەی چ بەرسڤێک بداتەوە، هەستا. ئەگەر بچووکترین جووڵەی بکردبا، دوو جەندرمەکە دارکاریان دەکرد، ئیدی کار لە کار ترازابوو وکەوتبووە داوی ئەوانەوە. نێچیرێک بوو کەوتبووە چنگی ڕاوچیانی بێ ویژدانەوە. ڕاوچیانێک کە بۆ زیندانیان دەبرد وئیدی ئازادیان نەدەکرد.

جەندرمەکە ئەمری کرد:- بکەوەڕێ.

کەوتنەڕێ. بەرە بەرە شەو، بە دەم خۆر لە زەردەی ئێوارەی پاییزەوە، قورس و شوم خۆی ڕەپێش دەخست.

دوای نیوسەعاتێک گەیینە ئاوەدانیەکە.

دەرگای هەموو مالەکان کرابووەوە، چونکە هەمووان لەم بویەر وپێشهاتانەی دوایی ئاگادار بوون. پیاوان و ژنانی دێهاتی هەموو تووڕە، وەکو ئەوەی کەسێک مالی دزی بن و خراپەی دەگەڵ کردبن، دەیانویست بەچاوی خۆیان کابرای قەرەبەخت بدینن و جنێوبارانی بکەن.

ئەم ڕەوشە لە یەکەم ماڵی شارەوە تا بینای فەرمانداری، کە فەرماندار لەوێندەر چاوەڕوانی تۆڵەکردنەوە بوو لەکابرای وێڵ و بێکار، بەدی دەکرا.

هەرکە فەرماندار ئەوی بینی، لە دوورەوە هاواریکرد:

- ها، بەڕەڵلای پێخاوسی سەرگەردان، دیسان پەیدا بوویتەوە!...

فەرماندار کە بە دەگمەن، خۆشحاڵ دەبوو، بە شادمانییەوە دەستەکانی لێکدی هەڵدەسوو ودەیگوت:- من پێمگوتووە... پێمگوتووە کەجارێکی دی لە جادە وبان نەبینرێت.

ئەوسا بە شادمانییەکی زۆرەوە گوتی:

- ئا! بەڕەڵلا، بەڕەڵلای چەپەل! بیست دانە ساڵ حەپسی دەکێشیت، هەی ناڕەسەنی پێخاوس!

## خا هیرمه

بە ڕاستی شێتان زۆر سەرنجم ڕادەکێشن. ئەمانە لە دنیایەکی نهێنی ئامێزی خەیاڵی سەیردا دەژین، هەرچییەکیان لە سەر زەویدا دیتووە، هەر هەموو ئەو شتانەی حەزیان لێکردووە، هەموو ئەوکارانەی کردوویانە، لە دنیای شێتایەتی خۆدا، لە قاڵبی بوونێکی خەیاڵیدا، دووبارە دەستی پێدەکەنەوە، دووبارەی دەکەنەوە. بوونێک لە سەرووی هەموو ئەو یاسایانەوە کە فەرمانڕەوایی هەموو دیاردە و ڕووداوەکان، ئەندێشە وخەیاڵی ئینسان دەکەن.

بەلای ئەوانەوە مەحاڵ بوونی نییە. ناواقیعی بوون، هیچ مانایەکی نامێنێت ودنیای بوونەوەران و کایناتی خەیاڵی، دەگۆڕێ، دەبێ بە دنیایەکی پایەدارو هەمیشەیی. ئەوان (شێتان) خوو بە شتە میتافیزیکیەکانەوە دەگرن. لەمپەڕی کۆنی لۆژیک، دیواری کۆنی ئاوەز، بەڵگە وبیانووی کۆنی ئەندێشە و هزران و ئاوەزی ساغلەم، تێک دەشکێنن، وێران دەبن و لە هەنبەر خەیاڵ و خەیاڵدانی ئەواندا کە ئازادانە لە دنیای بێ سنووری خەیاڵ پەروەریدا، دەسوڕێنەوە، تێک دەڕژێن و هیچ سنوور و لەمپەڕێک نامێنێت، ئەوانە بە تەکان وقەڵەمبازی ئەفسانەیی وبێ هیچ کۆسپ وتەگەرەیەک بەرەوپێش تاو دەدەن. بۆ ئەم جۆرە کەسانە هەموو شتێک ڕوودەدات ولەگینە ڕووبدات. ئەوان هیچ هەوڵێک نادەن بە سەر ڕووداوەکاندا زاڵ بن. کۆنترۆڵی بکەن، مقاوەمەتەکان تێک بشکێنن و لەمپەڕەکان سەرنگون بکەن. بۆ ئەوان ئەوە بەسە کە لە ڕێگەی هەوەسێکی خۆسەرانە و خەیاڵییەوە، ببن بە دۆتمیر، بە ئیمپراتۆر یان خودا، ببن بە خاوەنی هەموو سەروەت وسامانی دنیا و هەموو شتێکی دڵخوازی ژیان، لەزەت لە هەموو مەیل و ئارەزووەکان ببینن و، هەمیشە بە گوڕ وتین، جوان، گەنج وخۆشەویست بن. تەنیا ئەوان دەتوانن لە دنیادا بەختەوەر بن، چونکە شتێکیان لانییە ناوی واقیع و واقیعیەت بێ. من حەزدەکەم وەکو دانەوینەوە بەسەر گەرداوێکا کە، تۆفانێکی نادیار لە قوڵاییدا بە سەر سەرچاوەیەکی نادیاردا هەڵدەقوڵێت، بەو ئاوایە لە ڕوحی سەرگەردانی ئەوانە نزیک ببمەوە.

بەڵام دانەوینەوە بە سەر ئەم درز وکەلێن و سەرچاوانەدا بێفایدەیە، چونکە نازانین سەرچاوەی ئەم ئاوە کوێیە و بۆ کوێ دەڕوات و جگە لەمانەش، لەو ئاوە ناچێت کە لە دنیای واقیعیدا هەیە ودیتنیشی شتێکی ئەوتۆمان تێناگەیەنێت.

نزیکبوونەوە لە روحی شێتان بە کەڵکی هیچ نایەت، چونکە سەیرترین هزرێن وان، بە گشتی جگە لەو هزرانەی کە تا نها دۆزراونەتەوە و ناسراون هیچی تر نین وتەنیا لەبەر ئەمە غەریبن کە ئاوەز کۆنترۆڵی نەکردوون و ڕێکی نەخستوون. سەرچاوەکەیان هەوەسبازی وسێکسە، ئەمە غافڵگیر وحایرمان دەکات، چونکە چۆنیەتی هەڵقوڵینی ئەم بیرە سەیر وحیرەت ئەنگێزانە لە سەرچاوەکەی خۆیەوە نابینن. بێگومان ئەوەندە بەسە کە بەردێکی بچووک فڕێ بدرێتە ناو ئەم ئاوەوە تا ئەو جۆش وخرۆش و هەڵقوڵینە بێتە ئاراوە. وێڕای ئەمەش شێتان هەمیشە مایەی سەرنجن بۆ من، بەرەو خۆیان ڕامدەکێشن، هەمیشە بێئەوەی بەدەستی خۆم بێ، بە سەدەمی ئەم ڕازە تەقلیدیەی شێتایەتیەوە، بۆلای ئەوان دەگەڕێمەوە.

بەڵێ، ڕۆژێ کاتێ چوو بوومە سەردانی ئاسایشگایەکی شێتان، ئەو پزیشکەی کە دەگەڵم بوو و ڕێنوێنی دەکردم، گوتی:- فەرموو! دەمەوێ شتێکی باڵکێشت نیشانبدەم.

دەرگای ژوورێکی کردەوە کە ژنێکی تیابوو، تەمەنی نزیکەی چل ساڵێک دەبوو، جوانیش بوو، لە سەر موبێلەیەکی گەورە دانیشتبوو و ئاوێنەیەکی بچووکی بەدەستەوە بوو، بە نیگەرانی و وازوازی تەمەشای ڕوو و ڕوخساری خۆی دەکرد.

ژنەی تاین هەرکە ئێمەی بینی، هەستا، بە هەشتاو بۆ ئەو سەری ژوورەکە ڕۆیی. تا سەرپۆشەکەی، کە لە سەر کورسییەک کەوتبوو، هەڵبگرێت و بەدیقەت بیدات بە سەر وڕوخساری خۆیدا. پاش ئەوەی بە جووڵەی سەر سڵاوەکەمانی سەندەوە، گەڕایەوە سەر شوێنەکەی خۆی.

پزیشکەکە گوتی:- ئێ. ئەم بەیانییە حاڵت چۆنە؟

ژنەی گۆرین، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا:

- ئاخ، خراپە، زۆر خراپە قوربان، چاڵ و چرچ ولۆچەکانی دەم وچاوم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن.

پزیشکەکە بە قەناعەتەوە بەرسڤی دایەوە:- نا، نا، من دڵنیات دەکەم کە تۆ سەهوی.

ژنەکە، لە پزیشکەکە نزیک بووەوە تا بە چپە پێی بڵێت:

- نەخێر من دڵنیام. ئەم بەیانییە پتر لە دە چاڵم ژمارد، سێ دانە لە سەر گۆنای ڕاست و چوار دانە لە سەر گۆنای چەپ و سێیان لە سەر هەنیەم. بە ڕاستی ناشیرینە! دزێوە! ئیدی ڕووم نایە دەم وچاوم نیشانی چ کەسێک بدەم. نا، نەخێر، تەنانەت بە کوڕەکەشم، تازە تیاچووم، لێبوومەتەوە. بۆ هەتا هەتایە شکڵ و شێوەم گۆڕاوە.

کەوتە سەر موبیلەکە و لە کوڵی گریانی دا.

پزیشکەکە کورسییەکی هەڵگرت و لە لای ئەوەوە ڕۆنیشت و بەڕاوێژێکی میهرەبان و دڵدانەوە ئامێز گوتی:

- زۆر چاکە. کوا دەم وچاوت بە من نیشانبدە. دڵنیات دەکەم کە هیچ نییە. بە عەمەلیاتێکی بچووکی کەی و داغکردن شتاقیان بەدەم وچاوتەوە ناهێڵم.

ژنەی تاین بێئەوەی چ قسەیەک بکات، سەری نەخێری بادا.

پزیشکەکە دەیویست دەست بۆ سەرپۆشەکەی بەرێ، لێ ژنەی تاین هێند بەتووندی بە هەردوو دەستان، ڕێگەی لە دەستی ئەو گرت، کە قامکەکانی، لە قامکەکانی پزیشکەکە گیربوون. دکتۆرەکە بۆ ئەوەی ورەی بەرز بکاتەوە و دڵنیایی پێ ببەخشێت پێی گوت:

- تەمەشا، تۆ زۆر چاک دەزانی کە من هەموو جارێ ئەم چاڵ وکونیلە نارەسەنانە، نایەڵم. ئەوانەی لە چارم کردوون، ئیدی سەر هەڵنادەنەوە. ئەگەر بە منیان نیشان نەدەیت، ناتوانم چاریان بکەم.

ژنەکە، لەبن لێوانەوە گوتی:- بۆ تۆ دەتوانم سەرپۆشەکەم لاببەم، لێ سەبارەت بەم بەڕێزەی کە لە گەڵ تۆیە، نایناسم.

- ئەویش بابایەکی پزیشکە، کە لە منیش باشتر چارەسەرت دەکات.

سەرەنجام سەرپۆشەکەی لە سەر دەم وچاوی لابرد، لێ لە ترسا، لە شەرما، شەرمی ئەوەی کە سەر وسیمای دەرکەوتبوو، گەردنی تا ئەو شوێنەش کە کراسەکەی داپۆشی بوو، سووری سوور بووەوە. چاوی داخستبوون، دەم وچاوی جارێ بە چەپا و جارێ بە ڕاستدا وەردەگێڕا، تا خۆی لە نیگای مە بدزێتەوەو بە دەمەلاڵکێوە دەیگوت: - زۆرم پێناخۆشە کە ڕێگەم دان بەم ڕەوشەوە بمبینن. بەڕاستی ناخۆشە، حەیاچوونە، نا؟ ناخۆشە!

من کە حەپەسابووم، بە سەرسامی لێمدەڕوانی، چونکە هیچ پەڵەیەک، نیشانەیەک و تەنانەت جێگا برینێکیش بە ڕوویەوە نەبوو. ژنەی تاین، لە حاڵێکا کە هێشتا چاوی دانەواندبوو، ڕوویکردە من وگوتی:

- بەڕێز، من لەکاتی پەرستاری کوڕەکەما، بەم دەردە گرانە موبەتەلا بووم. من ئەوم نەجات دا، بەلام ڕوخساری خۆم لە دەست دا. من جوانی خۆم بەو بەخشی، بە کوڕە بەلەنگازەکەم. بە هەرحاڵ من ئەرکی خۆم جێبەجێکرد. ویژدانم ئاسوودەیە. تەنیا خودا دەزانێ چ ئازارێک دەکێشم.

پزیشکەکە، فلچەیەکی ناسکی شینباوی لە بەرکی دەرهێنا و دەیگوت:- ڕێگام بدە با کاری خۆم بکەم. هەموو ئەوانەت بۆ لادەبەم.

ژنەکە، گۆنای ڕاستی بردە پێشەوە و دکتۆرەکە بە ئەسپایی فلچەکەی بە ڕوومەتیدا دێنا. دەتگوت دەیەوێ خاڵی بچووکی ڕەنگین لە سەر ڕوومەتی دابنێت. هەمان کاری لە سەر ڕوومەتی چەپیشی کرد. ئەوسا نۆرە هاتە سەر چەناگە و هەنیەشی و ئەوسا هاواری کرد:- تەمەشاکە! هیچی پێوە نەما، هەر هیچی هیچ.

ژنەی تاین، دەستی دا ئاوێنەکە وماوەیەکی زۆر، بەدیقەتێکی قووڵ، بە حەوسەڵەیەکی زۆر و هەوڵێکی دەروونییەوە، بە نیازی دۆزینەوەی شتێک بە ڕوو و ڕوخساری خۆیەوە، تەمەشای ئاوێنەکەی کرد.

- نەخێر، زۆر دیارنییە. زۆر منەتباری تۆم.

پزیشکەکە هەستا. خواحافیزی لە ژنەکە کرد ومنی وەپێش خۆی دا. هەرکە دەرگاکەی داخست گوتی:

- حەزدەکەم چیرۆکی سەیری ئەم ژنە قەرەبەختەت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمە نێوی مەدام هیرمەیە. زۆرجوان، نازفرۆش، مەکرۆ ، زۆر ژیاندۆست بوو. یەکێک بوو لەو ژنانەی کە لە دنیادا جگە لە جوانی وخۆنواندن و دلڕفێنی، هیچ خەمێکی تریان نییە، تا لەو ڕێگایەوە، خەڵکی بخەنەژێر ڕکێفی خۆیانەوە و نازیان بەسەردا بکەن. هەمیشە لە خەمی پاراستنی تەڕوبڕی خۆ، چاودێری ڕوو و ڕوخسار، دەست، ددان و هەموو ئەندامی لەش و لاریانن، تا خۆیانی پێوە بنوێنن و خۆیان بە سەر خەڵکییەوە بابدەن.

کە کوڕێکی بوو، ئیدی بێوەژن کەوت، کوڕەکەی وەکو کوڕی هەموو ژنانی خانەدان و ئەشرافزادە گەورە بوو. کوڕەکەی خۆشدەویست. کوڕە گەورە بوو وئەو پیر بوو. ئایا ئەم ژنە بەقەیرانی ناچاریدا تێپەڕی بوو؟ نازانم. ئایا وەکو زۆر ژنی دی، هەموو بەیانییەک بە سەعاتان تەمەشای پێستی خۆی نەکردبوو؟

پێستێک کە جاران زۆرناسک، گەش و ڕۆشن بوو و هەنووکە ژێر چاوەکانی بەرە بەرە و بە ئاستەم چرچ دەبوو و هەزاران هێڵی باریکی، کە هێشتا نەدەبینران، تێدەکەوت، بەلام ڕۆژ بەڕۆژ ومانگ بە مانگ قووڵتر دەبوو. ئەمە بەجارێ لە ڕووی دەروونییەوە وێرانی دەکرد، تێکی دەشکاند. ئایا ئەوەی بینی بوو کە چرچە درێژەکانی سەرهەنیەی، ئەم تولە مارانە کە هیچ هێزێک لە پێشڕەوی نەدەخستن، لەپەستا وبێپسانەوە، بە شێوەیەکی خاو

بەڵام حەتمی گەورە دەبوون؟ ئایا دووچاری ئەشکەنجەی نالەباری ئاوێنە بووبوو؟ ئەو ئاوێنە دەسک زیوەی کە ژنان دوای ئەوەی بە تووڕەیی فڕێی دەدەنە سەرمێزەکە، ناتوانن بڕیاربدەن کە بەو دەقەوە وازی لێبێنن و زوو بە زوو دووبارە دەستی دەدەنێ، تا لە نزیکەوە لە نزیکی نزیکەوە نیشانەکانی پیری خۆ بدینن. ئایا هەموو ڕۆژێک پازدە بیست چەلان، بە خۆڕایی و بێهیچ هۆیەک هۆڵی میوان ودۆست ومیوانەکانی بە دەم گفت وگۆ وگەنگەشەوە بەجێ نەهیشتبوو و نەچووبووە ژوورەکەی نهۆمی سەرەوەو دەرگای لە خۆی دانەخستبوو وبە کەماڵی ئیسراحەت جارێکی دی تەمەشای جەریانی وێران بوونی پێستی خۆی نەکردبوو، کە بەرە بەرە دەچرمسی و پەژمردە دەبوو؟ وبە نائومێدی تەمەشای ڕەوتی ئارامی نەخۆشیەکەی خۆی کە گوایە هیشتا چ کەسێک پێی نەحەسیا بوو، لێ خۆی باش باش هەستی پێدەکرد، نەکردبوو؟ شوێنی توندترین هێرش و قووڵترین گازی پیری لە ڕوخساری خۆیدا دەناسی وبەدی دەکرد و ئاوێنەکە، ئاوێنە چکۆلە دەسک زیوە کەندەکارییەکەی خۆی، شتی ناخۆشی بەو دەگوت، چونکە ئاوێنە قسە دەکات، پێدەکەنێ، پەلار داوێت و ڕووداوەکانی ئایندە، هەموو بەد بەختیە بەدەنی و ئەشکەنجە دەروونیەکانی تا ڕۆژی مردن، کە ڕۆژی ئازادی ئەو دەبێ، بەو دەڵێت.

ئایا گریا بوو؟ حایر وحەپەساو، کەوتبووە سەرچۆکان، هەنیەی بە عاردیدا سووبوو، دوعا ونزای کردبوو؟ دوعا لە بەر قاپی ئەوەی کە ئەم بوونەوەر و کایناتە دەکوژێت، گەنجاتیان پێ ڕەوا نابینێ، مەگەر هەر پیرییان پێ ڕەوا بدینێ، دەنا گەنجییان پێ ڕەوا نابینێ، ئەگەر ڕەواشی بدینێ، بۆ ئەوەیە زۆر زوو لێیان بسەنێتەوە. ئایا لە بەر قاپی و دەرگای ئەو نەپاڕابووەوە کە کارێک بکات کە هەرگیز دەرهەق بەکەس نەیکردبوو، سەبارەت بەو بکات؟ واتا تا دوا ڕۆژی ژیانی، جوانی، خشکۆکی، تەڕ وبڕی، شەنگوڵی و دڵڕفێنی لەو نەسەنێتەوە؟

ئایا پاشان، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتبوو کە بێهودە لە نەناسێکی دڵڕەق، بێخەم وخەیاڵ دەپاڕێتەوە و لە حاڵێکا گازی لە بازووەکانی دەگرت، لە سەر فەرشی ژوورەکان نەتلابووەوە، ناوچەوانی بە موبیلەکاندا نەکێشابوو و هاوارێن ترسناکی نائومێدی لە گەروویا نەخنکابوو؟

بێگومان ئەم ئازارانەی چەشتبوو، چونکە ئەم واریقاتەی بەسەر هاتبوو:

ڕۆژێ لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا، کوڕەکەی کە پازدە ساڵان بوو، نەخۆش کەوت وپێش ئەوەی جۆری نەخۆشییەکەی دیاری بکەن، لەجێدا کەوت. ئەو قەشەیەی کە سەرپەرشتی دەکرد، بەدیاریەوە دەمایەوە وهیچ کاتێ بەجێی نەدەهێشت، مەگەر ئەوکاتانەی کە خا هیرمە، دانی بەیانی و دانی ئێوارە بۆ هەواڵپرسی کوڕەکەی بۆ ئەوێندەر دەهات.

خا هیرمە، بەیانی بە جلێکی ڕەشی خەوەوە، خەندان و لە بۆنی عەترا هەڵکشاو دەهات و لەبەر دەرگاوە دەیپرسی:- ها جورج باشتریت؟

کوڕەی نۆ لاو، سوور، بە دەم چاوی هەڵماساوەوە، بەدەم تاوە بەرسڤی دەدایەوە:- بەڵێ دایکە جوانەکەم، کەمێ باشترم.

خاهیرمە، چەند ساتێک لە ژوورەکە دەمایەوە وپفێکی دەکرد، تەمەشایەکی شووشەی دەرمانەکانی دەکرد. ئەوسا لە ناکاوا بە دەنگی بەرز دەیگوت:- ئاه! کارێکی گرینگ و زۆر بە پەلەم لە بیرچووە و، بە هەڵەداوان خۆی لەوێندەر نەجات دەدا وبۆنێکی خۆشی عەتر و تفاقی ئارایشی لە دوای خۆی بەجێدەهێشت. ئێواران، بەجلکی

یەخەکراوەوە، بە هەشتاوتر لە دانی بەیانی دەهات، چونکە هەمیشە پەلەی بوو و تەنیا ئەوەندەی وەخت هەبوو کە بپرسێت: - ئێ، پزیشکەکە چی گوت؟

قەشەکە بەرسڤی دەدایەوە:- هێشتا دیارنییە خانم.

بەڵێ، شەوێک، قەشەکە گوتی:- خانم کوڕەکەت نیشانەی ئاوڵە و خوریکەی لێ بەدیار کەوتووە.

خاهیرمە لە ترسا، قیژەیەکی کرد وهەڵات.

وەختایەک، سبەی بەیانی کارەکەرەکەی چوو بۆلای، هەستی کرد بۆنی تووندی قەندی سووتاو دێ، سەیری کرد خانمەکەی چاوەکانی کراونەتەوە، ڕوخساری لە بێخەویدا زەرد هەڵگەڕابوو و لە نیگەرانیا، لە ناو جێگاکەیدا هەڵدەلەرزی.

هەرکە پەنجەرە دارینەکانی ژوورەکە کرانەوە، خاهیرمە پرسی:

- حاڵی جورج چۆنە؟
- ئاە خانم! ئەمڕۆ هیچ باش نییە.

خاهیرمە، تا نیوەڕۆ لە جێگا نەهاتە دەرێ وپێدەچوو ئەویش نەخۆش بێت. دوو هێلکەی لە گەڵ فینجانێ قاوەدا خوارد. پاشان لە ماڵ وەدەرکەوت و خۆی بە دەرمانخانەیەکدا کرد وهەندێک زانیاری ورێنمایی لەمەڕ چۆنیەتی پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی ئاوڵە (خوریکە) وەرگرت.

ئێوارە، بەچەند شووشە دەرمانێکەوە هاتەوە ویەکسەر خۆی بە ژوورەکەیدا کرد ودەرگاکەی لە سەر خۆی داخست وکەوتە هەڵسوونی دەرمانی دژە ئاوڵە، لە بەدەنی خۆی.

قەشەکە، لە ژووری نانخواردن چاوەڕوانی ئەو بوو. خاهیرمە کە چاوی بەو کەوت، بە دەنگێکی نیگەران و هاڕووژاو پرسی:- حاڵی چۆنە؟

- باش نییە، دکتۆرەکە زۆر نیگەرانە.

خاهیرمە کەوتە گریان، چونکە زۆر بەخەمەوە بوو، نەیتوانی هیچ بخوات. سبەینێ، دەمەو بەیانی، حاڵی کوڕەکەی پرسی. کوڕە باش نەبووبوو و خاهیرمە، هەموو ڕۆژەکەی لە ژوورەکەی خۆیدا کە پڕبوو لە دووکەڵی دەرمانانی سووتاندن و بۆنی دیکە، بە سەربرد.

لەلایەکی دیکەوە کارەکەرەکەی دەیگوت، بە درێژایی ئەو عەسرە دەنگی ناڵین وئاخین لە ژوورەکەی ئەو نەبڕاوە.

یەک هەفتەی تەواو بەم ئاوایە بووری. خاهیرمە، هیچ کارێکی نەدەکرد جگە لەوەی کە دەورو بەری نیوەڕۆ، یەک دوو سەعاتان بە مەبەستی هەوا گۆڕکێ لە ماڵ وەدەردەکەوت.

ئیدی سەعات بە سەعات هەواڵی کورەکەی وەردەگرت و کە بە هەواڵی خراپی ڕەوشی ئەوی دەزانی، هۆن هۆن دەگریا.

ڕۆژی یازدەیەم، لای بەیانی، وەختایەک قەشەکە بەڕوخساری جدی وڕەنگی هەڵبزرکاوەوە خۆی بە ژوورەکەی خاهیرمەدا کرد وبێئەوەی لە سەر ئەو کورسییە دانیشێت کە خاهیرمە پێی نیشاندا، گوتی:- خانم حاڵی کوڕەکەتان زۆر خراپە و حەزدەکات بتبینێ.

خاهیرمە کەوتە سەر چۆکان و هاواریکرد:- ئاە خودایا! خوای گەورە! من هەرگیز جورئەت ناکەم. خودایا، خوای گەورە فریام بکەوە!

یارۆی قەشە لە سەر قسەکەی خۆی ڕۆیی وگوتی:- خانم، دکتۆر هیوایەکی کەمی بە چاکبوونەوەی هەیە. جۆرج چاوەڕوانی تۆیە!

ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

دوای دوو سەعات، وەختایەک کوڕەی گەنج هەستی بە نزیک بوونەوەی مەرگی خۆی کرد، جارێکی دی داوای دایکی کرد. قەشەکە دیسان چوو بۆلای خاهیرمە، هێشتا لە سەر ئەژنۆیان کەوتبوو، بەدەم گریانەوە دەیگوت:- نا، نامەوێ، نامەوێ، زۆر دەترسم... خەریکە زیڕە دەکەم... نامەوێ...

قەشەکە، هەوڵیدا بیهێنێتە ڕەدا، ورەی بخاتە بەر و دەگەڵ خۆیدا بیبات، بەڵام فایدەی نەبوو، قاییل نەبوو و نەبوو، بە پێچەوانەوە تووشی قەیرانێکی عەسەبی توند بوو، کە خاهیرمەی خستە ناڵە وگریانێکی بەکوڵ، کە کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت.

وەختایەک پزیشکەکە زقڕی بووبووەوە، لەم خەمساردییە تووڕە بووبوو و گوتبووی کە بە خۆی دەڕوات و خاهیرمە بەخۆشی بێ یان بە ترشی، بۆلای نەخۆشەکە دەبات، لێ وەختایەک بە هەرجۆرێک خاهیرمەی هەستاندبوو تا بۆ لای کوڕەکەیی ببات، خاهیرمە، بەجۆرێ خۆی بە دەرگاکەوە چەسپاندبوو کە پزیشکەکە نەیتوانی بوو لە دەرگاکەی بکاتەوە. سەرەنجام پاش ئەوەی دکتۆرەکە وازی لێهێنابوو، ئیدی کەوتبووە سەرپای دکتۆرەکە و بە بیانووی ئەوەی کە ژنێکی بەدبەختە، داوای بوردنی لێکردبوو.

- ئاخ! ئەو نامرێ. پێم بڵێن کە نامرێت. تکات لێدەکەم بە ناوی منەوە پێی بڵێ کە من خۆشم دەوێ، دەیپەرستم.

کوڕەی گەنج کەوتبووە ئاویلکە و چونکە هەستی دەکرد دوا دواییەتی پاڕایەوە کە دایکی ناچاربکەن کە ماڵاوایی لێبکات. بەڵام کوڕەکە بەو هەستەوە، کە زۆربەی نەخۆشانی لە حاڵی مردنا، هەیانە، پەی بە هەموو شتێک بردبوو، زەینی بۆ هەموو شتێک دەچوو، دەیگوت:

- ئەگەر دەترسێت بێتە ناو ژوورەکە، تکای لێبکەن کە تا بەر هەیوانەکە و تا بەر پەنجەرەی ژوورەکم بێت تا بەلای کەمەوە بیدینم، هەرچەندە ناتوانم دەست لە ملی بکەم، با بەنیگایەک خاترخوازی لێبکەم.

پزیشکەکە وقەشەکە جارێکی دی بۆلای ژنەی تاین چوون و دڵنیایان کرد، کە:

- گەر شووشەی پەنجەرەکە لە نێوانیاندا بێ، هیچ خەتەرێکی لە سەر نابێت.

خاهیرمە، خۆی جەم وجۆر کرد، سەری لە نێو هەردوو دەستی نا. بوتڵێ نمەکی بچووکی بەدەستەوە گرت، سێ شەقاوێک بە بەر هەیوانەکەدا چووە پێشەوە و پاشان لە ناکاوا، دەم وچاوی لە نێو دەستەکانیا شاردەوە ونالاندی:

- نا، نا، من هەرگیز ناوێرم بیدینم... هەرگیز... شەرمەزارم... زۆر دەترسم. نا، ناتوانم.

ویستیان بە خورتی بیبەن، بەڵام چنگی لە محەجەرەکان گیرکرد و لە ناڵەیەکی ئەوتۆی دا کە هەموو ڕێبوارانی سەر جادەکە، چاویان بڕییە سەرەوە.

نەخۆشە بێحاڵەکە، بە دەم چاوەڕوانییەوە چاوی بڕی بوونە ئەودیوی پەنجەرەکە. بە دەم چاوەڕوانی مردنەوە، بە تەمابوو بۆ دواجار ڕوخساری میهرەبان، خۆشەویست و پیرۆزی دایکی بدینێت.

ماوەیەک بە دەم چاوەڕوانییەوە مایەوە وشەو داهات. ئەنجام، ڕووی بۆلای دیوارەکە وەرگێڕا و ئیدی هیچ قسەیەکی نەکرد.

کە ڕۆژ بووەوە ئەو مردبوو وبۆ سبەینێ خاهیرمە شێت بووبوو.

## سەیوان

خا ئوریل، ژنێکی ڕژد و ڕەزیل بوو. تاقە یەک سووشی " پارەیەکی زۆر بێ بایەخی فەرەنسیە " لە چاو بوو، هەرچییەکی دەست بکەوتایە کۆی دەکردەوە. هەڵبەتە کارەکەرەکەی کە بۆ کڕینی پێویستی ماڵەکە دەچووە بازاڕ، زۆری ئەزیەت دەخوارد و ئاغای ئوریل، بەزەحمەتێکی زۆر دەی توانی پارەیەک لە خا ئوریل وەربگرێت. هەرچەندە حاڵیان باش بوو ومنداڵیان نەبوو، لێ خا ئوریل کە دەیبینی پارە سپییەکان لە گیرفانی دەردێنن، وەکو ئەوەی برینێک بکەوێتە دڵی، بەو ئاوایە هەستی بە ئازارێکی ڕاستەقینە دەکرد وهەر ڕۆژێ خەرجییەکی ناچاری، با کەمیش با، هاتبا پێشێ، ئەوشەوە بەنیگەرانییەکی زۆرەوە دەخەوت.

ئاغای ئوریل، دایمە بە هاوسەرەکەی دەگوت:

- ژنەکە هەقە بڕێک دەست ودڵ کراوەتر بی. چونکە هەمیشە دەرامەتمان لە خەرجیمان زیاترە.

خا ئوریل بەرسڤی دەدایەوە :- کەس نازانێ ئایندە چی لە ژێر سەردایە. سەروەتی زیادە سەرناشکێنێ...

خا ئوریل، ژنێکی چل ساڵەیە، وردیلە، ڕەنگ وڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، بزێو، پاک وخاوێن وبە زۆری تووڕە و تووند خوو بوو.

مێردەکەی هەمیشە گلەیی لێدەکرد، کە زۆری دەچەوسێنێتەوەو پارەی ناداتێ. دڵنیابوو کە ئەم ڕەزیلیەی ژنەکەی، گران لە سەر ئەو دەکەوێت و دەیکات بە گەپجاڕی ئاشنا وبێگانە، بە کەسێکی عەزرەتی.

ئاغای ئوریل، کارمەندی فەرمی وەزارەتی جەنگ بوو، تەنیا لەبەر دڵی ژنەکەی و بۆ ئەوەی دەرامەتی ساڵانە وبێ سوودی ماڵەکە زیاد بکات، لە سەر ئەوکارە مابووەوە.

ئاغا ئوریل، دوودانە ساڵ بوو، بە چەتر و سەیوانێکی پینەکراوەوە، کە مایەی تەوس وتوانج و پێکەنینی هاوکارەکانی بوو، هاتوچۆی دایەرەی دەکرد. ئەنجام کە لە تەوسخەن وپلاری هاوکارەکانی بێتاقەت بووبوو، حەوجە بە خا ئوریل بوو کە چەترێکی نوێی بۆبکڕێت. هاوسەرەکەی ئاغای ئوریل، لە ڕۆژنامەدا چاوی بە ئاگاداری و داخۆیانی موغازەیەکی گەورە کەوت، ئەمەی بەهەل زانی، چوو چەترێکی بە هەشت فرانک و پەنجا سوو کڕی. کارمەندەکان، بە دیتنی ئەم چەترە، کە لە پاریسدا، هەزارانی وەکو ئەوەیان فڕێدەدا، دەستیان بە پێکەنین و تەوس و توانجان کرد و ئوریل، زۆر بەمە قەڵس و دڵگران بوو، ئازاری دەچەشت. چەترەکە هیچی نەدەهێنا، هەر بە ناو چەتر بوو. لە ماوەی سێ هەیڤدا لە کارکەوت و ئیدی ئەم شتە لە وەزارەتخانەکەدا، بوو بە داستانی سەرزاران. تەنانەت کردیان بە گۆرانیەک و لە سەروخواری بینا گەورەکەدا دەگوترا و دەگوترایەوە.

ئوریل، کە تووڕە بووبوو، داوای لە ژنەکەی کرد کە چەترێکی تازەی ئاوریشمی ناسکی بە بیست فرانک بۆ بکڕێت و وەسڵی کڕینەکەی بداتەوە بە خۆی.

ژنەکەی چەترێکی هەژدە فرانکی کڕی و لە حاڵێکا لە حەیفا سوور بووبووەوە، کە دایە دەست مێردەکەی گوتی:- بەلای کەمەوە دەبێ ئەم چەترە بەشی پێنج ساڵت بکات.

ئوریل، سەرکەوتووانە، شەخسیەتێکی دیکەی لە دایەرە پەیداکرد. شەوێ کە بۆماڵ زڤڕییەوە، ژنەکەی بە نیگەرانییەوە تەمەشایەکی چەترەکەی کرد و پێی گوت:- ئاگاداربە شتی کائوچویی بەرنەکەوێت، چونکە کائوچو، ئاوریشم دەدڕێ. ئیدی دەبێ خۆت ئاگات لێی بێ. چونکە بەم زووانە چەترێکی دیکەت بۆ ناکڕم.

خا ئوریل چەترەکەی بە دەستەوە گرت، دەستی بە دوگمەکەیدا نا، کرایەوە، کەوتە ساف کردنی چرچ ولۆچەکانی، لێ لە ناکاوا حایر و حەپەساو وەستا. کونێکی گەورەی بازنەیی وەکو دراوێک لە ناوەندی چەترەکەدا بە دیارکەوت! شوێنی سووتانی جگەرە بوو. خا ئوریل کەوتە مینگەمینگ وگوتی:- ئەمە چییە؟

مێردەکەی، بێئەوەی تەمەشای بکات، بە کاوەخۆ گوتی:- چی، چییە؟ دەتەوێ بڵێی چی؟

خائوریل، لە تووڕەیی و پەستیدا، هەناسەی سوار بووبوو، قسەی بۆ نەدەکرا.

- تۆ... تۆ... تۆ چەترەکەت سووتاندووە... تۆ... تۆ شێتی. تۆ دەتەوێ ماڵوێرانمان بکەیت!

ئاغای ئوریل، لە حاڵێکا هەستیدەکرد، ڕەنگی هەڵبزرکاوە، ئاوڕێکی لای ئەوی دایەوە وگوتی:- ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟

- دەمەوێ بڵێم چەترەکەت سووتاندووە. فەرموو تەمەشای بکە!

بە هەڵەداوان بۆلای ئەو چوو و هەر بۆ تووڕەکردنی ئەو کونە بچووکەکەی لە بەر لووتیا ڕاگرت.

ئاغای ئوریل، لە هەنبەر ئەم کارەساتەدا تەواو پەشۆکابوو وبە پەلە وبە شێوەیەکی نامەفهووم قسەی دەکرد.

- ئەمە... ئەمە چییە؟ نازانم! من هیچ کارێکم نەکردووە. هیچ. سوێند دەخۆم کە نازانم ئەمە چییە. من... ئەم چەترە...

ئێستا خائوریل، بۆڵەبۆڵی دەکرد:

- من گرێو دەکەم کە لە دایەرە، گاڵتەبازیت کردووەو بۆ خۆنواندن لە بەرچاو هاوکارەکانت، چەترەکەت هەڵداوە.

ئاغا ئوریل بەرسڤی دایەوە:

- تەنیا یەک جار هەڵمدا، ئەویش بۆ ئەوەی پێیان نیشانبدەم کە چەند جوانە. تەنیا یەک جار، باوەڕ بکە.

لێ خا ئوریل، لە حەژمەتاندا پێی بە عاردیدا دەکوتا و یەکێک لەو شەڕانەی نێوان ژن ومێردانی بەرپاکرد، کە بۆ پیاو لە تۆپبارانی مەیدانی شەڕ ترسناکترە.

خا ئوریل، بە پارچە ئاوریشمێک کە لە چەترە کۆنەکەی کردبووەوە و ڕەنگەکەشی جیابوو، پینەیەکی لە چەترەکە داو بۆ سبەینێ ئوریل بە تەریقی، چەترە پینەکراوەکەی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەرکەوت. چەترەکەی لە دۆڵابی ژووری کارکردنەکەی خۆی دانا وهەوڵیدا، وەکو هەندێک بیرەوەری ناخۆش فەرامۆشی بکات و بیری لێنەکاتەوە.

لێ ئێواره، هێشتا به تەواوەتی له دەرگاکەوه نەهاتبووه ژوورەوه، ژنەکەی چەترەکەی له دەست ڕاپسکاند، هەڵیدا تا سەیری بکات، له حاڵێکا له ترسی بەدشانسیەکی چاوەڕوان نەکراو، هەناسەی تەنگ بووبوو، چەند کونێکی له چەترەکەدا بینی که جێگای سووتان بوو، وەکو ئەوەبوو که چەترەکەیان خستبێته بەر پزیسکی پایپ. ئاغای ئوریل، تەواو سەغڵەت بووبوو. هیچ چارەیەکیش نەبوو.

خا ئوریل، بێئەوەی ورته بکات و له حاڵێکا لەوه تووڕەتر بوو که بتوانێ قسەیەک بکات، سەیری چەترەکەی دەکرد. ئاغای " ئوریل " ش بیری له زەرەرەکه دەکردەوه و گەوجانه، به ترس ولەرزەوه، حایر وحەپەساو، به واقی وڕەوه له جێی خۆی وەستابوو.

ئەوسا تەمەشای یەکدییان کرد. ئاغای ئوریل چاوانی داخستبوو و له نزیکەوه دەیڕوانیه چەتره کونکۆنەکه که ژنەکەی هەڵیدابووه بەردەمی. پاشان خا ئوریل، له هەڕەتی تووڕەییدا دووباره، خۆی کۆنترۆڵ کرد وگوتی:- ئاخ، هەی سپڵە! هەی ناڕەسەن! تۆ به ئانقەست وات لەم چەتره کردووه و دەتەوێ پاره به من خەسار بکەیت. ئیتر چەتر بەچاو نابینیت... دیمەن و بەزمەکه جارێکی دی دەستی پێکردەوه. دوای چارەکه زریانێک سەرەنجام ئاغای ئوریل، توانی مەسەلەکه ڕوون بکاتەوه، سوێندی خوارد که ئاگای لەم مەسەلەیه نییه و سەری لێدەرناکات و ئەم واریقاته تەنیا بەهۆی بەدخوایی یان تۆڵه ئەستێنییەوه ڕوویداوه. لەم کاتەدا دەنگی زەنگی دەرگا ڕزگاری کرد. دۆستێک بوو که بۆ شێو بۆ ماڵی وان هاتبوو.

خا ئوریل، حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوه و گوتی که چەترێکی تازه بۆ مێردەکەی ناکڕێت و دەبێ بەبێ چەتر بێت. دۆستەکەی ئاغا ئوریل، کەوته گەنگەشەی مەسەلەکه که:

- خانم! خۆ گومانی تیا نییه که نرخی جلەکانی له هی چەترەکه زیاتره، لەم حاڵەدا، واته ئەگەر چەتری نەبێت، جلەکانی خەسار دەبن.

ژنەی تاین که هێشتا  هەر تووڕه بوو، بەرسڤی دایەوه:

- زۆرچاکه، با چەتری پێشخزمەتەکه ببات. ئامادەنیم چەترێکی نوێی ئاوریشمی بدەمێ.

ئاغای ئوریل، که گوێی لەو قسەیه بوو، شپرزه بوو:

- لەم حاڵەدا ئامادەم ئیستیقاله بکەم، بەڵام به چەتری پێشخزمەتەکەوه ناچم بۆ دەوامی وەزارەتخانه.

دۆستەکەی ئاغای ئوریل بەردەوام بوو:

- بیبەنه لای وەستا با بەرێکی تازەی تێبگرێت. زۆریش گران ناکەوێ.

خا ئوریل، بەپەستی و مینگه مینگەوه گوتی:

- بەلای کەمەوه دەبێ هەشت فرانک هەقی ئەم بەرتێگرتنه تازەیه بدەم. هەشت فرانک و هەژده فرانک دەکاته بیست وشەش فرانک. بیست و شەش فرانک بۆ چەترێک! ئاخر ئەمه شێتییه!

دۆستەکەی ئاغای ئوریل لە ناکاوا بیرۆکەیەکی بۆهات کە هیچی تێنەدەچوو:- هەوڵبدەن بیمە پارەکەی بدات. بە دڵنیاییەوە کۆمپانیاکانی بیمە، قەرەبووی ئەو ئاگرە دەکاتەوە کە بەربووەتە ماڵەکەتان، قەرەبووی نرخی شتە سووتاوەکانتان بۆ دەکەنەوە.

ژنەی تاین کە گوێی لەو پێشنیازە بوو، بە ئاشکرا هێور بووەوە و ماوەیەکی کەم دەبیرەوە چوو و بە مێردەکەی گوت:- سبەینێ پێش ئەوەی بۆ دەوامی وەزارەتخانە بڕۆیت، دەچیت بۆ نووسینگەی کۆمپانیای ماترنیل و حاڵ وحیکایەتی چەترەکەی خۆتیان بۆ دەگێڕیتەوە، داوا دەکەی بۆتی ببژێرنەوە.

ئاغای ئوریل، لەرزێکی کوت وپڕی لێهات.

- هەرگیز شتی واناکەم. ئاخر هەژدە فرانک کەی زەرەرە، خۆ بەم زەرەرە نامرین.

سبەینێ بە تووڕەیی لە ماڵ وەدەرکەوت. خۆشبەختانە هەوا خۆشبوو. خا ئوریل کە بە تەنیا لە ماڵەوە بوو، هەرچی دەکرد ئەو هەژدە فرانکەی لە دڵ دەرنەدەچوو. چەترەکەی لە سەر مێزی ژووری نان خواردن دانابوو، بە دەوریا دەسووڕایەوە وئەقڵی بە هیچ چارەسەرێکا نەدەشکا.

پێشنیازی سەردانی کۆمپانیای بیمە، بە بەردەوامی ختووکەی زەینی دەدا، بەڵام جورئەتی نەدەکرد ڕوو بەڕووی نیگای بەتەوس و توانجی ئەو پیاوانە ببێتەوە کە دەبووایە بچێت بۆلایان. چونکە لە هەنبەر خەڵکیدا شەرمن بوو. لە خوتو خۆڕایی سوور دەبووەوە و هەرکە قسەی دەگەڵ خەڵکانی بێگانە و نەناسدا بکردایە، هەستی بەجۆرە لە ڕووداماێک دەکرد.

وێڕای ئەمەش، داخی لە دەستدانی هەژدە فرانک وەکو برینێکی قووڵ ئەزیەتی دەدا. نەیدەویست لەوەی پتر بیری لێبکاتەوە، بەڵام کە ئەم زەرەرەی بیردەکەوتەوە، بە تەواوەتی پەرێشان دەبوو. لەم حاڵەدا تەگبیری چ بوو، دەبوایە چ بکات؟

کات دەبووری و ئەو هیچ بڕیارێکی پێنەدەدرا. سەرەنجام لە ناکاوا وەکو ترسنۆکێک کە بێ پەروا دەبن و قیروسیا دەکەن، زاتی وەبەرهاتەوە:- دەڕۆم چی دەبێ با ببێت.

لێ دەبوا، لە هەوەڵەوە چەترەکە ئامادە بکات تا بیکات بە بەڵگەیەک و بەدشانسیەکەی خۆی پێ بسەلمێنێت. شقارتەیەکی لە سەر ئاگری موغەیرییەکە ڕاگرت و ئاگرێکی بە چەترەکەوە نا کە شەبەقێکی بە ئەندازەی ناولەپێکی تێکرد. ئەوسا بە وریایی وپارێزەوە، ئەوەی لە پارچەی ئاوریشمینی چەترەکە مابووەوە خستە توێی چەترەکەوە. شاڵەکەی دا بەشانیا و کڵاوەکەی لە سەر نا و بە هەشتاو بەرەو شەقامی ریڤولی چوو کە کۆمپانیای بیمە لەوێ بوو.

بەڵام تا نزیکتر دەبووەوە، هەنگاوەکانی خاوتر دەکردەوە. ئاخر لەوێ چ بڵێت؟ چ وەڵامێک بداتەوە؟

تەمەشای ژمارەی خانووەکانی دەکرد. دەبوایە بیست و هەشت خانووی دی بەجێ بێڵێ. باش بوو، تا ئەو فاسیلەیەی دەبڕی، دەیتوانی بیربکاتەوە. زیاتر خۆی دێر دەخست. لە ناکاوا تەزوویەکی پێداهات، گەیی بووە کۆمپانیای بیمەکە. بە پیتێن زێڕین لە سەر دەرگاکە نووسرابوو: " ماترنیل، کۆمپانیای بیمەی شەوات. " بۆ ماوەی خولەکێک بەشەرم ونیگەرانییەوە ڕاوەستا. ئەوسا بە بەر دەرگای کۆمپانیاکەدا ڕەت بوو. دووبارە زڤڕییەوە و جارێکی دی بە بەردەمیا ڕەت بوو و پاشان دووبارە گەڕایەوە.

سەرەنجام بەخۆی گوت:- خۆ من هەردەبێ بچمە ژوورەوە، کەواتە تا زووتر وەژوور بکەوم باشترە.

لێ وەختایەک خۆی بە ساختمانەکەدا کرد، هەستیکرد کە دڵی بە تووندی لێدەدات. خۆی بە ژوورێکی گەورەدا کرد، کە ژمارەیەک باجەی زۆری بە دەوراندەورەوە بوو. لەپشت هەر باجەیەکەوە سەری پیاوێک دیاربوو، کە لەشی لەسەر کورسییەک نقوم بووبوو.

پیاوێک، کە کۆمەڵێک کاغەزی بە دەستەوە بوو. خائوریل وەستا وبەشەرمێکەوە گوتی:- ببورە بەڕێز. بێزەحمەت لەکوێ قەرەبووی شتێن سووتاو وەربگرم.

پیاوە، بە دەنگێکی گڕ بەرسڤی دایەوە:- نهۆمی یەکەم، بە دەستەچەپا. نووسینگەی شەوات.

ئەو وشەیە، هێندەی دی شەرمەزاری کرد. حەزیدەکرد تا زووە خۆی دەربازبکات وهیچ نەڵێت. وەختایەک کەمێک وەخۆهاتەوە، بە هانکەهانک، کە لە سەر هەر پلیکانەیەک هەڵوەستەی دەکرد، سەرکەوت. لە نهۆمی یەکەما چاوی بە دەرگایەک کەوت و لە دەرگای دا. دەنگێکی ڕوون گوتی:- فەرمووا!

خا ئوریل، وەژوورکەوت، خۆی لە ژوورێکی گەورەدا بینییەوە کە سێ پیاوی بۆشناخ و بەهەیبەت وەستابوون و گفت وگۆیان دەگەڵ یەکدا دەکرد. یەکێک لە پیاوەکان پرسی:- چ فەرمایشێکت هەیە، خانم؟

خا ئوریل، کە تیا مابوو و نەیدەزانی چۆن کێشەکەی خۆی عەرزبکات، بەدەم مینگەمینگەوە گوتی:- من هاتووم... هاتووم... بۆ... بۆ... مەسەلەی شەواتێک.

پیاوەکە زۆر بەڕێزەوە خولکی دانیشتنی کرد.

- بێزەحمەت دانیشە. یەک خولەکی دی دێمەوە لاتان.

پاشان، درێژەی بە گفت وگۆیەکەی خۆی دەگەڵ ئەو دووپیاوەی دیدا، دا:

- بەڕێزینە کۆمپانیا، سەبارەت بە ئێوە تەنیا دەچێتە ژێرباری چوارسەد هەزار فرانک، بۆیە ناتوانین بەو داوایەی ئێوە قاییل بین کە سەد هەزار فرانکی دیکەتان بۆ زیاد بکەین. لە لایەکی دییەوە خەمڵاندنی...

یەکێک لەو دووپیاوە هەڵیدایێ وگوتی:

- ئەو برە بەسە ئاغا. دادگاکان حوکم دەدەن. جگە لە ملدان هیچ چارێکی دیکەمان نییە و،

دوای چەند جارێک خاترخوازی تەشریفاتی، وەدەرکەوتن.

خۆزیا ئەویش ( خا ئوریل ) زاتی دەکرد و لەگەڵ ئەوانا دەچووە دەرەوە، هەڵدەهات و دەستبەرداری هەموو شتێک دەبوو. بەڵام ئایا دەیتوانی؟

پیاوەکە گەڕایەوە وگوتی:- خانم، چ خزمەتێکتان هەبوو؟

ژنەی تاین زۆر بە زەحمەت گوتی:- هاتووم بۆ... بۆ ئەمەی...

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بیمەکە، بە سەرسامیەکی ساویلکانە ڕوانییە ئەوشتەی کە بە دەستی خا ئوریلەوە بوو.

خا ئوریل، بە دەستی لەرزۆکەوە خەریک بوو کیفی چەترەکە بکاتەوە و دوای هەوڵێکی زۆر، بە توونڈی چەترە شکاوەکەی کردەوە. پیاوەکە بەڕاوێژێکی دڵسۆزانەوە گوتی:- پێموایە زۆر داغان بووە.

خا ئوریل بە دوودڵییەوە گوتی:- بیست فرانکم پێداوە.

- بەڕاست؟ ئەم چەترە؟
- بەڵێ، چەترێکی زۆرباش بوو. خۆزگە یەکەم ڕۆژ دەتبینی.
- دەی باشە. لێ نازانم ئەم چەترە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟

خا ئوریل، دووچاری نیگەرانی بوو. وادیاربوو ئەم کۆمپانیای بیمەیە نەتوانێ قەرەبووی شتانی بچووک بکاتەوە وگوتی:- بەڵام ئەم چەترە سووتاوە.

کابرا نکۆڵی نەکرد:- دەی بینم، دیارە!

خا ئوریل، حەپەسا بوو و نەیدەزانی چ بڵێت. پاشان لە ناکاوا هەستی بەو حاڵەی خۆی کرد وبلەز گوتی: - من خا ئوریلم. ئێمە لەلایەن کۆمپانیای " ماترنیل " ەوە بیمە کراوین و هاتووم کە بەهای ئەم زەرەرەم بۆ ببژێرنەوە.

و لە حاڵێکا لەوە دەترسا بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە قابیل نەبێت، بە پەلە لە سەری ڕۆیی:- من تەنیا داوای ئەوەتان لێدەکەم کە بۆم ڕووکەش بکەنەوە و بەرگێکی تازەی تێبگرنەوە!

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە کە زۆر نارەحەت بوو، گوتی:

- بەڵام خانم... خۆ ئێمە چەترساز نین. ئێمە ناتوانین خۆمان گیرۆدەی ئەم جۆرە کارانە بکەین.

ژنەی وردیلە هەستی دەکرد، کە دووبارە متمانەی بە خۆ پەیدا دەکردەوە. دەبوا کۆڵنەدات. دەبێ بخەبتێ، بۆیە بێ هیچ ترسێک گوتی:- من تەنیا پارەی چاککردنەوەکەیم دەوێ. خۆم دەیبەمە لای وەستا.

لەوە دەچوو کابرا دوودڵ بێ.

- خانم ئەمە بەڕاستی پارەیەکی زۆر کەمە. تا ئێستا هیچ کەسێک داوای قەرەبووکردنەوەی ئەم شتە بچووکانەیان لێنەکردووین. باوەڕ بکە کە ئێمە ناتوانین دەستەسڕ، دەستکێش و پەنجەوانە، گسک، نەعلە کۆن و هەموو ئەوشتە بچووکانەی کە لەگینە هەموو ڕۆژێ بسووتێن، قەرەبوو بکەینەوە.

خا ئوریل، سوور بووەوە و هەستیکرد کە تووڕەیی لە سەراپای دەنیشێت.

- لێ ئاغا، لە هەیڤی دوازدەی پاردا، بە هۆی ئاگری موغەیرییەوە ماڵەکەمان گڕی گرت کە بە کێمانی زەرەری پێنج سەد فرانکمان لێکەوت. ئاغای ئوریل داوای هیچ قەرەبوویەکی لە کۆمپانیاکەتان نەکرد. لەبەر ئەمە هەقە بێ چەندوچوون، بەهای ئەم چەترە بۆ من ببژێرنەوە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە، کە هەستی بە درۆکەی ئەو کردبوو، بەدەم بزەوە گوتی:- خانم ڕاست بڵێ! بەڕاستی سەیرە کە ئاغای ئوریل داوای قەرەبووی زیانێکی پێنج سەد فرانکی نەکردبێت و تۆ داوای قەرەبووی زەرەری پێنج شەش فرانکی چەترێک بکەی.

خائوریل، خۆی شلوێ نەکرد و بەرسڤی دایەوە:- ببورە قوربان. زیانی پێنج سەد فرانکەکە، لە دارایی ئاغای ئوریل کەوتبوو، بەڵام زیانی هەژدە فرانکەکە، پەیوەندی بە دارایی خا ئوریلەوە هەیە، ئەمانە لە یەکدی جیان.

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە کە زانی بە ئاسانی لە دەستی خانم ڕزگار نابێ و هەموو ڕۆژەکەی لێ بەفیڕۆ دەچێت، بە نەبەدڵی پرسی:

- بێزەحمەت بۆم بگێڕەوە کە بویەرەکە چۆن ڕوویدا؟

خائوریل، بەمتمانەوە کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە.

- بویەرەکە بەمجۆرە بوو:- لە ڕاڕەوی ماڵەکەما، عەلاگەیەکی برونزیم هەیە کە چەتر و گۆپاڵ و ئەوشتانەی پێوە هەڵدەواسم. ئەو ڕۆژە دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵێ، ئەم چەترەم بە عەلاگەکەوە هەڵواسی. ڕێک لە سەرووی ئەم عەلاگەیەوە، تاقچەیەک هەیە کە مۆم وشخارتە وئەوشتانەی تیا دادەنم. دەنکە شقارتەیەکم دەرهێنا بەڵام هەڵنەبوو. یەکێکی ترم دەرهێنا کە هەڵبوو، لێ یەکسەر کوژایەوە. سێیەمم هەڵکرد، ئەم بویەرەی لێکەوتەوە.

جەنابی بەڕێوەبەر قسەکەی پێبڕی، تا ئەو بیرۆکەکەی پێ بڵێ کە بە مێشکیا هاتبوو:- بێگومان ئەو دەنکە شقارتانە حکومەتی بوون.

خا ئوریل، لە قسەکەی جەنابی بەڕێوەبەر حاڵی نەبوو و لە سەری ڕۆیی:

- زۆر لەگینە. ڕێک وەکو هەمیشە، چوارەمین دەنکە شقارتە هەڵبوو و من مۆمەکەم هەڵایساند و چووم بۆ ژوورەکەم تا بخەوم. لێ دوای یەک چارەکە سەعات، بۆنی بۆسۆم بە سەردا هات. من هەمیشە لە ئاگر دەترسم. ئەگەر قەت دووچاری شەوات نەبووینا، هەق نەبوو بترسم، لێ دوای ئەو شەوات و سووتمانەی بۆم باسکردیت، ئیدی چاوترسێن بووم. بەڵێ… هەڵدەستم لە ژوورەکە دەچمە دەرێ. وەکو تاژی بۆن بە هەموو شوێنێکەوە دەکەم و سەرەنجام بۆم دەردەکەوێ کە چەترەکەم خەریکە دەسووتێ. ڕەنگە دەنکە شقارتەیەک کەوتبێتە ناویەوە. ئەوەتا بەخۆت دەبینی ئەم چەترە چی بەسەر هاتووە…

جەنابی بەڕێوەبەر، سەر ڕشتەی قسەکانی گرتەدەست و پرسی:

- زیانەکە بە چەند فرانک دەقەبڵێنی؟

خا ئوریل بێدەنگ بوو. زاتی نەکرد ژمارەیەک بڵێت و پاشان کە دەیویست خۆی خواردە و دڵاوا بنوێنێ، گوتی:

- خۆتان چاکی بکەنەوە. خۆتان ئەم کارە بکەن.
- نەخێر خانم، من ناتوانم. پێم بڵێ چەندت پارە دەوێ؟

- بەڵام... بە ئەقڵم کە... تەمەشا ئاغا. من نامەوێ ئیحراجت بکەم. دەتوانین کارێک بکەین. من چەترەکەم دەبەمە لای وەستایەکی چەتران تا ڕووکەشێکی تازەی ئاوریشمی تێ بگرێت و وەسڵی حیسابەکەتان بۆ دێنمەوە. ئەم کارەت قەبووڵە؟
- زۆرچاکە خانم. قاییلم. ئەمە بەڵگەیەکی باشە بۆ ئەو سەندووقەی کە قەرەبووت دەکاتەوە.

وکارتێکی دایە خائوریل. کارتەکەی وەرگرت. ئەوسا هەستا وبە مەمنوونییەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا بەڕێوەبەرەکە ژێوان ببێتەوە، بە هەشتاو بەرەو دەرگای چوونەدەر، ڕۆیی.

خائوریل، هەنووکە بە هەنگاوی شادمانییەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی چەترسازێکی باش وبەسەلیقە، شەقامەکەی تەی دەکرد. وەختایەک کە دووکانێکی دۆزییەوە، بە ئەقڵی ئەو شوێنی مشتەرییانی دەوڵەمەند بوو، خۆی وەژووردا کرد و بە ڕاوێژێکی پڕمتمانەوە گوتی:- ڕووکەشێکی ئاوریشمی زۆر چاکم بۆ لەم چەترە بگرە. باشترین پارچەی لێبنە. گوێت لە نرخەکەی نەبێ، بەلامەوە خەم نییە.

## وتەیەک دەربارەی نووسەر و بەرهەمەکانی

دەمێ ساڵە واباوە کە ژینامە وهەڵسەنگاندنی بەرهەمێن نووسەران لە هەوەڵی کتێبەکەوەو پێش ئەوەی خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی چیرۆکەکان بکەن، دادەنەن، لێ پاچڤەوانی ( پاچڤەوانی فارسی ) ئەم کۆچیرۆکە، وای بەباشتر زانی کە خوێنەر هەوەڵجار، بە بۆچوونی خۆی و بە بێهیچ پێش هەڵسەنگاندن و داوەرییەک، بکەوێتە ڕاڤەی چیرۆکەکان، توانای داهێنەرانەی خۆی بۆ دۆزینەوەو کەشفکردنی ڕاز وڕەمزە ئیستاتیکیەکان، لایەنە هۆنەرییەکانی هونەری چیرۆکنووسی، تازەگەرییەکانی نووسەر وهەروەها بیرکردنەوە لە تیمە ونێوەڕۆکی چیرۆکەکان و لە دوا ئەنجامدا ڕاڤە و هیرمونەتیکی بەگوێرەی توانا ئازادانەی فەلسەفی و جڤاکی لە چوارچێوەی بەرهەمەکەدا، بەکار بەرێت، چونکە یەکەمین و گرنگترین پێوەر و پێوانەی هەڵسەنگاندنی هەر دەقێک، خودی دەقەکەیە؛ ڕاهاتن لە سەر ئەم شێوە خوێندنەوەیە بۆ دەقی ئەدەبی، داهێنانی زەینی خوێنەرو لەزەتی خوێندنەوەی دەق زیاد دەکات.

بابەتی بەرهەمی ئەدەبی، هەرچییەک بێ، یەکەمین و، ڕەنگە گرینگترین فاکتەرێک کە سەرنجی خوێنەر و وەرگر ڕادەکێشێت و ئاست و چۆنیەتی گەیاندنی پەیامی نووسەری پێوە بەندە، شێوە وچۆنیەتی دەربڕینی بابەتەکەیە، کە ئەمەش لە دوا ئەنجامدا بۆ شێواز و ستایل و سیاق و بەها ئیستاتیکییەکانی دەگەڕێتەوە. بەڵام ناتوانرێ بگوترێ کە هەموو شتێک لەم فاکتەرەدا چڕ دەبێتەوە. لەم قۆناغە بە دواوە، فاکتەرێن دیکەش لە دوا خوێندنەوەی وردی خوێنەرا بۆ بەرهەمێن نووسەر ڕۆڵ دەبینن. ڕاستە کە هیچ بەرهەمێک لە کاریگەری هەل ومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی بەدەر نییە و لە بۆشاییەوە چێنەبووە. تەنانەت بەرهەمێن بەهێز و نەمریش لە هەوەڵەوە ناسنامەی خۆیان هەیە، بەرواری لە دایک بوون و زێد و شوێنی لە دایکبوون و لە دوای ئەوە ئەوسا گوزەرنامە و پەساپۆرتی پەڕینەوە لە مەرزێن کات وشوێن بە دەست دەهێنێت. دیدگای فەلسەفی و جڤاکی نووسەران، کە کەم دابێژێک، ڕەنگدانەوەی هەل ومەرجی مێژوویی ژیانی ئەوانە، لە ئافراندنی بەرهەمەکانیاندا، ڕۆڵی حاشا هەڵنەگریان هەیە.

کۆمەڵگە، وەکو بەهێزترین سەرچاوەی ئیلهام و سەرۆ، ناتوانرێ تەنانەت لە زەینی ترین، لە سوریالیستی ترین و مودێرن ترین بەرهەم، بێتە دابڕان وهاوێرکردن. هەرجۆرە هەوڵێک لەم بارەیەوە هەمیشە ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێک هەڤدژی و ناکۆکی دەبێتەوە.

نموونە هەرە دیاری ئەم حاڵەت و دیاردەیەش، لە یاداشتەکانی گوستاف  فلوبیرا بە زەقی دیارە کە خۆزیای دەخواست ڕۆمانێک " دەربارەی هیچ " بنووسێت.

گوستاف فلوبیر، نووسەری فەرەنسی سەدەی نۆزدە، لە وەڵامی لاپرەسەنی و کونجکاوی خوێنەرانی ڕۆمانە بەنێوبانگەکەی خۆیا، مەدام بوڤاری، کە لێیان پرسی بوو مەدام بوڤاری ڕاستەقینە کێیە؟ دەڵێت: " ئەم چیرۆکە، بەتەواوەتی دەستکردە، بۆڤاری هیچ واقیعیەتێکی نییە. لەم چیرۆکەدا نە هیچم دەربارەی خۆم گوتووە ونە دەربارەی بوون وهەستەکانم. "

بەڵام ئەم جۆرە ئیدیعا قورس و خەیاڵییە، زۆر بەرگە ناگرێ و، تەنانەت خودی فلوبیرش ناتوانێ داکۆکی لێبکات. هەڵبەتە ئەمە هەڤدژی خودی هزرینی فلوبیرە، ئەو نووسەرەی کە یەکێک لە نوێنەرانی ڕێبازی ریالیزم و لە هەمان کاتدا باوەڕی بە تێزی " هونەر بۆ هونەرە " . لە بەرهەمەکانی خۆیدا. لایەنی کۆمەڵایەتی کاراکتەرەکان

شیدەکاتەوە، بەڵام لەباری تیۆرییەوە، هیچ حیسابێک بۆ ئەو لایەنە ناکات و لەو ڕووەوە دەڵێت: " بە بۆچوونی من واقیعگەرایی وبایەخدان بە واقیعیەت مەرجی سەرەکی هونەر نییە. هونەرییەت وبایەخدان بەلایەنی ئیستاتیکی ئامانجی سەرەکی نووسەرە. "

بە هەرحاڵ، لە نێو قسە پەراگەندە و هەڤدژەکانی فلوبیردا، سەرەنجام دەگەینە ئەم ڕستەیە: " هەرچییەک دادەهێنن، هەمووی واقیعە. دڵنیابە! " فلوبیر دەربارەی کاراکتەری ئیما بوڤاری لە ڕۆمانی مەدام بوڤاری دا، دەگاتە کۆمەڵێک ئەنجامگیری جوان:

" مەدام بوڤارییە داماوەکەی من بێگومان لە هەمان ساتدا و لە یەک کاتدا، لە بیست شاری فەرەنسادا ڕەنج دەکێشێت و ڕوندک دەڕێژێ. "

فلوبیر، ئەوکاتەی کە لە دیدگای فەلسەفیەوە ڕەخنە لەبەرهەمەکەی خۆی دەگرێت، دەڵێت: " ئیما بوڤاری، خودی منە، خۆمم. " ( بڕوانە: شیرین دخت دقیقیان، منشا شخصیت در ادبیات داستانی، ناشر: مؤلف، پخش چشمە، ١٩٧١ ).

کەسایەتی و شەخسیەتی تایبەتی خودی نووسەریش، یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە دەشێت، بۆ تێگەیشتن وپەی بردن بە ڕاز ورەمزی دەقی بەرهەمەکانی، سوودی لێبێتە وەرگرتن.

کافکا، وەکو یەکێک لە دیارترین نووسەرانی سوریالیست دەڵێت: " ئەگەر دەخوازیت لەم چیرۆکانە تێبگەیت، دەبێ لە من تێبگەیت، دەبێ لە من تێبگەی، پێویستە من بناسیت. دەبێ بچیتە ناو ژیان، کەسایەتی، خەم و خەونەکانی منەوە. " بڕوانە: ویل واریل دورانت، تفسیرهای زندگی، ترجمە ابراهیم مشعری، انتشارات نیلوفر، ١٣٦٩ ).

میلان کوندیرا، کە لایەنگری " ڕۆمانی نوێ " یە کە کاراکتەری ئەدەبی بە " حەقیقەتی گونجێنراوی نا وێنەیی " دەزانێ، دەڵێت:

" کاراکتەر، ئەوەنییە، بێی کەسایەتیەکی وەکو بوونەوەرێکی زندووی ناو ژیان بخولقێنی. کاراکتەر بوونەوەرێکی خەیاڵییە، کەسایەتی و کاراکتەری من ئەزموونگەراییە. " ( بڕوانە: میلان کوندیرا، هنر رمان، ترجمە دکتر پرویز همایون پور، نشر گفتار، ١٣٦٨ ).

هەر میلان کوندیرا دەربارەی ڕۆمانی (بار هستی) دەڵێت: " کاراکتەرانی ئەو ڕۆمانەی کە نووسیوومە، ئەو ئیمکان و شیانانەی منن کە نەهاتوونەتە دی، بۆیە هەرهەموویانم هەرم خۆشدەون و هەم هەراسان ونیگەرانم دەکەن. ئەوانە هەریەکێکیان لە مەرزێکەوە گوزەریان کردووە، کە من تەنیا بە دەوریا سووڕاومەتەوە، ئەوەی من ڕادەکێشێت ئەو مەرزەیە کە پێیدا تێپەڕیوم، مەرزێ کە لەو دیویەوە من بوونم نییە. " ( بڕوانە: میلان کوندیرا، بار هستی، ترجمە دکتر پرویز همایون پور، نشر گفتار، ١٣٦٨ ).

ڕەهەندێکی دیکەی هەڵسەنگاندن وراڤەی دەقێک، پەیوەندی ئەو دەقەیە، بە بەرهەمەکانی ترەوە. لەوەیە بەرهەمێکی ئەدەبی، ئیلهام و سەرۆی لە بەرهەمێکی پێش خۆیەوە وەرگرتبێ و لەوەشە، ببێتە ئیلهامبەخشی خوڵقاندنی بەرهەمێن دوای خۆی. لە ڕاستیا هەڤدەقی و ئینتەرتیکستواڵ و شیکردنەوەی پراکتیزەیی دەقێن ئەدەبی، یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەر ڕەخنەیەکی ئەدەبی.

بە هەرحاڵ، دەمەوێ لەم کورتە نووسینەدا، بە گوێرەی توانا ئەو لایەنانە شەن وکەو بکەم.

## ژیانی گی دو موپاسان

گی دو موپاسان، نووسەری فەرەنسی لە ١٨٥٠/٨/٥، لە کۆشکی ئەشرافی میرومانسینلی هەشت کیلومەتری دیپ، هاتووەتە دنیاوە.

لور دو موپاسان، دایکێکە کە دەخوازێ کوڕەکەی بە گوێرەی داب و نەریتی ئەشرافانەی خۆی پەروەردە بکات و تەربێت بدات. بابی موپاسان لە بنەماڵەیەکی ئەشرافی نەبووەو بۆیە ژیانی خێزانداری ئەوان بە سەدەمی غروور و لە خۆبایی بوونی ژنە و بەڕەڵلایی و سەرسەریاتی ژێراوژێری پیاوە، هەمیشە بە ئاژاوەو بە شەڕ و فەڕتەنە بووە، هەڵبەتە لەم هاماج و کەش وهەوایەدا، کوڕەی هەستیار، هیچ ئارامییەک بە خۆوە نابینێت.

بەرە بەرە بە سەدەمی کێشماکێشی بەردەوامی نێوان داک وباب، نیشانەکانی خەمینی وڕەشبینی لە کوڕەکەیاندا، بە دیار دەکەوێت. کاتێ لە سالانی دواترا، بیری لە سەرچاوەی ئەو ڕەشبینییە تووندەی، کە وەکو هەورێکی تاریک باڵی بە سەر بیرکردنەوەیدا کێشابوو، دەکردەوە، هەمان ئەو ترسە لە ناکاوانەی وەیاد دەهاتەوە، کە لە کاتی شەڕ و ئاژاوەو بشێوینی هەراوهەنگامەی دایک وباوکیا، سەراپای دادەگرت.

لور دو موپاسان، لە نامەیەکا بۆ نزیکترین دۆستی خۆی، گوستاف فلوبیر، دەربارەی کوڕەکەی دەڵێت: " نە زەوقی هیچ شتێکی هەیە و نەحەزی لە هیچ شتێکە. کەسی خۆشناوێت و هیچ جۆرە حەز و خولیا و بەرزەفڕی و ئومێدەوارییەک نانوێنێت. "

پێش ئەوەی گی بگاتە تەمەنی دوازدە ساڵی، داک وبابی جیادەبنەوە و سەرپەرشتی ئەو بە دایکی دەسپێردرێت. کوڕە پەیوەندی خۆی دەگەڵ بابیا ناپچڕێنێت و هەوڵدەدات لە چوارچێوەی ماڵەوە ڕۆڵی سەرپەرشتیار بۆ دایکی وبراکەی ببینێ بەڵام لەو ماڵەدا کە دایکی زۆر تووڕە ونیگەران و دەم دەمی مگێز وناڕەحەت بوو وبراکەی بەرەبەرە نیشانەکانی جۆرە دەروونپەرێشییەکی لێ بە دیاردەکەوت، تەنیا مەفەرێک بۆ ئەم گەنجە خەمین و مەلوولە، سروشتی ئەو دەڤەرە گوندیاتی و کیڵگە و مەزرا، تەڕ وبڕەکانی بوو. بە تایبەتی دێهاتیەکان بە ژیانی پڕ چالاکی خۆیان، گەمەی مندالانی گوند، نمایش وچیرۆکێن سادە، بەڵام سەرڕێژ لە حیکمەتی گوندەواران، ئاوپڕژێنی دڵ و دەروونیان دەکرد، دەیان بوژانەوە.

لور دوموپاسان کە دەیویست کوڕەکەی زیاتر دەگەڵ داب ونەریتی جڤاکی خۆیدا ڕابینێ و ئاشت بکاتەوە، ئیدی خوێندن وفێرکردنی ئەوی بە کابرایەکی قەشە سپارد. لێ ڕەوشت و خووە کومیدیەکانی کەشیشی ناوبراو، تەنیا تەبع و تەبیعەتی تەنزئامێز لە لای موپاسان ڕیشاژۆ دەکات.

لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا، بە ناچاری دەینێرێتە قوتابخانەی مەزەبی یوڤیتو، ساختمانە قەبزەکان و هاماجی خەمناکی قوتابخانەکە خەمینی و مەلوولی کوڕە زیاتر دەکات. ئەو کە لە ماڵی خۆیدا هەموو ڕۆژێ خۆی دەشت، بەرەبەرە لە چڵکنی خۆی بێزار دەبێت. ئیدی بۆ ئەوەی خۆی مژوول بکات دەکەوێتە تاقیبی ئەو کتێبانەی کە خوێندنەوەیان لە قوتابخانەدا قەدەغە بوو. ئیدی لە سایەی باندۆر و کاریگەری ڤیکتور هوگودا، شیعرێن ڕۆمانتیک

دادەنێ. لەو سەروبەندەدا، ماکی زەقی ئەدەبی لە لا چێدەبێت. چیرۆکێن قەدەغە و ڕۆمانێن خەیاڵی و، ترسناک و ئیرۆتیکی دەخوێنێتەوە.

وادیارە شۆخیانی تووند و نوکتەێن کومیکیش لەم سەروبەندەدا، دەخزێتە سەلیقەی ئەدەبی ئەوەوە. هەروەها خوێندنی ئەدەبیاتی کلاسیک، شیعرەکانی ڕاسین و ڕۆمانەکانی ڕوسۆ لە قوتابخانە و فێربوونی زمانی یونانی، دەبنە مایەی گەشەکردن ودەوڵەمەندکردنی بەهرەی ئەدەبی ئەو.

لور دو موپاسان، کورەکەی لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا، کە دووچاری خەمۆکی وسستی ئەعساب بوو، لە قوتابخانەی یوڤیتو دەردێنێ، موپاسان، دوای چارەسەر، لە ساڵی ١٨٦٨ دا دەچێتە قوتابخانەی ئامادەیی شاری روین و لە ٢٧/٧/ ١٨٦٩ دا، بە پلەی نایاب، شادەتنامەی قۆناغی دووەمی ناوەندی لە بەشی ئەدەبیاتدا وەردەگرێت و لە هەمان شارا ئاکنجی دەبێت.

موپاسان، لە روین ئاشنایەتی دەگەڵ ئەدیبێکی چل وشەش ساڵاندا بە نێوی لویس بویە پەیدا دەکات. ئەم شاعیر ودراما نووسە کە لە روین خەریکی کتێب فرۆشتن دەبێت، زۆرشتی گرینگ لەمەڕ هونەری نووسین ونووسەرانی فێردەکات و ڕەمزی سەرکەوتنی ئەدەبی، واتە کاری بەردەوام و کۆڵنەدانی پێ دەناسێنێ. موپاسان لەم قۆناغەدا بە کۆمەکی لویس بویە و گوستاف فلوبیر کە لە لایەکەوە نزیکترین ناسیاوی دایکی و لە لایەکی دییەوە ڕازڤان و مەحرەمی ڕازەکانی لویس بویە بوو، دەکەوێتە تاوتوێی بەرهەمەکانی بالزاک، زۆرشتیان لێوە فێردەبیت و زۆر بەجدی دەست بە نووسین دەکات.

موپاسان، لە ئەکتوبەری ١٨٦٩ دا دەچێت بۆ پاریس، تا لە بەشی ماف دا درێژە بەخوێندن بدات، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی نێوان پروس وفەرەنسا، لە خوێندنی دەکات و پەیوەندی بە سوپاوە دەکات و دەبێ بە سەرباز. موپاسان، لەو ژینگەیەدا، پەی بە فێڵ و دەهۆی سوپاییان و سیاسەتوانانی سەربە چینە باڵاکان دەبات و ئیدی لەو ساڵانەدا تۆوی کینە لەوان و نەفرەت لە جەنگ، لە دڵ ودەروونیا چەکەرە دەکات و دەڕوێت، تۆوێک کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە بەرهەمەکانیا ڕەنگدەداتەوە.

ساڵانی گەنجاتی ژیانی موپاسان لە ژینگەی ئەو بیروکراسیە کارگێڕیەدا دەگوزەرێ کە بە سەر سیستەمی کارگێڕی ڕۆژدا زاڵ بوو. هەوەڵجار لە وەزارەتی دەریایی و پاشان لە وەزارەتی فێرکردن وەکو کارمەند دادەمەزرێ و دەستبەکار دەبێت. هەڵبەتە لەم قۆناغەدا، زۆر بابەتی جۆراوجۆر دەربارەی ژیانی کارمەندان وەکو توێژێکی فراوانی وردە بورژوای شاری، هەڵدەهێنجێ، کە دەبنە بابەت وهەوێنی داهێنانی گەلێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی.

بەڵام باری دەروونی موپاسان لە نیو چواردیواری تەنگ و ژینگەی تاقەتبەری دایەرە و فەرمانگاندا، ڕۆژبەڕۆژ خراتر دەبێت. خۆی لە نووسینگەکەی خۆیدا بە زندانییەک، دیلێکی ناچاری دەبینێ و لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٧٨ دا لە نامەیەکیدا بۆ فلوبیر دەنووسێت: " نووسینگەکەی من دۆزەخێکە بۆخۆی. "

کەمێک دواتر، لە نامەیەکی دیدا بۆ فلوبیر، بەمجۆرە، سکاڵا وگازن دەکات: " من تا بینەقاقا لە پۆخڵەواتا ڕۆچووم و لە عەزاب و خەمێن بێ وێنەدا نقوم بووم. "

لەم قۆناغە هەشت ساڵیەدا، دیسان تاقە مەفەڕی ئەو دەبێت بە سروشت و تەبیعەت و ئەمجارەیان خوو دەداتە ڕوباری سین و مەلەوانی وبەلەمڕانی وئەمە سوکناییەک بە عەزابە دەروونییەکانی دەبەخشێت. ئەم قۆناغە

ئیلهامبەخشی گەلێک لەو چیرۆکە کورتانەیەتی کە دەربارەی بەلەمڕانی لە ڕوباری سین دا، نووسیونی. هەندێکیان ڕەنگدانەوەی تەواوی، ڕابواردن و خۆشگوزەرانیە تایبەتیەکانی خودی خۆین.

موپاسان، کە هێشتا وێڕای گرفتارییە توندە دەروونییەکانی، هەمان خوڵک و خووی لاسارانەی دەورانی قۆناغی ئامادەیی تیادا مابوو، بە کۆمەکی دۆست وبناژۆکانی گروپێکی نهێنی دادەمەزرێنێ کە لە کۆڕو مەجلیسەکانی خۆیاندا شۆخی و سوعبەتی دزێو و ناپەسند دەکەن و هەندێجار وەکو گروپە ماسۆنیەکان، بۆ وەرگرتنی ئەندام، پەنا وەبەر تاقیکردنەوانی پڕ مەترسی و کارەساتبار دەبەن، بەڕادەیەک کە یەکێک لە هاوکارە ئیداریەکانی موپاسان، مودەتێک دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی گروپە نهێنییەکە دەمرێت و موپاسان لە نامەیەکا بۆ کیژێکی هەرزە و بەڕەڵلا دەڵێت: " وایان بڵاوکردووەتەوە کە بە هۆی ئەزیەت و ئازارەکانی ئێمەوە، مردووە. "

ئەندامانی ئەم گروپە نهێنییە، دەست بە نواندنی نمایشێکی ڕەخنە ئامێزی بازاڕی بە نیوی " ماڵی تورکێک بە پەڕەی گوڵەباخ " دەکەن.

چیرۆکی نمایشنامەکە دەربارەی ساویلکەیی ژن و مێرێکی گەنجە کە لە پشوواندا، خۆ بە خانوویەکدا دەکەن و وادەزانن پانسیونە، لێ خانووەکە لە لایەن کابرایەکی شەیتانپەرستەوە بەڕێوە دەبرێ، دانیشتووەکانی دیکەی خانووەکە بریتین لە : کەنیزەکێکی تورک، پینەدۆزێک، قەمووریێکی تورەوترۆ، کاپیتانێکی خانەنشین و خزمەتکارێکی هەمەکارە، کە پێشتر قەشە بووە.

ئەو کارتی دەعوەتنامانەی کە بۆ تەمەشاڤانانی نمایشەکە ڤرێدەکرێن، پڕن لە شۆخیاتی بێ پەردە و نەنگین. نواندنی نمایشنامەکە، دەبێتە مایەی حیرەت وبێزاری. فلوبیر هاوار دەکات: " چەند سارد و سڕ و بێتامە! " و ئەدموند گنکور، بە شایەدی دەوروبەرەکەی، دەیەوێ بێزاری خۆی لەمەڕ ئەم نمایشە ئەنارشیستی وبێ سەروبەرە بشارێتەوە.

وادیارە تەنیا بلیمەتی و نیگای تیژی موپاسان نایەڵێت کە نووسەر بە تەواوەتی لە شۆخیاتی سەخیفدا غەرق ببێت.

موپاسان، لەو ژینگە کارگێڕیەدا کە تیا دەژی، دەکەوێتە تاوتوێی ژیانی خەڵکانی ڕووتە وبێ دەسەلات و لە نامەیەکدا بۆ دایکی دەنووسێت: " هاوکات دەگەڵ ئەو چیرۆکانەمدا کە دەربارەی بەلەمڕانین، کۆمەڵێک کورتە چیرۆکان دەنووسم بەم ناونیشانە: " بەدبەختیە گەورەکانی خەڵکانی بچووک. "

بوونی دۆستێکی وەکو فلوبیر، دەبێتە پاڵاوگەیەکی بەردەوام بۆ هزر ونووسینەکانی ئەو. فلوبیر هەرچەندە پێکەنینی بەلاساری و سەرپێچیەکانی دۆستە گەنجەکەی دێ، بەڵام باوەڕی وابوو، کە حەوت پەڵی بە هەنگڵی هەر جنێوفرۆشێکی پەردەدڕدا داوە و، هەردوو دەستی لە پشتەوە بەستووە. " و " بە جنێو و قسانی بێ پەردە خۆی سووک کردەوە. " فلوبیر، موپاسان بۆ پاکی زمان هاندەدات، بە خێڵی ڕۆژنامەوان و نووسەرانی دەناسێنێ و هەوڵدەدات داوەرییە توندەکانیان دەرهەق بەو خاوبکاتەوە.

فلوبیر، کە جەوانی بابردووی خۆی لە موپاساندا دەبینێتەوە، هەوڵدەدا ئەو لە تەمەڵی و کات بە فیرۆدانی بێهودە دووربخاتەوە و نەیەڵێت بکەوێتە داوی جەڵەبیەتی بێ ماناوە، چونکە فلوبیر بەم ئاوایە، وەسفی ژیانی خۆی دەکات: " ژیانی ناچیزی من هێندە بۆش و بەتاڵ و یەکهاوی و یەک نەوایە کە لە نرخی نەبوودایە. "

مامۆستا، موریدەکەی خۆی، بە ڕازڤان و مەحرەمی ڕازە تایبەتیەکانی خۆی دەزانێت و شەوێک دەگەڵ ویدا، نامە تایبەتیەکان و یادگارییەکانی خۆی دەسووتێنێت. موپاسان لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێت کە دۆستە پیرەکەی، دەستەیەک کاغەز و پێڵاوێکی بچووکی سەمای ژنانەی لە نێو تفاقەکانی هێنایە دەرێ. گوڵەباخێکی وشکەوە بووی ئامال زەرد، کە لە دەستەسرێکی ژنانەی پەراوێز تۆڕیەوە پێچرابوو و لە ناو پێڵاوەکەدا بوو. موپاسان لە ڕووی هاودەردییەوە دەگەڵ مامۆستا پیرەکەی دا، دەڵێت: " ئەمەیە ژیان، ژیانێکی گەورە یانی: زۆر شتێن بێفایدە کە دێنە سووتاندن، تێپەڕبوونی ڕۆتینی ڕۆژگار، هەندێک بیرەوەریان دەربارەی کردارێن پەسند و پیاوانێک کە بە درێژایی ژیان ئاشنایەتی دەگەڵ پەیدا کردوون، میهرەبانی ڕاستگۆیانەی خانەوادەیەک گوڵەباخی وشکەوە بوو، دەستەسرێک و پێڵاوێکی ژنانە. "

لە نامەکانی فلوبیرەوە بۆ موپاسان، ئەوە دەخوێنرێتەوە کە قوتابیەکەی خۆی بە : " قۆز، زیرەک، هۆشن، هەستیار و ڕۆشنبیر " دەزانێت، لێ لە هەمان کاتدا هەندێجار بە لاسار وخۆسەر و گرژ ومۆنی تۆمەتبار دەکات. فلوبیر کە لە هەوەڵێ ڕا، لە هەوەڵین بەرخوردەکاندا، بەهرەی دەگمەنی موپاسانی لەوەدا دیتووە کە زۆر بەوردی وێنەی دیوی دەرەوە و ناوەوەی ئادەمیزادان دەگرێت و هەمیشە هەوڵیداوە ئەو تایبەتمەندیە " تایبەتمەندی دیتن و هەستکردن " لە لای ئەو بەهێز بکات. فلوبیر، هەرچەندە زۆر بەخەمی ساغڵەمی و سەلامەتی موپاسانەوە بوو، بەڵام لە نامەکانیا هەمیشە داوای لێدەکات کە بیری خۆی بەشتی بێهودە و بێ بەرەوە بەفیڕۆ نەدات. فلوبیر، بەردەوام بهێندرێژی و سەبر وحەوسەڵە لەکاری نووسین دا، لە یەک ڕستەی کورتدا خەست دەکاتەوە: " بەهرە شاتۆبریان گوتەنی، جگە لە کۆڵنەدان و بهێندرێژی هیچی دی نییە. "

لەم بارەیەوە موپاسان فێری ئەوە دەکات کە لە سەرەتاوە، بزێوی وسەرەڕۆیی و لاساری و نەسرەوتی زکماکی خۆی ڕام بکات، ئەوسا لە هەنبەر شتەکاندا ڕۆنیشت وسەرنج ودیقەتی خۆی وەکو مەکینەیەک بخاتە سەر ئەو شتانە: " وەکو ئەوەی بتەوێ ئەو لایەن و حاڵەت و نهێنگانەی کە هیچکەسێکی دی تا ئێستا نەیدیتوون و باسی نەکردوون، کەشف بکەیت. "

فلوبیر، بەمجۆرە باسی ڕازی وەسفکردن دەکات: " ئەو شتەی کە دەمانەوێ قسەی دەربارە بکەین، هەرچیەک بێ، لە یەک ناو زیاتر بۆ دیاری کردنی، لە یەک فرمان پتر بۆ وەگەڕخستنی، لە یەک سیفەت پتر بۆ وەسفکردنی نییە. "

بەڵام خاوەنی ڕۆمانی مەدام بوڤاری. موپاسان لەو مامەڵە یەک لایەنەی کە گوایە ڕستەیەک کۆکەرەوەی سادەی چەمکی هەموو وشەکانیەتی، دوور دەخاتەوەو شێوەی نووسینی پوختە و مکووم بەمەرجی بنەڕەتی دەلالەتی خویای وشەکان دەزانێ: " نووسەر ئەو کەسەیە کە لە کاری تەنەوع بەخشین بە حاڵەتەکانی یەک مادە وبابەتی سەرکێشدا، زەبەردەست بێ، توانای بەسەریدا بشکێت. ئەمەش بە ماندووبوونی زۆر، گوێ هەڵخستن، بۆ ئەوەی لە چاوتروکانێکا، جووڵە، ڕەنگ و تۆن و ئاهەنگی ئەو شتەی کە بابەتی دەربڕینەکەیە، بگۆڕدرێت. "

فلوبیر، هانیدەدا تا دەتوانێ خۆی ماندوو بکات: " بگەڕێ! بابەتی دڵخوازی خۆت دەدۆزیتەوە. "

نوێکارییەکانی موپاسان لە هونەری چیرۆکنووسیدا و ئەو گۆڕانەی کە لە بونیادی چیرۆکی کورتا کردی، زادە و بەرەنجامی ئەم هەوڵ و جسوجۆیە بەردەوامەیە. فلوبیر، باوەڕی وابوو کە شێوەی کۆنی ڕۆماننووسی، لە گۆشەنیگای یەکەم کەسەوە، کە لە ڕاستیا خودی نووسەرە، زۆر پەسند نییە و لە ڕەونەق کەوتووە، لەمبارەیەوە

دەنووسێت: " هونەرمەند دەبێ لە بەرهەمەکەیا وەکو خودا لە ئەفراندندا، لەهەموو شوێنێکا هەبێ و هەستی پێبکرێت، بەڵام لە هیچ شوێنێکا نەبینرێ. "

موپاسان، لە ژمارەیەک لە چیرۆکەکانی خۆیدا ئەم ڕێنماییە بەکار دەبات، دوای ساڵەها کارێن حکومەتی، دەربەست خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکات و پتر لە سێسەد چیرۆکی کورت و ڕۆمانی لە پاش بەجێدەمێنێ. لە ساڵی ١٨٨٧ دا چیرۆکی درێژی " هورلا " دەنووسێت کە ئەمڕۆ بە یەکێک لە توحفە و نموونە کلاسیکیە جوانەکانی ئەدەبیات دێتە ژماردن. چوارساڵ دوای نووسینی هورلا، واتا لە ساڵی ١٨٩١ وە، بەرەبەرە نیشانەکانی دەروون پەرێشی لە موپاساندا، بە دیار دەکەوێت.

لە ١٨٩٢/١/١، هەوڵی خۆکوژی دەدات، بەڵام سەرناگرێ و لە ١٨٩٢/١/٦ دەبرێ بۆ ئاسایشگایەکەی دکتۆر بلانش. کە ئیدی هەرگیز لەوێندەر نایەتە دەرێ و لە ١٨٩٣/٧/٦ لە تەمەنی چل وسێ ساڵیدا، کۆچی دوایی دەکات.

موپاسان، سەرەنجام بە دوایەمین ئامۆژگاری فلوبیری مامۆستای خۆی کرد کە دەیگوت: " نووسەر نابێ لە دوای مردنی، جگە لە بەرهەمەکانی، هیچی تر لە پاش خۆی بەجێبێڵێت! "

## ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی موپاسان

### سروشت:

موپاسان شەیدا و حەیرانی تەبیعەت بوو، ئەمە تەنیا کاردانەوەیەک نەبوو لە هەنبەر کول وکۆڤانەکانی ژیان و ڕۆتینیاتی ژینگەی کارەکەی، بەڵکو زادەی نیگا ونۆڕینی تیژو وردی ئەوبوو، کە توانایەکی شاعیرانەی کەشف و وەسفی جوانیەکانی تەبیعەتی پێبەخشی بوو.

ئاو لە نوڕینی موپاسانەوە بە ڕەمزی ژیان دەژمێردرێت. لە چیرۆکی " ڤیان " دا، بە مجۆرە وەسفی قۆپی مرداوەکە دەکات: " شەیدایانە ئاوم خۆشدەوێ. دەریا بە شکۆ وجۆش و خرۆشییەوە، لە کۆنترۆڵ کردن نایەت. ڕۆخانەکان زۆر جوانن، تێدەپەڕن، هەڵدێن و دەگەڕێنەوە، بەتایبەتی قۆپی ومرداوان کە بۆنی نائاشنای گیانەوەرانی ئاوی، تیادا هەست پێدەکرێ، جوانییەکی دوو چەنانەی هەیە. مرداو، دنیایەکی جیایە لە سەر ڕووی زەمین، دنیایەکی جیاوازە و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە، ئاکنجیانی گۆشەگیر و ئەو ڕێبوارانەی کە لێی دەپەڕنەوە. دەنگان، هەمهە و زەمزە و بە تایبەتی ڕازی مرداو.

هەندێجار هیچ شتێک، لە قۆپی و مرداوێک بە ئاشوب تر، خورپەبار و سەیرتر نییە. باشە بۆچی ئەم تاپۆی ترسە، باڵی بەسەر ئەم دەشتە نەویە پڕ ئاوانەدا، کێشاوە؟ ئەو شتەی وادەکات کە مرداوان لە سەرزەمینانی خەیاڵ و وەهمێک بچێت کە ڕازێکی نادیار و خەتەرناک لە خۆدا حەشار دەدەن، ڕەنگە شەپۆل و کەرویشکەی لەرزۆکی نەیجەزار، مەشخەڵ و پزیسکی بزۆز و ناگەهانی سەیر ویان بێدەنگیەکی قووڵ بێ، کە لە شەوانی کپ و خامۆشدا باڵ بە سەر مرداوەکەدا دەکێشێت، و یان ڕەنگە تەم و مژێکی غەریب بێت کە وەکو کفنی مردووان، زەلان دەپۆشێت یان جوڵەیەکی ورد و هەست پێنەکراوی سووکە پێل وشەپۆلانێک بێ کە زۆر لە ئێسکە پەیکەری

بەشەران سەیرتر بێ یان تەشبریق و بڵاچەی ئاسمان بێ کە ئەم لێکچوونە دێنێتە ئاراوە؟ نا شتێکی دی لە ئارادایە. ڕازێکی زۆر قووڵتر و گەورەتر لە تەم ومژێکی خەستا شەپۆل دەدات. تەنانەت لە ڕازی ئافراندنیش. "

هەندێک لە قارەمانانی چیرۆکەکانی موپاسان، ئاو بە فاکتەرێکی ئارامبەخش بۆ سوکنایی دەرد و ئازارەکانی خۆیان دەزانن و سوودی لێوەردەگرن. جان کە ئافرەتێکی قارەمانی چیرۆکی " ژیانێک " ە بە مەلە لە کەناراوەکە دوور دەکەوێتەوە و لە نێو " ئاوە سارد، ڕوون و شینە مەندەکەیا دەمێنێتەوە. بەکۆمەکی ڕامان لەو خەڵوەت و بێدەنگیەدا، بەشداری لە هەموو هەیەجانەکانی بووندا دەکات. "

ئولیویە برتن لە ڕۆمانی " بەهێز وەک مردن " دا نیگارکێشێکی بناڤ ودەنگە کە دوا ساڵەکانی تەمەن دەگوزەرێنێ وبێ وەی لە دەستی خۆیدا بێ، بە نیاز وئارەزووی تازەکردنەوەی ڕۆژگاری گەنجایەتی، حەز لە کیژی ژنێک دەکات کە ساڵانێکی دوور ودرێژ ماشقەی خۆی بووە. لە گەرمەی تۆف وزریانێک لە هەست وسۆزێن ناکۆک و هەڤدژا، کە تەواو ماندووی دەکات، سەفەر دەکات بۆ حەمامێن ئاوی گەرمی کانزایی دەڕوات و بە شێوەیەکی کاتی هێور دەبێتەوە.

بە باوەڕی موپاسان، دەریا ماهیەتێکی مێیاتی هەیە و ئارامی بە پیاوان دەبەخشێت. لە یەکێک لە چیرۆکەکانیا، ڕاوەماسی لە دەریادا، وەکو ڕەمزی هەوڵی دامرکاندنەوەی نائومێدی وبێزاریەکانی پیاویکی عاشق نیشاندەدا. لەبەر ئەمەیە کە لە میانی چیرۆکەکانییەوە هەستدەکەین کە ئاو جوانی ژنان زیاد ودوو چەنانە دەکات.

ژنانی ئەشرافزادە، بەهۆی ئەوەوە کە بە سەعاتان لە بانێوی ئاوی گوڵاودا دەمێننەوە، لە دید وڕوانگەی ئەوەوە بە بوونەوەرانی دەریایی دەچن. هەروەها ئەو ژنە گەنجانەی کە لە " کەناراوەکانی ڕوباری سین " دا جلکان دەشۆن، جوانیەکی ئەفسووناوی پەیدا دەکەن. وسەرەنجام ئاو هەندێجار ئیلهامبەخشی ئەمان و ئەمنیەتێکی وەکو یزدانی دایکە.

ئاو، لە دیدی موپاسانەوە وەکو بەشێک لە بوون تا ڕۆژی مردن بەردەوامە. هەندێک لە قارەمانانی چیرۆکەکانی، مردن لە ئاوێکی پاک و خاوێنکەرەوەیان پێ پەسندترە لە ژیانێکی تاقەتبەر یان نەنگین. ئیوت، لە چیرۆکێکدا بە هەمان ناونیشان، کچۆڵەیەکی پاکیزەو داوێنپاکە کە لە کەناراوەکانی ڕوباری سین گەورە بووەو چونکە ئایندەیەکی حەتمی فسق وفجوڕ لەبەردەم خۆیدا دەبینێ، بڕێکی زۆری کلوروفۆرم هەڵدەمژێت و دەکەوێتە دنیای خەون و خەیاڵەوە ودەبینێ کە: " لەسەر کەشتیەکی گەورە دانیشتووە و بەسەرزەمینێکی پڕ گوڵ و گوڵزاردا" بەم لاو بەو لادا دەڕوات.

لە بەرهەمەکانی موپاسان دا، لێرەو لەوێ، هەندێک وەسفێن شادی بەخشی مێرگ وچەمەنان، گوڵ و بێشە و لێرەواران بەدی دەکرێ کە لە هەندێ ساتاندا، هەستێکی بەهێزی ژیاندۆستی بە بەشەران دەبەخشێت. بۆ نموونە دیمەنەکانی سروشت لە چیرۆکی " لە بێشەیەکدا " بۆ کاراکتەرە ژنەکەی چیرۆکەکە، سەردەمانی گەنجاتی لە لا زندوو دەکاتەوە، مەیلی لەزەت بینی لە ژیانی لەلا دەمەزەرد دەکاتەوە.

قارەمانی " چیرۆکی تاپۆیەک " کە پیاوە، پێش ئەوەی ڕوو بە ڕووی تاپۆیەکی ترسناک لە کۆشکێکی چۆڵ وهۆڵدا ببێتەوە، لە باوەشی تەبیعەتدا، جەزمە دەیگرێ: " ڕۆژەکەی خۆش بوو، من بە سواری ئەسپەکەم کە بە ڕەوتە دەڕۆیی بە نێو مێرگ وسەوزەزارەکانا دەڕۆیشتم و گوێم بۆ ئاوازی کڵاونان و دەنگی بەڕیتم و ئاهەنگینی بەرخوردی شمشێرەکەم بە چەکمەکەمدا، گرتبوو. پاشان بە ناو جەنگەڵ و بێشەکە کەوتم و بە پێیان و

شانبەشانی ئەسپەکەم کەوتمەڕێ. لقی درەختەکان، سەروچاویان نەوازش دەکردم و جارجار گەڵایەکم بە ددوانەکانم دەپچڕی و بە تاسەوە دەمجوو. لەیەکێک لەو شادمانیانەی ژیاندا نقوم دەبووم کە سەراپای مرۆڤ دادەگرێت، بەڵام هیچ دیارنییە کە بۆچی هەست بەم بەختەوەرییە پڕجۆش و بێ کۆتایی و ئەم سەرمەستیە بەهێزە دەکرێت. "

دیمەنە سروشتییەکانی دیکەی وەکو چیاێن سەر بە بەفر و دۆڵە کپ وخامۆشەکانی ئالپ، لە چیرۆکی " میوانخانە " دا نەک هەر وەکو دیمەنێن سروشتی دێنە وەسفکردن، بەڵکو وەکو ڕەمزێکی ترسناکی غەزەبی تەبیعەت و زاڵبوونی بە سەر چارەنووسی ئینسانی تەنیا و تەنیا باڵدا، دێتە بەرجەستە کردن.

وەسفە ترسناکەکانی موپاسان سەبارەت بە هەندێک دیمەنان بە تایبەتی لە شەوا، وەستایانەیە. لە چیرۆکی " ڤیان " دا، دەربارەی شەوڕۆیی بە مرداوێکی بەستەڵەکا بە نیازی ڕاوکردنی مراویانی قۆپی و مرداوەکە، لە هەوەڵین سەعاتانی سپێدەدا، دەنووسێت: " لە هەوەڵین هەنگاوەکانەوە هەستمکرد، کە تا مەغزی ئێسقانەکانم بەستوویەتی. یەکێک بوو لەو شەوانەی زەوی لە جەستەیەک دەچوو کە سەرما بەستبێتی. سەرماکەی لە کێشا نەبوو، هیچ سروە بایەک نەیدەجولاند، بێدەنگ و جەمەدی. دەتگوت بە درەختان، ڕووەک و گیا ومێرووانەوە دەدات و لە جێی خۆ وشکی دەکردن. تەنانەت ئەو چۆیلەکانەش کە لە سەر چڵەکانەوە دەکەوتنە سەر ئەرزە ڕەقەکە، لە سەرما ڕەق دەبوونەوە. هەیڤۆک چەماوەو ڕەنگ زەرد، دەتگوت بە ئاسمانەوە سەرگەردانە و لە زەبوونی خۆیا، ناتوانێ ئاوابێت. ئیدی بە حەواوە لە مۆلەقا مابوو، خەمین وترساو، تریفەیەکی وشک وخەمناکی بەسەر دنیادا پەخش دەکرد، هەمان ئەو پرتەوە مردووە بێ ڕەنگ وڕووەی کە هەموو مانگێک، لە ئاخر وئۆخری تەمەنی خۆیدا، لە ئاسمانەوە بە سەر ئێمەیدا پەخش دەکاتەوە. "

لە هەمان چیرۆکدا، دوای ئاگرکردنەوە لە کولبە سەهۆڵینەکە کە بە ناوی حەشارگە و پەناگەی ڕاوچیانەوە دروستکرابوو، ئەمە دەخوێنینەوە: " چوومە دەرێ، لە سەرسامیا حەپەسام. کولبەکەمان شێوەی بەری دارکاژێکی وەرگرتبوو وحاڵەتی ئەڵماسێکی توحفەی لە ناوجەرگەی ئەو ئاگرەوە دەنواند کە لە ناکاوا کەوتبووە سەر بەستەڵەکی مرداوەکە. لە ناو کولبەکەدا، دوو شەکڵی خەیاڵاوی، واتە تاژیەکانمان کە خۆیان گەرم دەکردەوە، دیاربوو.

لێ هاوارێکی غەریب، هاوارێکی سەرگەردان، بەسەر سەرمانەوە هاتەگوێ. ڕوناکی ئاگرەکەمان، باڵندە کێوییەکانی بێدار کردبووەوە. هیچ شتێک وەکو ئەم یەکەمین هەرا و هەنگامەیەی ژیانە، کە لە خاڵێکی نادیارەوە دەست پێدەکات، بلەز دووردەکەوێتەوە و لە هەوای تاریکا دەنگدەداتەوەو کاتێ کە یەکەمین ڕوناکی ڕۆژانی زستان لە ئاسۆوە هەڵدێ، بەگوێ دەگات، من ناهاڕووژێنێت. ئەم فریادە هەڵاتووە، کە هاودەنگی پەڕێن فڕندەیەکی کێوییە، لەم سەعاتە سەهۆڵبەندانەی سپێدەیەدا، دەڵێی دەنگێکە کە لە ڕوحی جیهانەوە هەڵدەستێ. "

## ترس، شێتاتی، مەرگ:

یەکێک لە بیرەوەرییەکانی دەورانی گەنجاتی موپاسان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوارگەیەی کەناراوەکانی ئوترتا، کە بووەتە مایەی ئەوەی کە بابەت ونێوەڕۆکی ترسناک بکاتە هەوێنی بەرهەمەکانی.

موپاسان، لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا، بەیانییەک کە لە دەریادا دەبێت، گوێی لە هاواری دەریاوانەکان دەبێت ویەکسەر دەزانێ کە یەکێک لە حاڵی خنکاندایە. یەکسەر لە بەلەمەکەیەوە خۆی هەڵدەداتە ئاوەکەوە و پیاوێکی مەست دەردێنێتەوە. بۆ سبەینێ، ئەم نەوجەوانە بۆ هەوارگەکەی ئەو پیاوە و دۆستەکەی دەعوەت دەکرێ. ئەم دووانە ( خاوەنانی هەوارگەکە ) لە زەینی موپاسانی نەوجەوانا، شێوەی کاراکتەرانی خەیاڵی، نیوە جن و نیوە ئینسانی وەکو کاراکتەرانی ناو بەرهەمەکانی ئیدگار ئالن پۆ پەیدا دەکەن و هەوارگە وماڵەکەیان، بە حەشارگەی ڕازێن نەفرەتبار و شووم دەزانێ، جوانکاری و نیگارەکانی سەر دیوارەکان هێندە نەحس وترسناکن کە موپاسان تا کۆتایی ژیان باندۆر وکاریگەریی ترسناکیان لە بیر ناکات:

" ئەگەر لێم بە درۆ نەبێ و بە دروستی بیرم بێتەوە، نیگارێکی نیلی، سەری مردوویەکی نیشاندەدا کە لە نێو قەپێلکی هێلکە شەیتانۆکەیەکا، بەسەر ئوقیانووسێکی بێ پایانەوەو لە ژێر تریفەی مانگێکا کە ڕوخساری ئینسانێکی هەبوو، سەرگەردان بوو. "

و هەروەها تابلۆیەکی دی کەبریتی بوو لە: " دەستێکی بڕدراوی قێزەون کە پێستە وشک و ماسولکە ڕەشە نیمچە ڕووتەکەی پێوە مابوو و پەڵە خوێنێکی کۆن بە سەر ئێسقانە سپییە بەفرئاساکەیەوە بوو. "

جۆرە سایە وسێبەرێکی مەرگ و غوباری تاوان باڵی بەسەر فەزای خانووەکەدا کێشاوە. جووتە خانەخوێ، بەدەم خواردنەوەی ڤەخارنی بە قوەتی ئەلکولییەوە، قسەی قۆڕ وبێ ئەدەبانەیان دەکرد. بۆنێک کە لە بۆنی گۆشتی برژاوی مەیموون دەچێت کەپووی موپاسان دەتۆزێنێتەوە ودوای تۆزێک مەیموونێک لە دەوری ئامادەبووان دەکەوێتە هەڵبەز ودابەز. ڕەفتاری ئەو دووپیاوە دەگەڵ مەیمونەکەدا بەڕادەیەک موپاسان پەست وبێزار دەکات، کە یەکسەر لەوێندەر هەڵدێت.

پاشان ناوبانگی ناپەسندی ئەو دووپیاوە لە واری سادیزم و ئەو شتانەوە دەبیستێت.

هەرچەندە لە بەرهەمەکانی موپاساندا هەست بە هیچ جۆرە سادیزمێک ناکرێت، بەڵام سڵ لە وەسفی دیمەنانی ترسناک و ناخۆش ناکاتەوە.

موپاسان، زۆر چیرۆکی دەربارەی منداڵکوژان، تاوانکاران و باری دەروونی وان لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا، نووسیوە. تاوانکارانی ناو بەرهەمەکانی ئەو، هەندێکیان لە قارەمانانی چیرۆکەکانی (مارکی دو ساد)ی نووسەری فەرەنسی دەچن و زۆربەی کات، بە بەڵگەێن سەفسەتەئامێزەوە، پاساو بۆ تاوانەکانی خۆیان دێننەوە و ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئەم کارانەی ئەوان دەگەڵ تەبیعەتدا کە وێرانکارێکی لەزەبرە، تێکدەکەنەوە.

نووسەر لە چیرۆکێکی خۆیدا بە ناونیشانی " بێ پەردە " هەندێ پیاوی زبر نیشاندەدات کە لەزەتی جوان پەروەرانە لە تەمەشای لەشی منداڵێکی بێگەرد دەبینن! ئەوانە وەکو مێش دەوروخولی منداڵەکە دەدەن و دەڵێن: " مێش بەسەر پێستی بەدەنەوە چەند جوانە. ژنانی جاران، نەهەقیان نەبوو، کە خاڵ لە سەر ڕوومەتی خۆ دابنەن. بۆچی دەستبەرداری ئەم عادەتە بوون؟

موپاسان، زۆر چیرۆکی دەربارەی مەرگ و مردن و گۆڕستانان هەیە. بۆ نموونە قارەمانی چیرۆکی " گۆڕ "، گۆڕی ماشقەکەی خۆی هەڵدەداتەوە تا جارێکی تر ئەو بوونەوەرە نازەنینە ببینێتەوە. " وێڕای ئەمەش سەری تابووتەکەم هەڵدایەوە... ئەوم بینی. ڕوخساری سپی، هەڵماساو و ترسناک بوو، زیچکاوێکی ڕەش بەلا لغاوەیدا هاتبووە خوارەوە. خۆی بوو! ترسێک دایگرتم. لێ دەستم برد و گێسوەکانیم لابرد تا ڕوخسارە شێواوەکەی لە

خۆم نزیک بکەمەوە. لەم کاتەدا قیڕ گرتیانم. بە درێژایی شەوەکە بۆنی ئەو بۆگەنییە و بۆنی عەشقی دڵدارەکەم، وەکو بۆنی عەتری ژنێکی پاش عەشقبازی، لێم نەبووەوە و دەستبەردارم نەبوو. "

موپاسان، لە سەفەرەکانی خۆیا سەردانی گۆڕستانانی ژێرزەمینانی ئاپارتمە کۆنەکانی دەکرد.

لە بەرهەمەکانی موپاسان جگە لە ترسی مەرگ، ترس لە شێت بوونیش هەیە.

نووسەر لە چیرۆکی " ژیانی سەرگەردانی " دا، وێنەی پیاوێکی مەست نیشاندەدات کە لە ناخافڵا لە گۆڕستانێکی ژێرزەمینیدا خەوی لێدەکەوێت. نیوەشەو کە بێدار دەبێتەوە، سەیر دەکات هەموو دەرگاکان داخراون. بەیانی سەیر دەکەن چنگی بە محەجەرەی گۆڕستانەکەوە گرتووەو پاک ئەقڵی لە دەست داوە.

ئولریچ کونسی، ڕێنمای گەنجی چیرۆکی " میوانخانە " لە ترسا، دین " شێت " دەبێت.

نووسەر لە سەرەتای چیرۆکی " خا هیرمە " دا دنیای دەروونی نەخۆشانی دەروون پەرێش، بە گەرداوێکی ترسناکی ناو چاڵێکی قووڵ دەشوبهێنێ. سەرچاوەی ئاوەکەی دیار و ئاشکرا نییە. موپاسان بە ڕاستی ناتوانێ دەستبەرداری خولیا و کەڵکەڵەی نزیک بوونەوە لە شێتان ببێت و سەردانی ئاسایشگایانی نەخۆشانی دەروونی یەکێک بوو لە خووەکانی ئەو. ترسی شێت بوونیش لە هەندێ بەرهەمی ئەودا بەدی دەکرێت و لەگێنە بەشێکیان ڕەنگدانەوەی دەروونی خودی نووسەر بێت! براکەی نووسەر کە دووچاری دەروون پەرێشی دەبێت، کاتێ دەرگاکانی ئەو ئاسایشگایەی لێ دادەخەن کە قەرارە لەوێندەر بخەوێنرێ، پێی دەڵێت: " ئەمە تۆی کە شێتی! " بەو ڕستەیە هێندەی دی ترسی شێتبوونی لە لا زاڵ دەبێت.

لە چیرۆکی " تاپۆ " دا گوتیار، کە قارەمانی چیرۆکەکەشە لە تەمەنی هەشتا و دوو ساڵیدا لە کۆڕی دۆستانی خۆیدا، دەکەوێتە گێڕانەوەی بویەرێکی سەیر: " ئەم چیرۆکە بەجۆرێ دەروونی ئالۆزاندم و شپرزەییەکی هێندە قووڵ، ڕازئامێز و سەیری لا دروستکردم کە تاوەکو نها بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە. من ئەم چیرۆکەم لە قوڵایی نادیاری بوونما، لەو قوڵاییەدا کە ڕازە بە ئازار و نهێنییە نەنگینەکان و هەموو لاوازییە ئیقرار نەکردنیەکانی بوونی خۆمانی تیا دەشارینەوە، شاردووەتەوە. "

بەسەرهاتەکە لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە یارۆی گوتیار لە هەرەتی لاویدا و لە کاتێکا کە بابایەکی سوپایی مەغروور و ڕەشیدە، لە شەقاما تووشی دۆستێکی کۆن دەبێت کە بە شێوەیەکی سەیر، لە هەوەڵی جوانی ڕا پیر و فەرتوس بووە و شوێنەواری ڕەنج و زەحمەتێکی زۆری پێوە دیارە. ئیدی بۆی دەردەکەوێ کە دۆستەکەی، تازە هاوسەرەکەی، کە زۆری خۆش ویستووەو بە خۆشەویستی خواستوویەتی، لە دەست داوە، ماڵە ئەشرافیەکەی خۆی کە لێدەبێ بە دۆزەخ و تیایا ناحەوێتەوە، بەجێهێشتووەو لە ئوتێلێکی شاردا دەژی. دۆستەکەی داوای لێدەکات کە پیاوەتیەکی لە گەڵدا بکات وبچێت بۆ ماڵەکەی و سێ زەرفی لە چەکمەجەی مێزی کارەکەیدا، بەجێهێشتووە، بۆی بێنێت و بۆی روون دەکاتەوە کە چاوی بەرایی نادات جارێکی دی بۆ ئەو خانووە بچێتەوە. گوتیاری چیرۆکەکە قەبووڵ دەکات ئەو کارەی بۆ بکات، بە سواری ئەسپ بۆ موڵکەکەی دۆستەکەی خۆی دەڕوات، خۆی بە ساختمانەکەدا دەکات، بەو نیشانانەدا کە پێیەتی، ژووری ناڤبری، کە لە تاریکی ڕەهادا نقومە، دەدۆزێتەوە. پەنجەرەکان ناکرێنەوە. ناچار دەوەستێ تا چاوی بە تاریکیەکە ڕادێت، هەنگێ دەکەوێتە گەڕان وپشکنین:

" مژوولی خوێندنەوەی ناونیشانی سەر زەرفەکان بووم کە لە دواوە گوێم لە دەنگی خشەخشی تەماسی شتێک بە بەدەنمەوە، بوو، بە گوتەیەکی دی هەستم بە خشەخشێک کرد. دوای یەک خولەک هەستم بە ختوکەیەکی ناخۆش لە سەر پێستم کرد. ترسان بە ئەندازەیەک بێمانا بوو کە شەرمم بە خۆدەهات ئاوڕ بدەمەوە. ئیدی زەرفی دووەمم دۆزی بووەوە. کە سێیەم زەرفم دۆزییەوە، لە ناکاوا ئاهێکی بەرز وکەسەردار لە لای شانمەوە هاتەگوێم... "

گوتیاری چیرۆکەکە، ئاوڕ دەداتەوە ژنیکی بەژن زراڤی جل سپی دەبینێت. " لەرزێکی وەهام پێداهات کە لەزگ بوو بکەوم. هیچکەسێ تا خۆی ئەوجۆرە هەستەی نەجەڕباندبێ، ناتوانێ لەم جۆرە ترسە بێمانایە تێبگات. وەکو ئەوەیە ڕوحت بتوێتەوە. بەشەر وای لێدێت هەست بە لێدانی دڵی خۆی ناکات. ئازای بەدەنت وەکو ئیسفەنج نەرم دەبێت. دەڵێی هەمووشتێکی دەروونی بەشەر هەرەس دێنێت. من باوەڕم بە تاپۆیان نییە، بەڵام لە هەنبەر ترسی نەفرەت ئەنگێز لە مردووان، قەڵەمی دەست وپام شکا و ورەم ڕوخا. "

تاپۆیەکە داوای لێدەکات کە گێسوە درێژەکانی بۆ شانە بکات. چونکە ئاڵۆسکان و تێکڕژانی ئەم قژانە نەخۆشیان خستووە و شانەکە دەداتە دەستی پیاوەکە: " چما ئەم کارەم کرد؟ بۆچی بە لەرزە لەرز، شانە وگێسوە درێژەکانی ئەوم بەدەستەوە گرت؟ گێسوانێک کە هەستێکی سەیری بە بەدەنم بەخشی، وەکو ئەوە بوو کە مارم بەدەستمەوە گرتبێ. "

پاش ئەوەی قژە درێژەکەی تاپۆکە شانە دەکات ودەهۆنێتەوە، تاپۆکە سوپاسی دەکات و لە تاریک و ڕوونی ژوورەکەدا ون دەبێ.

قارەمان ( گوتیار ) کاتێ بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە، گومانی ئەوەی لەلا چێدەبێت کە نەبادا بووبێ بە قەشمەڕی خورافات و خەیاڵان و عەقڵەکەی لە دەست دابێت، لێ لە ناکاوا، دەبینێ چەند داوە قژێکی ژنانە لە دەوری قوپچەکانی چاکەتە سوپاییەکەی ئاڵاوە!

چیرۆکی تاپۆ تەنیا گێڕانەوەی بویەرێکی میتافیزیکییە، لەم ڕووەوە لە سنووری گێڕانەوەیەکی ترسناک هێوەتر ناڕوات. لێ لە نێو بەرهەمە ترسناکەکانی موپاساندا، " هورلا " یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە ڕەهەندی فەلسەفی هەیە. قارەمانی " هورلا " ش کە لە هەل ومەرجێکی نائاساییدا دەژی، چەندین جار لە ترساندا دووچاری ترسی شێت بوون دەبێت.

مردن، لە چیرۆکی " هورلا " دا ڕەهەندی فەلسەفی لە خۆ دەگرێت. فەناپەزێری ئینسان، لەوە دەچێ بەلای موپاسانەوە پرسیارێکی بێ وەڵام بێ، ئینسان کە لە دیدی ئەوەوە بونیادێکی بەدەنی نوقستان وبێ توانای هەیە و هەستەکانی زۆر لە هەستێن حەیوانات لاوازترە. " مەرگی زووڕەس؟ هەموو ترسێکی ئینسان لەم دیاردەیەوە هەڵدەقوڵێ. دوای ئینسان، هورلا دوای ئەو بوونەوەرەی کە دەشێت لە هەر سەعات و لە هەر خولەکێک و بەهەر جۆرە بویەرێک بمرێت،بوونەوەرێک هاتووە کە نابێ بمرێت تا ئەو کاتەی کە ڕۆژ، سەعات و خولەکی مردن دێت، چونکە ئەو گەیبوەتە سنووری بوونی خۆی. " ولە کۆتاییدا قارەمانی چیرۆکی هورلا، مەرگ بە ئالەتی دەستی بوونەوەرێک دەزانێ کە لەو بەهێزترە. موپاسان لە چیرۆکی فانتازتیکی " هورلا " سوود لە خورافات و خەیاڵاتە باوەکانی نێو جەماوەری خەڵک، لەوانە: جنۆکە، دراکولا و مێردەزمە و ڕموزن، وەردەگرێت. بەڵام "

هورلا " تەنیا کۆمەڵێک وێنەێن فۆلکلوری نیشان نادات، بەڵکو لە واری سایکۆلۆژی و فەلسەفییەوە کۆمەڵێک پرسیار دەهاڕوژێنێت.

لە هەڵسەنگاندنی چیرۆکە فانتازییەکانی موپاساندا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە لە چنینی تان وپۆی بونیادی چیرۆکەکانیا، زۆر باڵادەست و لەزەبر بووە و وەستایانە کارێکی کردووە کە ڕاست بێنە بەرچاو.

ئەم ڕاست نماییە، زاراوەیەکە، پێشینەی دێرینی هەیە ولە ئەدەبیاتدا باسکراوە ودەگەڕێتەوە بۆ ئەریستو کە یەکێک بووە لە فەیلەسوفەکانی یونانی کۆن کە فەیلەسوفانی سکولاستیکی سەدەکانی ناڤین پشتیان بەو دەبەست و هونەری کلاسیکی ڕەگەزەکانی لە بیرەکانی ئەوەوە وەرگرتووە. هەڵبەتە تێوریسێنانی سەدەکانی ناڤین، ڕوح و جەوهەری بەرهەمەکانی ئەریستویان درک نەدەکرد. لێ ئەمڕۆکە دووبارە تێوری بەیانی ئەریستو باوی پەیدا کردووەتەوە. رولان پارت، ڕەخنەگری هاوچەرخی فەرەنسی ئاماژە بۆ پێناسەکەی ئەریستو، دەربارەی ڕاست نمایی دەکات: " ئەوشتەی کە بیری عەوام بە ڕاستی دەزانێ و قەناعەتی پێیەتی. "

بەڵام بیری عەوام چ شتێک بەڕاست و مومکین دەزانێ، بارت بۆچوونی ئەریستو بەمجۆرە دەخاتەڕوو: " ڕاست نمایەکی ناواقیعی، لە مومکین و واقیعێکی نادروست، ناڕاست، بە بایەخترە. "

ڕەخنەگران، ئەمڕۆکە لە بەر ڕۆشنایی زانستی سیمالوژی دا بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی ڕاست نمایی هەیە. بابەکی ئەحمەدی لە کتێبی ( ساختار و تأویل متن، نشر مرکز، ١٣٧٠ ) دا سەبارەت بە بۆچوونی تودوروف، تیوریسینی ڕووسی، دەڵێت:

" بە بۆچوونی تودورف، خاڵی گرینگ لە تیۆری ئەدەبی مودێرن دا جیاوازی نێوان دوو پرسیاری سەرەکییە: ١- دەقێک چۆن مانای هەیە؟ ٢- چ مانایەکی هەیە؟ پرسیاری یەکەم دەمانگەیەنێتە پەیوەندی نێوان فۆرم و مانا، پرسیاری دووەم پەیوەندییەکانی دەق بە ڕەگەزەکانی دەرێی دەقەوە دەگەیەنێ. تەنیا بە دۆزینەوەی وەڵامێکی ورد بۆ پرسیاری یەکەم دەتوانرێ بگەیتە ئەم خاڵەی کە هەر ڕووداوێکی ناو دەقی ئەدەبی ( هەر ڕەگەزێک کە لە ناو دەقەکەدا هەیە ) تەنیا لە چوارچێوەی دەقەکەدا وبەگوێرەی دەقەکە حەقیقەت و واقیعیەتی هەیە و لە دەقەکە بترازێ، لە دەرێی دەقەکەدا دەگەڵ واقیعیەتی بابەتیدا تێکناکاتەوە.

پرسیاری سەرەکی لە واری ڕاست نماییدا ئەمەیە: ئایا واقیعیەتی دەق دەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسایانەدا تێک دەکاتەوە کە دەقەکەیان لە خۆ گرتووە؟ ڕاست نمایی، دەکاتە قەناعەت هێنانی خوێنەر بە گوتاری دەقەکە. بەم پێیە خاڵی سەرەکی زادەی نزیکی بەرهەمە لە هەموو ئەوشتانەی کە لە زەینی وەرگردا واقیعی دەنوێنێ و قەناعەتبەخشە. بۆ نموونە قسەکردنی حەیوانات و نواندنی کردار و ڕەفتارێن بەشەری لە حیکایەتی منداڵاندا، بۆ منداڵ ڕاستنمان، مایەی باوەڕی منداڵانە. ژیان و پەڕجووەکانی عیسا مەسیح لە ئینجیلاندا بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ڕێنماییەکانیەتی، ڕاست نمایە. مەسخ بوونی بەشەر و بوونی مێروو لە دنیای کافکا ڕاست نمایە، قەناعەتبەخشە، هەڵبەتە بەگوێرەی واقیعی دەقەکە. "

هەردوو چیرۆکی " هورلا " و " تاپۆ " نموونەی نایابی بەکارهێنانی تەکنیکی ڕاست نمایە لە چیرۆکێن فانتازیدا. بونیادی ئەم دوو چیرۆکە و داڕشتن و پێکەوە گرێدانی بەشەکانی بە جۆرێ نیشاندراوە و دەدرێ، کە ڕاست نمایی هونەریانە بەرجەستە دەبێت.

" هورلا " له ڕووی بونیاد و ناوەڕۆکەوە، جۆرە لێکچوونێکی له گەڵ مەسخەکەی کافکا و بووەکوێرەکەی سادقی هیدایەت دا هەیە و له ڕووی زەمان وسەردەمی نووسینەوە، دەکرێ بە پروتوتیپی ئەدەبی بۆ ئەو دوو بەرهەمە وێنا بکرێ.

**تەنز:**

" گی دو موپاسان یەکێکە لەو نووسەرانەی کە جۆرە چیرۆکێکی نوکتەئاسای داهێنا. چیرۆکی کورتی له قەڵەمڕەوی سنوورداری خەیاڵپەروەریە بێ قەید وشەرتە هونەرییەکانی چیرۆکەکانی ئیدگارد ئالن پو دەرهێنا و بەرەو واقیعیەتی برد وخەڵکی عەوام وچینی بورژوای کۆمەڵگە وفەرمانبەرانی شاریی کردن بەبابەتی چیرۆکەکانی خۆی. له زۆربەی چیرۆکەکانیا ڕووداو هەیە، ڕووداوێک پەیگیری دەکرێ، بەبێئەوەی هیچ ئەنجامگیرییەکی دەرباره بکرێ. " ( بڕوانە: جمال میر صادقی، ادبیات داستانی، انتشارات شفا، ١٣٦٦،ص ١٥٠ ).

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکێن نوکتە ئاسا، گوتراوە کە: " دەتوانرێ چیرۆکێن نوکتەئاسا، بەسێ تایبەتمەندی سەرەکی له چیرۆکێن واقیعی جیابکرێتەوە ":

١ – تەوەری سەرەکی چیرۆکەکە ڕووداوێکی ڕێکەوتەکی و دەگمەنە.

٢ – نەخشە وپلۆتی مکووم و پایەداری نییە.

٣ – بە زۆری هیچ پەیامێکی نییە، بانگەشە بۆ هیچ پەیامێک ناکات.

خۆ ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە، بە پێوەری چیرۆکێن نوکتەئاسا دابنەن، ئەوا بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی موپاسان، له خانەی چیرۆکێن نوکتەئامێز دەچنە دەرێ و له قەڵەمڕەوی چیرۆکێن نوکتەئاسا جێیان نابێتەوە و ناگیرسێنەوەو دەبێ جارێکی دیکە و بۆ خوێنەرێن ئێرانی، شێواز و ستایلی ئەم نووسەرە بخرێتەبەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە.

سەرەتای تەنز له ئەدەبیاتی فەرەنسیدا، بۆ سەدەکانی شازدە وهەڤدەیەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

کومیدیا له هونەری شانۆیی دەورانی ڕێنسانسی فەرەنسیدا ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە. ئەم جۆرە نمایشانەیان له گەڵ چیرۆکی هەجۆ ئامێز و کومیدیدا، هەندێ له نێوەڕۆکی نمایشنامە میللیەکانی سەدەکانی ناڤینەوە کە له کوچە وبازاڕدا دەنوێنران وهەڤرکی هونەری فەرمی و بە دەر له تەنزی ئەو ڕۆژگارەیان پێدەکرا، وەرگرتووە و له چوارچێوەی یاسا وڕێسای دراما نووسیدا، له هۆڵەکانی شانۆدا نواندووە. کومیدیای کومیکی و مەسخەرەبازی دەورێکی گرینگی له پێشڤەچوونی شانۆی سەدەی هەڤدەیەمی فەرەنسادا دیتووەو له بەرهەمەکانی درامانووسانی وەکو پیرکورنی و راسین دا گەییوەتە لوتکە.

مولیریش، بە تەوزیف کردنی نێوەرکی وەکو پیسکەیی، بەغیلی و چاوچنۆکی، وەرچەرخانی له کومیدیای فەرەنسیدا دروستکرد. پاشان ئەم پاشخانە تەنزئامێزە بەهێزە، زەمینەی بۆ بالزاک وزولا ڕەخساند کە له بەرهەمەکانی خۆیاندا پەنا بەرنە بەر تەنزی کۆمەڵایەتی. موپاسان وەکو میراتگری ئەم کەلتووری تەنزە، ئەم دیاردەیەی له قاڵبی چیرۆکی کورتا تەوزیف کرد و ڕەواجی پێدا. بەڵام تایبەتمەندییەکانی تەنزی موپاسان چییە؟

بۆنموونە، چیرۆکی " سەیوان " بە دەوری تەوەری ڕووداوێکی دەگمەن و ڕێکەوتەکیدا ناسوڕێتەوە، بەڵکو بە دەوری ڕووداوێکی ڕەمزیدا دەسووڕێتەوە و لە ڕاستیدا بە ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە دەست پێدەکات: " خا ئوریل، ژنێکی ڕژد و ڕەزیلە. " ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە وەسفی خائوریل تەواو دەبێت: " تاقە سوویەکی لە چاو بوو، ئیدی هیوایەتی پارە کۆکردنەوە بوو. هەڵبەتە کارەکەرەکەی کە بۆ کڕینی پێویستی ماڵەکە دەچووە بازاڕ، زۆری ئەزیەت دەخوارد و ئاغای ئوریل بە زەحمەتێکی زۆر دەیتوانی پارەیەک لە خائوریل وەربگرێت. "

تا ئێرە هەرچەندە فاکتەری ئیجادی تەنزەکە، واتا ژن و مێردە کۆمیدیەکە، لەو نموونانە دەچێت کە لە چیرۆکانی نوکتەئامێزدا هەن، بەڵام لێرە بە دواوە، خانم و ئاغای ئوریل، هەریەکەیان بە دیالۆگەکانی خۆیان، خۆ بە خوێنەر دەناسێنن و لۆژیکی دیالۆگەکە بەسەر بەرهەمەکەدا زاڵ دەبێت. خوێنەر سووکی و چروکی و بودەڵەیی هەردوو کاراکتەرەکە تەنیا لە زمانی خۆیانەوە دەژنەوێ و درک دەکات.

بونیادی وەستایانەی دەقەکە لەمەش هێوەتر دەڕوات و کەسی سێیەم، واتە دۆستە بورژوا ودەست بەتاڵەکەی خانەوادەکە و کەسی چوارم، واتا بەڕێوەبەری کۆمپانی بیمەش، دێنە ناو ناوانەوەو لە چیرۆکەکەدا حوزور پەیدا دەکەن. هەریەکێک لەم کەس و کاراکتەرانە، نەک هەر چیرۆکەکە دەوڵەمەندتر و ئایدیای سەرەکی چیرۆکەکە ئاشکراتر دەکەن، بەڵکو لە ڕێگەی بەرخوردیانەوە دەگەڵ خانم و ئاغای ئوریل دا، ڕوناکی پتر دەخەنە سەر کەسایەتی وان. بە پەیدابوونی ئەوان، فاکتەری گفت وگۆ و دیالۆگ زیاتر پێشدەکەوێ و ئەکشنی چیرۆکڤانی بەرجەستە دەکات.

دیار نەبوونی سەدەمی سووتانی چەترەکە، فاکتەرێکی ئەندێشە ئەنگێزە، مایەی بیرکردنەوەیە. خوێنەر لە لایەکەوە، بەبێ ئەوەی لە چیرۆکەکەدا پێی گوترابێ، دڵنیایە کە هاوکارانی کارگێڕی جەنابی ئوریل، هەر بۆ سوعبەت و ڕابواردن، بە ئانقەست ئاگری جگەرەیان بە چەترەکەوە ناوە و نیشانەکان گەواهی لە سەر ئەو بابەتە دەدەن. لێ خائوریل، بابەتەکە دەئاڵۆزێنێ و هۆیەکی دەرێی ئەم چوارچێوەیە دەخاتەڕوو، کە ئەویش بۆخۆی گۆنگ ونەخۆیایە: " گرێو دەکەم کە لە دایەرە گاڵتەبازیت کردووەو بۆ خۆنواندن، لە بەرچاوی هاوکارەکانت چەترەکەت هەڵداوە."

ئەم پارادۆکسە، خەیاڵ وروژێنە نەک هەر لە چیرۆکی نوکتەئامێزا بەدی ناکرێ، بەڵکو بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی مۆدێرن دێتە ژماردن.

بەگوێرەی چیرۆکەکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاغای ئوریل چەند ڕۆژێک لەوەپێش، هەرچەندە بێ دەسەڵاتی خۆی لە ژیانی خێزانداریدا وەشاردووە و بە ڕواڵەت، لە پێودانگی باڵادەستیەوە ئەمر بە ژنەکەی دەکات کە چەترێکی ئاوریشمی بۆ بکرێت، کە بایی بەلای کەمەوە بیست فرانکان بێت و لیستی حیسابەکەشی بۆ بێنێت، بەڵام کاردانەوەکانی ئاغای ئوریل، لە دوای بینینی کونەکانی ناوەوەی چەترەکە، ڕێک پێچەوانەی توانا و دەسەڵاتە درۆینەکەی چەند ڕۆژ لەمە پێشیەتی و پەردە لە ڕووی بێ دەسەڵاتی خانەوادەیی ئەو هەڵدەماڵێت.

بە شێوەیەکی گشتی، چیرۆکی " سەیوان " بە هۆی ئاڵۆزی و گۆنگی بونیادی خۆیەوە، بە تەواوەتی لەبازنەی چیرۆکێن نوکتەئاسا هێوەتر دەڕوات و دەبێت بە کومیدیای کاراکتەرەکان.

نموونەیەکی دیکەی چیرۆکە تەنز ئامێزەکانی موپاسان لەم کۆچیرۆکەدا، چیرۆکی " چاڵاوە " کە تەوەرێکی سادەی هەیە تیمە و ئامیانی ئەسڵی بەسەرهاتەکە ئەوەندە سادەیە کە نە بایسی پێکەنینە و نە پەیامێکی قووڵ

بەخوێنەر دەدات. بەڵام ئەم هەوێن و تیمە ئەسڵیە، واتا خنکانی پیاوێک بەهۆی شەڕی دوو ژنەوە لە سەر موڵکایەتی گۆلاوێکی ناو ڕوبارەکە، لە ڕێگەی کاراکتەرسازی موپاسان و فاکتەری دیالۆگەوە وەکو ڕەگەزێکی پێشڤەبرنی ڕەوتی چیرۆکڤانی، دەیکات بە چیرۆکێکی تەنزئامیزی ئاوێتە بە کومیدیای کاراکتەران.

لە " چالاو " دا بە پێچەوانەی " سەیوان " وە نووسەر هیچ زانیاریەکی پێشوەختە دەربارەی کاراکتەرەکان نادات. نووسەر گوتیارێکی بێ لایەنە کە تەنیا حەرەکەتی ئەوان لە دادگادا وەسف دەکات: " هۆی مردنەکە: لێدان و برینان. "

سەرۆکی داداگا دوای ئەو قسانە، لیوپولد رونیاری موبیلەفرۆشی بانگ کردە شوێنی شایەدەکان. "

لەمە بە دواوە نووسەر وەفادارانە گفت وگۆکانی دادگا تۆمار دەکات و بە کۆمەکی ڕێکخستنی دیالۆگێن لێهاتووانە کە لە ناوجەرگەی گێڕانەوەکەی یارۆی تۆمەتبارا پەنهانە و بە تایبەتی بە هۆی شێوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە لە زمانی یارۆی موبیلەفرۆشەوە، قاڵب و شێوە بە چیرۆکەکە دەبەخشێت. لوتکەی تەنزەکە ڕێک لەو ساتەدایە کە تۆمەتبارەکە، چۆنیەتی ڕوودواوە خەمناکەکە ڕوون دەکاتەوە.

کاراکتەری چیرۆکەکە بە هیچ کلۆجێ ئاگای لە تەنزە پەنهانەکانی توێی قسەکانی ئەونییە، خوێنەر خۆی لە هەنبەر تەنزێکی بێ چەند و چوندا دەبینێتەوە:

" جەنابی سەرۆک ئەگەر فریا کەوتبام، هەر ئەوکاتە لە ئاوەکەم دەردێنایەوە، بەڵام ژنە قەڵەوەکەی دەرفەتی هێنابوو و گەنم گردی مەیلی داگرتبووەوە، بگرە کوێت دێشێت. دەزانم کە نەدەبوو لەو کاتەدا کە کابرا خەریک بوو دەخنکا، من لە خەمی نەجاتدانی مەیلی دا بم. لێ وێنام نەدەکرد کە کابرا بخنکێ. لە دڵی خۆما دەمگوت ڕەنگە ئاوەکە فێنکی بکاتەوە! "

کاتێ کە چاو بە هەموو چیرۆکە تەنزئامێزەکانی موپاساندا دەگێڕین هەست دەکەین کە خاڵێکی هاوبەش لە نێو هەموویاندا هەیە کە لە چیرۆکێن نوکتەئاسایان هاوێر دەکات. لە هەوەڵەوە چیرۆکەکە وەکو جلێکی ئاوریشمین زەینمان دادەپۆشێت، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا کە دەخزێینە ناو ئەم جلکە نەرم وناسکەوە وهەست بە لەزەت دەکەین، مێروویەکی چزوودار، کە لە توێی ئەو جلەدا خۆی مەڵاس داوە پێوەمان دەدات وچزەمان لێهەڵدەستێنێ!

تایبەتمەندی ئەم پێوەرانە ئەوەیە کە لە ناکاوا واقیع بەهەموو دزێوی و تاڵیەکانییەوە، لە بەرچاومانا بەرجەستە دەبێت.

موپاسان لە هەموو شوێنێکا شۆخی و تەوسخەن دەبینێ: شۆخی تەبیعەت، شۆخی ژیان، شۆخی کۆمەڵگە، شۆخی مەخسەرە، عەشق، شۆخی هەژاری و شۆخی مەرگ.

ئەوەی کە دەم ودەست " مارکی دوفومرول " دەکوژێت شۆخی کۆمەڵگەیە. شۆخی عەشقە کە تراژیدیای " دایە کلوشیت " دەخولڤێنێ، شۆخی هەژارییە کە یەخەی قارەمانانی چیرۆکی " گەردانە " دەگرێ و شۆخی (مەخسەرەی ) مەرگ کە لە چیرۆکی " پاشایان " دا لە گەرمەی مەجلیس و کۆڕی سوپاییەکاندا قوت دەبێتەوە.

**ژنان:**

موپاسان، که یەکێکە لە هەواداراە دوو ئاتەشەکانی جوانی ژنانە چ لە ڕووی ڕەهەندی بەدەنییەوە و چ لە باری ڕەهەندی ڕوحی و دەروونییەوە، لە هەمان کاتیشدا یەکێکیشە لەو نووسەرانەی کە بە هۆی لەقاودانی جەڵەبیەت، فریوکاری، ناهۆشیاری و ئەو خۆبێگانە بوونە زۆرەکیەیەی کە لە لایەن کۆمەڵگەوە بەسەر ژنان سەپێنراوە، گومانی دژبەری ژنان دەخاتە سەر خۆی.

" دایە کلوشیت " وەکو نموونەی " قارەمانێکی ڕەگەزی ژنانی دلاوەر " بەرجەستە کراوە، لە چیرۆکی " ماڵباتێک " دا، لە دیدی ڕۆشنبیرێکەوە کە چاوەڕوانی فەرهەنگی دەوڵەمەند و زیرەکیشە لە ژن، بە ڕادەیەک ژنێکی خوردە بورژوای شارستانی بەر پلار وتەوس و توانج دەدات کە بە مریشکی هێلکەکەری دەشوبهێنێ. موپاسان سەبارەت بەوێنەگرتنی کاراکتەرانی ژن لە چیرۆکانی: " سەیوان، چالاو، مارکی دو فومرول " لە هەریەکێکیاندا بەجۆرێک لایەنێکی خولْق وخووی بورژوا وێنە دەگرێ و بەرجەستە دەکات.

موپاسان کە بەخۆی سەر بە چینی ئەشرافزادەیە، چاوپۆشی لە ژنانی ئەم چینەش ناکات. لە چیرۆکی " خاهیرمە " دا ژنێکی ئەشرافزادە نیشاندەدات کە هەموو خەم و خولیایەکی بایەخدانە بەجوانی ڕوخسار و لەش ولاری، ئەمە وای لێدەکات کە ڕوحی دایکایەتی، لەم وازوازیەدا بە ڕادەیەک سست دەبێت کە لە ترسی ئەوەی نەبا تووشی خوریکە ( ئاوڵە ) ببێت، ئامادە نابێ بچێتە سەرینی کوڕەکەی کە لە گیانەڵڵادایە. لە چیرۆکانی: " جوزیف، ڕزگاربوو، نیشانە " هەوەسبازی ژنانی ئەم چینە بەجۆرێکی تەنزئامیز نیشاندەدات.

موپاسان، لە ڕۆمانێن ( چیرۆکی ژیانێک و، بەهێز وەکو مردن ) بە دوور ودرێژی پەیوەندی خێزانەوانی ئەشرافی فەرەنسایی ئاخر وئۆخری سەدەی نۆزدە وێنەدەگرێت و زۆر بە وردی باری دەروونی ژنانی ئەم خانەوادانە شیدەکاتەوە.

ژیانی ڕووسپیانیش لە چیرۆکەکانی موپاساندا، جێگای تایبەتی خۆی هەیە. هەندێک لەم ڕووسپیانە، بەمەبەستی ناسین وئاشنابوون لە گەڵ پیاوانی دڵشکاو و ئازیز مردە، ئێواران بۆ گۆڕستانەکان دەڕۆن. لەوێ بە جلکی ڕەشی ئەزیەتباری وسەرپۆشی ڕەشەوە، لە سەر مەزارێک ڕۆدەنیشن وهێندە بەکوڵ وبەجۆش دەگرین کەسەرنجی ڕێڤینگان بۆخۆ ڕادەکێشن. وەختایەک کە پیاوێکی تازیەبار بەنیازی ناسیاوی لێیان نزیک دەبێتەوە، خۆ دەبورێننەوەو خۆ دەگەیەننە حاڵی چەقۆ و بەمجۆرە زۆر زوو نێچیری خۆیان دەخەنە داوەوە.

هەروەها، موپاسان، لاری لەوە نییە کە ڕووسپیەک لە دەورانی شەڕدا بگەیەنێتە ئاستی قارەمانێکی نیشتمانپەروەر. ژنە هەرزەو سووکەکەی ناو چیرۆکی " تەختەخەو " کە لە ترسنۆکی مەعشوقەکەی خۆی لە هەنبەر هێزێن داگیرکەر، پەست وتووڕەیە، جەستەی ئالوودەی خۆی دەکات بە ئەوزاری نەخۆش خستنی سەربازانی دژمن وبە دڵدارەکەی خۆی دەڵێت: " ئا، تۆ کابرایەکی فشەکەری قۆزی. من تۆ دەناسم. بڕۆ! چاکت دەناسم. من دڵنیات دەکەم کە من لە تۆ زیاتر، ئازار و زیانم بەوان گەیاندووە. من! من لە هەموو ئەوانەی کە تیپەکەی تۆ، کوشتوویانن، زۆرترم لێیان کوشتووە. بڕۆ تا جاو هەرزانە بمرە، هەی ترسنۆکی قەلەزراو! "

موپاسان، کە دێتە سەر وەسفی ژنانی کرێکار وژیانی پڕ زەحمەتیان، ئەلکولیزم و لاوازی بە دەنیان نیشاندەدات. ئەوان جوان نین و وەکو ژنانی ئەشرافی دڵڕفێن نین، چونکە ژنانی ئەشرافی خۆشخۆر و خۆشگوزەرانن و بەلەش ولاری خۆیانا ڕادەگەن. موپاسان گوتەنی ژنانی چینی کرێکاری پاریس " کۆپی ژن " ن وهەر بەڕواڵەت ژنن. ئەوانە کە بە هۆی هەژاری و ئەلکولیزمەوە، وەکو شێت دێنە بەرچاو، لە هەمان کاتدا

زیرەک و زەین ڕۆشنن. لە قسە وگوتاریاندا، قسەێن سۆزداری بە دی ناکرێت. بەڵام زیرەکی لە بچووکترین گفت وگۆیاندا بەدی دەکریێ. ئەم ژنانە، لە گەڵ هەر پیاوێکا کە هەر سکیان تێربکات دەژین.

لێ موپاسان، لە پشت ئەم وێنە زبرەشەوە، گیانی ژنانەیان دەبینێ کە بە تاسە و ئارەزووی بە دایکبوونەوە، حاڵیان لێدێت و جەزمە دەیانگرێت، بەڵام ژیانی واقیعی بە دەگمەن ئەو دەرفەتەیان دەداتێ. کەم خوێنی، نەخۆشی و ڕووداوێن کار، زۆربەی کات ئەو ئارەزووانەیان لەبار دەبات، بەڵام ئەوانەی کە بەو ئاواتە دەگەن، دایکانی فیداکار وبەڕێز دەردەچن. مل بە هەر کارێکی قورس و تاقەت پڕوکێنەوە دەنەن تا منداڵەکانیان بەخێو وگەورە بکەن و بەخەیاڵ و لە خەیاڵدانی خۆدا وەکو تاکێکی گرینگی کۆمەڵگە بەرجەستەیان دەکەن، بۆ نموونە خاوەن پایەیەک لە شارەوانی!

## شەڕ و سیاسەت:

موپاسان، لە هەڵوێستی دژە شەڕدا، لەو نووسەرانە نینە کە پەنا بەرێتە بەر دروشم و هاڕووژاندن. لە سەر وێنەگرتنی خۆی بەردەوام دەبێت، شتەکان نیشاندەدات و حوکمی کۆتایی دەخاتە ئەستۆی خوێنەر.

چیرۆکی " پاشایان " بە شێوەیەکی شاد دەست پێدەکات. لە توێی لاپەڕەکانی سەرەتای چیرۆکەکەوە، شوێنەواری جەنگ و شەڕ، لەو ڕستانەدا کە بۆ وەسفی گوندە چۆڵەکە بەکاردەبرێن، بەدی دەکەین، بەڵام هێشتا ڕەهەندە تراجیدیەکانی جەنگ، نادیارن. چەند ڕۆژێکە هیچ هێزێکی دژمن لەو گوندانەدا نەبینراوە، گوندەکە بە ڕواڵەت ئەمن وئەمانە. کەواتە دەکرێ شەوێ بە مەیگوساری وشادی و و هەیتەهەیت لە حوزووری شاژنێکا بەسەر ببرێ! خوێنەریش دەبێ بە شەریکی خۆشباوەڕی قارەمانانی چیرۆکەکە.

بەڵام تراجیدیای بچووک و گەورەی شەڕ، تەنیا لە کاتی ڕوو بەڕوو بوونەوەی هێزە دژبەرەکانی یەکدی دا بە دیار ناکەوێ. ڕێکەوتێکی سادەی وەک وەڵامنەدانەوەی شوانە پیرە کەڕەکە بە پرسیارە کومیدیەکەی " کێ بمرێ و کێ بژی؟ " دەشێت کارەساتێک بئافرێنێ و جەنگ وشەڕ بە هەموو ڕەهەندە ترسناک وئەنتی مرۆڤانیەکانیەوە، نیشانبدات.

وەختایەک موپاسان، بۆ خوێندنی ماف بۆ پاریس دەڕوات، شەڕی نێوان پروس و فەرەنسا هەڵدەگیرسێت و ئەو بەناچاری وبەخورتی بۆ ڕوین دەبەن، بەڵام بەر لەوەی بگاتە مەیدانی پێکادانی توند و بێڕەحمانەی جەنگ، فرمانی پاشەکەشە دەدرێت. ئەو چونکە قۆچاغێکی باش دەبێت، زەحمەتێکی زۆر ناکێشێت، لێ مەترسیە کۆمیدیەکەی پاشەکشەکە دوای تێکشکانەکە لە نزیکەوە دەبینێت.

موپاسان کە بەچاوی خۆی فێڵ ودەهۆی سوپاییەکان دەبینێ، بە تەواوەتی لێیان وەڕەز وبێزار دەبێت و ناویان دەنێت " وەستایانی بە قەسابی کردنی بەشەران. " لە چیرۆکی " بە سەر ئاوەوە " دا بەمجۆرە باسی پەروەردەکردنی سەربازان لە لایەن سوپاییانەوە دەکات:

" بیر لە هیچ نەکەنەوە، هیچ فێر نەبن، هیچ تێنەگەن، هیچ نەخوێننەوە، بەکەڵکی کەس نەیەن، لە چڵکنی دا بۆگەن بکەن، لە ناو قوڕ و چڵپاوا بخەون، وەکو گیانەوەران لە حەیوانیەتی هەمیشەییدا بژین، شاران تاڵان بکەن، گوندەواران بسووتێنن و خەڵکی بخەنە سەر ساجی عەلی. "

موپاسان له هەمان چیرۆکدا پێشنیاز دەکات، هەر دەوڵەت و حکومەتێک، جەنگ بەرپابکات، بە تاوانی جەنگ له دادگایەکی باڵادا دادگایی بکرێت، لێ سوپاییان له دیدی ئەوەوە، بووکەڵەی شوومی دەستی سیاسەتوانانن. موپاسان له سیاسەتیش بێزارە و له ژیانیا پەیوەندی بە هیچ گروپێکی سیاسی فەرەنساوە نەکردووە و قەناعەتی وابوو کە ئەوانە له خەمی بەرژەوەندی میللەتدا نین.

کاتێ کە له هەرەتی شۆرەت و ناوبانگی خۆیدا بوو، بەیانێک بڵاو دەکاتەوە و هەڵوێستی سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت:

" بە سەدەمی خۆپەرستی، بەدنیهادی، یان پەیرەوکردنی ڕێبازێکی ئایدۆلوژی، حەز دەکەم هەرگیز پەیوەندیم بەهیچ حیزبێکی سیاسییەوە نەبێت و هیچکەس نەتوانێ بە بیانووی ماستاو سارکردنەوە بۆ ئەم گروپ و دژایەتی ئەو گروپ سەرزەنیشتم بکات وئەمە هەقی ئەوەم پێدەدات کە بە قازانجی هەموو دۆستانم، له ژێر هەر ئاڵایەکا بن، بخەبتم. "

یەکێک له تایبەتمەندییەکانی گۆشەنیگای موپاسان، دەربارەی سیاسەت، ئەمەیە کە جەماوەری خەڵک بەو مێگەلانە دەزانی کە هەرجارێ کوێرانە بەلایەنگری له گروپێک دەجولێندرێ.

له چیرۆکی " هورلا " دا دەنووسێت:

" جەماوەر مێگەلێکی نەزانە. جارێ زۆر گێلانە بە سەبر و هەدارە، جارێ زۆر شۆرشگێر و خرۆشاوە. پێیان دەڵێن: شایی بکەن! شادی دەگێرن. پێیان دەڵێن:- برۆن شەر بە دراوسێکانتان بفرۆشن! بێ چەند وچوون دەرۆن، پێیان دەڵێن: دەنگ بە سەڵتەنەت وپاشایان بدەن! دەیدەن. پاشان پێیان دەڵێن: دەنگ بە کۆماری بدەن! و دەیدەن. "

لەگینە، هەل ومەرجی تایبەتی سەدەی نۆزدەیەمی فەرەنسا کە چەندین گۆرانکاری سیاسی، کۆماریخوازان، کۆمۆنان و خانەدانانی سەڵتەنەتخوازی بوربونەکان، ئورلیان و بوناپارتەکانی بەخۆوە بینی، دەوری له شەکڵ گیری ئەم جۆرە بیرکردنەوە وهزرینەی موپاساندا هەبووبێت!

موپاسان، گاڵتەی بە ماسۆنیەکانیش دێت و هیچ ئیحتوبارێکیان بۆ دانانێت. دەپرسێت: " ئەوانە کە لاف وگەزافی ئەوە لێدەدەن کە له حکومەت و تاکدەسەلاتی دکتاتۆری بێزارن، بۆچی له سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەکەیانەوە خۆیان بە کوێخا وگەورەی، هەموو پاشایانی ستەمکاری ئەوروپا له قەڵەم داوە؟ "

### کۆمەڵگە:

جیرارد دولاکاز دوتیە، ڕەخنەگری فەرەنسی له ساڵی ١٩٢٦ دا دەربارەی موپاسان دەڵێت: " هەرشتێک مرۆڤانی و ئینسانی بێت بۆ ئەو و بەلای ئەوەوە نامۆ نییە... نووسەرێکە هەردوو لایەنی دەروونی و بەدەنی مرۆڤان وێنە دەگرێت، دەروونی تاک بەگوێرەی ڕواڵەتیان وەسف دەکات و دەخوێنێتەوە. ئەمە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاراکتەرەکانی ئەو؛ ئەو کاراکتەرانەی کە ئەو مامەڵەیان له تەکدا دەکات و لێکدی جیادەکاتەوە. واتە نووسەر وێنەی تایبەتی و شەخسی هەریەکێکیان دەگرێت، لێ هەندێجار وارێکدەکەوێ کە ئەم کاراکتەرە تایبەتیە، له ڕووی هونەرییەوە نوێنەرایەتی چینێکی کۆمەلایەتی و بگرە مرۆڤایەتی دەکات. "

بۆیە وهەر لەم پێوەدانگەوە کابرای جووتیاری قارەمانی چیرۆکی ئیبلیس، ڕێک نموونە و نوێنەری جووتیارانی خوردە مولکداری فەرەنساییە.

چیرۆکی " وێڵ وبێکار " بە ڕوونی چارەنووسی چینی کرێکار وێنە دەگرێت. لە چیرۆکەکەدا، بێکاری، هەژاری و داماوی کرێکارێکی دارتاش کە بە دوای کارا وێڵ دەبێ و لەزێد و زاگەی خۆی ئاوارە بووە و، لە ناچاریدا شان دەداتەبەر هەرکارێکی قورس، وێنەگیراوە و بەرجەستە کراوە. لە چیرۆکەکەدا بەراوردێک لە نێوان ڕەفتاری خەڵکانی وەکو فەرماندار، کە کرێکارە وێڵ و ئاوارەکە وەدەر دەنەن وبەوێڵ و بەڕەڵڵای ناو دەبەن، لەگەڵ مانگایەکدا کە بەوپەڕی دڵاوایی و دلۆڤانی سکی برسی و جەستەی چاییوی کرێکارەکە تێر وگەرم دەکاتەوە:

نەجابەتی مانگاکە لە هەنبەر دڵڕەقی و نامیهرەبانی ودونیەتی پیاوێکی بۆشناخی وەکو فەرمانداری شار! ئەو هەل ومەرجە دژوارانەی کە دێنە ڕێگای یارۆی دارتاش، سەرەنجام بەرەو سەرپێچیانی دەبات و کار دەگاتە ئەوەی بیست ساڵی هەڕەتی لاوی خۆی لە زینداندا بەسەر بەرێت و خوێنەر لە خۆی دەپرسێت کە کەمتەرخەمی سەرەکی لە کوێ سۆراغ بکرێ؟

پاش ئەوەی کە نیکولای گوگول، لە چیرۆکی پاڵتۆدا، کەوتە بایەخدان بە بابەتی خەڵکانی بچووک و تراجیدیای ژیانی ڕۆژانەی ئەوان، ئیدی قەڵەمڕەوی ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی لە دەستی ئەشراف و بورژوازی دەرچوو و وردە بورژوازی وبە تایبەتی بێدەستەکانیان، کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی وڵاتانی ئەوروپاییان پێکدەهێنا، جێگەی خۆیان لە ئەدەبیاتدا کردەوە. دوستویفسکی، فلوبیر، سالتیکوف شچدرین و بالزاک لە جوملەی ئەو نووسەرانە بوون کە لەو بوارەدا قەڵەمڕانیان کردووە.

فەرمانبەرانی بچووکی حکومەتی و ژیانی خانەوادەیی ئەوان، بابەتی هەندێک لە چیرۆکەکانی گی دو موپاسان پێکدەهێنن. " سەیوان "، لەم کۆچیرۆکە و " گەردانە " لە جوملەی ئەو بەرهەمانەن. زۆربەی ئەم چیرۆکانە بە دەوری یەک بابەتدا دەسوڕێنەوە. پیاوانی ئەم توێژە بەسەبر و هەدار وقانیعن، بەڵام ژنەکانیان، زۆر بەرزەفڕن و ، لە توانای خانەوادەیی خۆیان بەرزتر دەفڕن. هەمیشە لە خەمی دەوڵەمەندبووندان و چۆن بگەنە کۆڕ و ئەنجوومەنە ئەشرافیەکان، بۆیە هەمیشە تراجیدیا دێتە ڕێگەیان. بەڵام ئەم یەک بابەتیە، نەیکردووەتە کارێک کە دیدی وردبین و داهێنەرانەی نووسەر، لە هەر یەکێک لەم چیرۆکانە جیاواز نەبێت.

قارەمانی چیرۆکی " گەردانە " بەنیازی بەشداری لە ئاهەنگێکی ئەرستوکراتیانە، گەردانەیەکی دۆستێکی دەوڵەمەندی خۆی بە ئەمانەت دێنێت. لێ گەرانەکە ون دەبێت. ئیدی ژن و مێرد گەردانەیەکی هاوشێوەی گەردانە ئەمانەتیەکە بە پارەیەکی زۆر دەکڕن و ماویەکی زۆر بۆ دانەوەی قیستی گەردانەکە زەحمەت دەکێشن، بەڵام دوای دانەوەی دواقیست، خاوەنی گەردانەکە پێیان دەڵێت گەردانەکە نا ئەسڵ بووە!

مێردانی ئەم جۆرە ژنانە هەمیشە گلەییان لە ژنەکانیان هەیە وهەندێجار کاسەی سەبریان سەررێژ دەبێت. لە چیرۆکی " لە بەهاردا " وەسفێکی ناجۆر دەربارەی هاوسەری کارمەندێک دەخوێنینەوە: " ئەم ژنە لە بەیانییەوە تا شەوێ جنێو دەدات و گوێ بە هیچ نادات، هیچ شتێک بەگوێیا ناچێت. هیچ نازانێت و بەدەنگی بەرز وگوێ کەڕکەر گۆرانی " موزت " دەڵێت. ( ئوف لە گۆرانی " موزت " ! چ بڕبەنگ کارییەکی ڕوحییە! ) دەگەڵ ڕەژوو فرۆشەکەدا بەشەڕ دێ، کار دەگاتە کوتەک کاری، مەسەلە تایبەتیەکانی ماڵەوە بۆ دەرگاوانەکە دەگێڕێتەوە، نهێنییەکانی ژووری نووستن بۆ کارەکەری هاوساکەیان دەگێڕێتەوە. مێردەکەی لەلای دەوڵەمەندە پارەدارەکان

سووک و ڕیسوا دەکات. چیرۆکی هێندە گەوجانە، خەیالاتی بێ مانا، دیدی ناقولا و پێشداوەری هێندە سەیر وسەمەرە لە مێشکی خۆیدا چێدەکات کە هەموو جارێ دوای گفت وگۆ دەگەڵ ئەودا، لە نائومێدیدا دەست بەگریان دەکەم، ئاغا! "

موپاسان لە نووسینێکیدا بە ناونیشانی " سەبارەت بە خەڵکی " دەربارەی کارمەندانی حکومەت دەڵێت: " پێویستە لە سەر دەرگای وەزارەتخانەکاندا، ئەم ڕستە بە نێوبانگەی دانتی بەخەتی درشت بێتە نووسین: ئەی ئەوانەی دێنە ئێرە، هەموو ئومیدێکی خۆتان بخەنە لاوە! " و " لە دەوروبەری بیست و دوو ساڵیدا، دێنە ئیدارە، تا شەست ساڵی دەمێننەوەو دەستبەرداری نابن. بە درێژایی ئەم دەورانە درێژە هیچ بویەرێک ڕوونادات. هەموو ژیان لە نووسینگەیەکی تاریکی کاردا دەبووڕێ. هەموو ڕۆژێ لە هەمان شوێنا. بەگەنجی و لە هەڕەتی ئومێدەواریا دێنە ئێرە و بە پیری و نزیک لە مردن، ئەوێ بەجێدێڵن. "

فلوبیر و موپاسان لە مەسەلەی بێزاری لە چینی سەرمایەدار هاوڕەئی بوون. فلوبیر دەیگوت: " من هەرکەسێک کورت بین و بێ ئەقڵ بێ، بە بورژوای ناودەبەم. "

فلوبیر، هەرچی حەماقات، فێڵ و دەهۆیان، نامیهرەبانی و بێدادییەک هەیە لە زاراوەی بورژوازیدا، خەستی دەکاتەوەو کاتێ کە دێتە سەر داوەری، چونکە باوەڕی وایە ئینسان بە تەبیعەتی خۆی و لە کانگای ناخی خۆیەوە بورژوایە وهەر ئینسانێ بیەوێ و نەیەوێ لە تاوانەکانی ئەم چینەدا بەشدارە، ئارەزووی نابووتی و نەمانی تیرەی بەشەر دەکات! فلوبیر دەڵێت: " کاتێ کە بە هۆی تووڕەییمەوە لە دەستی دنیا ناگریم، لە داخ و کۆڤانداریدا دەڕشێمەوە. " لە بەرهەمەکانی موپاسانیشدا هەمان هەست شەپۆل دەدات.

موپاسان، بە شێوەیەکی ڕیالیستی وێنەی ژیان دەگرێت، بەلام لە کاتی ئەنجامگیری فەلسەفیدا، ناتورالیزمی تەواو عەیارە کە ئینسان بە زادەی تەبع و غەریزە سەرەتاییەکان دەزانێ و ناوی " حەیوانی دوو پێی " لێدەنێت. بەلام ئەم باوەڕە وەکو ئەوزارێک بە قازانجی چینە زەحمەتکێشەکان بەکار نابات و دادەگژێتە سەر وگوێلاکی ئەوانیش.

لە بەرهەمەکانی موپاساندا هیچ ئومێدەوارییەک بە چاکبوونی ڕەوشی گۆی زەوی بەدی ناکرێت و هەوری ڕەشی ڕەشبینی و نائومێدی باڵی بەسەر ئەم هەسارەیدا، کە بە ڕای ئەو بە گەردیلەیەکی بچووک و ناچیزی گەردوون دێتەژماردن، کێشاوە. شێوازی نوڕینی موپاسان بۆ حەتمیەتەکانی ژیان و کۆمەڵگە کەم دابێژێک لە هی فلوبیر دەچێت. مامۆستای پیر دەیگوت: " ئێمە، هەمووومان لە یەک بیاباندایین. کەس بەکەس نییە وکەس لەویتر تێناگات. "

تێبینی: ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٢١/٨/٣١ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کردوومە بە کوردی:

هورلا (داستان های کوتاه)، گی دو موپاسان، ترجمە: شیرین دخت دقیقیان/ نشر چشمە، تهران، ١٣٧٣(١٩٩٤).